بنیامین نیوبێرگەر

WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM
منتدى إقرأ الثقافي

جینۆساید

"کۆمەڵکوژیی لە خاکی هەزارگرد دا"
ڕواندا لە 1994

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە
مەهاباد قەرەداغی

جینۆساید

"کۆمەڵکوژیی لە خاکی هەزارگرد دا"

ڕواندا لە ١٩٩٤

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

مەهاباد قەرەداغی

٢٠١٧

ناوی کتێب: جینۆساید "کۆمەڵکوژیی لە خاکی هەزارگرد دا" ڕواندا لە ١٩٩٤
جۆری کتێب: لێکۆڵینەوە
نووسینی: بنیامین نیوبێرگەر
وەرگێڕانی: مەهاباد قەرەداغی
سەرپەرشتی زانستی: د. مەحەمەد ئیحسان
دیزاینی بەرگ : هێمن خدر
چاپی: یەکەم
ساڵی: ٢٠١٧
چاپخانەی: شەهاب
لە بڵاوکراوەکانی: زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی
ژمارەی سپاردن: ٢٠١٧/٢٧٠ – هەولێر – هەرێمی کوردستان
ISBN: 978-91-981378-6-6
SAN Förlag
مافی چاپکردنەوەی بۆ زانکۆی ئەربیلی نێودەوڵەتی و وەرگێڕ پارێزراوە.

پێڕست

دەروازە

١. پاشخانی مێژوویی و سیاسی ٢٣

٢. جینۆسایدەکەی ساڵی ١٩٩٤ ٧٥

٣. ڕەهەندە جیهانیەکەی جینۆسایدەکە ١٤٩

٤. جینۆسایدەکەی ڕواندا لە دیدگای بەراوردکارییەوە ١٩٣

٥. هۆکارەکانی جینۆسایدەکەی ڕواندا ١٩٩

٦. سزادانی بکوژەکان ٢٢٧

٧. پاش جینۆسایدەکە: ڕواندای نوێ ٢٤٥

پاشکۆی ١ ٢٥٥

پاشکۆی ٢ ٢٦١

پاشکۆی ٣ ٢٧٥

سەرچاوەکان ٢٩٧

پێشەکی

یەکەمجار راپۆرت درا کە هاوڕێکانمان سەربڕدران، دەنگی هاوار و تۆقین بڵند بووەوە.
ئینجا سەدان سەربڕدران، بەڵام کە هەزاران سەربڕدران و سەربڕین کۆتایی نەدەهات، پەردەیەکی بێدەنگی باڵی کێشا.
کاتێ نەفرەت وەك باران خوڕڕەی دێت، کەس هاوار ناکات "بوەستە!"
کاتێ تاوان کەڵەك دەبێت، ئیتر نابیندرێت.
کاتێك ئازارەکان بەرگەناگیرێن، ئیتر گریانەکان نابیسترێن.
گریانەکانیش وەکو بارانی هاوین بە لێزمە دەبارێن."

بێرتۆڵد برێخت[1]

---

(١) وەرگیراوە لە شیعرێکی بەرتراند برێخت بەناوی "کاتێ تاوان خوڕڕەی دێت وەك باران" بێرتۆڵد برێخت (١٨٩٨-١٩٥٦) شاعیر و دەرهێنەر و شانۆنامەنووسێکی ئەڵمانی بوو. کاتێ نازییەکان هاتنە دەسەڵات ناچاریان کرد وڵات بە جێبهێڵێت و لە تاراوگەدا بژیی. یەکەم جار چووە دانیمارك و ئینجا بۆ فینلەندا، ئینجا بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و دواییش بۆ سویسرا و کۆتاجاریش لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات کە کۆمۆنیست بوو گیرسایەوە. شیعری (کاتێ تاوان خوڕڕەی دێت وەك باران) لە ساڵی ١٩٣٥ نووسراوە، پێش ئەوەی کۆمەڵکوژیی لە لایەن نازییەکانەوە ئەنجام بدرێت. ئەمەش وەك پێشبینییەك دادەنرێت کە لە لایەن شاعیرەوە هەستی پێکراوە کە ڕووبدات

ئەم پەرتووکە و زنجیرەکەی:

ئەم کتێبە، لەبارەی کۆمەڵکوژی ساڵی ١٩٩٤ی ڕواندا‌وەیە، بەشێکە لە زنجیرە یەکی هەشت کتێبیی کە لە جینۆساید دەکۆڵێتەوە. کاتێ کتێبەکە لە ئیسرائیل بڵاوکرایەوە، یەکەم کتێب بوو لەسەر جینۆسایدی ڕواندا بە زمانی عیبری لە ئیسرائیل بڵاو ببێتەوە. هیواخوازم ئەم پەرتووکە، هەروەك ئەوانی تر لە زنجیرەکەدا (کە زۆربەیان یەکەم کتێبی لێکۆڵینەوەن لە جۆری خۆیان، بە زمانی عیبری بڵاو ببنەوە)، بەشداری بکات لە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵی ئیسرائیلی و جیهان لە بارەی دیاردەی جینۆسایدەوە.

پێکهاتەی ئەم زنجیرەیە

زنجیرە کتێبیی جینۆساید لە هەشت کتێب پێکهاتووە، کە هەر یەکەیان دەتوانن بە تەنیا بابەتێك بن، لە هەمان کاتیشدا بەشێکن لە هەمەیەکی گەورەتر. بەو نیازەی پاشخان و ناواخنێکی پێویست بە خوێنەر بدات، هەر یەکێك لەم کتێبانە بەوە دەست پێدەکات کە پێشەکییەکی کورتی پێداچوونەوەئامێز بە دەستەواژە و چەمکە گرنگەکانی بواری جینۆساید پیشکەش بکات و بۆ خوێنەر لێکدانەوەی چەمك و دەستەوژاکان دەستەبەر بکات. لە پێشەکی هەر کتێبێکیشدا، نموونەیەکی جینۆساید شەنوکەو دەکات، لەم کەیسەدا باس لە جینۆسایدی ڕواندا دەکات، لەگەڵ خستنەڕووی توێژینێکی کورت لەسەر بابەتی جینۆساید بە گشتی (جینۆساید وەك دیاردەیەکی گشتی بە ڕێژەوێکی گەورەتردا لە کتێبی یەکەمی ئەم زنجیرەیەدا کە بە ناونیشانی "ڕامان لە تێنەگەیشتن: لایەنە تیۆرییەکانی لێکۆڵینەوەی جینۆساید.") گفتوگۆی کراوە.

ئامانجی زنجیرەکە:

ئەم زنجیرەیە لە دوو جۆر کتێب پێکهاتووە: جۆرێکیان باس لە کێشە گشتییەکانی جینۆساید دەکات و جۆرەکەی تریشیان باس لە چەند نموونەیەکی دیاریکراوی جینۆساید دەکات بە درێژایی مێژوو ئەنجام دراون. ئامانجی هەر یەکێك لەم کتێبانە، خستنەڕووی ناوەڕۆکێکی مێژوویی-کۆمەڵایەتی

جینۆسایدێکی تایبەتە و پەردە لەسەر ڕووداوەکان و لایەنەکانی بەشدار تیایانـدا، هەڵدەماڵێت. هەروەها ئەو هۆکارە هەنـوکەیی و دروسـتکراوانە ڕوون دەکـاتەوە، ئەو تاوانانە دەرهاویشتەیان هەبووە بۆ هەردوولا، تاك و کۆمەڵ، تیشـك دەخـاتە سەر دەرەنجامەکانیان.

لێکۆڵەرەکان لەمەڕ لێکدانەوەی ڕاستی ڕووداوە مێژووییەکان هـاوڕا نـین و کتێبەکانی ئەم زنجیـرەیە هەوڵ دەدەن بۆچـوونە هـاودژ و جیاوازەکـان لەمەڕ بابەتە گفتوگۆلەسەرکراوەکان، بخەنە ڕوو. کتێبەکان بەگوێرەی ئەم ڕێنماییـانەی خوارەوە ڕێچکە دەگرن(هەرچەندە مەرجیش نیـیە هەمیشـە بە هەمـان ڕێـڕەودا بڕۆن) :

- پێشەکی و پاشخانی گشتی
- تاوانباران (حکومەتی ولاتـان، دامەزراوە کۆمەلایەتییەکـان، نەتەوەکـان، گەلان، کۆمەڵەکانی سەر بە نەژادەکان، تاکەکـان، هەروەهـا گروپگەلـی خاوەن تایبەتمەندی کۆمەلایەتی جیاکەرەوە.)
- قوربانیان
- شێوازی بەکارهاتوو بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵکوژییەکە
- پاڵنەرەکان لە پشتی کوشتارەکانەوە
- پرۆسە مێژووییەکان، ئاراستە کۆمەلایەتییەکان و هێزە کۆمەڵکوژەکان
- کاریگەرییە درێژخایەنەکانی جینۆساید لەسەر قوربانیان
- بەدەمەوەهاتنی ئەوانی تر (لێماوەکەی تری جیهان) بۆ جینۆسایدەکە
- هـــاوڕابوون و هـــاوڕانەبوونی لێکـــۆڵەران لەبـــارەی جینۆســـایدێکی دیاریکراوەوە
- بەشداری هەرلێکۆڵینەوەیەك لە بـارەی جینۆسـایدێکی دیـاریکراوەوە، لە لێکۆڵینەوە لەبارەی جینۆساید بە گشتی.
- هۆشیاری باو لەسەرجینۆسایدی ڕووداو و نکۆڵیلێکراو.
- ئەو وانەیەی دەبێت لێی وەربگیرێت
- ڕێگرتن یان کەمکردنەوەی ئەگەری ڕوودانی جینۆسایدی هاوشێوە

چەمک و دەستەواژەکان

جینۆساید

جینۆساید یەکێك لە توندوتیژترین تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتییە. ئەگەرچـی کۆمەڵکوژییەکی زۆر لە دیرۆکی مرۆڤدا ڕوویانـداوە، بەڵام هەنـدێك پێیـان وایە سـەدەی بیسـتەم زۆرتـرین تـاوانی جینۆسـایدی تێـدا ئەنجـام دراوە. هەر ئەم هۆیەشە وایکردووە کە ئەم سەدەیە بە "سەدەی جینۆساید"، "سـەدەی نەفـرەت" و "سـەدەی تونـدوتیژی" ناوزەنـد بکرێـت. لەڕاسـتیدا، لەگەڵ ئەو ژمـارە زۆرەی جینۆسایدیشدا کە لە سەدەی بیسـتەم ڕوویانـداوە، ئـێمە گەواهـی بـۆ زۆربەی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و گوێنەدان بە ئازارەکانی مرۆڤ و گەورەتـرین هەرەسهێنانی ڕەوشتیی مرۆڤایەتی، بووین.

لەگەڵ ئەوەشدا، پێویستە هەمیشە لەبیرمان بێت کە کردەگەلـی ترسـناکی جینۆساید لە پێش و لە دوای "هۆلۆکۆسـت"یـش ڕوویانـداوە. تەنهـا لە سـاڵانی ١٩٩٠دا – کاتێـك خەڵکـانێکی زیـاتر لە هەرکـاتێکی تـری ڕابـردوو، لە تـاوانی هۆلۆکۆست بە ئاگـا بـوون، هەروەهـا لە کاتێکـدا کە جیهـان جەختـی لە سـەر پەیماننامەکەی خۆی کـردەوە بـۆ ڕوونەدانەوەی جینۆسـاید، کە بریتـی بـوو لە دروشـمی "هەرگیـز جـارێکی تـر"، کەچـی ئـێمە بـووینەوە بە گەواهیـدەری جینۆساید لە یۆگسلاڤیای پێشوو و ڕواندا، کە دوو جینۆسـایدبوون دەکـرا ڕێـگە لە ڕوودانیان بگیرێت. ئەمە بە تایبەتی ڕاستە سـەبارەت بە ڕوانـدا بگوترێـت، کە بابەتی ئەم کتێبەیە.

جینۆساید بە درێژایی ساڵەکان چەندین پێناسەی جۆربەجـۆری بـۆ کـراوە. سەرەڕای گشت کەمایەسییەکانی، کە لە خوارەوە گفتوگۆیان لەسـەر دەکەیـن، کتێبەکانی ئەم زنجیرەیە پێناسەی پێوەریی(ستاندارد) کە دامەزراوەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، پیادەیان کردووە، بەکاردەهێنن.

چەمکی "جینۆساید" لە دوو وشـە پێکهـاتووە: گینـۆس(genos) لە یۆنـانی کۆندا بەمانای ڕەگەز، نەژاد یاخود وڵاتی کەسێك دێـت؛ هەروەهـا (caedere) بە

واتای سەربڕین یاخود کوشتن دێت. ئەم چەمکە لە کاتی جەنگی جیهانی دووەمدا لە لایەن پارێزەری پۆلۆنی بەڕەگەز جولەکە، ڕافائیل لێمکین (١٩٠١-١٩٥٩) کە بە باوکی دامەزرینەری ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید دادەنرێت، داهێنراوە. لێمکین، ئەوکەسەی زۆربەی ئەندامانی خێزانەکەی لە هۆلۆکۆستدا لەدەست دابوو، لە پۆلۆنیاوە هەڵهات و لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا نیشتەجێ بوو. لەوێشدا ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە بواری جینۆساید و هەولدان بۆ ئەوەی تاوانەکانی جینۆساید بخاتە ناو یاسای نێودەولەتی تاوانەکانەوە. یەکەم جار ئەم دەستەواژەیەی لە چوارچێوەی کۆمەڵکوژی جولەکەکانی ئەوروپا لەلایەن نازییەکانەوە، بەپاساوی نەژادی، بەکارهێنا. سەرەڕای ئەوەش، بەپێی پێناسەی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، تاوانی جینۆساید بریتییە لە قڕکردنی بەکۆمەڵ، بەپاڵنەر و پاساوی نەژادی، ڕەگەزی، نەتەوەیی یاخود ئاینییەوە.

لە کاتی جەنگ و لەپاش جەنگیشدا، لێمکین بەردەوام بوو لە ڕامان لەبارەی پێناسەی جینۆساید و هەولیدا بوارەکەی فراوانتر بکاتەوە. بەردەوام جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە مەرج نییە جینۆساد کوشتن و لەناوبردنی دەستبەجێ و بێگومانی کۆمەڵێك قوربانی بێت، بەڵکو دەکرێت جینۆساید بە ئامرازی زنجیرەیەك کردەی بەرنامەبۆداڕێژراوەوە، کە مەبەست لێی لەناوبردنی هەنگاو بەهەنگاوی ژێرخانی نەتەوەیی و ئابووری، زمان و کلتوری کۆمەڵێکی دیاریکراوە، ئەنجام بدرێت.

یاسای نێودەولەتی؛ ئەو چەمکەی کە لێمکین لێکی دابووەوە، بۆ پۆلێنکردنی کۆکوژی خەڵك، پیادە کرد. لە ئەمڕۆدا، ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی بەربلاو لە پەیڕەوە ناوخۆییەکاندا، لە پەیماننامە نێودەولەتییەکاندا، لە بڕیارەکانی دادگادا، لە ئەدەبیاتی ئەکادیمی و ڕۆژنامەوانیدا، بۆئاماژدان بە کوشتنی گروپێکی دیاریکراوی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەگەزی یاخود ئاینی، بەکار دەبرێت. لە گۆشەنیگای زۆرکەسەوە، جینۆساید کوشتنی تاکێکێکیش دەگرێتەوە بەهۆی ئەندام بوونی لە گروپێکی سیاسیدا بەمەبەستی ئازاردان و لەناوبردنی تەواوی ئەو گروپە (ئەم جۆرەی جینۆساید لە جاڕنامەی ڕێککەوتنی نەتەوە یەگرتووەکاندا نییە).

پرسی زاراوەگەریی:

لێکۆڵەران لە گفتوگۆیەکی نەبڕاوەی پڕمانا و زۆرجاریش تاڵن، سەبارەت بە جیاوازی نێوان "هۆلۆکۆست" و "جینۆساید". هەندێکیان پێیان وایە کە جیاوازییەکی ڕوون هەیە لە نێوان هەردوو چەمکەکە، بە پارێزگاری کردن لەو بۆچوونەی زاراوەی جینۆساید هەندێ لایەنی دیاریکراوی هۆلۆکۆستیش دەگریتەوە، زاراوەی "هۆلۆکۆست" ئاماژەیە بە ڕووداوێکی دەگمەن لە مێژووی مرۆڤایەتیدا: ناوازەیە، گشتگرە، هەموو جینۆسایدی لەخۆ گرتووە. ئەم جۆرە لێکۆڵەرانە جەخت لەسەر ئەو ڕاستییە دەکەنەوە کە جینۆسایدی نازییەکان دژی جولەکە، جینۆسایدێك بووە دژی هەموو خەڵکی جولەکە لە هەر کوی بوو بن، بە بێ گوێدانە بارودۆخی مێژوویی ئەو شوینەی تیا ژیاون. هەندێکی تریش پێیان وایە کە هۆلۆکۆست، سەرەڕای تایبەتمەندییە دەگمەنەکەی، دەچێتە خانەی گشتی جینۆسایدەوە. هەروەها ئەو لیکۆڵەرانە پێیان وایە کە هەر جینۆسایدێك ئەنجام دراوە دەگمەنێتییەکی لە شێوازی خۆی هەیە و بەو پێیەش هۆلوکۆست جیاواز نییە.

مێژوونووسان، سیاسەتمەداران و پسپۆرانی یاسایش بە هەمان شێوە، بۆچوونی جیاوازیان هەیە لەسەر بەکارهێنانەکانی چەمکی "جینۆساید" بۆ دۆخی کۆمەڵکوژییەکانی کە لە سەدەی بیستەمدا ڕوویانداوە، لەناو ئەوانەدا کوشتارگەلی ناوخۆیی کە پاڵنەری سیاسییان هەبووە، وەك ئەوانەی ستالین لە یەکێتی سۆڤیەتدا ئەنجامیدان. یەکێك لەو پرسیارانە، ئایا ئەو ڕووداوانەی لە یۆگوسلاڤیای پێشوودا ڕوویانـدا لە ژێر چەمکی جینۆساید دا پۆلێن دەکرێن، یان تەنها زنجیرەیەك بوون لە "کردەی جینۆسایدئامێز"؟. هاوشێوەی ئەوە، لەژێر فشاری ئەمریکادا، ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان ڕەتی کردەوە ڕووداوەکانی بەهاری ساڵی ١٩٩٤ی ڕواندا لە ژێر خانەی جینۆساید پۆلین بکات. ئەمەش نەك لەبەر ناتەبابوون لەگەڵ سروشتی خوودی ڕووداوەکان بەڵکو لەبەر نەبوونی ویستی تێوەگلانی لەو بابەتە. دۆسیەکەی ڕواندا ئاریشەی زیاتریشی هەبوو،

چـونکه ملیۆنـان خەڵـك لە هەمـوو جیهـانەوە لە ئەکرانـی تیڤییەکـانی ژووری دانیشتنی ماڵەکانیانەوە، تەماشای ئەو تاوانە دڕندانەیان دەکرد کە ڕوویـان دەدا، چوون ڕاستەوخۆ دەگـوازرانەوە. بەڵگەنـامە ناوخۆییەکـانی ئەوکـاتەی حکـومەتی ئەمریکا بە ئاشکرا دەستەواژەی "جینۆساید"ی بەکارهێنـابوو. سـەرەڕای ئەمەش، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو کۆکوژییەی بە جینۆسـاید ناسـاند ئەویـش تەنها پاش ڕووداوەکان.

ئەم گفتوگـۆ زاراوەگەرییـانە، لەنـاو هەمـوو شـتەکانی تـردا، بـوو بە هـۆی داتاشـــینی دەســـتەواژەی "پۆلیتیســـاید، politicide" بـــۆ وەســـفکردنی ئەو کۆمەڵکوژیانەی بە پاڵنەری سیاسی ئەنجام درابوون. بۆ ئەوەی وردتر بین، مەرج نییە وەك دوو دیاردەی جیاواز لە جینۆسـاید و پۆلیتیسـاید تێـبگەین: دەشـێت کۆمەڵکوژییەکان لەهەمانکاتـدا جینۆسـایدیش و پۆلیتیسـایدیش بـن. بێگومـان، ڕژێمەکەی ستالین لە یەکێتی سۆڤیەت و، ڕژێمی مـاویی لە چـین و، ڕژێمـی پۆل پۆت لە کەمبۆدیا، هەموویان بەهۆکـاری سیاسـی کۆمەڵکـوژیی ناوخۆییـان ئەنجام داوە"پۆلیتیساید"، کە لەهەمانکاتدا کۆکوژی بوون بە مەبەستی لەناوبردنی کۆمەڵێکی نەژادی دیاریکراو(جینۆساید).

هەندێ لە لێکۆڵەران بە مەبەسـتەوە دەسـتەواژەی ئێتنۆسـاید"ethnocide" بەکـار دەبەن بـۆ وەسـفکردنی کۆکـوژی بە هۆکـاری کولتـووری، بـۆ نمـوونە وێرانکردنی بە مەبەستەوەی کولتووری گرووپێکی ئیتنکی، نەتەوەیی، ئایینی، یان هەر گرووپیکی تر، مەرج نییە لەناوبردنی فیزیکی لەگەڵدا بێت.

لە ژێر ڕۆشنایی فرەیی تاوانەکان و چەندین جۆری پـۆلێنکردن و چەنـدین پێناسە بۆ ئاماژەپێدانیان پێشنیار کراون، هەندێك داوای ئەوەیـان کـرد چەمکـی دێمۆساید"Democide" بەکـار ببرێـت، کە گشـتگرترە (لە گریـك دا دیمـۆس بە واتای دانیشتوان یـاخود خەڵـك هـاتووە)، بـۆ گرتنەخـۆی هەمـوو ئەو تاوانـانەی لەلایەن حکومەتەکـانەوە ئەنجـام دراون بـێ ڕەچـاوکردنی ئەوەی سـەر بە چ گرووپێکـی تـایبەتن. دیمۆسـاید چەمکـێکە هەمـو چەمکەکـانی جینۆسـاید،

پۆلیتیساید، کۆمەڵکوژی و کـاری تیرۆریسـتی دەوڵەتـی، دەگـرێتەوە. ئەگەر ئەم تێگەیشـتنە گشـتگیرە پیـادە بکەیـن، ژمـارەی ئەوکەسـانەی کە بە کـردەی دیمۆساید، لە سەدەی بیستەمدا کوژراون، دەگاتە ئاستی لێتێنگەیشتن. بە پێـی لێکۆڵەری ئەمریکی ڕ. ج. ڕومێل، ئەو کردانەی دەچنە خـانەی دیمۆسـایدەوە، لەنێوان ساڵانی ۱۹۰۰و۱۹۸۷ی زایینی، ۱٦۹ ملیۆن ژیانی مرۆڤی لە سەرانسـەری جیهاندا ، بردۆتەوە. خۆ ئەگەر ژمـارەی سـەربازە کوژراوەکانیشـی بێـتە سـەر و خەڵکـی سـڤیلیش کە لە جەنگەکانـدا کـوژراون(۲)، لە توانـای تێگەیشـتن تێدەپەڕێت. بە پێی خەملاندنێکی بژارکراوی ڕومێـل بـۆ تەواوی قوربانییەکـانی سەدەی بیسـتەم (لەنـاو ئەوانەدا، کۆمەڵکوژییەکـانی دوایەمـین دەیەی سـەدەی بیستەم لە ڕواندا و یۆگوسلاڤیا و تیمۆری ڕۆژهەڵات و شوێنەکانی تـر) ژمـارەی کوژراوەکان بەرز بۆوە بۆ ۱۷٤ ملیۆن کەس.

بە پێ گوێدانە گفتوگۆکان لە بارەی واتاسازیی و زاراوەگەریی، نابێت هەرگیز ئەو ڕاستییە ون بکەین کە هەر کردارێکی جینۆساید سروشتییە لە کۆمەڵکوژی کە مەرج نییە لە هەڵەکردنی تاکەکانەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو دەستەبەندکراوە بەسەر خەڵکانێک کە سەر بە نەتەوەیەکی دیاریکراو، ڕەچەڵەکێک، نەژادێک یاخود ئاینێکن.

پەیماننامەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و سزای تاوانەکانی جینۆساید

لە ۹ ی کـانونی یەکەمـی ۱۹٤۸ دا و بە هۆشـیاربوونەوە لە تاوانەکـانی نازییەکان و بەتایبەتی‌ش پاکتاوکردنی گەلی جولەکە و لەنـاوبردنی، ئەنجـومەنی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکـان، ڕێککەوتننـامەی ڕێگـرتن و سـزادانی تاوانەکـانی

(2) R. J. Rummel ,"The New Concept of Democide," in Israel W. Charny (ed.) , Encyclopedia of Genocide (Santa Barbara: ABC-CLIO ,1999) ,Vol. 1 pp.۲۳-۱۸

جەنگی پەسەند کرد. لایەنە بەشدارەکانیش ڕێککەوتن کە "جینۆساید، جا لەکاتی جەنگدا یاخود ئاشتیدا ئەنجام درابێت، بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان بە تاوان دەژمێردرێت و ئەوان "واتە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان" کار دەکەن بۆ ڕێلێگرتن و سزادان"ی. ماددەی ٢ی ڕێککەوتننامەکە جینۆساید بەم شێوەیە پێناسە دەکات:

...هەریەکێك لەم کردەوانەی خوارەوەیە کە بەمەبەستی وێرانکردنی بەشێك یاخود هەموو، لە کۆمەڵێکی ناو نەتەوەیەك ، ڕەگەزێك، نەژادێك، یان گروپێکی ئایینی، ئەنجام بدرێت، وەك:

ا) کوشتنی ئەندامانی گروپەکە،

ب) گەیاندنی زیانی جەستەیی و دەروونی بە ئەندامانی گروپەکە،

ج) بە مەبەستەوە سەختکردنی بارودۆخی ژیان و گوزەرانیان، بە ئامانجی لەناوبردنی فیزیکی بەشێك یان هەموو گروپەکە،

د) سەپاندنی پێوەرگەلێك بەسەریاندا بۆ ڕێگرتن لە وەچەنانەوە،

ه) گواستنەوەی زۆرەملێی منداڵان لە گروپێکەوە بۆ گروپێکی تر.

هەروەك چەندین وڵاتی تر، حکومەتی ئیسرائیلیش، واژۆی لەسەر ڕێککەوتننامەکە و بنچینەی یاسای تاوانی جینۆساید (ڕێلێگرتن و سزادانی) ی ساڵی ١٩٥٠ ، کردووە. لەم یاسایەدا، یاسادانەرانی ئیسرائیلی پێناسەی جینۆسایدی نێو ڕێککەوتننامەکەیان گرتە ئەستۆی خۆیان و بەوپەڕی وردی و بە پەرۆشەوە کاریان لەسەر پێوەرە سزاییەکانی، کرد. ڕێکەوتننامەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان هیچ سزایەکی تایبەتی بۆ ئەنجامدەرانی جینۆساید دیاری نەکردووە و ئەوەی بۆ ڕێکارە دادییەکان و ڕای دادوەران هێشتۆتەوە، لەئەنجامی ئەم کەلێنەشدا، زۆرێك لەوانەی لەسەر تۆمەتباربوون بە جینۆساید هاتنە بەردەم دادگا، بەبێ ئەوەی هیچ سزایەکیان بەسەردا بسەپێنرێت، بەردران. بەپێچەوانەوە، بەپێی یاساکانی ئیسرائیل بەشێوەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرا سزای

مەرگی بۆ ئەوکەسانە دیاری کردووە کە تاوانبارن بە جینۆساید 'ئەوەی تاوانبارە بە جینۆساید سزای مردنی بەسەردا دەسەپێندرێت"، (تەنها لەبوارێکدا نەبێت کە لەیاساکەدا باسی لێوە نەکرابێت) . یاسادانەرە ئیسرائیلیەکان هەمان سزای یاساییان لە ساڵی ١٩٥٠ بۆ ئەو کەسانە دەرکرد کە ئەندامی نازییەکان و هاوپەیمانیان بوون و ئەو سزایەش بۆ یەکەمجار بەسەر تاوانباری جەنگی نازی ئادۆڵف ئیچمان دا سەپێنرا.

پیادەکردنی ڕێککەوتننامەکەی نەتەوەیەکگرتووەکان

پرسیاری گرینگ لێرەدا ئەوەیە ئایا نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمەڵەی نێونەتەوەیی کاری پێویست دەکەن بۆ ڕێگرتن لە دووبارە ڕوودانەوەی جینۆساید؟ هەندێك داوای گۆڕانکاری لە ڕێککەوتننامەکەی نەتەوەیەکگرتووەکاندا دەکەن بەمەبەستی زیادکردنی ئامرازگەلی پێویست تیایدا و ئەمەش نەك تەنها بۆ ئەوەی لە چەند ئاستێکدا یارمەتیدانی قوربانیانی پاش جینۆسایدی پێبدەن، بەڵکو بەمەبەستی ڕێگرتن لە جینۆساید. لەم دوایەدا، دادگای تاوانی نێودەوڵەتی (International Criminal Court- ICC) لە کۆنگرەی ڕۆما لە تەمووزی ١٩٩٨ دا دامەزرا. دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ڕێگەپێدراوە بۆ دادگاییکردنی تاکەکانی بەرپرسیار لە جینۆساید. خودی دادگاکەش لە تەمووزی ساڵی ٢٠٠٢ دامەزرا، ئەمەش پاش پەسەندکردنی بڕیارەکە لەلایەن شەست وڵاتەوە (وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلیان تێدا نەبوو). تەنها کات دەتوانێت بیسەلمێنێت ئایا دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هەنگاوێکی سەرکەوتوو بوو بەرەو ئاراستەیەکی دروست.

تاوانباران، قوربانیان و لایەنی سێیەم

گشت ڕوداوێکی جینۆساید سێ گروپی کۆمەڵایەتی سەرەکی تێوەدەگلێت: تاوانباران، قوربانیەکانیان و ئەوانی تر- کە کۆمەڵە خەڵکێکن نە بەشداری تاوانن

و نەش قوربانین بەڵکو گەواهی ڕووداوەکانن و دەبێـت هەڵبژێـرن کاردانەوەیـان چۆن بێت دوای ئەوەی ئەو دڕندایەتییانە دەردەکەون.

جینۆساید تەنهـا دەتوانێـت لە بارێکـدا ڕوو بـدات کە هاوسـەنگی هێـز لە کۆمەڵدا بەشێوەیەکە، تاوانباران دەسەڵاتی ڕەهایان بەسەر قوربانیەکـانەوە، هەیە. بزرکانـدنی ئەم جـۆرە پەیوەنـدییانەی هێـز پێویسـتی بەوەیە لێمـاوەکەی تـری جیهـان، ئەو خەڵـکەی نە تاوانبـارن و نە قوربـانی، بە شـێوازێکی دیـاریکراو هەڵسوکەوت بکەن. دەکرێت "ئەوانی تر" بەش بکرێن بە سەر سێ گرووپدا:

- ئەوانەی هاوکاری تاوانبارانن: (هاوبەشی تاوان) لەبەر چەنـد هـۆیەك، لە ناویاندا هۆی باوەڕی پاراستنی پەیوەنـدییەکی ئەرێنـی لەگەڵ بکوژانـدا لەبەر ئەو دەسەڵاتەی کە هەیانە.
- ئەوانەی یارمەتیـدەری قوربانیـانن: ئەمـانە هەردەم کەمیـنەن لە نێـو دانیشتوواندا و پاڵنەری ڕەوشتییان هاندەریانە بۆ ئەو کارە (لە ئیسرائیل، ئەم کەسـانە پێیـان دەوترێـت "چاکەکـانی نـاو نەتەوەکـان" . ئەوانەی لەلایەن 'یاد ڤاشیم'ەوە بە چـاکترینی نـاو نەتەوەکـان ناسـێنراون، ئەو کەسـە ناجوولەکـانەی کە ژیـانی خۆیـان خسـتە مەترسـییەوە بـۆ ڕزگارکردنی جولەکەکان لەکاتی هۆلۆکۆستدا).
- بێدەنگماو و کەمتەرخەمەکان(سەیرکەرەکان): ئەم تاکانەش، نمونەن بـۆ ژمارەیەکی زۆرتر لە هەردوو بەشەکەی تر.

ئەم کەرتبوونە پرسیارێکی زۆر گرنگ دێنێتە ئاراوە: ئایا دەکرێت لایەنـی کەم ئەو سـەیرکەرانە لە کۆتاییـدا بە بەشـێکی کەم بە بەرپرسیار دابنێین لە ڕوودانی ئەو تاوانـانە چونکە بەبەرچاویـانەوە ڕوویانداوە هیچیان نەکردووە بۆ ڕێگرتنی؟

زۆربەی وڵاتـانی جیهـان کەمـتەرخەم بـوون بەرامـبەر زۆرێـك لەو تـاوانە کۆمەڵکوژیانە؛ بە تایبەت هێزە سەرەکییەکان، وەکو وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا.

له لێکۆڵینەوەیەکی کاریگەردا، ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، سامانثا شیکردۆتەوە کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەرامبەر زۆرێک لەو جینۆسایدانەی لە سەدەی بیستەمدا ڕوویانداوە، لەوانەش جینۆسایدی ئەرمەنییەکان، هۆلۆکۆست و جینۆساید لە یوگوسلاڤیا و کەمبۆدیا و ڕواندا، نزیکەی هیچیان نەکردووە. خانمی لێکۆڵەر سامانثا دەڵێت "ئەوەی شۆکئامێزە"، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە پیشانی دەدات " سیاسەتمەدارانی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا هیچیان نەکردووە بۆ ڕێگەگرتن لەو تاوانانە. چونکە بە ڕوودانی ئەو تاوانانە بەرژەوەندییە گرنگە نەتەوەییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەهۆی ئەو جینۆسایدانەوە نەکەوتووەتە مەترسییەوە، کاربەدەستانی ئەو وڵاتە هیچ سەرنجێکی ئەخلاقی جینۆسایدیان نەداوە کە شایستەی بێت.(٣)

له پەرتوکەکەیدا بەناوی "Trauma and Recovery :From Domestic Abuse to Terror" کە دەبێتە " تەکانی دەروونی و چاکبوونەوە: لە زەبروزەنگی خێزانییەوە بۆ کوشتن"، پرۆفیسۆری ئەمریکی دەروونی، جودیث لێویس هێرمان کاریگەری جۆرە جیاجیاکانی توندوتیژی(لە توندوتیژی خێزانییەوە تاکو تیرۆری سیاسی) لەسەر سەربازانی پێشووی جەنگ، دەربازبووانی هۆلۆکۆست، بەندکراوانی جەنگ، ئەو ئافرەتانەی قوربانی دەستی توندوتیژین و قوربانیانی سێکسی دەستی کەسوکارن، دەخاتە ڕوو:

وەڵامدانەوەی ئاسایی ئەو دڕندایەتییانە بە دەرکردنیان دەبێت لە هۆش. هەندێك توندوتیژی کە کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵ هەیە، ئەوەندە سامناکن ناکرێت بەدەنگی بڵند باسبکرێن: ئەمەش مانای تەواوی دەستەواژەی لەباسنەهاتوو دەگەیەنێت.

لەگەڵ ئەوەشدا، دڕندەیی ناشاردرێتەوە. ویستی نکۆڵیکردن لە دڕندەییەکان چەندە بەهێزیش بێت، ئەوەندەش ئەو ڕاستییەی کە

---

(3) **Samantha Power ,"A Problem from Hell" : America and the Age of Genocide (New York: Basic Books ,2002) p.٥٠٤**

نکۆڵیکردن لێیان، سوودی نییە. حیکمەتەکانی گەلان، پڕن لە و ڕۆحانەی کە تا حیکایەتەکانیان نەبیستریێت لە ناو گلکۆکانیان ناحەوێنەوە. تاوان هەر دەردەکەوێت. یادهاتنەوە و گێڕانەوەی ڕاستییەکان لەبارەی ڕووداوە دڵتەزێنەکانەوە پێداویستی پێشوەختەن بۆ ڕێکخستنەوەی ریزبەندی کۆمەڵایەتی و سارێژکردنی برینی قوربانیەکان...

بۆ لێکۆڵینەوە لە تەکانە دەروونییەکان، دەبێت ڕووبەڕووی هەردوو ناسکێتی (ئاسانی تێکشکان) ی مرۆڤ لە سروشتدا و توانای سروشتی مرۆڤ بۆ خراپەکاریی، ببینەوە. لێکۆڵینەوە لە تەکانی دەروونیی مانای ئەوەیە ببیت بە گەواهیدەر لەسەر ڕووداوە دڵتەزێنەکان. کاتێك ڕووداوەکان سروشتین یاخود "ویستی خودا"ن، ئەوەی دەبێتە گەواهیدەریان ڕاستەوخۆ هاوسۆزە لەگەڵ قوربانییەکان، بەڵام کاتێك ڕووداوەکان ئەنجامدراوی مرۆڤەکانن، کەسی گەواهیدەر دەبێتە بەشێك لە ململانێی نێوان تاوانبار و قوربانی. لەڕووی ئەخلاقییەوە ئەستەمە بێلایەنی هەڵبژێریت لە ململانێدا. تەماشاکەرێك ناچارە لایەك هەڵبژێرێت.

زۆر فریودەرە لایەنی تاوانبار بگریت. ئەوەی تاوانبارەکە لە تەماشاکەرانی دەخوازێت، ئەوەیە کە هیچ نەکەن. ئەوان ویستە جیهانییەکان هەڵدەبژێرن کە بریتین لە بینین، بیستن وخراپنەهاتنەگۆ. قوربانییەکەش، بە پێچەوانەوە، خوازیارە کەسی تەماشاکەر هاوبەشی ئازارەکەی بێت. قوربانی کردەوەی دەوێت، بەشداری کردن و یادهاتنەوەی دەوێت[٤].

(4) Judith Lewis Herman, , Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence – From Domestic Abuse to Political Terror (New York: Basic Book, 1997, pp7-8.

دەکرێت بوترێت کە سەیرکەران بەم سستییەیان، -هەرچەندە بەمەبەستیشی‌ەوە نەبێت- یارمەتی تاوانباران دەدەن نەك قوربانییەکان. هەر لەبەر ئەمە، کاتێك ئێمە بێهەڵوێستی هەڵدەبژێرین، لەڕاستیدا ئەمە مانای ئەوەیە لایەنگری تاوانبارانین. لە ڕووی ڕەووشتەوە، ناکرێت لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید بێ هەڵوێست بین. پاساوی ئەوەی کە "ناتواندرێت هیچ بکرێت بۆ وەستاندنی" بە هیچ شێوەیەك قابیلی قبوڵ کردن نییە. نادادپەروەری بەو شێوەیەی خۆی نامێنێت کاتێك کەسێك بەهۆیەوە سزا بدرێت. هەروەك لە ئینجیل فێر دەکات"...نابێت دەستەوەستان بیت بەرامبەر خوێنی دراوسێکەت" (لێڤیتیکەس ١٦:١٩). تەماشاکەرانیش بەرپرسیارێتییان دەکەوێتە ئەستۆ، هەروەها دەشێ لۆمەش بکرێن – لای کەم لەڕووی ڕەوشتییەوە- لەسەر ئەو کوشتنانە.

چەند لێدوانێکی سەرەتایی لەبارەی جینۆساید لە ڕواندا:

جینۆسایدەکەی ساڵی ١٩٩٤ی ڕواندا یەکێکە لە درندەترین جینۆسایدەکانی سەدەی بیستەم. ئەگەرچی زۆربەی کوشتارەکان، کوشتنی توتسی لەلایەن هووتووەوە، لەڕێگەی بەکارهێنانی چەکی سوکی وەك ساتور (جۆرە چەقۆیەکی پان و قورسە بۆ بڕینەوەی دەوەن و قامیشی شەکر بەکاردەبرێ) و چەکی تری سووك، ئەنجامدران، بەڵام وا پێدەچێت ڕەوتی کوشتارەکە بە "سووك وخێرا"ترینی هەر جینۆسایدێکی تری مێژوو بێت. تێکڕا، لە ماوەی تێپەربوونی سەد ڕۆژدا، نزیکەی یەك ملیۆن خەڵك کوژران. ئەو بڵاوکراوانەی لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٤ دا لە دەیەمین ساڵیادی جینۆسایدەکەدا دەرچوون، ئاماژە بە چەند ژمارەیەکی جیاواز دەدەن: هەشتسەدهەزار، یەك ملیۆن و زیاتر لە ملیۆنێك، بەڵام ئەستەمە هەرگیز ژمارەی تەواوی کوژراوەکان بزانین. زۆرێك لەو توتسیانەی کە مردوون کەسێکیان لەپاش خۆیان جێنەهێشتووە کە ناویان بزانێت یان یادیان بکاتەوە. نزیکەی دوو دەیە بەسەر ئەوجینۆسایدەدا تێپەڕی کە جیهان تەماشای دەکرد و لە ڕواندادا ڕووی دەدا،

پێدەچێت ئەو ماوەیە کەم بێت بۆئەوەی ویژدانــی مرۆڤــایەتی بەئاگــا بێــتەوە لە جینۆسایدەکەی ڕواندا.

لەو دڕندایەتییانەی کە ئەنجام دران، هووتوەکــان نەك تەنهــا توتســیەکانیان کوشت، بەڵکو ئەو خزمانەشیان و ئەندامانی خێزانەکانیشیان کە توتسی نەبــوون. هووتوەکــان تەنــانەت ئەو توتسیانەشــیان کوشــت کە ســاڵانێکی زۆردراوســێ و هاوڕێیان بوون، ئەمەش تەنها لەبەر ئەوەی کە ئەوانە سەر بە نەژادێکــی جیــاواز بوون، بەڵام، سەرەڕای ئەو قەسابخانەیە، هەندێك تروسکایی هیواش مابووەوە:

- ژمارەیەکی کەم لە فەرمانبەرانی حکومەتەکەی هووتو ژیانی خۆیان خستە مەترسییەکی گەورەوە و گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی دەسەڵاتداران نەبوون و ڕێگەیان نەدا ئەو تاوانانە لەناوچەکانی ژێر کۆنترۆڵیان، ڕووبدات. ژمارەیەکی زۆر لە جوتیارە دەستنەڕۆیشتووەکانی هووتو و ئافرەتانی پلەخواری کۆمەڵی هووتو، لە پێناوی ڕزگارکردنی ژیانی توتسیەکان، ژیانی خۆیان خستە مەترسیەوە(ژمارەیەك لەو نموونانە لە دوایین پەرتوکی ئەم زنجیرەیەدا، 'ئاوا نامەوێت لە بێدەنگەکان بم'، دەخرێنە ڕوو، کە باس لەو کۆششانە دەکات لە پێناوی ڕێگرتن لە ڕودانی کردەکانی جینۆسایدەکە کران و ئەو تاك و کۆمەڵانە کە یارمەتی ڕزگارکردنی قوربانیانی حەتمی جینۆسایدکەیان دا).
- لە هەندێ دۆخدا، قوربانییەکان توانییان چەند گروپێکی بەرگریی پێکبهێنن، هەڵبەتە بە بێ بوونی چانسی ڕاستەقینە بۆ خۆپاراستن، ئەمەش تەنها بەمەبەستی ئەوەبوو کە بە بێ خەبات بۆ رزگاریی نەمرن. گروپێکی لەو جۆرە لە بیسێرۆ لە ڕۆژئاوای ڕواندا دەرکەوتن، لە پەنجا هەزار تووتسی پێکهاتبوون، پاش ڕووبەڕووبوونەوەیەکی زۆر تووندی چەند هەفتەیی لەگەڵ هووتوە هێرشبەرە بەهێزترەکاندا، لەماوەی نێوان نیسان و حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤ دا، هەموویان کوژران. ئەم بەرگرییە

ناچارییەی قوربانییەکان، وای کرد بکوژەکان ئامرازی دڕاندانەتری کوشتن بدۆزنەوە بۆ کوشتنی تووتسی.

- وەك لە درێژەی لێکۆڵینەوەکەدا دەیبینین، توتسیە قوربانییەکان خۆیان توانییان ئەو هێزانە ببەزێنن کە کۆمەڵکوژییان ئەنجام دەدا.

ڕوانـدا بـوو بە هاوهاوتـای نەك تەنهـا جینۆسـایدی هـاوچەرخ، بەڵکـو کەمتەرخەمی جیهانیش. ڕەتکردنەوە گاڵتەجارییەکەی ئەمریکـا بـۆ پـۆلێنکردنی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٤ی ڕواندا لە ژێـر خـانەی جینۆسـاید و جێهێشـتنی ئەو ئەرکە بـۆ دامەزراوەکـانی نەتەوە یەکگرتووەکـان، هۆکـاری شکسـتهێنانی هەڵوێستوەرگرتنیان بوو لەگەڵ دەرکەوتەیەك کە ڕەوایەتی هەبوو.

کاتێك زۆرینەی کۆمەڵێك، یان تەواوی کۆمەڵەکە، بڕیار دەدەن هیچ نەکەن بەرامبەرخراپەکاری، ئەنجـامەکەی دەبێـتە هەرەسـهێنانی ویژدانـی گشـتی. وەك مێژووی سەدەی بیستەم پیشانی دەدات، خراپەکاری تەنها ئەوە نییـە بەشـداری لە کرەکانی کۆمەڵکوژیی بکەیت، بەڵکو بڕیای دەستەوەسـتانیش لە کاتێکـدا کە کوشتار بڵاو دەبێتەوە. بەشێکی مرۆڤ وا دەردەکەوێت مەیلـی ئەوەیـان نەبێـت خەباتکردن بۆ پیادەبوونی دادپەروەری بکەن، ئەوە هەڵـدەبژێرن تەماشـاکەر بـن کاتێك دادپەروەری لەسەر کەسـانی تـر پیـادە دەکرێت. ئەم مەیـلە لە ڕوانـدادا بەڕوونـی دەردەکەوت. فەرمانـدەی هێزەکـانی ئاشـتیپارێزی ڕێکخـراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ژمارەیەکی کەم لە خەڵکانی تر هۆشدارییان دا کە دەشێ چـی ڕوو بدات. وڵاتـانی وەك ئەمریکـا، فەرەنسـا و بەلجیکـا دەرفەتـی یارمەتیـدان و دەسـت تێوەردانیـان هەبـوو. بەڵام جیهـان ئەوەی هەڵبـژارد هۆشـدارییەکان پشـتگوێ بخـات و هەنـدێکجار بـۆ چرکـردنەوەی بڵیسـەی ئـاگرەکە، سـوپای حکومەتە جینۆسایدکارەکەیان پڕچەکتر دەکرد.

هەنـدێك، ڕۆمیـۆ دالایەری ئەفسـەری کەنەدی، کە فەرمانـدەی هێزەکـانی ئاشتیپارێزی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، بە تاکە نمـوونەی ویژدانبڵنـدی

دادەنــا لەكــاتی جینۆســایدەكەدا، ئەگەرچــی ئەو لە كۆتاییــدا لە ڕێگــرتن لە جینۆسایدەكە سەركەوتو نەبوو. لەنێوان تەمموزی ١٩٩٣ و ئـابی ١٩٩٤دا، دالایەر فەرمانداریتی هەردوو نێردراوی چـاودێری نەتەوە یەكگرتووەكـان بـۆ ئۆگەنـدا و ڕوانـدا (UNOMUR) و نێـردراوی هاریكـاری نەتەوە یەكگرتووەكـان بـۆ ڕوانـدا (UNAMIR) ی پێســپێردرا. ئەو بــوو هۆشــداری دا بە جیهــان بــۆ ڕوودانــی جینۆسایدێك لە ڕواندا داوای كرد گشت ئەوانەی لەژێر فەرمانی ئەودان سەرپشك بكەن بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ بۆ ڕێگرتن لەوە، كرداریان هەبێـت، بەڵام دواجـار ئەم داواكارییەی لەلایەن ســەركردەكانی جیهــانەوە ڕەتكـرایەوە. بە پێـی دالایەر ئەگەر كۆمەڵی نێـونەتەوەیی بەگشــتی و ڕۆژئـاوا بەتـایبەتی بیانەوێـت " لەبـری گوتاری نەرمونیان و ڕواڵەتیـی و پەڵەدار لەڕووی ڕەوشــتەوە كە مەحكـومە بە شكستخواردن، بە كۆمەڵێك ستراتیژیەوە پابەند بن و پیادەی بـكەن،. . دەتـوانین بە پرهیوابییەوە ڕێگـری لەڕوودانــی چـوارەم جینۆسـایدی ئەم ســەدەیە، یـاخود یەكەم جینۆسایدی سەدەی داهاتوو، بگرن."(٥)

لێكۆڵەرانی بواری جینۆساید كۆكن لەســەر ئەوەی جینۆسـایدەكەی ڕوانـدا جینۆســـایدێك بــوو دەتوانــدرا لەڕێــگەی هەڵوێســـتی كــرداری كــۆمەڵی نێودەوڵەتییەوە، گەر بەتەواویش ڕێگەی لێنەگیرایە، بوەستێنرێت.

لەبارەی بەها جیهانییەكانی ژیانی مرۆڤەوە:

مایەی گاڵتەجارییە، كە بێباكی و تەنانەت لەوەش خراپتر، نكـۆڵیكردن لەو جینۆسایدانەی خەڵكانی تریان كردووە بە قوربانی، بە قــووڵی لە هەر كلتورێكـدا ڕەگ دابكوتێت. شكستهێنان لە دانپێدانان بەو تاوانانەی كە بەرامــبەر خەڵكـانی تر كراون، ئەو پێوەرەیە زۆربەی كار ئاگـایی و ویژدانــی تـاك و جیهـانبینی ئەو

---

(5) Roméo Dallaire ,"The End of Innocence: Rwanda 1994," in Jonathan Moore (ed.) ,Hard Choices: Moral Dilemmas in Humanitarian Intervention (Lanham , MD: Rowman and Littlefield ,1998).٨٠ لاپەڕە ,

کەسـە بە زەقـی دەردەخـات. لە هەنـدێ دۆخـدا، دانپیانەنـان بە تاوانەکانـدا کاریگەری یەکلاکەرەوەی بەسەر قوربانیـانەوە دەبێـت، لە هەوڵـی خۆڕاهێنانێـان لەگەڵ ئەو بارودۆخە تراژیدییەی بەسەریان سەپێندراوە، کە پرۆسەیەکی دوور و درێژ دەخایەنێت، لەهەندێك دۆخیشدا بێکۆتاییە.

لەکتێبـی (نوقبووەکـان و رزگاربووەکـان) The drowned and the Saved، نوسەری ئیتاڵی بەنەژاد جولەکە، پریمۆ لیڤی Primo Levi، دەگێرێتەوە کە چـۆن سەربازانی نازی (Schutzstaffel) ناسراو بە ئێس ئێس(SS) بۆ کات بەسـەربردن و بە گاڵتەجـاڕییەوە بە بەنـدکراوەنیان دەگـوت، هەرکەسـێکتان دەربـاز بێـت و بیانگێڕێتەوە، هیچ کەسێك بـاوەڕ بەو چیرۆکـانە ناکـات کە لەنـاو ئەم شـوێنەدا روویانداوە. لیڤی باسی ئەو مۆتەکەیە دەکـات کە نـزیکەی گشـت دەربـازبووانی ئەو کەمپە بەدەستییەوە دەیانناڵاند.

نزیکەی هەموو ڕزگاربووان، زارەکی یان لە بیرەوەرییە نوسراوەکانیانەوە، ئەو خەونە دەگێـڕنەوە کە بەردەوام بینیویـانە لە شـەوانی کـاتی زیندانیبوونیان، بە ووردەکاری جیاوازەوە، بەڵام بە هەمان نـاوەڕۆکەوە: ئەوان گەڕابوونەوە نیشتیمانی خۆیان و بەوپەڕی پەرۆشییەوە ئازارەکانی ڕابردوویـان بـۆ خۆشەویسـتەکانیان گێـڕاوەتەوە، بەڵام باوەڕیـان پێنەکردوون، لەڕاستیدا تەنـانەت گوێشـیان لـێ نەگرتـوون. لە زۆربەی نمونەکانـدا(دڕنـدانەترینەکانیان) گێـڕەرەوەکە پشـتی تێکـراوە و بە بە بێدەنگی بەجێهێڵدراوە (٦)

(٦) پریمـۆ لیڤـی، (The Drowned and the Saved(New York: Vintage International، 1989، 12). پریمۆ لیڤی، نەسەر و شاعیر و کیمیازان، لە ئیتاڵیا لەساڵی ١٩١٩ لەدایك بووە . لە ساڵی ١٩٤٤ دا نێردراوە بۆ ئۆشویتز (Auschwitz) بەڵام لە گرتوخانەکە ڕزگاری بوو. پاش گەڕانەوەی بۆ ئیتاڵیا، بەهۆی کاریگەربوونیەوە بە ڕووداوەکانی هۆلۆکۆست، دەستیکرد بە نوسینی پەرتووك لەساڵی ١٩٨٧ دا خۆی کوشت.

پێویسته ئێمەهەندێ پرسیاری سەخت لە خۆمان بکەین: ئایا ئێمە چۆن بەدەم قوربانیانەوە بچین کە تاقە داخوازییەکی ئەوەیە تاوانباران بناسین و ددان بەو تاوانانەیان بنێین کە ئەنجامیان داوە؟ چۆن یارمەتییان بدەین بۆ بارهێنانەوە و راهاتن لەگەڵ ئەوەی کە ڕوویدا؟ چۆن پێشوازی لە داخوازییەکەیان بکەین کە بریتییە لە وەی جیهان دان بە دوانەی نادادپەروەری و ئازارەکانیاندا بنێت. خودی جینۆسایدەکە و دەرهاویشتەکانی، نکۆڵییان لێدەکرێت لە لایەن هەندێ خەڵکەوە؟

یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم کتێبە لەبارەی جینۆسایدی ڕوانداوە، بڵندکردنەوەی ئاستی هۆشیاری قوتابیان و لێکۆڵەران و خوێنەرانە بەرامبەر بە دیاردەی جینۆساید. یەکێکی تر لە ئامانجەکانی، هاندانیانە بۆ پرسیارکردن لە بارەی پێگەی خۆیانەوە و هەستی بەرپرسیارێتیان بەرامبەر بەو نادادپەروەرییەی دەیبینن، هەروەها دۆزینەوەی ڕێگەی گونجاو ڕێگرتن لە ڕوودانیان، ئەمەش چ وەک تاک یان بەهاوهەنگی لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵەکەی خۆی. دووبارە، بنەمای سەرەکییەکانی ئەم زنجیرە کتێبە، بەها گەردوونییەکانی ژیانی مرۆڤە.

پرۆفیسۆر پایر ئاورۆن

١

پاشخانی مێژوویی و سیاسی

"با هەموویان لەناوبەرین"

له گۆرانییەکی هووتوەکانەوە وەرگیراوە کە لەسەردەمی جینۆسایدەکەدا زۆر دەترایەوە.[١]

ڕواندا وڵاتێکی بچوکە، کەوتۆتە ناودڵی ئەفریقیاوە، هەروەها بە "وڵاتی هەزارگرد" یانیش "وڵاتی هەمیشە بەهار"، ناسراوە. ئەم وڵاتە ترازیدیائامیزانە، لە نێوان مانگەکانی نیسان و تەمموزی ١٩٩٤ دا، سروشتە شاهانەکەی بوو بە پاشدیمەنی مەزنترین جینۆساید کە مێژووی جیهان، لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە، بە خۆیەوەی بینیبێت، کە ٨٠٠-٩٠٠ هەزار کەس، لەماوەی کورتی چەند هەفتەیەکدا، کوژران. زۆرینەی قوربانیان توتسی بوون و لێماوەکەی تری 'هووتو' و 'توا' بوون(بە پێی خەملاندنەکان، جینۆسایدەکە گیانی ٨٠٠٠٠٠-٩٣٠٠٠٠ توتسی کە لەو کاتەدا لە ڕواندا دەژیان، کۆتایی پێهێنا).

ئەگەرچی هەندێک کەس دژی ئەوە بوون ڕووداوەکانی ڕواندا لە ژێر خانەی جینۆساید پۆلێن بکەن؛ گومان لەوەدا نییە کە توتسییەکان نە لەبەر هەڵسوکەوت و کردارەکانیان، نە لەبەر جیاوازی بیروڕا و ڕوانینیان، نەش بەهەڕەمەکی لە کاتی جەنگدا کوژران، بەڵکو بکوژەکانیان پلانێکی وردوتۆکمەیان بە ئاشکرا و بە مەبەستی لەناوبردنی بەشێکی زۆریان دانا و نزیکەی بە تەواوەتیش ئەو پلانەیان پیادەکرد و ئامانجەکانیان هێنایەدی.

---

(1) Alison des Forges ،Leave None To Tell The Story: Genocide In Rwanda (New York: Human Rights Watch ،1999) ،p. 260.

رواندا دەکەوێتە رۆژهەلاتی ئەفریقاوە و رووبەرێک دەگرێتەوە ۲٥۰۰۰ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. هاوسنورە لەگەڵ ئۆگەندا، کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی، تەنزانیا و جمکەکەی رواندا ولاتی بوروندی، کە خاسیەت و کێشەی هاوشێوەی هەیە. رواندا ولاتێکی شاخاوییە بە بێ هیچ دەروازەیەکی ئاوی، نزیکەی ۲۰۰۰ کیلۆمەتر لە بەندەرەکانی مۆمباسا (کینیا) و دار ئەلسەلام (تەنزانیا) وە دوورە. یەکێکە لە هەژارترین ولاتەکانی جیهان، کە هیچ کانزایەکی تێدا نییە، زۆرینەی دانیشتوانەکەی ۹٥% لە لادێ و شارۆچکەکاندا دەژین و بۆ بژێوی پشت بە کاری کشتوکاڵ دەبەستن. بەرهەمی سەرەکییان بۆ بەکارهێنانی نێوخۆیی بریتیە لە مۆز و پەتاتەی شیرین و بەرهەمی سەرەکی‌یان بۆ هەناردەکردن بریتییە لە چا و قاوە. لە ۱۹۹٤ دا ژمارەی دانیشتوانی رواندا دەگەیشتە ۷،۲ ملیۆن کەس، کە بە یەکێکە لە چڕترین ولاتەکانی ئەفریقیا. رواندا نەک هەر کەمتر بە شارستانی بووە لە ناو ولاتەکانی ئەفریقیا، بەڵکو هێواشترینشە لە رووی بەشارستانیبوونەوە، (لە نێوان ساڵەکانی ۱۹٥٤ تا ۱۹۹٤ رێژەی شارنشینیی لەو ولاتەدا بلند بووەوە لە ۱% بۆ ٥ %). رێژەی ناوەندی بژێوی ئەو ولاتە

هەژارە، یەکێکە لە نزمترینەکان لە جیهاندا، هەروەها ڕێژەی مامناوەندی تەمەن کەمترە لە پەنجا ساڵ. لەگەڵ ئەوەشدا، بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەفریقیا، دانیشتوانی ڕواندا لە ١٩٩٤ دا بە ڕێژەیی خوێندەوار بوون، ٥٠ % یان خوێندەوارییان هەبوو کە لەم ڕێژەیەشدا (٦٤%ی پیاوان و ٣٧% ی ئافرەتان) بوون. لایەنەکانی تری ژێرخانی وڵاتەکە وەک کارەبا و ڕێگاوبان، تا ڕادەیەک کارامە بوون بە بەراوورد لەگەڵ وڵاتانی تری ئەفریقیادا.



نەخشەی (١): شوێنی ڕواندا لە ئەفریقادا

لە ساڵی ١٩٩٤ دا، دانیشتوانی ڕواندا لە سێ گرووپی ئێتنیکی جیاواز پێکهاتبوون: هووتو (٨٥%)، توتسی (١٤%) و توا (١%). هەرچەندە هووتو و توتسی لەڕووی جەستەییەوە تا ڕادەیەک جیاوازن، بەڵام لە ڕووی کلتور و زمانەوە، خۆیانیان وا داناوە سەر بە هەمان گروپ بن. هەردوولایان خۆیان بە بانیارواندا دەزانن و بە زمانی کینیارواندا دەدوێن، کە یەکێکە لە زمانەکانی بانتو، کە زۆر بە بەرفراوانی لە ڕۆژهەڵات و ناوەندی ئەفریقادا قسەی پێدەکرێت. لە زمانەکانی "باتو"دا، پێشگری "کی"،ki واتا "زمان" و پێشگری "با"،ba یاخود "وا"،wa بە مانای "زۆر" دێت. کەواتە لەسەر بنچینەی زاراوەگەریی، مەبەست لە وشەی بانیارواندا، خەڵکی ڕواندایە و مەبەست لە وشەی کینیارواندا، زمانی ڕواندایە. لەئەنجامی فەرمانڕەوایەتی درێژخایەنی بەلجیکیەکان لە ڕواندا (١٩١٦-١٩٦٢)، زمانی فەرەنسییش وەک زمانی فەرمی ئەو وڵاتە لە دەزگاکانی حکومەت و لە زانکۆکاندا بەکار دەهێنرا. هێشتاش، کینیارواندا بەرفراوانترین زمانی بەکارهێنراوە.



نەخشەی (٢) تۆپۆگرافی ڕواندا[1]

چەنــدین ســـەدە، زۆربەی(نەک هەمـــوو) دانیشـــتوانی ڕوانـــدا بە هاوبەشـــی لە وڵاتەکەدا دەژیـــان، یەک شانشـــین و یەک پاشـــا و مێژوویەکی هاوبەشیان هەبوو. نە هووتو و نە توتسییەکان ئاینێکی لەیەکتر جیاوازیان نەبوو. زۆرینەی هەردوو کۆمەڵەکە (نزیکەی ٦٥%) کاثۆلیکین و کەمینەکەی تر (٢٠%) یان پرۆتیستانتن و (١٠%)یشیان موسـوڵمانن. لەئەنجـامی چـالاکیی چـڕی بـانگخوازیی، زۆریـنەی دانیشـتوانەکەی، لەژێـر هەردوو حـوکمی ئەڵمـانی(١٨٩٨-١٩١٦) و بەلجیکـی(١٩١٦-١٩٦٢)، ئـاینی خۆیـان گـۆڕی و بـوون بە کرستیان"مەسیحی". پێشووتر، دانیشتوانی ڕواندا ئاینە نەریتییەکانی ئەفریقیایان پیادە دەکرد. هووتو و توتسییەکان بەیەکەوە دەچوون بۆ هەمان کڵێسا و قوتابخانە. لە خانووی هاوشێوەدا دەژیان، لە دراوسێتی یەکتردا و لە هەمان لادێ دا دەژیان و زۆرینەی زۆری دانیشتوانەکەی ئەوپەڕی هەژار بوون (هەرچەندە توتسییەکان وادادەنران لە ئاستێکی بەرزتری کۆمەڵایەتی و ئابووریدا دەژین).

بەڵام، سەرەڕای بوونی چەند خاسییەتێکی هاوبەش لە نێوانیاندا، ئەم دوو دانیشتوانە، لە ڕاستیدا دوو گروپی ئیتنیکی جیاواز پێکدەهێنن، بە دەرکپێکردنێکـی دەگمەنـی جیـاوازی ڕەسـەنی خۆیـانەوە و بە هەستکردنی بەهێزیان بۆ جیاوازییەکان کە هاندەر بوو بۆ بنیاتنانی ناسنامەی کۆمەڵی جیاواز. (بە پێی مەیلی لێکۆڵەرەکان پێویست نییە ڕەچەڵەک لە ڕاستییە "بابەتییەکان"ەوە سەرچاوەی گرتبێت، بەڵکو وا هەڵدەسەنگێندرێت کە لە سروشتەوە "خودی" بن و، پەیوەست بن بە هەستی هاوکاری، ناسنامەی خود و بەرژەوەندییە هاوبەشەکانەوە.

---

(١) بۆ زانیاری ووردتری زنجیرەی ڕووداوەکان لە مێژووەی ڕواندا لە نێوان سەدەی شانزدە و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، پاشکۆی ژمارە ١ ببینە.

ئەندامانی گرووپی سێیەم، توا، کە زۆر لە دووانەکەی تر بچوکترە، لەڕووی جەستەییەوە بەتەواوی جیاوازن لەگەل ئەندامانی توتسی و هووتو. ئەوانیش بە شێوەزاری تایبەت بەخۆیان بە زمانی کینیاروانداییی قسە دەکەن و ریتواڵی ئایینی نەریتی یان کرستیانی پیادە دەکەن. هەموو تواکان لە ڕەسەندا ڕاوکەر و کۆکەرەوە بەری درەختەکان بوون، پاشتر بوون کرێکار و خزمەتکاری هووتو و تووتسییەکان. لەمیانەی چەندمانگی جینۆسایدەکەی ساڵی ١٩٩٤ دا، توا لە خانەی هەردوو بەرەی تاوانکاران و قوربانییەکان دادەنران.

گرووپە ئیتنیکییەکان خاسییەتی هاوبەشیان هەیە کە دەکرێت بابەتی بن(بۆ نموونە، خاسیەتە جەستەییەکان، زمان، ئاین و مێژوو) یان خوودی بێت (بۆ نموونە، هۆشیاری، هاوکاری و سۆز) لە سروشتدا. کاتێک گرووپە ڕەگەزییەکان هەوڵ بۆ بەدامەزراوەییبوونی خۆیان دەدەن لە ڕووی ڕامیارییەوە بۆ بوون بە دەوڵەت یان بەدەستهێنانی ئۆتۆنۆمی، دەبن بە 'نەتەوەی ڕەگەزیی'. بە ڕای تۆ ئایا هوتوو و توتسی و توا گرووپی ئیتنیکین؟ یان باشترە بە نەتەوەی ڕەگەزی ناوببرێن؟

ڕواندا بەر لە داگیرکاری

ئەگەر توتسی بوایەی دەبوایە دەسەلاتداربیت، نزیک بیت لە دەسەلات، یاخود بەشێوەیەکی سادەتر لەگەل دەسەلاتدا ناودەبرێیت. (١)

شانشینیی ڕواندای پێش داگیرکاری لە سەدەی شانزدەدا، لەئەنجامی کارلێکی نێوان سێ گرووپ، هووتو، توتسیو توا، دامەزرا.(٢) بە پێی

---

(1) Mahmood Mamdani ،When Victims Become Killers: Colonialism ، Nativism and the Genocide in Rwanda (Princeton ،NJ: Princeton University Press ،2001) p. 75.

(2) Catharine Newbury ،The Cohesion of Oppression: Clientship and Ethnicity in Rwanda (New York: Columbia University Press ،1988) ،p.95.

زۆربەی لێکۆڵەران، هووتو و توتسیەکان بۆ ماوەی چەندین سەدە پارێزگارییان لە ناسنامەی جیاوازی خۆیان کردبوو. هەروەها دەڵێن ئەو ئەوروپییانەی لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمدا دەگەیشتنە ڕواندا کۆمەڵێکیان دەبینی کە خێڵە جیاجیاکانیان یەکیانگیر کردبوو.(١)

لەگەڵ ئەوەشدا، ئەندامانی ئەو دوو گرووپە کولتوور و زمانی هاوبەشیان هەبوو، خۆیان بە بانیارواندایی و پێکهاتەیەکی شانشینێکی فراوانی هاوبەش دەزانی. هەردوولایان لە هەمان سوپادا خزمەتی سەربازییان دەکرد و لەشوێنی نیشتەجێبوونی هاوبەشدا دەژیان(٢) سەرەڕای ئەوەش، ئەوەی لێکۆڵەران تێبینییان کردبوو بریتیی بوو لە جیاوازییە جەستەییەکانی نێوان هووتو، کەهاوشێوەی بانتوو بوون وەک دانیشتوانی ئۆگەندا و تەنزانیا بوون و، تووتسییەکان باڵابەرزتر، لاوازتر و تۆزێک کاڵترن لەڕووی ڕەنگی پێستەوە، کە هاوشێوەی دانیشتوانی هامی-کوشی بوون کە لە هۆرن لە ئەفریقیا دەژیان. هەندێک لەوان ئاماژەیان بە جیاوازییە کلتورییەکانی نێوان هەردوو گرووپەکەش داوە. بۆ نمونە، جۆن فاگی مێژوونووسی ناسراوی ئەفریقیایی ئەوەی نیشاندا نەریتی دەگمەنی مردووناشتنی توتسییەکان بەتەواویی جیاوەزە لەوەی هووتوەکان پەیڕەوی دەکەن، لە کاتێکدا لێکچوونێکی زۆریشی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە

(١) لە دەستەواژەگەریی داگیرکاریی، گرووپە ئیتنیکییەکانی ئەفریقا(بۆ نمونە. یوروبا، باکۆنگۆ، کیکویا، هوتو، یان توتسی) وەک خێل دەژمێردران. گرووپی ئەورووپی هاوشێوەی(باسکەکان، سکۆتەکان،کرواتەکان یان سلۆڤاکییەکان)بە گرووپی ئیتنیکی یان نەتەوە دادەنرێن. جیاکەرەوەکان دەشێ پەیوەست بن بە راسیزمی داگیرکارە ئەورووپییەکان.

(2) Gerard Prunier, The Rwanda Crisis: History of a Genocide (London: Hurst ،1995); Christopher Clapham 'Rwanda: The Perils of Peacemaking, ' Journal of Peace Research 35 (1998) ،pp. 193–210; Newbury ،The Cohesion of Oppression; Peter Uvin ،'Prejudice ،Crisis ،and Genocide in Rwanda.' African Studies Review 40 (1997) ،pp. 91- 115; René Lemarchand ،Burundi: Ethnic Conflict and Genocide (New York: Woodrow Wilson Center and Cambridge University Press ،1996); Mamdani ،When Victims Become killers

سیداما لە ئەثیوپیا پەیڕەوی دەکەن[1]. توتسیەکان، ئەوانەی چینی فەرانڕەوایان پێکهێنابوو لە لە شانشینەکەی ڕواندا و بوروندی پێش داگیرکاری، لە ڕووی جەستەییەوە و کولتوورییەوە و هۆشیاری مێژووییەوە، لەگەڵ چینی حکومڕانی شانشینەکانی بوگەندا، بونیۆرۆ و ئەنکۆلێ لە ئۆگەندا بوون.

لە بزریی مێژووی تۆمارکراودا، بنەچەی هووتو، توتسی و توا وەک ئەفسانە ماوەتەوە. دەشێ مەزەندە بکرێت (هەرچەندە ئەمە بەهیچ شێوەیەک دڵنیا نییە) کە تا ئەو کاتەی توتسییەکان، بە پێی تیۆری هامیی سەرچاوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆرنەکانی ئەفریقای، لە سەدەی چواردە یاخود پانزدەی زاینیدا گەیشتنە ناوچەکە، هووتووەکان زووتر لەو کاتە (لە کۆنگۆوە) کۆچیان کردبوو بۆ ئەو ناوچەیە، هەروەک توا، کۆنترین خەڵکی ئەو ناوچەیەن. هەروەک دۆخەکە وایە لە ئەفریقیا، زمانێک کەلەلایەن هەرسێ گروپەکەوە بەکاردەبرێت، ڕەنگە لە زمانی پەسەندکراوی زاڵی داگیرکەرەکانی ناوچەکە سەرچاوەی گرتبێت، لەبەر کەمی ژمارەیان بە ڕێژەیی لەچاو دانیشتوانەکەدا، ئەو زمانەیان وەریانگرتبێت.

بە پێچەوانەوەی ئەمەشەوە، لێکۆڵەرانی تری وەک ئالەین دیستکزی، کاثرین نیوبوری و ئالیسۆن دی فۆرگی، جەختدەکەنەوە کە جیاوازی نێوان هووتو و توتسی لە پێش داگیرکارییەکان نەژادیی نەبووە بەڵکو چینایەتی بووە-جیاوازی نێوان دەستەبژێرێک لە شوانکاران کە دەسەلاتدارن و ئەو کۆمەڵەیەی کۆنترۆڵی دەکەن. بەگوێرەی لایەنگرانی ئەم قوتابخانە هزرییە، جیاوازییە چینایەتییەکان تەنها پەیوەندیدارن بە ناسنامەی نەژادیی، لە پێشداگیرکارییەکان. بە شێوەیەکی تر بگوترێت، ئەڵمانەکان و بەلجیکیەکان ناسنامەی نەتەوایەتی توتسی و هووتوەکانیان "داهێنا". هەروەها ئەم لێکۆڵەرانە لەسەر ئەوە سوورن کە توتسییەکان لە

---

(1) John Donnelly Fage, A History of Africa (London: Hutchinson, 1978),p.122.

هـــۆرنی ئەفریقیـــاوە نەهـــاتوون، چـــونکە بنەچەکەیـــان هاوشـــێوەی هووتووەکـــانە. لە جیـــاتی ئەوە، بـــاس لە جیـــاوازییە جەســـتەییە نکۆڵیلێنەکراوەکانی نێوان ئەو دوو گرووپە وەک بەرهەمـی هاوسـەرگیری نێوخـۆیی لە نێـو هەردوو پـۆلی دەسـتەبژێر و زۆربەی خەڵکـدا، دەکەن. مێژوونووس واڵتەر ڕۆدنی ڕوونکردنەوەیەکی جیاواز لەبارەی جیاوازییە جەستەییەکانی نێوان ئەو دوو کۆمەڵەیەوە پێشنیار دەکات: جیاوازی زەقی خـۆراک لە نێـوان دەوڵەمەنـد ، کە سـەر بە چینـی ئەریستۆکراسـی‌ین و هەژارەکان کە سەر بە جوتیارەکانن.

نەخشە ٣: شانشینی مێژووییەکان (١٨٠٠)- ڕواندا و دراوسێکانی

لەهەر بۆنەیەکـــدا، ڕوونکردنەوەیەکـــی کەمتربـــاوەڕپێکەر لەلایەن ئەم قوتابخـــانە هـــزرییەوە پێشکەشـــکرابێت، ئەو هەســـتەمان لا بەجێـــدەهێڵێت کە پاڵنەری سـەرەتاییان ئەوەیە کە بیسـەلمێنن کۆلۆنیـالیزم'داگیرکـاری' سـۆنگەی هەمـوو کێشـەکانی ڕوانـدایە. هەرچەنـدە دەکرێـت مەزەنـدە بکەیـن ناسـنامەی هووتـو و توتسـی گۆڕانکـاری زۆری بەسـەردا هـاتووە بەدرێژایـی سـاڵەکان، بەڵگەکان بە روونی پیشـانی دەدەن کەمێک ڕاسـتی هەیە لە تیۆری کـارامەیی

کۆلۆنیالیزم (داگیرکاری) لە "داهێنانی" ئەو دوو ناسنامە جیاوازە. سەرەڕای ئەوەش، تەنانەت ئەگەر ئەوەش پەسەند بکەین کە جیاوازییە ئیتنیکییەکان بەر لە داگیرکاریی بوونیان نەبووە، گومان لەوەدا نییە کە، بە درێژایی سەدەی بیستەم، هووتو و توتسی ناسنامەی ئیتنکی جیاوازییان لە ڕووی هۆشیاری و سۆزی ئیتنیکی و، هاوکاری و دەرککردنی "ئێمە" و "ئەوان" هەبووە.

سەرەڕای ئاریشە ئیتنیکییەکان، ڕواندای پێش قۆناغی داگیرکاری فاکتەری گرنگی یەککرتنی تێدا بوو: پاشاکەی (موامی Mwami)، بە باوەڕی دانیشتوانەکە مەسیحێکە بۆ خۆی-ڕزگارکەری خەڵکە- لە خواوەند سەرچاوەی گرتووە، بێگەرد و بێهەڵەیە و نابێت ڕووبەڕووی بوەستیتەوە. هێندەی ئێمە بزانین، پاشا خۆشیی لە پشتگیری هەموو سێ گروپەکە دەهات. فەرمانڕەوایەتی خەڵکەکەی بە ئاگر و بەڕێوەدەبرد و نەریتی گوێڕایەڵی کوێرانەی داهێنا، ئەو هۆکارەی سەلماندی کە زۆر گرنگە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی جینۆسایدەکەی ساڵی ١٩٩٤.

مرۆڤناس (ئەنترۆپۆلۆجیست) جین-جاکێس ماکێت سیستەمی حوکمڕانی کلتوری ڕواندای بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوون کردووەتەوە:

ڕۆڵی فەرمانڕەوا تێکەڵەیەک بوو لە پاراستن و سودی باوکایەتی.

...چاوەڕوان دەکرا خەڵکەکە لەگەڵ ئەو جۆرەی فەرمانڕەواییدا بگونجێن. دەبوایە کەسەکە هەڵوێستی سەربەخۆ لە خۆی بگرێت. خۆبەکەمزانی بارودۆخێکی ڕێژەیی بوو بۆ کەسێ کە شوێنکەوتووی کەسێکی تر بوو لە کێڵگە پێناسەکراوەکەدا. بەڵام سەربەخۆیی هەستبەکەمیی بوو لە هەموو بوارەکانی ژیاندا. کاتێک فەرمانڕەوایەک فەرمانێک دەدات، دەبێت گوێڕایەڵی بکرێت. ئەمەش نەک لەبەر ئەوەی فەرمانەکە سەپێندراوە بەسەر ئەوانەی ژێر دەسەڵاتی، بەڵکو سوکوئاسان لەبەر ئەوەی ئەو فەرمانڕەوایە. [١]

لەکاتی فەرمانڕوایی پاشادا، چینەکانی سەرەوە لە سێ جۆر سەرداری جیاواز پێکهاتبوون: سەرداری پیاوان سەرداری زەوی و زار و سەرداری لەوەڕگا.

---

(١) وەرگیراوە لە کتێبی The Rwandan Crisis ، لاپەڕە ٥٧.

پاشای ڕواندا چارلس موتارا ڕوداهیگوا له(١٩٣١-١٩٥٩) فەرمانڕەوایی کردووە.

ئەو سەردارانەی زیاتر توتسی بوون، فەرمانڕوایی خەڵکی، زەویوزار ئاژەڵەکانیان دەکرد. ئەم ڕێسا جیاکارییئامێزە بە ڕوونی لە پەیوەندییە پلەبەندییەکەی نێوان توتسی و هووتو دا ڕەنگی دایەوە. بۆنموونە، کاتێک توتسییەک هووتوی‌ەکی بکوشتایە، پاشا فەرمانی بە کوشتنی یەکێک لە ئەندامانی خێزانی بکوژەکە دەدا. بەڵام، کاتێک کەسێکی هووتو کەسێکی توتسی بکوشتایە، ئەوا پاشا فەرمانی بە کوشتنی دوو لەئەندامانی خێزانی بکوژەکە دەدا. هەمان بنەما بۆ تاوانەکانی تایبەت بە موڵکوماڵ، بەکار دەهات: ئەگەر توتسییەک ئاژەڵێکی لە هووتویەک بدزیایە بوورابوو لە دانی قەرەبوو،

مەگەر خـاوەنێکی هووتـووی هەبـوایە. بە پێچەوانەشـەوە، ئەگەر کەسـێکی هووتو ئاژەڵێکی لە تووتسی بدزیایە، بە تاوانێکی جیدی دادەنرا.

ئاژەڵـدارەکان هەموویـان توتسـی بـوون، چینـی فەرمـانڕەوابوون لە شانشینەکەدا. جوتیارەکانیش، کە زۆرینەیان هووتو بوون، بە چینی نزمتری کۆمەڵ دادەنران.

دەسەڵاتدارێکی توتسی و خزمەتکارە هووتوەکەی

هووتوەکـان بۆیـان نەبـوو ئاژەڵـداری بکەن، کە لە ڕواندا بە سـیمبۆلی بـاوی تەندروسـتی، هێز و بنەچەی بـاش دادەنرا. دەبـوو بە زۆر پێداوێسـتی خـاوەنە تووتسـییەکانیان دابین بکەن و بەرهەمـی کشـتوکاڵییان بـۆ بەرهەم بهێـنن. ئەوانـیش لە لەبەرامـبەر ئەمەدا، دەپانپاراسـتن. جـاری وا هەبـوو بەڵێننـامەی ڕێکەوتنـی نایەکسـان لەنێـوان خـاوەنە توتسـییەکان و هووتـووە ژێردەستەکانیان ئەنجام دەدرا. ئەو بەڵێننامـانە بە 'ئوبوهـاکی' ناسـرابوون، کە بۆگواسـتنەوەی زەوی و ئاژەڵەکـان بـۆ جوتیـارە هووتـوەکە، واژۆ دەکـرا. هەرچەنـد بە فەرمـی مـاڵ و موڵکەکـان هەر بەنـاوی خـاوەنە توتسـییەکان

دەمانەوە. مافی هەبوونی زەوی و ڕەشەوڵاخ بۆماوەیی بوو، هەردەمیش لای تووتسی دەمایەوە. تەنها لە ڕێگەی ئەم بەڵگەنامەیەوە هووتو بۆی هەبوو زەوی بکێڵن. بەپێی ئەو سیستەمەش، کاتێ هووتویەک داخوازی بژێوی و پاراستنی لە خاوەنێکی توتسییەک بکردایە، دەبوو بە بریکاری خاوەنەکەی و لەسەری بوو لە کێڵگەکەکانیدا کار بکات، بەروبومی کشتوکاڵی بۆ بەرهەم بهێنێت، چاککاریی ناوماڵی بۆ بکات و هەندێک لە کچەکانی خۆی وەک کەنیزەک پێبدات. لەڕاستیدا، ناچار دەکرا هەرشتێک کە ئەو فەرمانی پێبکات، بیکات(ئەم جۆرە ڕێککەوتنانە لەسەردەمی داگیرکاریشدا بەردەوام بوو). لە ڕواندای نەریتی دا، هووتویش ناچاری کاری زۆرەملێ دەکرا، لەکاتێکدا توتسی- ئەندامانی فەرمانڕوایی کەمینە و هەژارەکان- لەوکارە بورابوون.

سەردەستێتی توتسییەکان بە دامەزراوەیی کرابوو، سەرەڕای جیاوازییە چینایەتیەکان کە لەناوهەر گروپێکدا بەدی دەکرا "هێلکاری١"



هێڵکاری ١: پێکهاتەی چینایەتی لە رواندا

هەرچەندە هۆزەکان تێکەڵەی هەرسێ توتسی، هووتوو توا پێکهاتبوون، لەسەر بنچینەی پلەبەندی‌یەکی چینایەتی روون کە بە فراوانی نەتەوە نەژادە جیاجیاکان، پێکهاتبوون (هێڵکاری ٢). سوپای نەریتی بە هەمان شێوە لەسەر بنەمای پلەبەندی چینایەتی پێکهاتبوو: توتسییەکان جەنگاوەر بوون و تەنها

وەرگری راهێنانی فەرمان بوون. لەکاتێکدا هووتو و توا لە ڕۆڵی پشتگیرییدا خزمەتیان دەکرد، وەک کوڵکێشان.[1]



هێڵکاری ٢: پلەبەندی چینایەتی لە ڕواندای کۆندا

لێکۆڵەران هەموویان کۆک نین لەسەر هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەو ململانێ خوێناوییەی نێوان هووتو و توتسی، کە لە ساڵی ١٩٩٤ دا گەیشتە بەرزترین ئاستی خۆی و لە ئەنجامدا لە کۆی ٩٣٠٠٠٠ توتسی کە لە ڕواندا دەژیان ٨٠٠٠٠٠ یان سەربڕدران. وەک بینیمان، لێکۆڵەران دابەش بوونە و هاوڕا نین سەبارەت بە ڕەگی مێژوویی ناکۆکییەکان و ڕەسەنی ناسنامە جیاوازی هووتو و توتسی. کەواتە، ناکۆکییەکانی نێوان ئەو دوو گرووپە ئیتنیکییە، بووە هۆی سەرهەڵدانی 'ناکۆکی لەبارەی کارەکتەریململانێکان' لە ناو لێکۆڵەران[2].

(1) Mamdani .When Victims Become Killers .p. 74.
(2) Lemarchand .Burundi: Ethnic Conflict and Genocide .p. 17.

ڕەسەنیان هەرچییەک بووبێت، پەیوەندیی نێوان هووتوو و توتسی هەر کێشەدار بووە لە قۆناغی پێش داگیرکارییش. لەسەر ئەم بناغەیە، دەتوانین ئەوە هەڵهێنجێنین کە نیگەرانییەکان بەرهەمی کۆلۆنیالیزم نەبوونە وەک لیمارچاند و ئەوانی تر پێیان وابوو[1].

پێدەچێت کە بیرۆکەی زاڵدەسەتی توتسی، پەیوەست بێت بە نیعمەتی خوداوەندەوە، چەندین ساڵ بەر لە فەرمانڕەوایی داگیرکاری ڕۆڵی هەبێت بە فراوانی بڵاو ببوەوە، دەرئەنجامەکەی پشتی بە ئەفسانەیەک دەبەست کە لە بنیاتنانی شانشینەکەدا یارمەتیدەر بوو. هەر لەبەر ئەم هۆیەبوو کاتێک ڕەچەڵەکناسان و بانگخوازان گەیشتنە ناوچەکە، ئەو بیرۆکە نەریتییەیان دانەهێنا کە گوایا توتسی و هووتو یەک ئەوی تر بخاتە ژێرڕکێفی خۆی. هەرچەندە، ڕەنگە پەیامبەخشەکان زیادەڕەویشیان لەبارەیانەوە کردبێت[2].

ئەفسانەی دامەزراندنی شانشینەکە

خوداوەندی بالا: ئیمانا، کازیکامونتو، باپیرەگەورەی هەموو مرۆڤ، لەنێو کورەکانیدا گاتوا، گاهوتو و گاتوتسی هەبوو، ئەمانە باوکەگەورەی توا، هووتوو توتسی بوون. پاش ئەوەی کوری یەکەمی، واتا گاتوا یەکێک لە براکانی کوشت، لە لایەن باوکییەوە نەفرەتی لێکرا و چارەنووسی بوو بەوەی کە لە گاهووتو و گاتوتسی پایەنزمتر بێت و ببێتە ژێردەستەیان. کاتێک کوری دووەمی، گاهووتو، هەندێک لەو فەرمانانەی باوکی پێی ڕاسپاردبوو تەواوی نەکرد، سزا درا بەوەی پایەی لە برای سێیەمی، واتە گاتووتسی، نزمتر بێت و ببێتە ژێردەستەی. بەم شێوەیە گاتوتسی بوو بە یەکەمی هەڵبژێردراو لەنێوان ئەو سێ برایەدا.

---

(1) Ibed.

(2) Peter Uvin ,'Tragedy in Rwanda: The Political Ecology of Conflict.' Environment 38 (1996) ,pp. 6-7

ئەم ئەفسانە مێژووییە دەمـاودەم نەوە لەدوای نەوە گـوێزراوەتەوە و ئەنترۆپۆلۆجیسـتێکی بەلجیکی لێی کۆڵیوەتەوە و مێژوونوس جان ڤانسینا دەریخستووە کە ماوەی بەر لە داگیرکاریی، هووتو و توتسی لە دۆخی شەڕ و کوشتاردا نەبوون لەگەڵ یەکتری و بێگومان تێکەڵ بە کاری گێرەشێوێنی، کۆکوژی و کردەی جینۆساید نەبوون وەک ئەوانەی لە ١٩٦٠ەکان بەدواوە روویان دا[1]. کەواتە، هیچ پاساوێک نییە بۆ ئەوەی سەبارەت بە"قڵیشانەوە"ی "کۆنەقینی خێڵەکی" لە ڕواندا و بوروندی لە ١٩٩٠ەکاندا، باس دەکرێت. ئەو جۆرە بانگەشانە لەئەنجامی بەراوژووخوێندنەوەی مێژوو، لەسەر بناغەی ئەو ڕووداوانەی کە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم ڕوویان داوە، هەڵهێنجراوە. لەڕاستیدا، لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدە و نۆزدە دا شەڕە ناوخۆکانی نێوان تێکەڵەیەک لەهۆزە جیاجیاکان بەربڵاوتر بوو لە شەڕەکانی نێوان هووتو و توتسی[2]

ڕواندای نەریتی و ڕواندای داگیرکراو

ناوچەکانی شانشینی نەریتی ڕواندا و ناوچە داگیرکراوەکانی ڕواندا (١٨٩٨-١٩٦٢)، کە دواتر وەک دەوڵەتی سەربەخۆی ڕواندا ناسرا، بەتەواوەتی یەکانگیر نەبووبوون. هێشتاش پارچەیەکی فراوان لەو ناوچانەی ڕواندای کاتی داگیرکاری ئەڵمانەکان(١٨٩٨-١٩١٦)، لەلایەن شانشینی نەریتی ڕواندا کیگیری چوارەم ڕوابوگیری لە(١٨٦٠-١٨٩٥) بەڕێوە دەبرا.

کەمێک ناوچەی یەکانگیرنەبوو کە کەوتبوونە باکوری ڕۆژئاوای ڕواندا(لە هەر یەک لە سنوورە داگیرکراوەکانی)، لە سەدەی هەژدەیەمدا، سێ شانشینی بچوکی هووتویان لەسەری دامەزرا. ئەو ناوچانە بە تەواوی بۆ سەر شانشینی نەریتی ڕواندا زیاد کران، کە تەنها لە قۆناغی داگیرکاریدا ئەمانەی خرایە سەر: شانشینی کیباری لە ١٩١٨ دا، شانشینی بوشیرو لە

---

(1) René Lemarchand ١٤Newbury .The Cohesion of Oppression.
(2) Newburg, The Cohesion of Oppression.

١٩٢٠ دا، شانشینی بوکۆنیا له ١٩٣١دا[1]. به پێچهوانهی شانشینی نهریتییهوه، فهرمانڕهواکانی ئهم شانشینه بچوکانه هووتو بوون و کهمێک لهو توتسییانهی له نێو سنورهکانی ئهواندا دهژیان، هیچ جۆره دهسهلاتێکی سیاسییان نهبوو.

جیاوازییه بهرچاوهکانی نێوان ههرێمی باکوری ڕژئاوای و بهشهکانی تری ڕواندا، له درێژهی باسهکهماندا گفتوگۆی دهکهین، کاتێ ئهو ڕووداوانه وهبیردههێنینهوه که بهرهو جینۆسایدی ساڵی ١٩٩٤ی بردن.

لێرهدا ئێمه تهنها تێبینی ئهوه دهکهین که یوڤینال هابیاریمانا، سهرۆکی ڕواندا له نێوان ١٩٧٣ و ١٩٩٤و هاوکاره نزیکهکانی که خۆیان میراتگری شازادهی شانشینی باکووری بۆشیرۆ دهزانی که لهلایهن ههموانهوه به 'هووتوی باکور' ناسرابوون. شایانی تێبینیکردنه که سهرۆکی لێکۆڵهرانی جینۆسایدهکهی ساڵی ١٩٩٤ ی ڕواندا دا، که له ناویاندا ڕووناکبیر و مێژووناسی ناسراوی ڕواندایی، پرۆفیسۆر فێردیناند ناهیمانا ی زانکۆی نهتهوهیی ڕواندا ههبوو، ئهو کهسهی که لێکۆڵینهوهی له بارهی شانشینی باکوری ڕۆژئاواوه کردبوو، که دهکهوێته ناوچهکانی ئیدارهی ڕوهینگێری و گیسێنییهوه (بڕوانه نهخشهی ٤) .

(1) Prunier, The Rwanda Crisis, p.7.



نەخشەی (٤) هەرێمی روهێنگەری و گیسێنی لە رواندا

سەرەڕای ئەوەی کە شانشینی نەریتی و ئەوناوچانەی لکێندرابوون بە ڕوانـــدای داگیرکـــراوەوە لە ١٩١٨دا چەنـــد کـــۆمەڵەیەکی چـــڕ لە بانیارواندییەکانیش (هووتـوە کینیارواندا زمانەکان و توتسی)، لە ناوچەی گرەبیت لەیکی ئەفریقا (دەریاچەی مەزنی ئەفریقا)، دەژیان، کە دواتر لەگەڵ ئۆگەندا و کۆنگۆی بەلجیکی (کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی ئێستا)، یەکیان گرتەوە، دەژیان.



نەخشەی(٥) : بانیارواندا(کینیارواندایی زمانەکان) لە ناوچەی گرەیت لەیک

لە دەرەنجامدا، ئەو ناوچانەی لە لایەن ڕواندای داگیرکراو و ڕواندای سەربەخۆوە کۆنترۆڵ کرابوون، تا ڕادەیەکی زۆر، هاوتا بوون لەگەڵ ئەو ناوچانەبوون کە لەلایەن ڕواندای نەریتییەوە کۆنترۆڵ کرابوون. بۆیە ڕواندا بەشێوەیەکی ئاشکرا جیا دەکرێتەوە لە زۆربەی وڵاتە ئەفریقییەکانی تر، کە دەستکردانە لە قۆناغی داگیرکاریەکاندا بنیاتنران. لەم دیدگایەوە، ڕواندا لە کۆمەڵەیەکی بچووکی وڵاتەکانی ئەفریقیا دەچێت لەوانە بوروندی، سوازیلاند، لیسۆتۆ و ئەثیوپیا، کە ئەوانیش ڕەگیان لە مێژووی شانشینە بەرلەداگیرکارییەکاندا، هەیە.

قۆناغی داگیرکردن (١٨٩٨-١٩٦٢)

مێژوویی داگیرکراویی بە ڕێژەیی کورتی ڕواندا،دەشێت دابەش بکرێت بەسەر دوو قۆناغدا: ئەوەی ژێر فەرمانڕەوایی ئەڵمانەکان (١٨٩٨-١٩١٦) و ئەوەی ژێر فەرمانڕەوایی بەلجیکیەکان (١٩١٦-١٩٦٢). [١]

ئەڵمانەکان 'ڕواندا'و شانشینی ئورونەی (بوروندی ئێستا)یان بەیەکەوە بە ڕواندا-ئورونەی ناساند و وەک - پارچەیەک لە ئەفریقای ڕۆژهەڵاتی سەر بە ئەڵمان دایاندەنا، کە دواتر زۆربەی بوو بە تانگانیکای بەریتانی (لە ئێستادا ولاتی تەنزانیایە). سنورە داگیرکراوەکانی ڕواندا-ئورونەی، لەسەر هەمان بناغەی هەمان سنوورەکانی پێش داگیرکردنی هەردوو شانشینەکە بوو (بڕوانە نەخشەی ٦). لە پراکتیکدا، شانشینەکانی ڕواندا و ئورونەی لەقۆناغی داگیرکاریشدا بەردەوام بوون. لەکاتێکدا کە سیستەمی حکومەتەکە فەرمانڕەوایەتییەکی ناڕاستەوخۆ بوو[٢]، ئەڵمان و بەلجیکیەکان پێویستیان بە ژمارەیەکی زۆر کەم لە پارێزگار، فەرمانبەر، کارمەند و سەرباز هەبوو بۆ پاراستنی فەرمانڕەواییەکەیان. لە ١٩١٤ دا، بە تێکڕایی ٩٦ ئەڵمانی ڕواندای ئەڵمانییان بەڕێوە دەبرد(بە هەموو فەرمانبەر و سەرباز و بانگخواز و بازرگانەکانەوە). لە هەندێ ڕووەوە شانشینی نەریتی ڕواندا لەماوەی داگیرکاریەکەدا بەهێز بووەوە، لەئەنجامی یەکگرتنەوەکەی شانشینەکانی هووتوی باکوری ڕۆژئاوا.

---

(١) سەرەڕای داگیرکارە فەرمییەکانی ڕواندا لە لایەن هاوپەیمانەکانەوە لە نێوان ١٩١٦ و ١٩١٨ دا، بەلجیکا زاڵدەستترین دەسەڵات بووە لە ولاتەکەدا لەو ماوەیەدا. تەواوی ڕژێمەکەی بەلجیکا کە لە ساڵی ١٩١٨ ەوە و بەرەو ژوور لە ساڵی ١٩٢٤ دا بە دامەزراوەیی کران وەک مانداتی کۆمەڵەی نەتەوەکان ناسران. پاش جەنگی جیهانی دووەم، مانداتەکە بوو بە هەرێمێکی لە لایەن ە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە متمانەپێدراو.

(٢) فەرمانڕەوایی ناڕاستەوخۆ: شێوازێکە لە سیستەمی فەرمانڕەوایی کۆلۆنیالی کە تیایدا فەرمانڕەوا ئەوروپییەکان بە کۆمەکی فەرمانڕەوا خۆجێییەکان ولات بەڕێوە دەبەن. ئەم سیستەمەش لەسەربنەمای ئەو گریمانەیە بوو ئەم جۆرە حوکمڕانییە کاریگەرترە و کەممەسرەفترە و کەمتر نیگەرانی دانیشتوانەکەی لێدەکەوێتەوە.

نەخشەی (٦): ناوچەی گرەیت لەیک لە پاش جەنگی جیهانی یەکەم

قۆنـاغی داگیرکـارییەکە لەمســەر تـا ئەوسـەری ئەفریقـا بە کـۆمەڵ ئـاینگۆڕینی بـۆ کرسـتیانێتی، بەخـۆوە بینـی. بـانگخوازە کریسـتیانەکان ئەنـدامبوون لە کەنیسـەیان کردبـوو بە مەرج بـۆ چـوونە نـاو تـوێژی دەستەبژێری داگیرکـارەوە، یـان وردتـر بێـژین، بۆ نـاو تـوێژی دووەمـی دەسـتەبژێرەکەوە، کە زۆربەی پـلە باڵاکـانی فەرمـانڕەوا ئەورووپییەکـانی گرتبووە خۆی. لەکاتی فەرمانڕەوایی بەلجیکیەکاندا، کاثۆلیکێتی بە شێوەیەک لە شـێوەکان بـوو بە ئـاینی فەرمـی لە ڕوانـدا دا. پەروەردەی ڕۆژئـاوایی بە تەواوی لە ژێر کۆنترۆڵی بانگخوازە کریستیانەکان بوو و تاکە بواریش بۆ خوێندنی باڵا کە دەستەبەر کرابوو بۆ ئەفریقییەکـان لەو کـاتەدا ڕاهێنـان بۆ بوون بە پیاوی ئایینی.

قۆنـاغی داگیرکـارییەکە، سـەرەڕای شـتەکانی تـر، بە قۆنـاغی زۆرداریـی بەرامبەر بە دانیشتوان، دەناسرایەوە. بەلجیکییەکان و ئەڵمانەکان وەکو یەک، خەڵکێکی زۆریان بە زۆرەملێ لە کاری کشتوکاڵدا، دامەزراند، (چاندنی قاوە و پەتـاتە)، تەلانـی لێژایـی چیاکـان، دروسـتکردنی ڕێگاوبانەکـان و بنیاتنـانی باڵەخـانە گشـتییەکان. لەکـاتی فەرمـانڕەوایی بەلجیکیەکانـدا بەگشـتی و لە قۆنـاغی هەردوو جەنـگە جیهـانییەکەدا بە تـایبەتی، دەبـوایە پیـاوان دەبـوایە زیـاتر لەنیـوەی کـاتی کارکردنیـان، کـاری زۆرەملێدا بـکەن. ئەو ئەفریقـانەی بیانگوتـایە کـارەکە ڕەتـدەکەینەوە، بە توونـدی سـزا دەدران و لە ئەنجامـدا سـەدان هەزار کەس هەڵهـاتن بـۆ نـاوچە دراوسـێکانی ژێـر دەسـەڵاتی بەریتانیەکان لە ئۆگەندا و تانگانیکا. ئەم پڕۆژانەی کـاری زۆرەملێ، دەکرێت وەک خـاڵی هاوبەشـی نێوان فەرمانڕەواکانی داگیـرکەر و هەرێمییەکـان، لێـی تێـبگەین، کە هەم دەسـەڵات و هەمـیش سـوودی مادديـان بـۆ دەسـتەبەر دەکردن. توتسـییەکان کە دەسـەڵاتیان بەسـەر هووتووکانـدا پیـادە دەکرد، بە زەبری کوتەگ کاریـان بەسـەرهووتوەکانیان دەسـەپاند، دوژمنـایەتییەکی چڕ لەنێوان هەردوو گروپەکە، لەو کاتەدا دروست بوو.

بـۆ ئەوەی لە کـاریگەریی داگیرکـاریی بەسـەر پەیوەنـدییەکانی نێـوان هووتـو و توتسـی تێـبگەین، دەبێـت سـەرەتا لە تێڕوانینـی فەرمانڕەواکـانی داگیـرکەر بـۆ دانیشـتوانی ئەو هەرێمـانە، تێبگەین. ئەم گـوتراوانەی خـوارەوە چەند نموونەیەکی تێڕوانینی نوێنەرانی حکومەتی داگیرکارن. پیاوێکی ئایینی بەلجیکایی بەم شێوەیە وەسفی تووتسی کردووە: [1]

ئێمە دەتوانین کەلەسەرێکی قەوقازی و ئاکارجوانی یۆنـانی شـانبەشانی ڕوخسارێکی سامی و تەنانەت جولەکەش ، زێڕینێکی سـووربـاوی شـەنگ، لە دڵی ڕواندایی و ئوروندیدا، ببینین.[2]

پیاوێکی تری ئایینی دەنوسێت:

باهیمـا(تیرەیەکـی توتسـین) بە ڕوخسـاری جـوان و ڕەنگـی کاڵیـان جیـا دەکـرێنەوە لە وەرزێـرە بـانتوە ژێردەسـتەکان. بـاڵابەرز و باشـهەڵکەوتوون، لووتیـان درێـژو بـاریکە و ئەبرۆیـان پـان و لێویـان جـوانە. دەگوترێـت لە باکورەوە هاتوون. ژیریتی و ڕوخسـاری شـیرینیان، سـیفەتی پارەدۆسـتییان، توانـای خۆگونجانیـان لەگەڵ هەردۆخێکـدا، وا پیشـان دەدات کە بنەچەیـان سامی بێت[3].

لە ١٩٢٧ دا، پارێزگـاری بەلجیکـی لە ڕوانـدا سـەبارەت بە تواناکـانی ئەنـدامانی هەردوو گـروپ، ئەم دەرەنجـامەی خـوارەوە ئاراسـتەی سەرکردایەتی خۆی دەکات:

باتوتسـییەکان بـۆ فەرمانـداریی دەشـێن. ئامـادەبوونی جوانیـان خـۆی لە خۆیدا بەسـە بۆ ئەوەی شـکۆ پیشـانی ڕەگەزە ژێردەسـتەکانی چواردەوریـان، بـدات. ... مـایەی سەرسـەڕمان نـیـیە کە بـاهووتوە کەمژییـرە، زۆر سـاکارە، زیادلەپێویست ساویلکەکان، زیـاتر جێـی متمـانەن، ڕێگەیانداوە بەکۆیلەبکرێن بەبێ ئەوەی قەت جارێک وێرابێتیان بەرهەڵستی بکەن. [4]

---

(1) Prunier ،The Rwanda Cris٨-٧ .

(2) Prunier ،The Rwanda Crisis p7

(3) Ibed, pp 7-8.

(4) ١٨Prunier ،The Rwanda Crisis٨-٧ لاپەڕە ،

تیۆره نەژادییەکان لەقۆناغی داگیرکارییدا

تەنانەت لە پێش بەدامەزراوەییکردنی فەرمانڕەوایی ئەڵمانی لە ڕواندا دا، ئەو گەریدە ئەوروپیانەی لە درەنگانێکی سەدەی نۆزدەهەمدا گەیشتبوونە ناوچەکە، گەشەیان بە تیۆری باڵادەستی توتسیەکان و ژێردەستەیی هووتوەکان دا، کە لەگەڵ ڕۆحییەتی ڕۆژئاواییەکانی ئەو کاتەدا تەبا بوو. هەردوو سەدەی نۆزدە و بیست سەردەمی تیۆرەییە نەژادییەکان بوون، کە بەربڵاو بوون لە ئەڵمانیا، بەریتانیا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، فەرەنسا و بەلجیکادا. بەبێ هۆشیاری سەبارەت بە تیۆریی نەژادیی کە لەو کاتەدا لە ڕواندا دا بەربڵاو بوو، ئەستەمە لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٤ تێبگەین.

وتارێک لەبارەی نایەکسانی نەژادەکانی مرۆڤەوە کە لە لایەن جۆزیف ئارسەر کۆمتێ دێ گوبێنیا، نووسرابوو، لەو کاتەدا زۆر کاریگەر دانا[١]. کارێکی تر کە بە هەمان ئاراستە نووسرابوو، لەلایەن گەردیدەکان نیل، جۆن هانینگ سپیکی یەوە، کە لە ١٨٦٣ دا پەرتووکێکی بە ناونیشانی تیۆری داگیرکردنی نەژادە بندەستەکانیان لە لایەن نەژادە سەردەستەکانەوە The Theory of Conquest Of Inferior by Superior Races نووسی. بە پێی سپیک، گروپە فەرمانڕەواکان لە شانشینەکانی ناوچەی گرەیت لەیک (بەڕواندا و بوروندییشەوە) سەر بە "شارستانیەتێکی باڵادەست" بوون، کە بنەچەیان دەگەڕایەوە بۆ بەشێکی موسوڵمان و بەشێکی کرستیان و بەشێکیشی گالای موسڵمانی ئەثیوبیا (گەورەترین گروپی نەژادی لە ئەثیوپیا، کە بە نزیکەی ٤٠% ی دانیشتوانەکەی دەژمێردرێت، ئێستا بە ئۆرۆمۆ ناسراوە)[٢]. تیۆری هاوشێوە گەشەیان پێدرا لەلایەن لێکۆڵەرەوان و گەریدەکانی ترەوە وەکو

---

(١) پایەنزمەکان بریتین لە ڕەچەڵەکی زەرد، کە بە "پوولەکی" و "ناداهێنەر" ناوی بردوونو ڕەچەڵەکی ڕەش، کە بە "بێ مێشک" و "سەرەتایی" ناساندویانی. بەگوێرەی بۆچوونەکانی ئەو، تێکچوونی ڕەچەڵەکی تیکەڵی جولەکە لەئەنجامە تێ:ەڵبوونیان بوو لەگەڵ "پێکهاتە ڕەشەکان". لە فەرەنسا، دیگۆبینیاو خاڵی پێکەوە بەسترانی نێوان چینی پایەبەرزی فەرەنسی و "ڕەچەڵەکە فرانکییە ئەڵمانییەکە"ی دیاری کرد.

(٢) بڕوا وایە کە سپیکی، لە میانی گەشتێکدا لە ڕۆژهەڵاتی ئەفریقیاوە بۆ دەریاچەکەو بەکەناری ڕوباری نیلدا بەرەو گوندۆ کۆرۆ و لەوێشەوە بەرەو قاهیرە، سەرچاوەی ڕوباری نیل ی دۆزیوەتەوە کە لە دەریاچەی ڤیکتۆریاوە هەڵدەقوڵێت .

سێر مانوێل بەیکەر، گایتانۆ کاساتی، سێر هاری جۆنستۆن، بابە لیۆن کلاس و بـابە فرانچـۆیس مینـاردەوە. لەنـاو شـتەکانی تـردا ئەوەشـیان گـووت کە توتسـییەکان وەچەی 'شـەم' یـان 'هـام'ن، کە لە ئیسـیوپیا یـان مسـریی کۆن، ئاسیای بچوک، قەوقاز، هیندستان، یان تبتەوە هـاتبن. بە پێی ئەم نوسـەرانە توتسییەکانیان وەک 'سپیە ڕەنگینەکان' وێناندووە، وەک 'ئەورووپییەک لە ژێر پێسـتێکی ڕەشـدا'و وەک ئەنـدامی 'نەژادی بـالا'، لە روخسـاردا هاوشـێوەی ڕۆمانە کۆنەکان.

هەریەکێـک لەو نووسـەرانە پێـوەری چەنـد نمـونەیەکی سەرمەشـقی ئەوروپاییـان بەسـەر هووتـودا پیادە دەکرد، سەبارەت بە توا ئەوە هەر لێـی گەڕێ. وەک هەمـوو ئەفریقیەکـانی تـر، بە سسـت، ناشـیرین و مرۆڤـی سـەرەتایی، وەسـف دەکـران. توتسـییەکان بە پـێچەوانەوە، بە کـارامە، لـووتبەرز، بەتوانـا بـۆ کـاری سـەخت، دڵسـۆز، ژیـر و لە سیاسـەت شـارەزا، وێنـاکرابوون، بـۆیە وەک نائەفریقیـایی لە کەسـایەتیدا، دادەنـران. بەم ڕێگـایە، ئەو وەسـفانەی کە گەردیـدە و لێکۆڵەرە ئەورووپییەکـان پێشکەشـیان کـرد لە سـەدەی نـۆزدەهەم لەگەڵ تیـۆری نەژادی ئەوروپاییـدا تەبـا بـوون، کە ئەفریقیەکانیان بە نەژادێکی ژێردەستەی پلەنزم دادەنا[1].

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی داگیرکارە ئەڵمانی و بەلجیکیەکانـدا، تیۆری نەژاد بەردەوام بـوو لە گەشەسـەندن کـاریگەریی دانـان. کـاریگەریی نەهجـی نەژادی ڕەنگدانەوەی لەسـەر ژیانی ڕۆژانە دانـابوو، ئەمە لە لایەن حکومەتی داگیرکارەوە نووسرابوو، لەم پارچەیەی خوارەوە، کە لە ڕاپۆرتێکی بەلجیکیە داگیرکارەکانەوە هی ساڵی ١٩٢٥ وەرگیراوە.[2]

(1) See Clapham, 'Rwanda: The Perils of Peacemaking'; Mamdani ،When Victims Become Killers; Alaine Destexhe ،Rwanda and Genocide in the Twentieth Century (New York: New York University Press ،1995); Helen Hintjens ،'Explaining the 1994 Genocide in Rwanda.' Journal of Modern African Studies 37 (1999): pp. 241-286.

(2) Prunier ،The Rwanda Crisis، لاپەڕە ٦.

وەسفکردنی توا

ئەندامی نەژادێکی داهێزراو و زوو لە بەرچاو ونبوون... مووتوا نوێنەرایەتی کۆمەڵێ سیفەتی باشپێناسەکراوی جەستەییە: ئەو بچووکە، خەپانە، جەستەی ماسولکەدار و مووداره، بەتایبەتی سینگی. دەموچاوێکی تەختی مەیمونئاسا و لوتێکی زلی هەیە، بەتەواوی لەو مەیمونانە دەچێت کە لە دارستانەکەدا ڕاویان دەنێت.

وەسفکردنی هووتو

باهووتوویەک تەواو هاوسیفەتە لەگەڵ بانتوو لە ڕووی ڕوخسارەوە، ئەوان بەشێوەیەکی گشتی کورت و لاواز و سەر زلن، ڕووخۆشن، لوتیان پانە و لێوەکانیان زۆر ئەستوورە. کراوەن و قۆشمەن حەزیان لە ژیانێکی سادەیە.

وەسفکردنی تووتسی

موتوتسی، لە نەژادێکی باشە، بێجگە لە ڕەنگی نەبێ لە زنجی ناچێت. ئەو بەشێوەیەکی ئاسایی زۆر بالابەرزە، ١،٨٠ تا ١،٩ م، لای کەم زۆربەیان ١٩٠سم یان زیاترن. زۆر باریکن، ئەو تایبەتمەندییەی کە تا دەچێتە ناو ساڵەوە زیاتر دەردەکەوێت. ڕوخساری زۆر جوانە: ئەبرۆبەرز، لوتباریکە و لێوێکی جوان دەوری ددانە جوانبریسکەدارەکانی داوە. ئافرەتانی بوتوتسی، بەشێوەیەکی ئاسایی ڕەنگی پێستیان لە هی مێردەکانیان کاڵترە، زۆر باریک و جوانن لە تافی لاوێتیدا، هەرچەندە لەگەڵ تەمەندا ئەستوور دەبن، بەهرەی ژیرێتی و چالاکبوونیان هەیە، توتسییەکان هەستێکی پاکژیان هەیە کە ئەمە لەنێو خەڵکە سەرەتاییەکاندا دەگمەنە. بەسروشت و زگماک سەرکردەن، توانایەکی بێڕادەی بەسەرخۆزاڵبوونیان هەیەو نیازپاکن.

وەک تێبینی کرا، تیۆرییە نەژادییەکان کە لە سەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەورووپا گەشەی سەندبوو، هەروەها کۆنترۆڵی سەدەی بیستەمی‌یشی کرد، بیری داگیرکارییش بە ڕوونی ڕەنگیدایەوە لە سیاسەتی داگیرکاری پیادەکراو

بەسەر ڕواندا: لە ساتێکدا کە ئەڵمانەکان و بەلجیکیەکان، کە کۆنترۆڵی ئەوێیان کردبوو، بەجێیان هێشت، هەرەمی چینایەتی دانیشتوانەکەی، دەبێ لەم هێڵکارییەی خوارەوەوە تێبگەین. (بڕوانە هێڵکاری ٣)



هێڵکاری(٣): دابەشبوونی نەژادەکانی ڕواندای داگیرکراو

بە پێی ئەم ڕەوتە، نزیکەی هەموو ئەو بەرپرسانەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی داگیرکارەوە دانرابوون توتسی بوون. لە ١٩٣٨ دا، سەرۆک قەشەی بەلجیکی بانگخواز لیۆن کلەیس ڕوونکردنەوەیەکی بۆ ئەم سیاسەتە بەم جۆرەی خوارەوە، کردبوو:

گەورەترین هەڵەی ئەم حکومەتە کە دەشێت بیکات، چەوسانەوەی هۆزە موتوتسییەکانە. شۆڕێکی لەو جۆرە ڕاستەوخۆ وڵات بەرەو شێواندن و کۆمۆنیزمێکی ڕق لە ئەورووپاهەڵگرتوو، دەبات.... ئێمە سەرکردەی باشتر و چالاکتر و زیرتر لە باتوتسییەکانمان دەستناکەوێت. ئەوان گونجاوترینن بۆ

تێگەیشــتن لە پێشــکەوتن و ئەوانەن کە دانیشــتوانەکە خۆشــیان دەوێــن. حکومەت پێویستە بەشێوەیەکی سەرەکی کار لەگەڵ ئەواندا بکات[1].

لە ١٩٢٩ دا، بەلجیکیەکــان بڕیاریانــدا جۆرەکــانی ڕۆڵە جیاجیاکــانی بەرپرسەکان تێکەڵ بکات، کە بە پێی ستركتووری نەریتی هێز، لە سەرەوەڕا کۆنترۆڵی خەڵک، زەویـوزار و ئـاژەڵ دەکرا. لە دەرەنجـامی ئەمە زۆربەی سەرکردە هووتووەکانی(خەڵک و زەویوزار) دەرکران. خشتەی ١ بە ژمـارە دابەشکردنی بەرپرسایەتییەکان لە نێوان توتسی و هووتو لە کۆتـایی مـاوەی داگیرکاریەکەدا پیشان دەدات.

خشتەی ١ بەرپرسەکانی هووتو و توتسی (١٩٥٩)[2]

بەرپرس	تووتسی	هووتو
یاریدەدەری بەرپرس	٤٣	٢
بەرپرسی مامناوەندی	٥٤٩	١٠

سەرچاوە: پرونەر، قەیرانەکانی رواندا:١٩٥٩-١٩٩٤ ، ل ٢٧.

توتســییەکان خــاوەن مــافگەلێکی زۆر بــوون لە ئـابووری مـۆدێرن، لە سیســتەمی پەروەردە (بـڕوانە خشــتەی ٢)، لە هەرەمــی دەســەڵاتی کڵێســای کـاتۆلیکی و لە بەڕێـوەبردنی حکومەتـدا، هەبـوو. لە تێکـڕای فەرمـانبەرانی ئەفریقــای داگیرکــراو لە ڕوانــدا ٨٨%یــان توتســـی بـــوون (بەهـــۆی پەروەردەکەیــانەوە، جــگە لە شــتەکانی تــر) لە لێــواری ئازادبوونیــان. توتسییەکانیش ٣١ لەکۆی ٣٣ ئەندامی ئەنجومەنی باڵای دەوڵەت پێکدەهێنا.

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل٢٦.

(٢) سەرچاوە Prunier، The Rwanda Crisis:1959-١٩٩٤ p.27 .

خشتەی ٢: قوتابیانی هووتو و توتسی[١] لە کۆلێژی ئەستریدا[٢]

ساڵ	توتسی	هووتو
١٩٣٢	٤٥	٩
١٩٤٥	٤٦	٣
١٩٥٤	٦٣	١٩ (١٦یان بروندی بوون)
١٩٥٩	٢٧٩	١٤٣

سەرچاوە: پرونەر، قەیرانەکانی رواندا:١٩٥٩-١٩٩٤ ، ل ٣٣.

رواندای باکوری ڕۆژئاوا، کە بەشێک نەبوو لە شانشینی نەریتی ڕواندا، لەلایەن ڕژێمی زۆرداری چەوسێنەری بەلجیکی-توتسییەوە بەڕێوە. لەم هەرێمەدا، بەرپرسە هووتووکان دەرکرابوون، پاریزگاری توتسییان دامەزراندبوو، خاوەن زەوییە هووتوە شایستەکان، بەسەردا موڵکەکانیاندا گیرا و نێردرانە شانشینەکە و هووتوەکانیش ناچاری کاری زۆرەملێی زەویوزارێکی فراوانتر کران. کەواتە جێگای سەرسوڕمان نییە کە ئەمە بووە یەکێک لە زۆر سەرچاوەی تری نیگەرانی و گرژییەکان لە کاتی شۆڕشەکەی هووتو لە ساڵی ١٩٥٩ (بڕوانە خوارەوە) و ڕۆژەکانی "چارەسەری کۆتایی" لە ساڵی ١٩٩٤ دا.

لە ساڵی ١٩٣٢ دا، دەستیانکرد بە پراکتیزەکردنی تۆماری ناسنامەی نەتەوە(ubwoko)، لەسەر کارتی ناسنامە، کە پێوەرێکی تر بوو لە کۆتاییدا (هەرچەندە بەو مەبەستەوە ئەنجام نەدرا) کە ڕۆڵێکی کوشندەی لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٩٤ دا بینی. وەک توتسی، دەسەڵاتدارەکان ناوی هەر کەسێک تۆمار لای کەم دە مانگای هەبووایە، گشت ئەو کەسانەی لەلایەن کڵێساوە بە توتسی تۆمارکرابوون ، گشت ئەو کەسانەی بە ڕوخسار توتسی بوون، ناویان تۆمار دەکرا. لێماوەکەی تری دانیشتوان، وەک هووتو یان توا

(١) سەرچاوە Prunier، The Rwanda Crisis:1959-١٩٩٤ لاپەرە.٣٣.

(٢) ئاستریدا تاکە دامەزراوەی باڵای فێربوون بوو لە ڕواندای بەلجیکیدا. پاش سەربەخۆیی، شارۆچکەی ئاستریدا بوو بە بوتاریو ئێستا شوێنی زانکۆی نیشتیمانی ڕواندایە.

تۆمارکران، بە پێی پیشە و شێوەی ڕوخسارییان[1]. بەگوێرەی پرۆسەی ئەم تۆمارە، دانیشتوانی ڕواندا لە ١٩٣٣ دا لە ٨٤% هووتو، ١٥% توتسی و ١% توا پێکهاتبوو. ئەم تۆمارکردنە فەرمییە ڕەنگدانەوەی جیاوازی پەیوەندییە چینایەتیەکانە و پەیوەندی نێوان چین و نەتەوەیە، سەرەڕای ئەوەش لەسەر بنچینەی جیاوازی چینایەتی دانراوە (ئەم تۆمارە لەسەر بنچینەی پیشەی خەڵک دانرابوو، ئاژەڵدارەکان پایەبڵندتر بوون لە جوتیارەکان بە پێی ژمارەی سەر ئاژەڵەکانیان) زیادکردنی ناوی نەتەوە لەسەر ناسنامەی هاوڵاتیانی ڕواندا، پلەبەندی ئیتنیکی سەخت کردەوە. سەرەڕای جیاکارەوە جەستەییەکان، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی توتسی و هووتو کە قابیلی لێکجیاکردنەوە نەبوون، تەنها لەبەر ڕوخسارییان. بۆ دۆخی لەو جۆرە، ناسنامەی نەتەوایەتی بە تۆماری فەرمی دیاری دەکرا.

دەبێ تێبینی ئەوە بکرێت ژمارەیەک گواستنەوەی چینایەتی لە ڕواندای نەریتیدا هەبوو: تاکێکی هووتو دەیتوانی داوای پلەی تاکێکی توتسی بکات (گەر هێز و سامانی پێویستی هەبوایە) و تاکێکی توتسی دەیتوانی بۆ ئاستی هووتو "دابەزیایە" (لەکاتی لەدەستدانی ئاژەڵەکانیان، بە جووتیار بوونیان، یان هاوسەرگیری کردن لەگەڵ ئافرەتێکی هووتویی). ئەم تۆمارکردنە ئیتنیکییە ساڵی ١٩٣٣ کۆتایی بە گواستنەوەی کۆمەڵایەتی هێنا[2].

هەمان پرۆسە ڕێی لە پەرەسەندنی دانیشتوانێکی تێکەڵاو بە ناوی "هوتسیس" گرت، کە تاکو ئەو کاتە بە ڕێکوپێکی پەرەی دەسەند. منداڵەکان بەگوێرەی نەتەوەی باوکەکانیان تۆماردەکران، تەنانەت ئەگەر دایکیشیان سەر بەنەتەوەیەکی تر بوایە. لە ئەنجامدا، چەند دەیەیەک دواتر، لە سەروەختی جینۆسایدەکەی ١٩٩٤ دا، کەسانی خاوەن باوکی توتسی و دایکی هووتویی سەربڕدران، لەکاتێکدا کەسانی خاوەن باوکی هووتو و دایکی توتسی، لە هەندێ دۆخدا، ڕزگاریان دەبوو.

---

(1) Mamdani .When Victims Become Killers.٩٩ .

(2) هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ١٠١

لە سەردەمی داگیرکاریەکەدا، پەیوەندییەکانی نێوان هووتو و توتسی، لەئەنجامی توانەوە لەناو تیۆری نەژادی داگیرکاری، کە سەبارەت بە بالادەستی توتسی و ژێردەستی هووتو بوو، لەلایەن هەردوو گرووپەکەوە، تێکچوبوو. توتسییەکان- بەو زۆرینەیەشەوە کە هەژاربوون، کە بە "توتسی بچوک" ناسرابوون- بڕوایان وابوو کە وەجەی "هام"ن و ، لە ئەنجامی ئەم ڕەچەڵەکەیاندا، خۆیان بە پلەباڵا دەزانی بەسەر هووتودا. هووتوەکانیش توتسییەکانیان بە بێگانەی داگیرکار،"ئەثیوپییەکان"، کە زەبر و زۆری خۆیان دەسەپێنن،دادەنا.

بەشێوەیەکی سروشتی، ڕق لە توتسییەکان، دەرەبەگایەتی(Fudalism) و "داگیرکاری" تێهەڵکێش بوو لەناو هووتوەکاندا و بوونە هۆی بەهێزکردنی ناسنامەی ئیتنیکییان لەو ماوەیەدا. وەک چەندین دۆخی ناسراوی تری لەو جۆرە، هەرکە حیکایەتێکی داگیرکاران دەهاتە ناو پەرتوکێکی مێژووییەوە، ڕاستییە بابەتیانەکانی دەخەملاند.

جیاوازی و لێکچوونەکان لە نێوان ڕوانداى نەریتی و ڕوانداى داگیرکراودا رەچاو بکە. بە شێوەیەکی سەرەکی لەپێکهاتەی ڕژێمەکە، ئایدۆلۆژیای باو، سیاسەتە کۆمەڵایەتییەکان و پایەی هووتو و توتسی.

شۆڕشەکەی هووتو (١٩٥٩-١٩٦٢)

کە بای گۆڕانکاری هەڵیکرد لە ئەفریقا لە ١٩٥٠کاندا، کاریگەرییەکی درێژخایەنی بەسەر توێژی دەستەبژێری هووتو و توتسییەکانەوە هەبوو. لە ١٩٥٧ دا، نۆ دەستەبژێری دیاری هووتو مانیفێستی بانتویان ڕاگەیاند کە تیایدا بانگەوازی نەهێشتنی قۆرخکاری توتسییەکانیان لە سیاسەت، ئابوری و کۆمەڵایەتیدا دەکرد.

ڕوناکبیرانی هووتو داوای حکومەتێکی "دیموکراتی زۆرینە"، نەهێشتنی "سیستەمی داگیرکاری ڕەگەزپەرستی توتسی"یان دەکرد، بەشێوەیەک کە توتسییە داگیرکەرەکان بگەڕێنەوە ئیسیوپیا. تەنانەت سەرکردەیەکی هووتو داوای لابردنی سومبولی پیرۆزی دەهۆڵی شاهانە"کالینگا"، کە لەگەڵ ئەندامی زاوزێی شازادەی هووتو کە لە جەنگەکانی پێشوتردا بەزێنرابوو، هەڵواسرابووە.

دادگای پاشا داواکارییەکانی هووتوی ڕەتکردەوە. بەبڕوای پاشاپەروەردەکان، ڕەوایەتی پاشایەتی توتسیەکان لە سەرکەوتنیان لە جەنگەکان و دامەزراندنی خودی شانشینەکەوە، سەرچاوەی گرتوە. لەجیاتی ئەوە، داوای سەربەخۆیی هەنوکەییان لە بەلجیکیەکان کرد بۆئەوەی ڕێ لە تەواوکردنی پرۆسەی بەدیموکراسی کردن بگرن، کە هەڕەشەی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ هووتوی زۆرینە، بەر لە دەستخستنی سەربەخۆیی تەواوەتی، دروست کردبوو.

سەیروسەمەرەئامێزە، فەرمانڕەوایەتی کەمینەیی تووتسی (ئۆلیگارچی Oligarchy) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان، بلۆکی کۆمەنیستی و جیهانی سێیەمەوە پشتگیری لێکرا[1]. لەهەمان کاتدا، داواکارییە شۆڕشگێڕییە

(١) ووشەی ئۆلیگارچی (Oligarchy) لەیۆنانییەوە بە واتای "فەرمانڕەوایی‌کەمینە" وەرگیراوە. ئەریستۆتل ئەم دەستەواژەیەی بەمانای "فەرمانڕەوایی کەمینە بۆ سودی خۆیان" بەکارهێناوە.

رادیکاڵییەکانی هووتو پشتگیرییان لێ نەکرا لە لایەن"بازنەی پێشکەوتنخوازان"ەوە چونکە داخوازینامەکە "سەربەخۆیی دەستبەجێ" تێدا داوا نەکرانەبوو. (ئەوەی جێی بایەخە، شتێکی هاوشێوە لە زەنزیبار هاوکات روویدا، کاتێ عەرەبە ئەریستۆکراتەکان داوای سەربەخۆیی‌یان کرد بە سەرکردایەتی جەمال عەبدولناسری میسر[1] و کوامی نکروما ی گاناوە[2] پشتگیری لێکرا، بەڵام کە زۆرینەیەکی ئەفریقیایی، کە بەر لە سەربەخۆیی هەوڵی هەڵگێڕانەوەی دەسەڵاتی دەدا، نەرۆژهەڵات و نە رۆژئاوا هیچ پشتگیرییەکیان لێ نەکرد.)

چۆن چەمکەکانی بەدیموکراتیکردن، کۆتایی هێنان بە داگیرکاری و شۆڕش، چۆن بەسەر دۆخی رواندا دا پیادە دەکەیت؟

ساڵانی ١٩٥٠کانیش دامەزراندنی چەندین پارتی سیاسی هووتو وتوتسی بەخۆیەوە دی، کە لەسەرەتاکەیانەوە راستەوخۆ لەسەر بنەمای ناسنامەی نەتەوایەتی بنیاتنرابوون. لە ساڵی ١٩٥٧ دا، هووتوەکانی باشور

ئەم دەستەواژەیە لە ئێستادا بۆ ئاماژەکردن بە خەڵکی نوخبەی فەرمانڕەوایی ، کە لە خاوەن زەوی و زارەکان، سەرمایەدارە گەورەکان، یاخود ئەو سەرکردە سەربازیانەی ڕژێمە فەرمانڕەواکە وەک سەرچاوەیەکی خۆ دەوڵەمەند کردن بەکار دەهێنن، بەکاردێت.

(١) جەمال عەبدولناسر (١٩١٨–١٩٧٠) لە نێوان ساڵانی ١٩٥٦ و ١٩٧٠سەرۆکی میسر بووە و لەلایەن جیهانی عەرەبییەوە پشتگیرییەکی زۆری لێدەکرا. دیدگای ئەو وەک بەربەستێک لەبەردەم داگیرکاری بووە هاندەرێک بۆ زۆرێک لە خەڵکی ناوخۆ و دەرەوەی میسر، کە داوای یەکگرتنی وڵاتانی عەرەبی بەسەرکردایەتی خۆی دەکرد. پاش دۆڕانی لە جەنگی عەرەب-ئیسرائیل لە ١٩٦٧دا، دەستی لەکارکێشایەوە، بەڵام ڕای گشتی میسری، تاکو ڕۆژی مردنی لە ئەیلولی ساڵی ١٩٧٠، نەیهێشت نوسینگەکەی جێبهێڵێت.

(٢) کوامی نکروما (١٩٠٩-١٩٧٢) لە نێوان ١٩٥٧ و ١٩٦٦دا سەرۆکی گانا بووە. لە ساڵی١٩٤٧ دا، پارتی پەیمانی گەل (CCP)ی دژە کۆلۆنیالی دامەزراند. پاش بردنەوەی ئەو پارتە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی١٩٥١، بوو بە سەرۆک وەزیران و ئەو وڵاتەی بەرەو سەربەخۆیی برد لە ١٩٥٧، کە یەکەم داگیرکراو بوو لە ئەفریقیادا بگاتە ئەو پێگەیە. ڕژێمەکەی نکروما حوکمی دیکتاتۆری تاکە حزبی بوو تا ١٩٦٦ دا بە کودەتایەکی سەربازی لەدەسەڵات هێنرایە خوارەوە. شەش ساڵ دواتر لە تاراوگەی گینیا گیانی لەدەست دا.

کۆمەڵەیەکیان دامەزراند بۆ پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی(APROSOMA)[1] ، کە پارتێکی تا ڕادەیەک میانڕەو بوو لەژێر سەرکردایەتی بازرگانێکدا کە ناوی جۆزیف گیتێرا بوو. لەهەمان ماوەدا، کۆمەڵێکی هووتونەژاد لە باکوری ڕۆژئاوا و ناوەندی ڕواندا(ناوچەکانی گیتاراما و روهێنگێری) بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی هووتویان دامەزراند،کوتیکراوەکەی MSM بوو، کە١٩٥٩ دا بوو بە بزوتنەوەی کۆماری دیموکراتی MDR-Permehutu.

لە ئۆردوگای توتسییەکاندا، لە ١٩٥٩ یەکێتی نیشتیمانی ڕواندا دامەزرا، یاخود UNAR، پارتێکی شاهپەسەندی دژە بەلجیکی بوو کە بانگەوازی دەستبەجێ چوونەدەرەوەی داگیرکارانی دەکرد. لەبەرامبەردا، بەلجیکیەکان هانی دامەزراندنی ئەنجومەنی دیموکراتی ڕواندا (RADER)، پارتێکی نەژادی توتسی میانڕۆ بوو بەرامبەر بەلجیکیەکان و هووتو.

لەنێوان ١٩٥٩ و ١٩٦٢ دا، ڕواندا شۆڕشێکی تەواوەتی بە خۆیەوە بینی: هووتوەکان توتسییەکانیان لە دەسەڵات خست، حوکمی پاشایەتی نەریتی ڕواندا هەڵوەشایەوە و ڕواندا سەربەخۆیی بەدەستهێنا لە دەستی بەلجیکییەکان. شۆڕشەکە چەندین ناوی لێنرا: muyagaمویاگا، ناوێکی کینیارواندییە بە مانای "زریان"، "شۆڕشی هووتو"، "شۆڕشی کۆمەڵایەتی"، "شۆڕشی دیموکراتی" (بەپێی هووتوەکان) و "سەربڕین و هەرا" (بەلای توتسییەکانەوە) .

خشتەی ٣ پارتە سیاسیەکان لە ڕواندا

دۆخ	هووتو	توتسی
میانڕۆ	APROSOMA	RADER
توندڕۆ	MIDR-Permehutu	UNAR

(١) وەک ناوی هەرپارتێکی سیاسی تر لە ڕواندا، ناوی کۆمەڵەکە بە فەرەنسی بوو، لە سەردەمی داگیرکاری بەلجیکادا زمانی فەرەنسی زمانی فەرمی رژێمی فەرمانڕەوا بوو، زمانی ئیدارە، پەروەردە و روناکبیران بوو.

ڕوداوه مێژووییەکانی تر، که به شێوەیەکی جیاواز پۆلێن کراون و له هەنـــدێ دۆخیشـــدا به پـــێچەوانەوه، لەلایەن گـــروپ و تاکەکەســـانی تیوەگلاوەوه، ڕەچاو که و لێیان ڕابمێنه.

ســەرەڕای بــوونی ڕێکخــراوی ســەربەخۆ، بەرزبــوونەوەی هۆشــیاری سیاسی و پێکهێنانی پارتی سیاسی له ناو هووتو له ڕواندا، گۆڕانکاری له سیاسەتی بەلجیکیەکاندا بوو به ڕێخۆشکەری ڕوودانی شۆڕشەکەی ساڵی ۱۹۵۹ ی هووتوەکـــان. له ۱۹۵۰کـــان، بەلجیکیەکـــان خۆیـــان کشـــانەوه له پشـــتگیری توتســـییەکان. ئەمەش لەســـەر بنەمـــای ئەو بڕیارەیـــان بـــوو که دەرەبەگه کەمینەئەریستۆکراتییەکان جێبهێڵن و بچنه پاڵ هووتوی"زۆرینەی دیموکراتخـــواز"ەوه. ئەم گـــۆڕینی ســـیایەتەکه لەگەڵ ئەو کەش وهەوا دیموکراسییەی لەئەوروپا لەو کاتەدا ئاشکرا بوو له ۱۹۵۰کان، هەروەها تووڕەیی بەلجیکیەکان که هەستیان کرد "ناپاکی"یان لەگەڵ کراوه له لایەن توتسییەکانەوه، که ئێستا داوای "سەربەخۆیی دەستبەجێ"دەکەن بەمەبەستی گواستنەوه بۆ قۆناغی دیموکراسی پێش سەربەخۆیی.

هـــۆیەکی تـــری ســـەرنجڕاکێش بـــۆ ئەم گۆڕانکـــارییه له سیاســـەتی بەلجیکیەکاندا دەگەڕێتەوه بۆ مێژوو و سیاسەتی خودی بەلجیکا. لەکاتێکدا زۆربەی فەرمانبەره پێشووەکانی داگیرکاری بریتی بوون له ئەو بەلجیکییه فەرەنسیزمانانه کە"واڵون"ەکانیان پێ دەگوترا، له ۱۹۵۰کاندا شتەکان دەستیان به گۆڕان کرد، کاتێک ژمارەیەکی زۆری ئەو"فلەمەنکی"یه هۆڵەندیزمانه، گەیشتنه ڕواندا. فلەمینکییەکان پێیان وابوو که واڵونەکان و(ئەو چینەی سەرەوه له فلەمەنکییەکان که لەناو کلتوری فەرەنسیدا توابوونەوه) چینێکی لـــوتبەرزن ســـووک ســـەرنجی توتســـییەکانی ڕوانداشـــیان دەدا. لەم چوارچێوەیەدا، بەشێوەیەکی سروشتی مەیلیان بۆ پشتگیری کردنی خەڵکە- هووتوەکە- هەبوو.

له ڕواندا دا گواستنەوەیەکی هاوشێوەی ئەوه له کڵێسای کاتۆلیکیشدا ڕوویدا. له ۱۹۳۰ەکاندا زۆرینەی قەشەکان و بانگخوازه کۆنسێرڤاتیڤەکان له چینی سەرەوەی کۆمەڵ بوون، بەڵام له ۱۹۵۰کاندا له چینی مامناوەندی و چینی کرێکار بوون و تەنانەت به پیاوانی ئایینی لاوەکی ناو دەهێنران. لەبەر

ئەم هۆیە، پیاوانی ئاینی بنەمایەکی سروشتی چینایەتییان هەبوو بۆ پشتگیری کردنی هووتوەکان. هەروەها، لەئەنجامی بەئەفریقیکردنی کاری ئایینی، هووتوەکان فشاریان خستە سەر کڵێسا بۆ گۆڕینی سیاسەتەکەیان، کە ئەنجامەکەی ئەوە بوو قەشەی هووتویی ژمارەیان زیاتری کرد.

هۆیەکی گرنگی تر بۆ گۆڕینی سیاسەتی کڵێسای کاثۆلیکی بریتی بوو لە کارکردنی کلێساکانی پرۆتستانتی لەناو دانیشتوانی هووتودا. هووتوەکان مەیلی هاوکاریکردنی کڵێسای کاثۆلیکی‌یان هەبوو لەگەڵ ڕژێمەکەی توتسی و هۆشیاریش بوون بەوەی ئاینی توتسی زاڵدەستن. بۆیە ئەوان مەیلی پەیوەندیکردنیان بە لە کڵێساکانی ترەوە لا درست بوو وەک کڵێسا باپتیست و کلێساکانی ئەنجلیکا. وەک کۆشش بۆ بەربەرەکانێکردنی ئەم جموجوڵە و بۆ بەرگیریکردن لەو گواستنەوە زۆرەی هووتوەکان بۆناو کڵێسای پرۆتیستانتی، کڵێسای کاثۆلیکی دەستی کرد بە پشتگیری زیاتری هووتو، ژمارەیەکی زیاتری پیاوی ئایینی لە هووتوەکان دامەزراند.

هۆکارەکانی گۆڕینی سیاسەتی ڕژێمی بەلجیکا و کلێسای کاثۆلیکی پوخت و کورت بکەرەوە.

وەک هەر شۆڕشێکی تر لەمێژوودا، شۆڕشی ١ ی کانونی دووەمی یش١٩٥٩ لە ڕووداوێکی لاوەکییەوە سەری هەڵدا. لەو ڕۆژەدا، کۆمەڵێک دڕندەی سەر بە UNAR پەلاماری بەرپرسێکی هووتویان دا کە چالاکوانی پارمیهووتو بوو. لە وەلامی ئەوەدا، ئەندامانی پارمیهوتو پەلاماری توتسییەکانیان دایەوە و ماڵەکانیانیان سوتاند. لە باکوری ڕۆژئاوا ڕواندا (هەموو بەشەکانی) . لە ئەنجامدا قڵیشانەوەیەکی نەژادی تووتسی لێکەوتەوە و کاریگەری و زیانێکی زۆری لێدان و بووە هۆی لەدەستدانی دەسەلاتی شاهانە لە ناوچەکەدا. لەئەنجامی ئەو ئاژاوانەوە کە تا ١٩٦١ بەردەوام بوو، ٢٠٠٠٠توتسی کوژران و ١٢٠٠٠٠ی تریش بەرەوە ئوگەندا، تەنگانیکا، گۆنگۆو بوروندی هەڵهاتن.

لەکاتێکدا ئەو توندوتیژەییە بەرهەڵستکارانە دژی ڕژێمی توتسیەکان لەئارادا بوو، حکومەتی بەلجیکا، کە ئێستا پاڵپشتی هووتوەکان بوو، دەستی کرد بە ڕێکخستنی، ئەو سیستەمە یاساییەی کە پێی دەگوترێت هەڵگێڕانەوەی

دیموکراسیانە دەسەلات: لە ١٩٦١ دا، بەلجیکیەکان گشت بەرپرسە توتسییەکانیان لە کارەکانیان دەرکرد و هووتویان خستە شوێنەکانیان، کە یەکسەر دەستیان کرد بە چەوساندنەوەی توتسییەکان و هانی توندوتیژی بەکۆمەڵیان لە دژیان دا.

هەڵگێڕانەوەیەکی دەسەلاتی هاوشێوە لەسەر ئاستی حکومەتی ناوخۆشدا ڕوویدا. لە یەکەم هەڵبژاردندا کە لە حوزەیرانی ١٩٦٠ کە لە لایەن حکومەتی بەلجیکاوە ڕێکخرابوو، هووتوەکان زۆربەی پۆستەکانیان کەوتە دەست. (بڕوانە خشتەی ٤ بۆ وردەکاری زیاتری ئەنجامی هەڵبژاردنەکان).

لەکۆی ٢٩٩ سەرۆک شارەوانی هەڵبژێردراو، ٢١٩ لەوان هووتو و ١٦٠ ی ئەندامانی پارمیهووتو بوون. بە هاندانی بەلجیکیەکان، ٣١٢٥ شارەوان و ئەندامی ئەنجومەنی لۆکالی لە ١٩٦١ دا بە مەبەستی بڕیاردان لەسەر دامەزراندنی "کۆماری بالاو دیموکراسی ڕواندا" کۆبوونەوە. کیگێری پێنجەم ی پاشا ی توتسی تاجی لەسەر داگیرا و ڕەوانەی تاراوگەی ئۆگەندا کرا.

خشتەی ٤: شارەوان و ئەندامانی ئەنجومەن، هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٦٠

پارت	گروپ	پێگە	ژمارەی نوێنەرەکان
پارمیهووتو	هووتو	توندڕۆ	٢٣٩٠ (٧٦،٥%)
APROSOMA	هووتو	میانڕۆ	٢٣٣ (٧،٤%)
RADER	تووتسی	میانڕۆ	٢٠٩ (٦،٧%)
UNAR	تووتسی	توندڕۆ	٥٦ (١،٨%)
سەربەخۆکان	هووتو /توتسی		٢٣٧ (٧,٦%)

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی حوزەیرانی ١٩٦١هەنگاوێکی تری شۆڕشەکەبوو، کە ٧٨% ی کورسیەکانی دا بە پارمیهووتو و ١٧% یش بە UNAR . ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕەنگدانەوەیان نەک تەنها بە سەر دەسەلاتوەرگرتنی هووتوەوە هەبوو، بەڵکو بووە هۆی زیاترکردنی جەمسەرگیری نەتەوایەتی لە ولاتدا، کە بووە هۆی نەمانی پارتە میانڕۆکانی وەک APROSOMA و RADER لە نەخشەی پەرلەمانیدا. لە کۆششێکدا بەمەبەستی ڕەواندنەوەی گومانەکان لەبارەی ڕەوایەتی هەلوەشاندنەوەی

فەرمانڕەوایی پاشایەتی، لە ئەیلولی ١٩٦١ دا ڕیفراندۆمێک ئەنجام درا، کە تیایدا ٨٠% ی دەنگدەران لەگەڵ گۆڕانکاریەکەدا بوون.

لەگەڵ سەربەخۆبوونی ڕواندا لە ١٩٦١ دا و قۆرخکردنی دەسەڵات لەلایەن هووتووەوە، چەوساندنەوەیەکی سیستەماتیکی بە هێرشکردنی هەڕەمەکی بۆ سەر توتسییەکان لەلایەن حکومەتی تازەوە دەستی پێکرد. لە کاردانەوەی دزەکردنی جەنگاوەرە توتسییەکانی ئۆگەندا بۆ ناو ڕواندا لە کانوونی یەکەمی ١٩٦١ دا، حکومەتە تازەکە بە inyenzi یان سیسرک ناوی دەبردن. ئەمەش ئاماژەی کۆمەڵێک شت بوو: بەپێی خەملاندنەکان ٣٠٠٠٠ توتسی لە نێوان ساڵانی(١٩٦٢-١٩٦٤) دا کوژران و ٢٠٠٠٠٠ توتسیش ئاوارەی وڵاتانی دراوسێ بوون.

لەدوای ڕوداوەکانی١٩٥٩-١٩٦٢ و هەڵبژاردنەکانی ١٩٦١دا، هووتوە زۆرینەکانی ڕواندا، بۆ یەکەم جار هاتنە سەر دەسەڵات. ڕژێمی نوێ بۆ دەرەنجامی شۆڕشەکە هەندێک گۆڕانکاری ئەنجامدا وەک هەڵوەشاندنەوەی کاری زۆرەملێ کە تا ئەو کاتە بەسەر هووتو دا سەپێنرابوو و لێسەندنەوەی زەوی و زار لە هەندێک لە توتسیە ناسراوەکان و دووبارە دابەشکردنەوەیان بەسەر جوتیارانی هووتو دا. بە شێوەیەکی کرداری شۆڕشەکە ڕواندای گۆڕی بۆ وڵاتی هووتو.

وا دەخەمڵێندرێت پرۆسەی بەدیموکراتیکردن پەیوەست بێت بە هەڵبژاردن، فەرمانڕەوایەتی زۆرینە، سەروەری یاسا، یەکسانی لەبەردەم یاسادا و دامەزراوەی مرۆڤ و مافە مەدەنییەکان، ئایا ئەو ڕووداوانەی لە ڕواندا لە ساڵی ١٩٥٩ ڕوویان دا دەکرێت وەک قۆناغی گواستنەوە لە فەرمانڕەوایی زۆرداریەوە بەرەو فەرمانڕەوایی دیموکراتی، ببیندرێت؟

یەکەم کۆمار (١٩٦٢-١٩٧٣)

گەر تووتسی جارێکی تر بەدوای گرتنەدەستەوەی دەسەلاتی سیاسیدا بگەڕێت، دەبێت سڕینەوەی سەرتاپای نەژادی توتسی بەچاوی خۆیان ببینن.
(گرێگۆری کایاباندا، سەرۆکی ڕواندا، ١٩٦٤)[1]

ئێمە وا چاوەڕێ دەکرێت بەرگری لەخۆمان بکەین. تاکە ڕێگەش بۆ ئەمە ئیفلیج کردنی توتسییەکانە. چۆن؟ دەبێت بکوژرێن.
(گیکۆنگۆرۆ پریفێکت٣٤، ١٩٦٣)[2]

ڕواندا لە ١ ی تەمموزی ١٩٦٢ دا سەربەخۆیی فەرمی بەدەست هێنا. یەکەم سەرۆکی گرێگۆری کایاباندا بوو، سەرکردەیەکی هووتویی (بەڕێکەوت، هاوسەرەکە توتسی بوو). لە ١٩٢٤ دا لە خێزانێکی جوتیار هاتۆتە دنیاوە و سەر بە کڵێسای کاثۆلیکی بوو. کایاباندا مامۆستا بوو، لە دەستەی نووسەرانی گۆڤاری کڵێسا بوو، سەرۆکی ئەنجومەنی کاثۆلیکی بوو و یەکێک بوو لە نوسەرانی بەیانی باهووتو. وەک سەرکردەی پارمیهووتو، کایاباندا نوێنەرایەتی هووتوەکانی ناوەڕاستی ڕواندای دەکرد (هەرێمی گیتاراما)، کەتوندڕۆترین گروپی هووتو نەبوون لە باکووردا. ئەو حکومەتەی ئەو دایمەزراند لە ڕواندا دا، لە پراکتیکدا دیکتاتۆرییەکی هووتویی بوو.

فەرمانڕەوایی کایاباندا لەڕووی تاکڕەوییەوە هیچی لەوەی توتسیەکان کەمتر نەبوو. لە ڕاستیدا، هەرچەندە بە کۆمارێک ناودەبرا، ڕژێمە تازەکەی ڕواندا لە ڕاستیدا ڕژێمێکی تاکڕۆ، نیمچە پاشایەتی بوو لە بەرگی کۆمارێکی دیموکراتیدا. هەموو پۆستە گرنگەکان- وەزیرانی حکومەت، پارێزگارەکان، بەڕێوەبەرانی پۆلیس، سەرۆکی شارەوانییەکان و بەرپرسە باڵاکان- لەلایەن

(1) Fred Grünfeld and Anke Huijboom ،The Failure to Prevent Genocide in Rwanda: The Role of Bystanders (Leiden: Brill ،2007) p.٣١
(2) Mamdani ،When Victims Become Killers ،١٣٠.

سەرۆکی وڵاتەوە دیاری دەکران. سانسۆرێکی زۆر توند لەلایەن حکومەت و کڵێساوە خرابووە سەر میدیاکان. بە هۆی ئەوەی ڕژێمی فەرمانڕەوا کریستیانێکی پۆریتانی مەزهەب بوون، سزای وەحشیانەیان بۆ تاوانە "ڕەوشت"ییەکانی وەک لەشفرۆشی بڕیبووەوە. سەرکردە سیاسییەکانی توتسی و بەهان شێوە ژمارەیەک لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی هووتو لە سێدارە دران. ڕژێمەکە گشت پارتێکی ئۆپۆزسیۆنی بە نایاسایی دانا و تەنها پشتی بە تاکە پارتی یاسایی، کڵێسای کاثۆلیکی و بەلجیکیەکان بەست، کە ئەمەی دوایی تا دوای شۆڕشەکەی هووتوش کاریگەری هەر مابوو. توتسییەکان نە لە ڕیزەکانی سوپا و نە لەڕیزەکانی هێزەکانی پۆلیسدا ئامادەییان نەبوو و ڕووبەڕووی سیاسەتێکی جیاکاری ببوونەوە لە قوتابخانەکان، زانکۆکان، فەرمانگە گشتییەکان و جیهانی بازرگانیدا. سیستەمی کۆتا بۆ پشکە نەژادییەکان لە سیستەمی پەروەردە و فەرمانگە گشتییەکاندا بەدامەزراوەیی کرابوو، کاتێک ژمارەی توتسیەکان لەو بەشە زیاتربووایە ئەوا "ڕاستکردنەوە" لە لایەن "کۆمیتەی پاکسازی" (Purification Committees) وە ئەنجام دەدرا، کە بریتیبوو لە هێنانە ناوەوەی کەسانی هووتو بەمەبەستی سوودی تاکەکەسی خۆیان بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکان. لەبەر ئەوەی توتسییەکان لەسەردەمی دەسەلاتی داگیرکاریدا لە سیستەمی پەروەردەی کڵێسادا زۆر بەهرەمەند بووبوون، هووتویزەکردن"بەهووتوکردن"ی سیستەمی پەروەردە پێویستی بە دەستتێوەردانی حکومەت هەبوو و ئەمەش بە دەستبەسەراگرتنی پرۆسەی وەرگرتنی قوتابیان و بەکرێگرتنی مامۆستایان، هاتە دی. حکومەت لە تۆمارکردنی ناوی نەتەوە لەسەر کارتی ناسنامەی هاوڵاتیان بەردەوام بوو، بەمەش ڕێگای لە توتسیەکان دەگرت ناسنامەی نەتەوایەتی خۆیان، بە مەبەستی ڕزگاربوون لە سیاسەتی هەڵاواردن، بشارنەوە.

خشتەی ٥: ڕێژەی خوێندکارە توتسییەکان لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا

ساڵ	ڕژێم	قوتابیانی تووتسی
١٩٣٢-١٩٥٩	بەلجیکا	٨٠-٩٠%
١٩٧٠	کۆماری یەکەم	٤٠%
١٩٨٦	کۆماری دووەم	١٤%

لەڕووی ئایدۆلۆژییەوە، ڕژێمەکە وای پیشان دەدا کە پابەندە بە 'دیموکراسی ڕاستەقینە'وە، بەڵام لە واقیعدا مەبەستی فەرمانڕوایەتی هووتو بوو. چەندین بارە جەختی لیدەکرایەوە ڕواندا موڵکی هووتوەکانە و پێشترکە لە ژێر فەرمانڕەوایی توتسییەکاندا بوو وڵات لەژێر 'دەسەڵاتی بێگانە'دا بوو. حکومەتیش بەشی خۆی لە دژی توتسییەکان وەستایەوە و هانی توندوتیژی‌یان لە دژیان دەدا، کە لە ئەنجامدا سەدان هەزاریان بەمەبەستی ڕزگاربوونیان لە مردن وڵاتەکەیان جێهێشت.

دوو لە خوێناویترین سەرکوتکردن و توندوتیژی لە سەرەتاکانی ١٩٦٤(پاش ئەوەی حکومەتی هووتو بەرپەرچی ئەو توتسیانەی دایەوە کە لە ساڵی پێشوتردا بەدرێژایی سنورەکانی ئوگەندا هێرشی داگیرکارییان کردبووە سەر وڵاتەکە) و لە١٩٧٢دا (پاش کۆمەڵکوژییەکەی هووتوەکان لەلایەن توتسییەکانەوە لە ناوچەی بوروندی دا).

سەرەڕای سیاسەتە هاڵاواردنئامێزە، سەرکوتکەرەکارەکە دژەتوتسییەکانی حکومەت، سەدان هەزار توتسی لە ڕواندا مانەوە و ڕۆڵێکی بەرچاویان لە بازرگانی، پیشەسازی و کاری ئازاددا دەبینی. ئێستا، سەرباری ئەوەش هیچ هێزێکی سیاسییان بەدەستەوە نەبوو، لەکاتێکدا گشت ڕێکخراو و پارتە سیاسیە توتسییەکان بەنایاسایی دادەنران.

لەگەڵ ئەوەی دەسەڵاتی هووتو لەڕواندا سەرتاسەری بوو، تەنها کەمینەیەکی سەرکردایەتی حکومەت تێیدا سودمەند بوون. تەنانەت پاش شۆڕشی هووتوەکانیش، زۆرینەی هووتوەکان بەدەست چەوسانەوە و هەژارییەکی زۆرەوە دەیانناڵاند.

له هەمــوو ئەو ڕوداوانەی له نێــوان ســاڵانی ١٩٥٩ و ١٩٦٢ له ڕوانــدا ڕویانــدا، كه به شــۆرش نــاودەبران، ڕابمێــنه. ئایــا سروشــتی ئەو شۆڕشــه سیاسی، كۆمەڵایەتی، یان نەتەوەیی، بوو؟

له ٥ ی تەممــوزی ١٩٧٣ دا، فەرمــانڕەوایی كایابانــدا كۆتــایی پێهــات ، بەهۆی بەرهەڵستكارییەكی كۆمەڵی هووتو. ســوپا، كه بەشێوەیەكی ســەرەكی له هووتوەكانی باكور، تا ئەو كاته له پەراوێزی ڕژێمەكەی ســەرۆكدا بوون، كودەتــای ســەربازی ئەنجامدا. لەو چوارچێوەیەدا، ســەرۆكی ئەركانی ســوپا، جوفینــال هابیاریمانــا، كه وەك وەزیــری بەرگــرییش خزمەتــی كردبــوو له حكومەتەكەی كایاباناددا، لەسەر كورسی دەسەڵات دانیشت.

كۆماری دووەم (١٩٧٣-١٩٩٤)

له پشــت ڕەهەنــده هەرێمییەكــانەوە(هووتــوی بــاكور بەرامــبەر هووتــوی باشــور)، كودەتــا ســـەربازییەكەی ١٩٧٣ بەهەمـــان شـــێوه ڕەنگـــدانەوەی زەبروزەنگئامیزی لەسەر توتسییەكان هەبوو. دەكرێت مەزەندەی ئەوه بكەین كه ئەو ڕادیكاڵبوونەوەی بەرامبەر به تووتسییەكان پیاده كرا، جگه له هەموو شتەكانی تر، بووه هۆی ئەو كۆمەڵكوژیەی له لایەن توتسیەكانەوه له ١٩٧٢ دا، له وڵاتی بوروندی دراوسێدا دژ به هووتوەكان ئەنجامیاندا. ئەنجامدەرانی كودەتاكەیــان پێیــان وابــوو ڕژێمەكەی كایابانــدا زۆر"نەرمونیــان" بــوو لەگەڵ توتسیەكان. به ڕێكەوت نەبوو كاتێك هاوەڵانی هابیاریمانا به ئاشكرا لەبارەی شۆڕشـــەكەی ١٩٧٣وه دووان و به "شۆڕشـــی ڕەوشـــتیی" ناویــان بــرد نەك شۆڕشـیكی "كـۆمەڵایەتی" یـان "نەتەوەیـی" وەك ئەو شۆڕشـــەی ١٩٥٩نـاوی لێنرابوو.

ئەوەی به كۆمـــاری دووەم نـــاوبرا و لەلایەن جەنەڕاڵ هابیاریمانـــاوه دامەزرا، یەكەم ڕژێمی تاكڕەو بووله جۆری خۆی،له ئەفریقیادا. ڕژێمێكی تاك

حزبی بوو- بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بۆ گەشەپێدان، MRND کۆنترۆڵی کردبوو، کە لە ١٩٧٤ دامەزرابوو و لە ١٩٧٨ دا بەشێوەیەکی فەرمی وەک تاکە پارتی فەرمانڕەوا خۆیٌ سەپاند. هەموو شارۆمەندەکان ناچار کرابوون ببن بە ئەندام لەو پارتەدا، تەنانەت منداڵ و ساواش. سەرۆکی وڵات سەرۆکی پارتەکە بوو، لەهەمان کاتدا تەواوی وەزیرەکان، بەرپرسە باڵاکان و پارێزگاری شارەکان لە نێو ئەندامانی باڵای پارتەکەوە هەڵدەبژێردران و هەر یەکێکیان بەرپرسی بەڕێوەبردنی خۆجێیی بوو لە ڕووی (بۆ نموونە: پەروەردە، چاودێری تەندروستی و ئابوری). بۆ نمونە وەزیری پەروەردە لەهەمان کاتدا بەرپرسی پەروەردەی ناو پارتەکەشی بووو، وەزیری دارایی بەرپرسی دارایی ناو پارتەکەشی بوو، سەرۆکی شارەوانی، لە پارتەکەشدا وەک بەرپرسی ناوچە کاری دەکرد.

ئامادەیی ڕژێمەکە دەبوایە لە هەموو شوێنێک هەبوایە- لەهەموو شارێک، لادێیەک، کارگەیەک و نوسینگەیەک. وڵاتەکە بەسەر هەزاران یەکەی بەڕێوەبردندا دابەش ببوو، کە هەر یەکەیان لەژێر سەرپەرشتنی تەواوی حزبەکەدا بوو، هەروەک لە شێوەی (٤) دا ڕەنگی داوەتەوە.

نوێنەرانی دەوڵەت و حزب	ژمارەی دانیشتوان	یەکەی بەڕێوەبردن
پارێزگار	جیاوازە بەپێی ناوچەکان	ناوچەی فەرمانڕەواییەکان (وەک پارێزگا) [١٠]
↓ یاریدەدەری پارێزگار	↓ جیاوازە بە پێی ناوچە لاوەکیەکان	↓ ناوچە لاوەکیەکان
↓ سەرۆکی کۆمەڵگا	↓ بەنزیکەیی ٣٠٠٠٠ کەس لەهەر کۆمەڵگایەک	↓ کۆمۆنەکان یا کۆمەڵەکان (١٤٥)
↓ ئەندامانی ئەنجومەنی کۆمەڵگا	↓ بەنزیکەیی ٥٠٠٠ لە هەر سێکتەرێک	↓ (سێکتەرەکان، واتە بەشەکان)
↓ بەرپرسی کۆمیتە	↓ نزیکەیی ١٠٠٠ کەس لە هەر خانەیەکدا	↓ خانەکان

شێوەی ٤: سیستەمی کۆنترۆڵی ڕژێم لە کۆماری دووەمدا (ژمارەی ناو کەوانەکان بریتین لە ژمارەی یەکەکانی بەڕێوەبردن)

گشت پارێزگاکان و بەرپرسە ناوچەییەکان لەلایەن سەرۆکەوە هەڵدەبژێردران و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆش لەژێر فەرمانی دەسەڵاتی ئەودا کاریان دەکرد. لە کرداردا، بەرپرسی ناوچەکان زۆرترین دەسەڵاتیان هەبوو، بەو دەسەڵاتەیان کۆنترۆڵی هەموو فەرمانبەرەکانی حکومەتیان لەو ناوچانەدا دەکرد. هاوڵاتییان دەبوایە بە ڕەزامەندی بەرپرسی ناوچەکەیان لە شوێنێکەوە بگوێزنەوە بۆ شوێنێکی تری نیشتەجێ بوون، بۆ سەفەرکردن لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و بۆ کات بەسەربردن لە دەرەوەی ماڵ.

تەنانەت بۆ فرۆشتنی سەبەتەیەک سەوزە دەبوایە مۆڵەت لە بەرپرسی ناوچە وەربگیرێت. بەمەبەستی دڵنیابوون لە کاریگەریی چاودێرییەکە، دەبوایە هاولاتیان هەمیشە کارتی ناسنامە، مۆڵەتی نیشتەجێبوون و ناسنامەی فەرمانبەریتی لەگەڵ خۆیاندا هەڵبگرن. هەرکەسێک بەڵگەنامە پێویستەکانی پێ نەبوایە دەستبەجێ دەگیرا و بەند دەکرا. بەرپرسەکانی ناوچە ڕاپۆرتی مانگانەی خۆیان بۆ حکەمەتی ناوەندی دەنارد سەبارەت بە هەموو ئەو کەسانەی دەرچووبوون و هاتبوونە ناوەوەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ئەوان و هەروەها سەبارەت بە هەموو چالاکی و جمجۆڵێکی گومانـاوی ڕاپۆرت دەستبەجێ بۆ دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی بەرز دەکرایەوە.

نەخشەی ٧: ناوچەی حوکومڕانی کارگێڕیی لە ڕواندا

هەروەک لەڕۆژانی ژێردەستی داگیرکەردا، دانیشتوان پابەندی کاری خزمەتگوزاری گشتی"خۆبەخشی" کرابوون. پارتی فەرمانڕەوا بەرپرسی هەماهەنگی ئەو کارانەی کە"خۆبەخشان" ناوزە کرابوون، بۆ دروستکردنی ڕێگاوبان، هەڵکەندنی بیر و بنیاتنانی باڵەخانە گشتییەکان، دەکرد. هەروەها ڕژێمەکە هەموو کەسانی ئەکادیمی پابەند کردبوو بە بە ڕاهێنانی سەربازی کاتییەوە، کە بە ئاشکرا مەبەست لێی ئامادەبوون بوو بۆ گوێڕایەڵی ڕژێمەکە.

بەهۆی ئەو رەفتارە تاکڕەویانەکەیدا کە کۆماری دووەم دەینواند، ڕێبازی تاککەسایەتی پەرستیی بەسەریاندا پیادە دەکرد. وێنەی سەرکردەکان دەبوایە لە گشت ماڵ و ئۆفیس و شوێنێکی کارەکاندا هەڵواسرابایەن. سەرباری ئەوەش، دانیشتوان بەسەریاندا سەپێندرابوو ئاهەنگی هەفتانە ڕێکبخەن کە تیایدا میوانان دەبوایە بە مەبەستی ستایشی سەرۆک گۆرانی بڵێن و سەما بکەن.

ڕژێمەکە نەک تەنها سیستەمی چاودێری سەرانسەریی دامەزراند، بەڵکو تیرۆری سەرانسەریشی پەیڕەوی دەکرد. زۆرینەی ئەندامانی ڕژێمی پێشوویان کوشت: سەرۆکی پێشوو، کایاباندا، لە بەندیخانەدا، بە برسیکردن کوژرا، ئەو ڕۆژنامەوانانەی کە تەنانەت مەیلی سووکە ڕەخنەیەکیشیان هەبوایە بە"ڕووداوی هاتوچۆ" لەناودەبران، هەروەها بێکارەکان دەخرانە کەمپێکەوە بە مەبەستی "دووبارەپەروەردە"کردنەوە.

چ ڕژێمگەلێکی مێژوویی، کە تۆ ناسیاوییت لەبارەیانەوە هەیە،هاوشێوەی ڕژێمەکەی هابیاریمانا دا بووە؟

هەروەک ڕژێمەکەی کایاباندا، ڕژێمەدیکتاتۆرەکەی هابیاریماناش لە لایەن کڵێسای کاثۆلیکەوە پشتگیری دەکرا. وەک بەشێک لە هاوپەیمانێتی نێوان دەوڵەت و کڵێسا، پیاوانی ئاینی خزێنرابوونە ناو دامەزراوە ڕژێمەوە. بۆ نموونە، بۆ ماوەی چەندین ساڵ، سەرۆکی قەشەی کاثۆلیکی ڤینسینت نسێنگیومڤا، کە ئەندامێکی کۆمیتەی ناوەندی MRND بوو، نزاکانی بە

کراسیکەوە دەکرد کە وێنەی سەرۆک هابیاریمانای لەسەر کێشرابوو. بەهەمان شێوە سەرۆکی کڵێساکانی پرۆتیستانت پشتگیری ئەو سەرۆکەیان دەکرد. لە کرداردا، ئەو "کۆمارە کریستیانیە" دیکتاتۆریەتێکی رەها بوو بەجۆرێک ناوچە دەوروبەرە هەژارنشینەکان بە فەرمانی دەسەڵاتداران دەڕوخێنران. هەر دەرمانخانەیەکیش بیوێرایە دەرمانی دژە منداڵبون بفرۆشێت، وێران دەکرا.

هەرچەندە ڕژێمەکە تاڕادەیەکی زۆر پشتی بە پارت و کڵێساوە بەستبوو، لەجەوهەردا ڕژێمێکی دڕندەی سەربازی بوو، کە بە هاوکاری هێزەکانی ئاسایش بە پێوە مابوونەوە: سوپا، هێزی پۆلیسی نیشتیمانی(جەندرمە)، پاسەوانانی سەرۆکایەتی و هێزە تایبەتە کۆماندۆکان. ئەنجومەنی پەرەپێدانی نیشتیمانی، پەرلەمانی کۆماری دووەم، لەڕاستیدا جەستەیەکی داهێنراو بوو کە لە ئەندامانی MRND پێکهاتبوو. ئەمەش بەبێ ئاماژەپێدان، سەروەریتی یاسا و هەڵبژاردنەکانیش هەر داهێنراو بوون(بۆ نمونە، لە هەڵبژاردنە سەرۆکایەتیەکەی ساڵی ١٩٨٣ دا سەرۆک ڕێژەی ٩٨،٩٨% ی دەنگەکانی بەدەست هێنابوو). لەبەر ئەوەی ڕژێمەکە سیفەتێکی پشتاوپشتی هەبوو، دەنگی لایەنگرەکانی بە پارە، بەرتیل و کار کڕیبووەوە و کۆنترۆڵی جومگەکانی ئابوری کردبوو وەک کارەبا، غاز، کۆمپانیاکانی پاس و ئەو کۆمپانیایانەی کاری کڕین و فرۆشتنی کەلوپەلە کشتوکاڵییەکانیان دەکرد. (١)

ڕژێمەکەی کۆماری دووەم لە هووتوی باکور پێکهاتبوو. ئەنجومەنی پێشکەوتنی نیشتیمانی بەنزیکەیی هیچ ئەندامێکی توتسی لە پێکهاتەکەیدا نەبوو، ٢ ئەندام (لەکۆی ١٢٨) لە ١٩٨٢و ٢ ئەندام (لەکۆی ٧٠) لە ١٩٩٠ دا. لە ساڵی ١٩٩٠ دا، حکومەتی ڕواندا یەک وەزیری توتسی و یەک پارێزگار کە توتسی بێت و هیچ سەرکردەیەکی کۆمەڵگای نەبوو کە توتسی بێت. پشکی نەتەوایەتی و ناوچەگەریتی بۆ پۆستە گشتییەکان دانرابوو: توتسی

---

(١) ڕژێمی پشتاوپشتی ڕژێمێکی حوکمی کەمینەی گەندەڵە کە هیچ جیاوازییەک لە نێوانی داهاتی گشتی و تایبەتیدا ناکات.

نەیـــدەتوانی زیـــاتر لە ١٠% ی پۆســـتەکان وەرگرێـــت، لەکاتێکـــدا ٦٠% و بەرەوژووری ڕێژەی پۆستەکان بە هووتوەکانی باکور درابوون.(١)

بەشـــێوەیەکی کـــرداری، کۆمـــاری دووەم بە تەواوی لەســـەر بنەمـــای سیاسەتی هووتوە باکورییەکان دارێژرابوو. ئەنجومەنی پەرەپێدانی نەتەوەیی هەموو ئەندامەکانی هووتوو بوون، لە ١٢٨ کەسدا ٢ دانەیان نەبێت لە ١٩٨٢ دا، لە ٧٠ کەسدا تەنها ٢ دانەیان نەبێت لە ١٩٩٠ دا، حکومەتی ڕواندا تەنها یەک وەزیری تووتسی هەبوو، یەک پارێزگاری تووتشی هەبوو، لەگەڵ یەک دانە سەرۆکی شارەوانی تووتسی. کۆتای نەژادی و هەرێمی ١٠% بوو لە ئیدارەی گشتیدا، لە کاتێکدا ٦٠%ی پۆستەکان هووتوو پڕیکردبوونەوە.

لە کرداردا ڕژێم هەمان سیاسەتی ڕژێمی پێشووی بەکار دەهێنا. هەموو بەرپرسـەکانی فەرمـی حکومەت توتسییان بە "داگیرکەر" و "بێگانە" دادەنـا و کاریـان لەســەر ئەوە دەکـرد کە نەدەبـوایە هـیچ نوێنەرێکیـان لە حکـومەت، پەرلەمـان، کەرتـی گشـتی، یـاخود هێزەکـانی ئاسایشـدا هەبێـت. دژایەتـی سیاسەتی کۆتا بۆ توتسی لە سیستەمی پەروەردە و خوێندنی باڵادا (بڕوانە خشتەی ٥) ڕەگی داکوتـابوو و سـەربازانی ئەو وڵاتەش(کە هەمویـان هووتـو بوون) بۆیان نەبوو هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتێکی توتسیدا بکەن.

دەبێـت ئەوەشـمان لەیادبێـت کە سیاســەتی هەڵاواردن بەتەنهـا دژی توتسـییەکان نەبوو، بەڵکو دژی ئەو هووتـوانەش بـوو کە باکوری نەبـوون. گشت بەرپرسە باڵاکانی ڕژێم لە هووتـوی بـاکور بـوون و سـوربوون لەسـەر پڕکردنەوەی گشت بەرپرسیارێتییە باڵاکانی سـەربازیی بە هووتـوی بـاکور لە پارێزگاکانی گیسێنیە، ڕوهێنگێری و بیومبا. هووتـوی ناوەڕاسـت و باشـوری وڵات(بونیانـدوگا) بەتـایبەتی، هـیچ پشـکێکیان لە ڕژێمەکەدا نەبـوو. نـزیکەی گشــت وەبەرهێنانەکــان بەرەو بــاکور شــەپۆلیان دەدا، لە ســنوری کیگــالی، ڕوهێنگێـری، گیســێنە و کایــانگوگو کە ٩٠% ی گشــت وەبەرهێنانەکــانی ١٩٩٠ەکانی پارێزگاکانی گیتاراما و کیبویە ١% یان بەرکەوت. (تەنها ٠،١٦% ی بودجە لە گیتاراما ناوچەی سەرۆکی پێشوو کایاباندا و ٠،٨٤% لە کیبویە

---

(1) Mamdani .When victims Become Killer . P.139.

خەرج کـرا) . هەریەکێـک لە پارێزگاکـانی تـر ٩% ی بـودجەی وڵاتـی بەرکەوت[١]. ڕژێمەکەی باکور سوور بو لەسـەر ئەوەی تۆڵە لە هووتوەکانی ناوەڕاست و باشـور بکاتەوە کە لە نێوان ١٩٦٢-١٩٧٣ دا فەرمانڕەوایەتییان کردبوو.

یەکێک لە کەسایەتییە دیار و زاڵەکانی کۆماری دووەم خاتوو ئاگاثێ کانزینگا بوو، کە لە بنەماڵەیەکەوە هاتبوو کە تا ١٩٢٠ەکان کۆنترۆڵی یەکێک لە شـارەوانییەکانی بـاکوری وڵاتیـان بەدەسـتەوە بـوو. ئاگـاثێ بە زۆرداریێتیـیەکەی ناسـرابوو و بەکـانجۆگێرا نـاودەبرا، نـاوی دایکـی پاشـا موسـینگا، کە لە سـەدەی نۆزدەمـدا فەرمـانڕەوایی ڕوانـدای کردبـوو و بە زۆرداریـیەکەی ناسـرابوو. بەو پاشـخانەی سـەرۆکەوە کە خەڵکـی نـاوچەی گیسـینیا بـوو و هاوسەرەکەشـی خەڵکـی هەرێمـی بوشـیرو بـوو، بەمەش هەردووکیـان بە ڕەچەڵەکـی بـانتوو ی پـاراو دادەنـران- ئەم دەسـتەواژەیە دەگەڕێتەوە بۆ گروپێکی نەژادی زۆر گەورە لە ئەفریقیا کە زمان و کەلتوری هاوبەشیان هەیە. هەروەها بە "پاراوتر" لە هووتوەکانی تر دادەنران، چوون هیچ هاوسەرگیرییەکیان لەگەڵ توتسیدا لە ناوچەکانی بانتوی باکور نەبوو، کە لەو ناوچـانەدا تووتسـی بە ئاشـکرا بە داگیـرکەر نـاودەبران. لەڕاسـتیدا "هـۆز"کەی ئاگـاثی بـوو، کە ئەنـدامەکانی بە le clan de Madame (هـۆزەکەی خـاتوون) یـاخود ئاکـازو "مـاڵە بچـووکەکە" ناسـرابوون[٢]، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ڕژێمەکەی هابیاریمانا دا ڕواندای کۆنترۆک کردبوو.

هۆزەکەی خانم ئەم کەسانەی خوارەوەی تێدابوو:

- کۆلۆنێل پێری-سێلێستین ڕواگافیلیتا، برای ئاگاثێ
- پرۆتـایس زیگیرانیـرازۆ، بـرای ئەگـاثێ و پارێزگـاری پێشـووی ڕوهینگیری

(1) Uvin ,"Prejudice ,Crisis ,and Genocide in Rwanda, p.١٠8 .

(٢) ئاکازو یاخود "ماڵە بچووکەکە"، دەستەواژەیەک بوو بۆ بازنە ناوخۆییەکەی دادگای پاشا بەکار دەهات. پاش ساڵی ١٩٨٥، ئەو دەستەواژەیە ئاماژەیەک بوو بۆ بازنە ناوخۆییەکەی ڕژێمەکەی هابیارمانیـا ئەمەش بەو مانـایە دەهـاتە کە ئەوان پـێگەی خۆیـان بـۆ خۆدەوڵەمەنـد کـردن بەکاردەهێنا.

- سێرافین ڕوابوکوما، برای ئەگاثێ و یەکێک لە بازرگانانی ڕواندا
- ئێلی ساگاتوا(ئامۆزا)ی ئەگاثێ و ژنخوشکی سەرۆک، سکرتێری تایبەتی سەرۆک و بەرپرسی پاراستنی کۆشکی سەرۆکایەتی.
- لاورێنت سێروبگا، یاریدەدەرێکی نزیکە ئاگاثێ
- نوێل مبۆناباری، یاریدەدەرێکی نزیکە ئاگاثێ
- سیۆنسێتی باگۆسۆرا، زاوای سەرۆک و بەڕێوەبەری دیوانی وەزارەتی بەرگری ڕواندا
- فێلیسێن کابوگو، خاوەن کارێکی ڕواندا و خەزووری کوڕەکەی هابیاریمانا
- ئەلفۆنس نیتیفیڤامۆندا، زاوای هابیاریمانا و کاربەدەستی باڵا لە وەزارەتی کارە گشتییەکان

ڕژێمەکەی ڕواندا بە چ شێوازێک حکومەتێکی دیکتاتۆری، پشتاوپشتیو کەمینەیی بوو؟

شایانی باسە، سەرەڕای تاکرەوییەکەی، ئەو ڕژێمە پشتگیری شیلگیرانەی بەلجیکا و فەرەنسای بەدەستهێنابوو. ئەوەش بە بیانووی ئەوەی کە ئەو حکومەتە حکومەتی "زۆرینەی دیموکراسی" ڕواندا بوو، هەروەها لەبەر "پابەندبوونیەوە بە مەسیحیەت"، "پشتگیری ڕۆژئاوا" ی دەستەبەر کردبوو، جەختی لەسەر "پەرەپێدان و نوێبوونەوە" دەکرد، بەهەمان شێوە، پارتە دیموکراتییەکانی ئیتالیا و ئەلمانیا پشتگیری ڕژێمی "دیموکراسی-کریستیانی" ڕواندایان دەکرد.

٢

جینۆسایدەکەی ساڵی ١٩٩٤

لەماوەی ١٠٠رۆژدا، لە ٦نیسان تاکو ١٥ی تەمموزی ١٩٩٤ نزیکەی ٨٠٠٠٠ توتسی کوژران، خێراترین جینۆساید بوو لە مێژوودا.

ڕێگای بەرەو جینۆسایدەکە (١٩٩٠-١٩٩٤)

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان

ماوەی نێوان ١٩٩٠- ١٩٩٤ قۆناغی بە دیموکراسی کردن و ئازادکردنی ڕواندا بوو، پێدەچوو پاڵنەرەکەی پاڵەپەستۆی ڕۆشنبیرانی ناوەوەی وڵات و هاریکاری چەندین ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بوو بێت. وەک هێمایەک بۆ گۆڕانکاری لەو قۆناغە نوێیەدا، پارتی فەرمانڕەوا ناوەکەی خۆی لە بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی نەتەوەیی بۆ پەرەپێدان (MRND)ەوە گۆڕی بۆ بزوتنەوەی نەتەوەیی کۆماریی نەتەوەیی بۆ دیموکراتی و پەرەپێدان MRND(D).

لە تەموزی، ١٩٩٠ دا، سەرۆک هابیاریمانا کۆمسیۆنێکی نەتەوەیی ڕاسپارد بۆ ئەنجامدانی چاکسازی. یەکێک لە گۆڕانەکانی ئەم کۆمسیۆنە ڕایسپارد گواستنەوە بوو لە تاکحیزبیی دیکتاتۆرییەوە بۆ سیستەمێکی فرەحیزبی. بۆیە ساڵی ١٩٩١ دامەزراندنی ئەم حزبە ئۆپۆزسیۆنانەی بەخۆیەوە دی، کە دەبوو لەوکاتە بەدواوە ڕۆڵێکی سەرەکی لە سیاسەتەکانی ڕواندادا ببینن:

- بزوتنەوەی کۆماری دیموکراتی(MDR)- میراتگری MDRی فەرمانڕەوا- پـــارتی پـــارمیهووتو ی کۆمـــاری یەکەم. ئەو پـــارتە لەلایەن فۆســـتین تواگیرامونگـــوەوە ســـەرکردایەتی دەکـــرا، ئەنـــدامەکانی بریتـــی بـــوون لە هووتوەکانی باشور، کە بە شێوەیەکی سەرەکی لە هەرێمەکانی بوتـارێ و گیتاراما وە هـاتبوون. ئەم پارتە ئـارەزووی بە دیمـوکراتیکردنی دەکرد بە مەرجێـک هـیچ هەنگـاوێکی نەبێـتە هەرەشـە بەسـەر دەسـەڵاتی ڕەهـای هووتوەکـان لە وڵاتـدا. لەبەرئەوەی هووتوەکـان زۆرینـەی ڕەهایـان لە نـاو دانیشـتوانی ڕوانـدا پێکـدەهێنا، ئەم پـارتە هـیچ دژایەتییەکـی لەنێـوان بە دیموکراســـی کـــردن و دەســـەڵاتی ڕەهـــای هووتـــو لە بەرگـــی ڕژێمێکـــی زاڵدەستی هووتویی نەدەبینی.
- پارتی سۆشیاڵ دیموکراتی یان PSD . بەشێوەیەکی سەرەکی لە هووتوە شارنشـــینە ڕۆشـــنبیرەکانی باشـــور پێکهـــاتبوون و ئەم پـــارتە پشـــتگیری دیموکراســـی، پەیوەنـــدی ئاشـــتیانەی نێـــوان نەتەوەکـــان و سیاســـەتی دیموکراسی نەتەوەیی دەکرد.
- پـارتی لیبراڵـی (PL)- پـارتێکی تـێکەڵەی زۆرینـە هووتـو کە نـوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆری 'هوتسـی'ەکان (وەچەی هاوسەرگیری نێوان هووتـو و توتسـی)، لەوانە ژمـارەیەک لە سـەرکردەکانی حزبـی دەکـرد. ئەو پـارتە لەلایەن ڕۆشنبیر و نیمچە سەرمایەدارەشارنشینەکانی چینـی ناوەڕاسـت و سیاسەتمەدارە ئابوورییە لیبراڵەکانەوە پشتگیری دەکرا. ئەم پارتە لەلایەن جەستن موگێنزییەوە (کە لە ١٩٧٦دا خێزانەکەی کوشتبوو و لە کۆتاییدا لە سزاکەی بەخشرابوو) سەرکردایەتی دەکرا.
- پارتی دیموکراتی کریستیان (PDC)- پارتێکی هووتوەکان بوو پەیوەست بوو بە کڵێسای کاثۆلیک و بە پەیوەندییەکی نزیکەوە لە پارتی دیمـوکراتی کریستیانی بەلجیکی، ئیتاڵی و ئەڵمانییەوە.
- هاوپەیمـــانی بەرگریکـــار لە کۆمـــار (CDR)- پـــارتێکی نەژادپەرســـتی توندڕۆی هووتو بوو بۆ مـافی سیاسـی پارتی فەرمـانڕەوا. ئەنداماني ئەم پارتە ڕۆڵێکی گەورەیان لە هاندان و ئەنجامـدانی جینۆسـایدەکەی ١٩٩٤ دا هەبـــوو. ســـەیرەکە ئەوە بـــوو، دامەزرێـــنەری CDR شـــیرامبێری جـــین باراهینیورا، کە پیـاوێکی ڕۆشـنبیر بـوو و لە زانکۆکـانی ئەڵمانیا و یەکێتی سـۆڤیەتدا خوێنـدبووی، لەپێشـتردا ئەنـدامی RPFبـوو(بـڕوانە خـوارەوە)،

بەڵام ئەو پـارتەی جێهێشـت، بەبیـانووی ئەوەی پـارتەکە هیچـی نیـیە پێشکەش بە هووتوی بکات.

لە ئـابی ١٩٩١ دا، یەکەم چـوار حـزب کە لەسـەرەوە ئاماژەیـان پێدراوە بەرەیەکی ئۆپۆزسیۆنیان پێکهێنا، کە دەکرا بە دیموکراسی و سیاسەتی چەپی پارتی فەرمانڕەوا پۆلین بکرێت.

پاڵەپەستۆی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بوونە هۆی هاتنەئاراوەی پرۆسـەی بە دیموکراسـی کـردن و دامەزرانـدنی حکـومەتی یەکگرتـووی نیشـتیمانی، کە هەردوو MRND(D) و بەرەی ئۆپۆزسـیۆنی چەپڕەویشـی لەخـۆدەگرت (ئەو پارتانەی ئەو بەرەیەیان پێکهێنابوو، لەبەر چەند هۆیەک، تەنانەت پاش ئەوەی چوونە ناو حکومەتیشـەوە، بە پارتە "ئۆپۆزسیۆنەکان" نـاودەبران). هابیاریمانا هەر بەسـەرۆک مـایەوە، بەڵام لەکـاتە بەدواوە سـەرۆکوەزیران- دیسـماس نسێنگیاریمیا (لە نیسانی ١٩٩٢ تاکو تەمموز ١٩٩٣) و ئاگاتی ئولینگیامانا (لە تەمموز ١٩٩٣ تاکو کوژرانی ئەو ژنە ١٩٩٤، لە دەستپێکی جینۆسایدەکە دا)- سـەر بە MDR ی ئۆپۆزسـیۆن بـوون. لە ڕێککەوتنـی هاوپەیمـانێتیەکەدا هاتبوو کە دەبێت حکومەت لە نۆ وەزیری سەر بە پارتی MRND(D) و دە وەزیری تر لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان (سێ وەزیر بۆ هەریەکە لە MDR، PL و PSD و یەک وەزیریش بۆ PDC) پێکبێت. هەروەها لە کانونی دووەمی ١٩٩٣دا، بڕیـار درا کە پەرلەمـانێکی کـاتی، کە ئۆپۆزسـیۆن تیایـدا نـوێنەری زیاتری هەبوو وەک لەوەی لە حکومەتدا هەیبوو،شـوێنی ئەو پەرلەمـانە تـاک حزبیەی ئەوکات بگرێتەوە.

لە ١٩٩٢داوەزیرەکانی بەرەی ئۆپۆزسـیۆن، کە پاڵنەری بەلیبراڵیکردنیـان دروست کردبـوو، کـاریگەرییەکی زۆریـان لەسـەر دارشـتنی سیاسـەت لە زۆر بواردا هەبـوو. والیـیە توندڕەوەکان تەقەیـان لێکراو کوژران و ئەندامانی نـاو بەرەکە خرانە شوێنیان، وەزیری پەروەردە دەسـتەواژەگەلی نەژادپەرسـتانەی تێکەڵ بە سیستەمی سیستەمی خوێندنی باڵا کرد (لەئەنجامدا لەلایەن هووتـوە تێکدەرەکانەوە هێرشی پەلامار درا) ئەم هەوڵەش بەمەبەستی سنوورداركردنی چالاکییەکانی ئاسایشی نیشتیمانی بوون.

خشتەی ٦ پەرلەمانی کاتی (کانونی دوومی ١٩٩٣)
دامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی ڕواندا (RPF)

پارتەکان	ژمارەی نوێنەران
MRND(D) (پارتی فەرمانڕەوا)	١١
بزوتنەوەی نەتەوەیی کۆماریخواز بۆ دیموکراسی و پێشکەوتن	١١
MDR بزوتنەوەی دیموکراتی کۆماری	١١
PL پارتی لیبراڵی	١١
PSD پارتی سۆشیاڵ دیموکرات	٤
PDC پارتی دیموکراتی کریستیان	١١
ئەوانی تر	

دامەزراندنی بەرەی نیشتیمانی ڕواندایی (RPF)

هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هووتو و هەوڵەکان بۆ هاندان بەرەوە بە لیبراڵیکردنی ڕواندا، توتسییەکان دەستیان بە خۆڕێکخستنەوە لەڕووی سیاسی و سەربازییەوە، لەسەر سنوری ئۆگەندا-ڕواندا، کردەوە. بەمەش، هێزێکی نوێ لە داستانی نەزانراوی ئەو وڵاتە دەرکەوت: بەرەی نیشتیمانی ڕواندا (RPF)، بزوتنەوەیەکی گەریلا توتسییەکان بوو کە جەنگیان دژی ڕژێمی فەرمانڕەوا بەرپا کرد. ئەو بزوتنەوەیە لە ئۆگەندا دروست بوو، ئەندامەکانیشی بەشێوەیەکی سەرەکی لەو ئاوارانەبوون کە لە ١٩٧٠کان و ١٩٨٠کان لە ڕوانداوە هاتبوون. هەروەها کۆمەڵێک ئەندامی تری ئاوارەی توتسی لە وڵاتانی ترەوە وەک بوروندی، تەنزانیا، کینیا، کامیرۆن، سەنیگال، کۆنگۆ-برازاڤیل، بەلجیکا، وڵاتە یەکگرتووکانی ئەمریکاو ئەڵمانیا، پەیوەندییان پێیانەوە کردبوو.

هەر لە سەرەتای پەنابەرییانەوە، کۆمەڵگای توتسیە ئاوارەکانی دەرەوەی ڕواندا پەیوەندی پتەویان لەگەڵ نیشتیمانەکەیاندا گرێدابووەوە. ئەمەش لە ڕێگەی تۆڕێکی هەمەجۆری ڕێکخروەکان و ڕۆژنامەکانەوە، هێشتنەوەی پەرۆشییان بۆ 'خاکی شیر و هەنگوین'و سووربوونیان لەسەر مافی گەڕانەوەیان. ئەندامانی ئەو بزەتنەوەیە ڕووبەڕووی چەوساندنەوە و

هەڵاواردن کرانەوە، لە ئۆگەندا و لە لایەن ڕژێمەکانی میلتۆن ئۆبۆتێ(١٩٦٢-١٩٧١، ١٩٨٠-١٩٨٥) و ئیدی ئەمین(١٩٧١-١٩٧٩). لە ١٩٨٠کاندا لە ئەنجامی پشتگیری ڕواندیەکان بۆ پارتی دیموکراتی (DP) ئۆپۆزسیۆنی ئۆگەندا، پارتە دەسەڵاتدارەکەی ئۆبۆتێ و حکومەتەکەی، پەنابەرە توتسیەکانیان دەرکرد و لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان بێبەشیان کردن، چاوپۆشییان دەکرد لەو هێرشانەی دەکرایە سەر ماڵەکانیان و تەنانەت دەستیان کرد بە ناردنەوەیان بۆ ڕواندا.

لەکاردانەوەی ئەو سیاسەتانەدا، هەزاران کەس لە توتسیەکانی ڕواندا چوونە ریزی سوپای بەرگری نیشتیمانی (NRA) یۆوێری موسیڤینییەوە، کەلە ١٩٨٠ وە دژی ڕژێمەکەی ئۆبۆتی خەباتیان دەکرد. کاتێک هێزەکانی موسیڤینی کامپالای پایتەختی ئۆگەندای لە کانونی یەکەمی ١٩٨٦ دا گرت، لە کۆی ١٤٠٠٠ سەرباز، ٤٠٠٠ یان توتسی ڕواندا بوون. دیارترین کەس لەوانە فرێد ڕویگێما، فەرماندەی NRA و یەکەم وەزیری بەرگری حکومەتەکەی موسیڤێنیو پۆل کاگامێ، هەروەها پاوڵ کاگامی جێگری سەرۆکی هەواڵگری NRA بوون. پێشتر و لە ساڵی ١٩٧٣ دا هەردوو ڕویگیما و کاگامێ پەیوەندییان بە بەرەکەی موسیڤینی بۆ ڕزگاری نیشتیمانییەوە (FRONASA) لە تەنزانیا کردبوو و بەشدارییان لە داگیرکردنی ئۆگەندا، کە بووە هۆی ڕوخانی فەرمانڕەوایی ئیدی ئەمین لە ١٩٧٩ دا، کردبوو. هەروەها توتسیەکانی ڕواندا وەک بەرپرسی پێکهاتەی ڕاهێنانەکانی NRA، پۆلیسی سەربازی و دەستەی پزیشکی، کاریان کردبوو.

لە کۆتایی ١٩٨٠کاندا، ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەی نێوان NRAو توتسییەکان لەبەر چەندین هۆکار بەرەو کۆتایی هات: هەڵویستی سەرتاپا نەرێنی بەرامبەر بە ڕواندابیەکان لەو کاتەی ئۆگەندا دا، دوژمنایەتییەکانی باگەندا (کە توتسیەکانیان بە پێشبڕکێکاری ئابووری دادەنا)[1]، تووڕەیی زۆرێک لە فەرماندەکان بەرامبەر بە کاریگەریی توتسیەکان لە NRA دا، هەوڵەکانی موسیڤینی بۆ ڕازی کردنی باکوریەکان لە ئۆگەندا. ئەم هۆکارانە بوونە هۆی لادانی جەنەڕاڵ ڕویگێما لە فەرماندایەتی NRA لە ساڵی ١٩٨٩

---

(١) خەلکی باگەندا فراوانترین و خوێندەوارترین گرووپی ئیتنیکی بوون لە ئۆگەندا. سەدان ساڵ، دابونەریتی شاهەنشاهی ئۆگەندایان پاراستبوو، کە ئێستاش هەن بەڵام ئۆگەندا بەڕێوە نابەن.

داو کۆتـایی هێنـان بە پلەبەرزبـوونەوەی توتسـیەکان لە هێـزی سـەربازی ئۆگەندادا و گەڕانەوە بۆ سیاسەتی جیاکاری.

وەک کـاردانەوەیەک بەرامـبەر بەو پەرەسـەندنانە، ژمـارەیەکی زۆر لە توتسـیەکان لە سـوپای ئۆگەنـدا هـاتنە دەرەوە و پەیوەنـدیان بە بەرەی نیشـتیمانی ڕوانـداوە (کە لە ١٩٨٧ دا دامەزرابـوو) کـرد و بەسـودبینین لەو کـارامەییەی لە سـوپای ئۆگەنـدا دا دەسـتیان کەوتبـوو، دەسـتیان بە ئامادەکاریەکـان بـۆ داگیرکردنـی ڕوانـدا کـرد. سـەیرەکە لەوەدایە کە دامەزرێنەرانـی RPF هووتوەکـانی تـاراوگە بـوون کە دوژمنـی ڕژێمـی فەرمانڕەوای ڕواندا بوون: کۆلۆنێل کانیارینگوێ، کە تاکو سـاڵی ١٩٨٠ وەک وەزیـری بەرگـری لە حکـومەتەکەی هابیاریمانـادا کـاری کردبـوو، پاسـتیو بیزیمونگـو، کە وا بڕیـاربوو پـاش سـەرکەوتنەکانی ١٩٩٤ یRPF لە ڕوانـدا وەک سـەرۆک خـزمەت بکات. پاش داگیرکردنی ڕواندا لە تشرینی یەکەمـی ١٩٩٠ دا وەک ڕەوتێکی بێوێنە پەرەی سەند. زۆرینەی زۆری سـەربازەکانی توتسی بوون، ٢٠% لەوانە دەرچووی زانکۆکان بوون.

خشتەی ٧ هێزەکانی RPF لە نێوان ١٩٩٠ و ١٩٩٤

ساڵ	ژمارەی سەربازان
١٩٩٠	٣٠٠٠
١٩٩١	٥٠٠٠
١٩٩٢	١٢٠٠٠
١٩٩٣	٢٥٠٠٠

RPF ئایدیۆلۆژییەکی نوێی گەشەپێدا، کە جەختی لەسـەرلە یەکێتییەکی نیشـتیمانی توتسـی-هووتـو و نکـۆڵیکردن لە بـوونی نەتەوەی جیـاواز لەو وڵاتەدا. گازەنـدەی جیاکـاری نەتەوەیـی خرابـووە پـاڵ پیـاوانی سـپی پێسـت، هەروەک لە دێڕەکـــانی هـــۆنراوەی ئەم گـــۆرانیەی خـــوارەوەی[1] RPF دەردەکەوێت:

پیاوە سپیەکە هۆکاری ئەمانەیە، ئەی منداڵانی ڕواندا.
ئەمەی بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەکی نهێنی بۆ تاڵانکردنمان کرد.

(1) des Forges ،Leave None to Tell the Story ،p. 693.

کاتێک کە هاتن (ئەوروپییەکان)، ئێمە شانبەشانی یەک بە هاوئاهەنگی دەژیاین.
غەمباربوون بەوەی ڕێگای بەشکردنی ئێمەیان نەدەدۆزییەوە.
بنەچەی تازەیان بۆمان داهێنا، ئەی منداڵانی ڕواندا:
گوایە هەندێکمان لە 'چاد'ەوە و هەندێکی ترمان لە 'ئەسیوبیا'وە هاتوون.
ئێمە درەختێکی جوان بوین، هەموو لقەکانی یەکگرتوو بوون، ئەی منداڵانی ڕواندا.
هەندێکمان دەربەدەی ئەودیو سنور بوو هەرگیز نەگەڕانەوە.
ئێمە بەم دابەشکردنە لەیەکتر جیابوینەوە ، ئەی منداڵانی ڕواندا،
بەڵام ئێمە لە تەڵەی پیاوە سپیەکە دەرباز بووین
ئێستاش، ئەی منداڵانی ڕواندا، دەبێت تواناکانمان یەک بخەین بۆ بنیاتنانەوەی ڕواندا.

پەیامەکەی RPF لە یەکێتی نیشتیمانی ڕوانـدای دیمـوکراتی و پێشکەوتوودا خۆی دەبینیەوە، ئەو بزوتنەوەیەش هەرگیز نەگەڕایەوە سەر ئەو باوەڕە نەژادپەرستییەی کە بەرپرسە توتسیەکانی وڵات تاکو ١٩٥٩ لەسەری دەڕۆیشتن، بەڵام سەرەڕای جەخت کردنەوە لەسەر یەکێتی توتسی-هووتو لە ڕواندا دا، RPF ڕێکخراوەیکی توتسی بوو کە ژمارەیەکی کەمی هووتو ڕۆڵیان تیایدا هەبوو. لەلای خۆیانەوە، پروپاگەندەکانی هووتو ئەندامانی RPFیان بە خێڵەکی و دەرەبەگ ناودەبرد و وا پیشانیان دەدان کە مەیلی گەڕانەوەی حوکمی پاشایەتییان هەیە (هەرچەندە لە ڕاستیدا هەندێک توتسی 'ڕاست ڕەو' لە بوروندی، نەک لە ئۆگەندا، هەبوون و هیچ ڕۆڵێکی بەرچاویان لەو لێکەوتە و پەرەسەندنانەدا نەبوو).

لە ١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا، RPF هێرشی کردە سەر ڕواندا. تەنها پاش چەند ڕۆژێک لە ڕووبەڕووبوونەوە، ژەنەراڵ ڕویگیما کوژراو کۆلۆنیال کاگامی شوێنی گرتەوە. ئەو هێرشە هەر لە سەرەتاوە سەرکوت کرا، بەڵام سەرەڕای ئەوەش RPF توانی بەشێک لە باکوری ڕۆژهەڵاتی ڕواندا داگیر (یاخود'ئازاد') بکات و لە نیسانی ١٩٩٢ دا بەرگرییەکی توند بکات. سەدان هەزار هووتو، ئەوانەی بڕوایان بە پرۆپاگەندەکانی حکومەتی ڕواندا کردبوو

که گوایه RPF نیازی کوشتنیانی هەیە، لەترسی ژیانی خۆیان باکوری رۆژهەلاتیان جێهێشت. فەرەنسا، بەلجیکا و زائیر (کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی ئێستا) هێزیان بۆ پشتگیری کردن لە حکومەتەکە، نارد. سەربازە فەرەنسیەکان بەشداری جەنگەکەیان کرد، کەچی حکومەتی بەلجیکا و تەنها پاش یەک مانگ هێزە ٤٠٠کەسییەکەی‌ان کشاندەوە. بە هەمانشێوە، زائیریش کشانەوە، هەڵبەتە بە بێ هەبوونی فەرمانێک بۆ کردنی ئەوە و رێنومایی دەسەلاتدارانی سەربازی.



نەخشەی ٨: شوێنی RPF لە ڕواندا، ١٩٩٠-١٩٩٣

RPF بووە هۆی بەهێزتر کردنی نەژادپەرستی توندڕۆ لە ناو هووتوەکاندا، کە ئیتر توتسیەکانیان بە پایەی پێنجەمی RPF پێناسە دەکرد، کە دەبوو ڕواندایان لێ پاک بکرێتەوە. دەیانگوت، RPF نیازی دامەزراندنی

"ئیمپراتۆریەتی توتسی" هەیە، بەشێوەیەک ڕواندا، بوروندو چەند بەشێک لە زائیر و ئۆگەندا بگرێتەخۆ(١).

کاردانەوەی حکومەت: سەرکوتکردن و هێرشی دژەتوتسی

جەوهەری توندوتیژی ڕژێمی ڕواندا- سەرۆکەکەی، ئاکازو، پارتی فەرمانڕەوا و دامەزراوەی بەرگری- ئیترخۆیان لەبەردەم هەڕەشەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان بینییەوە لە ناوەوە ولە لایەن RPFەوە بە بێ ئەویش. وەڵامەکەش بەخێرایی هات. هەردوو MRND(D) و CDRی نەژادپەرستی هابیاریمانا، خۆیان چەکدارکرد و ڕاهێنانیان دەستپێکرد، کە فەرەنسا زۆربەی چەک و ڕاهێنانەکانی بۆیان دەستەبەر کردبوو. MRND(D) ئینتراهاموی ئامادەکرد Intrahamwe (ئەوانەی بەیەکەوە هێرش دەبەن)و CDR یش Impuzamugabi (ئەوانەی تاقە یەک ئامانجیان هەیە) ی دامەزراند. هەروەها سوپاکەی حکومەت (FAR) زۆر بەخێرایی فراوان بوو، بەشێوەیەک کە ژمارەی سەربازانی لە ٥٠٠٠سەربازەوە لە ١٩٩٠ دا بوو بە ٥٠٠٠٠ سەرباز لە ١٩٩٤ دا.

وەک کۆششێک بۆ بەدەستهێنانی پشتگیری هووتوەکان، حکومەت دەستی کرد بە ڕێکخستنی کۆمەڵێک پەلاماری دژە-توتسی، کە بەهۆیەوە هەزاران کەس کوژران. ئەو پەلاماردانە بەرفراوانە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠، کانونی دووەم و شوباتی ١٩٩١، ئادار و ئابی ١٩٩٢، کانونی دووەم و شوباتی ١٩٩٣و شوباتی ١٩٩٤ دا ڕوویاندا. لە ٤ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ دا و تەنها چەند ڕۆژێک پاش هێرشەکەی RPF، حکومەت دەستی کرد بە هێرشی RPF بۆسەر کیگالی پایتەخت و بە سوودوەرگرتن لەو هەرا و بشێوییە بەربڵاوەی لە شارەکەدا دروست بوو بوو، توانی ژمارەیەکی زۆری سەرکردە توتسییەکان بکوژێت و هەزارانی تریش بەدیل بگرێت.

بەهۆی پەرەسەندنی ڕووداواکانەوە تەنها توتسیەکانی ناو ڕواندا تاوانبار نەکران بە "هەماهەنگ" لەگەڵ RPFدا (ئەوانەی کەبە بەردەوام بە سیسرک ناودەبران)، بەڵکو هووتوە چەپڕەوەکانیش بە کارکردن لەگەڵ دوژمندا تۆمەتبار کران. بۆ نمونە، لە ٢٢ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢ دا،

(1) Prunier ،The Rwanda Crisis ،p.١٢٨

جێگری بەڕێوەبەری گشتی پارێزگای گیسێنیە ی سەر بە MRND(D) ئەندامانی پارتە چەپ ڕەوەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە پێناس کرد [١]:

پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان لەگەڵ دوژمندا پلانیان بۆ ئەوە دارشتووە پارێزگای بیومبا بکەویتە دەستی سیسرکەکان. پلانیان بۆ لاوازکردنی هێزە چەکدارەکانمان داناوە، یاساش لەو بارەیەوە زۆر ڕوونە. "هەرکەسێک بەهەوڵی لەقکردنی ورەی هێزە چەکدارەکانمان تۆمەتبار بێت سزای مەرگی بەسەردا دەسەپێت". چاوەڕێی چی دەکەین؟ ئەی چی لەبارەی ئەو هاوبەشی تاوانانەی() کە منداڵەکانیان دەنێرن بۆ ڕیزی RPF؟ بۆچی خۆمان لەو خێزانانە رزگار ناکەین؟ دەبێت لەئاست بەرپرسیاریەتیەکانی سەر شانماندا بین و ئەو خوێنمژانە لەناوببەین. کوشندەترین هەڵە کە لە ١٩٥٩ دا کردمان ئەوەبوو هێشتمان بڕۆنە دەرەوە[توتسیەکان]... ئەوان خەڵکی ئەسیوبیان و ئێمەش ڕێگەیەکی قەدبڕیان بۆ دەدۆزینەوە و دەیانخەینە ناو ڕوباری نایابارۆنگۆوە (کە بەرەو باکور دەڕوات)بۆ ئەوەی بگەنە ئەوێ. من دەبێت سوربم لەسەر ئەمە. پێویستە بکەوینە کردار. هەموویان لەناوبەرین!

بنچینەی ئایدۆلۆژیی ئەم وشانە لە چ پاڵنەرێکەوە هاتوون؟

لە دوای ئەم وتارە وەزیری دادی ڕواندا، کە ئەندامێکی پارتی لیبراڵ بوو، فەرمانی دەستگیرکردنی جێگری بەڕێوەبەری گشتی پارتی لۆکاڵی، بەتۆمەتی هاندان دەرکرد. بەڵام سوپاکە، فەرمانی دەستگیرکردنەکەی جێبەجێ نەکرد و لەبری ئەوە، بەزۆر دەستلەکارکێشانەوەیان لە خودی وەزیری داد وەرگرت.

(1) Prunier .The Rwanda Crisis- .P.١٧٢



نەخشەی ٩: توندوتیژی و کوشتارگەی دژ بە توتسیەکان (١٩٩٠-١٩٩٣)

گشـــت ئەمـــانە رەنگـــدانەوەی ئەو ڕاســـتییەک کە لە ١٩٩٢-١٩٩٣١وە مەکینەی جینۆساید، هاوشان لەگەڵ میلیشیا تینووی خوێنەکان، توونـدوتیژی ڕێکخـــرا لەلایەن حکـــومەتی زۆردارەوە بەرامـــبەر بە خەڵـــک، هانـــدان بـــۆ خراپەکاری، پاڵنەرەکان بوون.

ڕێکەوتننامەکەی ئەروشا

لە حـــوزەیرانی ١٩٩٢ دا، لەژێـــر فشـــاری وڵاتـــانی دراوســـێدا(ئۆگەنـــدا، تانزانیا، زائیرو بوروندی)وڵاتانی فریاگوزارییەخشـی وەک(فەرەنسا، بەلجیکا، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو ئەڵمانیا) و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان(نەتەوە یەکگرتووەکـان، ڕێکخـراوی یەکێتـی ئەفریقیـا و بـانکی جیهـان) پرۆســەیەکی ئاشـتی لەنێـوان حکـومەتی ڕوانـدا و RPF کەوتەڕێ. ســەرۆکی ڕوانـدا و MRND(D) دژی ئەو پرۆســـــەیە بـــــوون، کە لەلایەن ســــــەرکردەکانی

ئۆپۆزسیۆنەوە لە حکومەتدا، کە وتوویژیان لەگەڵ چەکدارەکاندا ڕێکخستبوو، پشـــتگیری دەکـــرا. ســـێ نـــوێنەرە ســـەرەکیەکەی حکـــومەت لە وتوویژەکەدا(هەموویان هووتوی میانڕەو بوون) بریتی بوون لە:

- ئاگـاتێ ئولینگیامانـا، سـەر بە MDR، کە لە تەمموزی ١٩٩٣ وە تـاکو ڕۆژی کوژرانی لە ٧ ی نیسانی ١٩٩٤ لە سـەروبەندی جینۆسـایدەکەدا، سەرۆکوەزیران بوو.
- وەزیـری بەرگـری جەیمـس گاسـانا، سـەر بە (MRND(D، کە بەهـۆی بۆچـونە نەرمونیانەکـانیەوە لە نـاو پـارتی فەرمـانڕەوادا وەک کەسـێکی ریزپەڕ ناسرابوو، لە ٣ ی ئابی ١٩٩٣لەبەر هەڕەشەی مردن، پەنای بردە بەر ئەورووپا.
- وەزیـــری دەرەوە بۆنیفـــاس نگـــولینزیرا، ســـەر بە MDR، کە لە ١١ی نیسانی ١٩٩٤ دا و لەسەروبەندی جینۆسایدەکەدا کوژرا.

پارتەکـان گەیشـتنە زنجیـرەیەک ڕێککەوتـن کە ئاگربەسـت ڕابگەیەنرێـت (تەممـوزی ١٩٩٢)، پێکهێنـانی کـابینەیەکی ١٩ کەسـی حکـومەتێکی نەریتـی کاتی(BBTG) ، (پێکهاتبوون لە پێنج وەزیر لە (MRND(D و پێنج وەزیر لە RPFو نۆ وەزیر لە پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان: PSD، PLو MDR، کە لەلایەن سەرۆک هابیاریماناوە سـەرکردایەتی دەکرا، دامەزراندنی پەرلەمـانی قۆنـاغی گواستنەوە(کانونی دووەمی ١٩٩٣)، کشـانەوەی هەمـوو هێزەکـانی فەرەنسـا، گەڕانەوەی هەمـوو هووتـوە ئاوارەکـان بـۆ شـوێنەکانی خۆیـان لە بـاکوری ڕوانـدا، کـارکردن بـۆ سـزادانی بەشـداربووان لە هێرشـەبەکۆمەڵەندا بـۆ سـەر توتسیەکان (ئـاداری ١٩٩٣)، و ڕێککەوتنێکی سیاسـی بـۆ گەڕانەوەی هەمـوو ئاوارە توتسیەکانی ئۆگەندا بۆ ڕواندا (حوزەیرانی ١٩٩٣).

لە ئـابی ١٩٩٣ دا، هەمـــوو ئەو ڕێککەوتنـــانەی لەســـەرەوە باســـکران بەیەکەوە ڕێککەوتننامەکەی ئەروشایان پێکدەهێنا، بە ناوی ئەو شارۆچکەیەی بـاکوری تەنزانیـاوە نـاونرا کە ڕێککەوتننـامەکەی تێـدا واژۆ کرابـوو. لەو ڕێککەوتننامەیەدا بڕیاری یەکخستنەوەی هێزەکانی حکومەت و RPF لە یەک سـوپادا درابـوو، بە شـێوەیەک کە دەبـوایە ٥٠% ی ئەفسـەرەکان و ٤٠% ی سەربازەکان لە ئەنـدامانی RPF بن، بـۆ ئەوەی تێکڕای ژمـارەی سـەربازانی سوپا بۆ ١٩٠٠٠ کەم بکرێتەوە(لەو کاتەدا، حکومەت ٣٠٠٠٠سەرباز و RPF ٢٠٠٠٠ســەربازی هەبــوو). ڕێککەوتننــامەی ئەروشــا داوای نــاردنی هێـزی

سەربازی نەتەوەیەکگرتووەکانی بەمەبەستی سەرپەرشتی کردنی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکە لە کاتی دیاریکراودا، کردبوو. RPFی داوای کردبوو هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هیچ سەربازێکی فەرەنسی تێدا نەبێت، لەبەر ئەو پشتگیریەی فەرەنسا بۆ حکومەتی ڕواندا هەیبوو.

لەمیانەی تەواوی پرۆسەی گفتوگۆکاندا، کە لە حوزەیرانی ١٩٩٢ تاکو ئابی ١٩٩٣ بەردەوام بوو، سەرۆک هابیاریمانا و هاوەڵەکانی پارێزییەکی زۆریان بەرامبەر بە پرۆسەی ئاشتیەکە هەبوو بەبیانوی ئەوەی بیروبۆچونەکانیان لە وتووێژەکاندا بە هەند وەرنەگیراوە. ڕادیکاڵەکان لەو بەرەیەی ئەواندا (clan de madame و میلیشیاکان و CDR) پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و تەنانەت هەندێک لە ئەندامانی پارتی فەرمانڕەوایان بە خیانەتکردن لە هووتو و فرۆشتنیان تۆمەتبار دەکرد. لەژێر فشاری بەرەی ئۆپۆزسیۆن لە حکومەتدا، RPF و وڵاتانی تر کەوتنە نێوبژیوانیکردنی پارتەکان، سەرۆک هابیاریمانا ناچار کرا ئەو ڕێککەوتننامەیە واژۆ بکات، بەڵام بەئاشکرا دیار بوو نیازی جێبەجێ کردنی ئەو ڕێککەوتنەی نەبوو. سەرەڕای ئەوەشدا، ئەویش لەلایەن توندڕۆکانەوە بە بەزیوو دانرابوو.

بەرپەرچدانەوەی ڕێکەوتنەکەی ئەروشا و ئامادەکارییەکان بۆ "چارەسەری کۆتایی"

کێ پاش جەنگ ڕزگاری دەبێت؟
جەماوەر بە یارمەتی سوپا ڕادەپەڕن
خوێنیش وەک ئاو خوڕڕە دەکات!

پارچە شیعرێک (١) کە لە شوباتی ١٩٩٤ دا
لە گۆڤارێکی CDRدا بڵاو کرابووەوە

ئەم پارچە شیعرەی سەرەوە زۆر بە ڕوونی وپوختەیی گوزارە لە شێوازی بەدەنگەوەهاتنی سوپای ڕواندا بۆ ڕێککەوتننامەکەی ئەڕوشا دەکات، کە وا بیری دەکردەوە ئەم ڕێککەوتننامەیە سەرکەوتنەکانی لێ فڕاندووە. بەرهەڵستیکردنی ئەم ڕێککەوتنەش کاتێک چڕتر بووەوە کە پێدراوە

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو. لاپەرە ٢٢٢

سەربازییەکانی ناو ڕێککەوتننامەکە زیاتر دەرکەوتن. ستافەکانی ناو سوپا ترسی لەدەستدانی کارەکانیان هەبوو(چوون ڕێککەوتنەکە جەختی لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی هێزەکانی سوپا دەکردەوە) و هەروەها نیگەرانی ئەوەبوون کە RPF کۆنترۆڵی سوپا بکات. گروپێکی نهێنی ناو سوپا، بە Amasasu (فیشەک) ناسرابوون، هەستان بە هەنگاونان بەرەو ڕێگرتن لە یەکگرتنەوەی ئەو دوو سوپایە. Clan de Madame بەهەمان شێوە و زۆر بە توندی، هەروەک زۆرینەی ئەندامانی (MRND(D، CDR و ژمارەیەکی زۆری پارێزگارەکان و سەرۆکی شارەوانییەکان، بەرهەڵستی ڕێککەوتنەکە بوون. دەترسان پێگەی خۆیان لەدەست بدەن و بدرێت بە ئەندامانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان و RPF شوێنیان بگرنەوە.

لەهەمان کاتدا، پەرەسەندنێکی دراماتیکییش لەناو پارتە ئۆپۆزسیۆنەکاندا سەری هەڵدا و زۆر لە ئەندامانی پێیان وابوو ئەم ڕێککەوتنە جێبەجێکردنی سەختە و زۆرتر بەلای بەرژەوەندی توتسیەکان داشکاوەتەوە. پڕۆپاگەندەی توندڕۆکان- بەبەردەوامی ئەوەیان دوپاتدەکردەوە کە RPF دەیەوێت دووبارە تووتسییەکان بێنێتەوە مەیدانی و هووتوەکان لە ڕواندا دا بچەوسێنێتەوە. لەکاتێکدا پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانیش پەرتەوازە ببوون و دابەش بووبە سەر دوو دەستەوە: دەستەیەکی هووتوی نەژادپەرست کە بەرهەڵستی ڕێککەوتنەکەی ئەڕوشای دەکرد، دەستەیەکیش کە لایەنگری دیموکراسی و پڕۆسەی ئاشتیەکە بوون. لە ٢٣ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣ دا، (MRND(D، CDR و دەستە توندڕەوەکانی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان (بەهاوەڵی لەگەڵ سەرۆک هابیاریمانادا) بەرەیەکی توندڕەویان پێکهێنا بۆ هاندان و دژی ئاشتی بوون. ئەم بەرەیە پێی دەووترا "دەسەلاتی هووتو" و لەمانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

- (MRND(D
- CDR
- زۆرینەی MDR، هەروەها لاوانی کۆماری دیموکراتی (JDR)
- زۆرینەی PL
- زۆرینەی PSD
- زۆرینەی PDC
- Interahamwe، میلیشیاکەی (MRND(D

- Impuzamugambi، میلیشیاکەی CDR

ئەو دروشـــمانەی کە بەکاریـــان دەبـــرد لە بـــزوتنەوەی ئەنجـــومەنی دەسەڵاتی هووتو دەردەچوون و بانگەوازیان بۆ دەسەڵاتی هووتوو دەکرد، وەک دەسەڵات بۆ هۆتوو! دەسـەڵاتی ئینتێرامـوێ! هەمـوو هووتووەکان یەک هێزن! یا هێزی MRND! هێزی CDR!هێزی MDR! هێزی JDR!

ژمارەیەک لە وەزیرە پایەبڵندەکانی وڵات سەر بە پارتی ئۆپۆزسیۆن، کە لە ناویانـدا سـەرۆک وەزیـران هەبـوو، نەهـاتنە ڕیـزی هێـزی هووتـوەوە و پشـتگیری ڕێکەوتننـامەکەی ئەڕوشـا بـوون. هەروەک بینیمـان، ئەو کەسـانە، لەسەرەتای جینۆسایدەکەدا لە ٦ ی نیسانی ١٩٩٤ دا باجی ئەمەیان بە مردن دایەوە.

توندڕەوەکان بەوە ڕازی نەبوون کە تەنها لە ڕووی سیاسیەوە خۆیـان ڕێک بخەن. هەزارانیان پەیوەندیان بە میلیشیا چەکدارەکانەوە کرد و بڕێکی زۆری چەک دابەش کرانە سـەر خەڵک. بازرگانێک، کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ سـەرۆکدا هەبـوو، نیـو ملیـۆن تەوری هـاوردەی نـاو وڵات کـرد و کەنـاڵێکی ڕادیـۆیی تونـدڕەوی CDRی دامەزرانـد (RTLMC) کە لە ئـابی ١٩٩٣ دا دەستی بە پەخش کرد. باسـکردنی "پێویسـتی" "چارەسـەری کۆتـایی" بۆ کێشەی توتسیەکان بە بەردوامی و زیاتر چڕ دەبووەوە.

به ڕای تۆ، چۆن دەتوانین ئەو ڕاستییە روون بکەینەوە کە سەرەڕای باسکردنی جینۆساید و ئامادەکاریەکان کە خرانەگەڕ، تووتسییەکان نە داوای یارمەتییان لە پارتەکانی دەرەوە کرد و نەش هەڵنەهاتن بۆ رزگارکردنی گیانی خۆیان؟

نێـردراوی هاریکـاری نەتەوە یەکگرتووەکـان بـۆ ڕوانـدا(UNAMIR) لە تشـرینی دووەمـی ١٩٩٣ دا دەسـتی بە چالاکیەکـانی کـرد. لە مـانگی دواتـردا وەزیرانی RPF، کە بڕیاربوو بە پێی ڕێککەوتننامەکەی ئەڕوشا پەیوەنـدی بە حکومەتە بنکەفراوانە کـاتیەکەوە بـکەن، بە هـاوەڵی بەتـالیۆنێکی پاسـەوان کە ئەرکیان پاراستنیان بوو، گەیشـتنە کیگـالی پایتەخـت. ئەو حکومەتە هاوبەشـە هەرگیـز دانەمەزرا، سـەرەڕای ئەوەش، کاتێـک وەزیرەکـانی RPF لە کـانونی

دووەمی ١٩٩٤ دا پایتەختیان جێهێشت، جەنگی سەرشەقام لە نێوان لایەنگران و بەرهەڵستکارانی ڕێککەوتننامەکەوە هەڵگیرسا.

لەکۆبوونەوەی لوتکەوە بۆ جینۆساید

لە ٦ی نیسانی ١٩٩٤ دا، کۆبوونەوەیەکی لوتکەی سەرکردە هەرێمیەکان لە دار ئەل سەلامی پایتەختی تەنزانیا، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی جێبەجێ کردنی ڕێککەوتننامەکەی ئەرۆشاوە، سازکرا. سەرۆکی هەریەک لە وڵاتانی تەنزانیا، ئۆگەندا، بوروندی و ڕواندا و جێگری سەرۆکی کینیا ئامادەی لوتکەکە بوون. یەکەم بڕیار دامەزراندنی حکومەتێکی بنکە فراوانی کاتی (BBTG) بوو. لە ئێوارەی هەمان ڕۆژدا، ئەو فڕۆکەیەی هابیاریمانای سەرۆکی ڕواندا و سیپرین نتاریامیرای سەرۆکی بوروندی بۆ کیگالی دەگواستەوە، بە موشەکێک لە شوێنێکی نزیک پایتەختی ڕوانداوە هاوێژرابوو، خرایە خوارەوە. هەردوو سەرۆکەکە و بەرپرسەکانی تری هاوەڵی(لە ناویاندا سەرۆکی سوپای ڕوانداشیان تێدابوو) دەست بەجێ کوژران. فڕۆکەکە لە کاتژمێر هەشت و نیوی ئێوارە خرایە خوارەوە، پاش چەند کاتژمێرێکی کەم، Interahamwe کۆسپی لەسەر ڕێگاکاندا دانابوو و لیستی ناوی ئەو کەسانەشی بڵاو کردبووەوە کە دەبوایە بکوژرێن. لەهەمان کاتدا، RTLMC بانگەوازی دا کە تۆڵەی کوژرانی سەرۆکی دەکاتەوە. هەرچەندە تاکو ئێستاش ڕوون نییە کە کێ ئەو موشەکەی بۆ فڕۆکەکە هاویشت، کۆمەڵێک گریمانە هاتنە ئاراوە:

- ئەو ئۆپەراسیۆنە یان لەلایەن دەسەڵاتدارانی فەرەنسیەوە یاخود لەلایەن پارتێکی تایبەتی فەرەنسیەوە ئەنجام درا: ئەم گریمانەیەش لەبەر بنچینەی ئەوە دروست بوو کە ئەو موشەکەی فڕۆکەکەی پێکا فەرەنسی بوو ڕاوێژکاری فرانسوا میتەرانی سەرۆکی فەرەنسا بۆ کاروباری ئەفریقیا، کە پەیوەندیەکی پتەوی لەگەڵ هابیاریمانادا هەبوو، لەڕۆژی پاش ئەو ڕوداوە خۆی کوشت.
- ئەو هێرشە لەلایەن سەربازە بەلجیکیەکانی کە لە ڕیزی هێزی سەربازی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNAMIR) خزمەتیان دەکرد، ئەنجامدرا: ئەمە بۆچونی هەندێک لەلایەنگرانی حکومەت بوو، بەڵام هیچ بنچینەیەکی بەڵگەدار بۆ ئەو گریمانەیە دەستەبەر نەبوو.

- ئەم هێرشە لەلایەن هەندێک لە ئەفسەرەکانی پێشوی سوپای ڕوانداوە ئەنجام دراوە وەک تۆڵەیەک بەرامبەر ئەوەی کە لە ١٩٩٢ دا بە هۆی شکستەکانیان لە ئەنجامدانی ئەرکە سەربازییەکانیان، کارەکانیان لەدەست دا.
- ئەم تاوانە لەلایەن هەندێک لە سەرکردە ئۆپۆزسیۆنەکانی هووتووەوە ئەنجام درا کە پێیانوابوو لابردنی هابیارمانیا لەسەر حوکم دوا بوارە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەکەی ئەروشا. سەرۆکوەزیران ئاگاثێ ئوئلینگییامانا تۆمەتبار کرا تێوەگلان لەو هێرشەدا، هەر ڕەنگە ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژی دواتر، لە ٧ ی نیسانی ١٩٩٤ دا، کوژرا.
- فڕۆکەکە لە لایەن RPFەوە خرایەخوارەوە: ئەمەیان زۆرینەی هووتوە توندڕەوەکان باوەڕیان پێی هەبوو، بەکاریشیان هێنا لە ڕاگەیاندنەکانیان بۆ هاندانی کوشتن و بڕین و لەناوبردنەکان لە دژی توتسیەکان. بانگەشەی ئەوەشیان دەکرد کە هێرشەکە لەلایەن گروپێکی سەر بە RPFەوە(کە کۆدی نهێنییان بریتی بوو لە "تۆڕەکە") ئەنجام دراوە بە فەرماندەیەتی RPF و سەرپەرشتی(سەرۆکی دواتری ڕواندا) پۆڵ کاگامێ. هەروەها دەنگۆی ئەوە بڵاودەکرایەوە کە لە ٦ ی نیسانی ١٩٩٤ دا هێزەکانی RPF لە ڕێگای میدیاوە فەرمانیان پێکرابوو بۆ ئەوەی بەرەوە پایتەخت پێشڕەوی بکەن. لە ئەگەری ڕاستی ئەوەی سەرکردایەتی RPF بوونی سەرۆکیان بە بەربەست لەبەردەم جێبەجێکردنی ڕێکەوتننامەکە دانابێت، ئەم تیۆرییە ڕێی تێدەچێت ڕاست بێت. سەرەڕای ئەوەش، سەختە باوەڕ بکرێت ئەوان نەیانزانیبێت سەرکردە جێگرەوەکانی هووتوو توندوتیژتر دەبن.
- فڕۆکەکە لەلایەن هووتوە توندڕەوەکانەوە، بەزۆری ئەندامانی سوپا یاخود میلیشیا چەکدارەکانی نزیک لە clan de Madameەوە، خراوەتە خوارەوە.

دواین گریمانە زیاتر ڕێتێچووە، لەبەر چەند هۆکارێک:

- یەک کاتژمێر پاش کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکە، میلیشیا هووتوەکان، دەستیان بە کوشتنەکانی ئەو کەسانە کرد کە لە لیستێکی پێشوەخت ئامادەکراودا بۆ لەناوبردن بەئامانج کرابوون.مایەی گومانە کە بتوانێت

بەو خێراییە خۆت ئامادە بکەیت و لە ڕوودانی ئەوە پێشتر ئاگادار نەبوویت.

- ڕاستەوخۆ پاش هێرشەکە، میلیشیاکان دەستیان بە کوشتنی دانیشتوانی سڤیلی ئەو شوێنە کرد کە هێرشەکەی لێوە کرابوو. دەکرێت بوترێت کە ئەمە بەمەبەستی نەهێشتنی شایەتحاڵەکان ئەنجام درابێت.
- گاردی سەرۆکایەتی ڕێگرییان لە هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان کرد لە چوون بۆ شوێنی ڕووداوەکە.
- کۆلۆنێل بۆگۆسۆرا، سەرکردەیەکی توندڕەو بوو و لە پاشاندا بوو بە ئەندازیاری جینۆسایدەکە، لە ٣٠ ئاداری ئەو ساڵە چووبوو بۆ بەسەربردنی پشوو، تەنها دوو ڕۆژ بەر لە هێرشەکە و لە ٤ ی نیسانی ١٩٩٤ دا گەڕابۆوە پایتەخت.
- لە ٣ی نیسانی ١٩٩٤ دا، لە پەخشێکی RTLCMدا هەواڵی "شتێکی بێبایەخ ڕوو دەدات" بڵاو کرابۆوە(١).
- لە ژمارەی مانگی ئاداری ١٩٩٤ ی گۆڤارە نەژادپەرستە مانگانەکە، کانگورا، هابیاریمانا ی سەرۆکی بە هاوکار لەگەڵ توتسیەکان ناوزەند کرابوو.

سەرەڕای ئەوەش، ئەگەر ئەم تیۆرانە پەسەند بکەین، ئەوا پرسیاری ئەوەی بۆچی توندڕەوە تووتسییەکان سەرۆکە پایەبڵندەکەی خۆیان کوشت، کراوەیی دەمێنێتەوە. پێدەچێت بەشێکیان لەبەر ئەوە بێت کە کەوتە ژێر فشاری نێودەوڵەتیەوە و ڕێککەوتننامەی ئەڕوشای واژۆ کردو لە کۆبوونەوەی لووتکەکەدا ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوانی کاتیدا. سەرەڕای تێڕوانینە توندڕەویەکانی هابیاریمانا، هووتوە شێلگیرەکان پێیان وابوو کە سەرۆک دەست بۆ ئەو "چارەسەری کۆتایی"ەی کە پلانیان بۆ دارشتبوو، درێژ ناکات. دەشێت باوەڕیان وابوو بێت کە تاوانبارکردنی توتسیەکان بە کوشتنی سەرۆک پشتگیری هووتوەکان بۆ لەناوبردنی گشت توتسیەکان بۆ ئەوان دەستەبەر دەکات و کاردانەوەیەکی

---

(١) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

کتـوپڕی لەو جـۆرە خـزمەت دەکـات لە مەسـەلەی پەردەپۆشـکردنی ئەو جینۆسایدەی بەوردی پلان بۆ داڕێژراوە[1].

ڕاسـتەوخۆ پـاش خسـتنەخوارەوەی فـڕۆکەکەی هابیاریمانـا، هەردوو کۆلـۆنێلی یەدەگ سیۆنسـێت باگاسـۆرا و پێـری-سیلیسـتین ڕواگافلیتـا (کە گومانلێکراوی کوشتنەکە بوون) دەستیان بەسەر گۆڕەپانی سیاسیدا گرت و فەرمانی کوشتنیان بۆ گشت وەزیرە میانڕەوە ئۆپۆزسیۆنەکان دەرکرد کە لە ناویانـــدا ســـەرۆکوەزیران و وەزیـــری دەرەوە، کە پێشـــتر پشـــتگیری ڕێککەوتننـامەکەی ئەڕوشـایان کردبـوو. پـاش ئەوەی لە هاندانی سـوپا بـۆ گرتنەدەستی دەسەلات شکستیان هێنا، ئەو دوو کۆلۆنێلە کۆمیتەی ئاسایشـی گشـتیان دامەزرانـد(Comite de salut public)، کە لە گشـت هێـزە هووتوەکـانی نـاو حکـومەت پێکهـاتبوو((MRND(D، MDR، PL، PSDو PDC). تیـۆدۆر سـیندیکوبوابۆی پزیشـکی منـدالان و سـەرۆکی پێشـوی ئەنجومەنی نیشتیمانی پەرەپێدان سـەر بە (MRND(D ، لەشـوێنی سـەرۆک کاراکراو جین کامباندا ی هێزی هووتـوی MDR کرا بە سەرۆک وەزیـران. کۆلۆنێـل باگۆسـۆراش وەک کـاریگەرترین کەسـایەتی پشـتەوەی دیـمەنە سیاسییەکە، مایەوە.

لەبەر چەنـد هۆکـارێکی نادیـار، نەتەوەیەکگرتووەکـان و کۆمەڵگـای نێـودەوڵەتی لە رووی دیپلۆمـاتییەوە دانیـان بەو حکـومەتە ڕادیکـاڵە نەژادپەرسـتە دا نـا، کە دەسـتبەجێ سیاسـەتی کوشـتوبڕی خسـتە بـواری جێبەجێکـردنەوە. فەرمانـدەی سـوپاو هەنـدێک لەو پارێزگـارە میـانڕەوانەی ڕەتیانکردبووە بەشداری پلانی 'چارەسەری کۆتـایی'بکەن، لابران بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی دەزگاکانی ئاسایش و حکومەت بە بێ بەربەست و کۆسپ کار بـۆ پیـادەکردنی ئەو ڕوانیـنە بـکەن. پەخشـەکانی RTLMC هـیچ گومانیـان لنەهێشـتبووەوە بۆ سروشـتی ئەو تێڕوانینە. بەردەوام و بەردەوام، لەڕێگەی پەخشـەکانەوە هـانی کۆشـتنیان دەدا. بـانگەوازی وەکـو 'هێشـتا هەمـوو دوژمنەکـانی ئێمەتـان نەگرتـووە-هەنـدێکیان هێشـتا لە ژیانـدان' و 'هێشـتا گۆڕستانەکان پڕنەبوونەتەوە- بەردەوام بن تاکو هەموویان پڕدەبنەوە'[2].

---

(١) بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەبارەی کوشتنەکەوە، بڕوانە Forges، Leave None <to Tell the Story لاپەرە ١٨١-١٨٥

(2) punier ،The Rwanda Crisis, P.٢24.

هووتو توتسی ڕواندا بوروندی/ مێلیسا ئۆزبۆرن
(Melissa Osbourn)[1]

له خاکی باوباپیرانماندا، که لوسی[2] تیایدا پیاسەی دەکرد
که ئێستا چەکەکانمان و
فرۆکه خەتاباره پڕ خۆراکه بێکەڵکەکانی بۆ دەنێرین

لەشوێنێکدا که ئێمه بیرو هەستەکانمان پڕ دەکەین
یەکێکی تر به ڕەشی تۆخ ڕەنگرێژ دەکەین
ئایا ئەو کوڕه سەربازانه دەبینیت که بەسەر شەقامەکاندا ڕادەکەن؟
گوێت له گریانی منداڵەکانه؟
مردووەکان دەناسیت و هیچیان له بارەوه دەزانیت؟

لەم سێبەرەوه جیهانیش دڵبەره جوانیی
لەم تارماییەوه وڵات له دوورەوه بۆ ئازادی دەگریی
لەم شەوه هەره تاریکەدا گەرمی ئاگر
لەمێژه بیرچووەتەوه
لانکی شارستانیەتیی پیاو و ژن.

"پیاوان هاورێکانی خۆیان دەکوژن"
(کیژۆڵەیەکی دەربازبووی جینۆسایدەکه ئەم وێنەیەی کێشاوه)

---

(1) http://www.lyricalworks.com/poetry/hutututsi.htm

(٢) لوسی ناوی کۆنترین ئێسکەپەیکەری مرۆڤه که تاکو ئێستا له ئەفریقادا دۆزرابێتەوه.

تــاوانكــارەكــان

بكوژەکانی ناتاراما کێ بوون؟ چەن یەکەیەکی گاردی سـەرۆکایەتی لە کیگــالی یەوە هــاتبوون. ئینتراهامویەکــان لە کۆمەڵەکــانی دراوســێوە هێنرابوونە ناوەوە. ئەو لاوانەی راهێنانیان لە یەکەی بەرگریلەخۆکردنی پاش شەڕی ناوخۆ کردبوو، هێزی ڕاهێنراوی ناوخۆیان پێکهێنا. بەڵام ڕاستیەکە ئەوەیە کە هەموو کەسێک، بەلایەنی کەمەوە گشت پیاوان، بەشداربیان کرد. نەک تەنهــا پیــاوان، بەڵکوئافرەتــانیش: پیاوەکانیــان هــان دەدا و ڕۆڵــی لاوەکیەکانیان دەبینی وەک بەرەی پشتەوەی شەڕی شەقام بە شەقام.

کاتێـک کە کیگالیمــان دەسـتگیر کـرد، پێمــان وابــوو لە نــاو وڵاتــدا ڕووبەڕووی تاوانبــاران دەبینــەوە. لەبـری ئەوە، ڕووبەڕووی دانیشـتوانێکی تاوانبار بووینەوە.

فەرماندەیەکی RPF

ئەگەر ئەو زەبـروزەنگەی کەسـانی خـوارەوەی کـۆمەڵ بەبـێ پاڵنـان و ئاراسـتەکردنی سـەرووی خۆیـانەوە بووبێـت، ئەوە هاوسـانانە ڕاسـتە لەگەڵ ئەو بۆجوونەی پیلانگێڕی بەشە بچوک بچوکەکانی جینۆسایدکارەکان سەری نەدەگرت و لای خەڵکەکەی خوارەوەش دەنگدانەوەی نەدەبوو.(١)

کوشـتنە جینۆسـایدیەکان هـیچ کـات پچـڕ پچـڕ نـین- هەمیشــە لەلایەن دەوڵەت، حکــومەت و دەســەڵاتە فەرمانڕەواکــانەوە ڕێکــدەخرێن. ئەوەی ڕوانـداش بەهەمــان شـێوە بـوو. ئەو کوشـتنە لەلایەن گرووپێکــی درنـدەی کۆنترۆڵ لەدەستداوەوە ڕووینەدا، بەڵکو کەمپینەکە بەرنامەبۆدارێژراوبوو و باشرێکخراو بوو و بەشێوەیەکی لێهاتوانە و بەسیستەمکراو جێبەجێ دەکرا و لەلایەن کەسـانی سیاسـەتمەدار و سـەربازی و کـارگێڕی و ئـابوری نـاس و چینی ڕۆشنبیرانەوە پلانی بۆ دانرابوو و ئاراسـتە دەکرا. ناسـراوترین پلان دانەر و ڕێکخەرانی جینۆسایدەکە ئەمانە بوون :

- پرۆفیسـۆر فێردیناند ناهیمانا، مێژوو نووسێک بوو کە کەمپینی هاندانی بەرەوە توندوتیژی ئاراستە دەکرد، لەڕێگەی پەخشەکانی RTLMC ەوە.

---

(1) Mamdani, when Victims Become Killers, pp.6-7.

- كۆلۆنێل تیۆنێستی باگۆسۆرا، بەڕێوەبەری گشتی وەزاررەتی بەرگری ڕواندا، پاش ٦ ی نیسانی ١٩٩٤ بوو بە بەهێزترین کەسی ناو ڕوداوەکانی ئەو کاتە.
- ژەنەڕاڵ ئۆگوستین بیزیمانا، ئەو کەسەی پاش ٦ ی نیسانی ١٩٩٤ بوو بە وەزیری بەرگری و هەر زوو سوپای وڵاتەکەی لە کوشتارگەکەدا بەشدار کرد.
- ڕائید ئەلۆیس نتاباکوزێ، فەرماندەی بەتالیۆنی نیمچە-کۆماندۆی سوپای ڕواندا بوو.
- ڕائید پرۆتایس مپیرانیا، فەرماندەی بەتالیۆنی گاردی سەرۆکایەتی بوو.
- جۆزێف نزیرۆرێرا، سکرتێری گشتی MRND(D) بوو.
- جـــــــۆن-بۆســـــــــۆکۆ بارایـــــــــاگویزا، ســـــــــەرۆکی CDR و فەرماندەیImpuzamugambi
- ڕۆبەرت کاجوگان سەرۆکی Interahamwe
- جۆرج ڕوتاگاندا، جێگری سەرۆکی Interahamwe
- فیلیســـــینت کابوگـــــا، بازرگـــــانی ڕوانـــــدی و پـــــارەدەری RTLMC و Interahamwe
- پاسکال موسابێ، خاوەن بانکی ڕواندی و فەرماندەیەکی Interahamwe
- ئەنـدامانی clan de madame یـاخود clan des beaux-freres(ئاگاثێ هابیاریمانا و براکانی)

هەرچەندە تەنها چەند ئەندامێکی دەستەبژێر پلانی جینۆسایدەکەیان دارشتبوو، ئەم کەسە کلیلیانە ڕێکخراوەکانیان کۆنترۆڵ کردبوو بە دەیان هەزار ئەندامییەوە. ئەو تـۆڕە دامەزراوەیـی و ڕێکخـراوەییەی کە بـوون بە "دەزگای لەناوبردن"ەکەیان پێکهێنابوو، لەلایەن ئەم کەسایەتییانەوە ئاراستە دەکران:

- میلیشـــــیاکانی MRND(D) و Interahamwe) CDR و Impuzamuhabi بەدوای یەکدا
- گاردی سەرۆکایەتی، کە بەتەنها لە هووتوەکانی باکور پێکهاتبوو
- پۆلیسی هەرێمی ڕواندا (Gendarmerieجەندرمە)

- هێزە چەکدارەکانی ڕواندا FAR، کە لە ٤٠٠٠٠ سەرباز پێکهاتبوو، لەسەرەتادا بەشداری جینۆسایدەکەیان نەکرد، بەڵام لە ٨ ی نیسانی ١٩٩٤ دا، کاتێک RPF دەستی کرد بە شەڕ و هاتنە ناو کوشتارگەکەوە.
- کەسە ئیدارییەکانی حکومەت – پارێزگاران، جێگری پارێزگاران، سەرۆکی شارەوانییەکان، ئەندامانی ئەنجومەنە خۆجێیەکان- هەروەها ئەو دەزگایانەی کە لەژێر فەرمانیاندا بوون.

لەگەڵ ئەوەشدا، گشت هووتوە توندڕەوەکان نەهاتنە ڕیزی هێزی هووتووەوە کە لەسەر 'چارەسەری کۆتایی' ڕێککەوتبوون. هابیاریمانای سەرۆکیش لە هووتوە توندڕەوەکان بوو، بەڵام ئاشکرابوو کەلەگەڵ جینۆسایددا نەبوو. دەکرێت پێشبینی ئەوە بکەین کە کوشتنی سەرۆک لە ٦ ی نیسانی ١٩٩٤ دا بۆ ڕێگەخۆشکردن بوولەبەردەم سەرکردایەتییەکی جینۆسایدکاردا.

جینۆسایدەکە لە سەرەوەڕا ڕێکخرابوو، سەرکردەکان سەرکەوتوو بوون لەوەی جوتیارانی وڵات ، بتوانن خەڵکی ڕەشوڕووت و برسی و کەسانی بێکار بەو ئاراستەیە هانبدەن. بەپێچەوانەی جینۆسایدەکانی ترەوە، وەک هۆڵۆکۆست و جینۆسایدەکەی ئەرمەنەکان، جینۆسایدەکەی ڕواندا بریتی بوو لە کوشتنی خەڵکێک لەلایەن خەڵکێکی ترەوە. ژمارەیەکی بەرچاو لە هووتوەکان بەشدارییان لە جینۆسایدەکەدا کرد. لەساڵی ٢٠١٠ دا، ژمارەی گومانلێکراوانی کەیسی جینۆساید کە لە بەندینخانەدا بوون گەیشتبووە ١٣٠٠٠٠ کەس. سەرەڕای هووتوەکانی ڕواندا، دەیان هەزار هووتوی ئاوارەی بوروندیش وەک تۆڵەسەندنەوەیەک بەرامبەر بە ڕژێمی توتسی وڵاتەکەی خۆیان، بەشدارییەکی بەرچاویان لە کوشتارەکەی ڕواندا دا کرد.

وەک ئێستا دەیزانین، کڵێسای هووتو و قەشەکانی بەهەمان شێوە دەستیان لەکوشتارەکاندا هەبووە. هەروەها، لە ١٠ی نیسانی ١٩٩٤ دا، کاتێک کوشتارگەکە لە لوتکەی خۆیدابوو، ئەو سەرۆک قەشانەی ماوەی چەندین ساڵبوو سەر بە دەوڵەتی هووتو بوون پشتگیری خۆیان بۆ حکومەتە تازەکە دەربڕی. ئەوانە نەک تەنها لە شەرمەزارکردنی ئەو کوشتارەدا شکستیان هێنا، بەڵکو داوایان لە ڕەوە شوێنکەوتوەکانیان دەکرد کە گوێڕایەڵی ڕێنماییەکانی حکومەت بن. ئەمە ڕەوایەتی ئاینی و ئەخلاقی بۆ جینۆسایدکردن خستە بەردەم سیاسەتمەداران، بیرۆکراتەکان، کەسانی پرۆپاگەندەکار، ئەفسەرەکان و بکوژەکان بەگشتی. هەندێک لە کاربەدەستانی کڵێسەکان بە شێوەییەکی خۆبەخشانە دەستیان بە هاوکاریکردنی حکومەت

کرد و ڕوونکردنەوەیان لەبارەی سیاسەتەکانیەوە دەدا بۆ وڵاتانی ئەورووپا و وڵاتە یەکگرتووەکان و نەتەوە یەکگرتووەکان. لە ٢ ی ئابی ١٩٩٤دا، بیست و هەشت قەشەی کاثۆلیکی نامەیەکیان بۆ پاپا نوسی کە تیایدا بەتەواوی نکۆڵیان لە ڕوودانی هەر کردەیەکی جینۆساید کردبوو. بینیمان کە زۆرێک لە قەشەکان خیانەتیان لەو توتسیە ئاینپەروەرانە کرد کە پەنایان بۆ کڵێساکانیان بردبووو، هەندێکی تریشیان تەنانەت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بەشداری کردارەکانی کوشتنیان کرد. کڵێسا پرۆتیستانتەکانیش بەهەمان شێوە ڕەفتاریان لەگەڵ کردن. تەنها ژمارەیەکی کەم لە قەشە پلە نزمەکان نەبێت ڕووبەڕووی ئەو تاوانانە دەوەستانەوە، کە ئەمەش بڕیارێک بوو هەندێک جار دەبوو بە ژیانیان نرخەکەی بدەن.

هەروەها چینی ناوەڕاست لە بکوژان ژمارەیەکی زۆر لە پزیشک و مامۆستایان تێدابوو. مایەی سەرسوڕمانە کە چالاکوانانی مافەکانی مرۆڤیش لە کوشتنەکاندا بەشداربوون. بۆ نمونە، ئینۆسێنت مازیمپاکا- سەرۆکی کۆمەڵەی ڕواندا بۆ هاندان و بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ (Ligue Rwandaise pour la Promotion et la Défense des Droits de l'Homme، or LIPRODHOR) – لەگەڵ براکەیدا، لە کوشتنی توتسی لە شارۆچکەی گاتاری، تێوەگلابوو. لەکۆی ١٢،٢٦٣ کەسی ئەو کۆمەڵگایە، تەنها ٢١ کەسیان دەربازیان بوو. (١)

بکوژەکان هەموویان هەمان هۆکار پاڵنەریان نەبوو. زۆرێک لە سەرکردەکان موتیڤیان لەبیروباوەڕێکی توندی نەژادپەرستیەوە سەرچاوەی دەگرت، کە پێی وابوو 'چارەسەری کۆتایی' بۆ 'کێشەی توتسی' پێویستە. کۆمەڵێکی تریشیان بەهۆی ڕقی تاکەکەسیەوە بەرامبەر بە توتسیەکان ئەو کارەیان دەکرد. چاوبرسێتیش ڕۆڵێکی گرینگی بینی لە جوڵاندنی هەردوو توێژی هەڵبژاردەی کۆمەڵ و ڕەشەخەڵکەکە بەو بەرەو ئەو ئاراستەیە. کوشتار ڕێگەی بۆ دەستەبژێری کۆمەڵ خۆش کرد ببن بە خاوەنی ماڵ، ئۆتۆمبیل، کۆمپیوتەرو موڵک و ماڵی تر. جوتیاران، دەستکەوتنی دانەوێڵە، مەڕوماڵات و کەلوپەلی ناوماڵی دراوسێ توتسیەکانی خۆیانیان دەستەبەر کرد. هەرچی چینی کرێکاری برسی و هەژاریشە، تۆزێک خۆراک و مەی بەس بوو بۆ ڕاکێشانیان بەرەو کوشتنی خەڵک. خستنە سەرپشتی دەرگاکانی فەرهود وتاڵانی هۆیەکی گرنگ بوو بۆ جوڵاندنی گشت دانیشتوان بەو ئاراستەیە و خودی تاڵانییەکەش بەڕەزامەندی دەسەڵاتداران ئەنجام درا. هەندێکیشیان پاڵنەریان ئەو ترسەیان بوو لە RPF و ئەو پڕۆپاگەندە

---

(١)هەمان سەرچاوە. لاپەڕە ٢٢٨

فەرمیانەی باسیان لە ئاشکرابوونی پلانێکی توتسیەکان بۆ کوشتنی هەموو هووتوەکان و دزینی سەروەت و سامانەکەیان، هانی دابوون دەست لە کوشتنی توتسیەکان نەپارێزن. ئەوانی تریش لەلایەن بەرپرسانی دەسەڵاتی مەدەنییەوە وەک سەرۆک شارەوانەکان، بەرپرسانی پۆلیس، سەرکردە حزبیەکان، مامۆستایان و پیاوانی ئاینی ناوخۆ، هاندەدران تاکو بەشداری لە کوشتنەکاندا بکەن. هەروەک هەمیشەش، زۆرێک لەوانەی چوونە پاڵ ئەو کوشتارگەیەوە بەشوێن عەقڵەیەتی عەوامخاپێن کەوتبوون.



هێلکاری ٥ هەرەمی پلەبەندی ئەنجامدەرانی جینۆسایدەکە

به وردی سەرنجی بدە، ئایا ئەو پاڵنەرانەی لەسەرەوە پۆلێنکران هەمان ئەو فاکتەرانەن کە بوونەتە هۆی هاندانی ئەنجامدەرانی جینۆسایدەکانی تر؟

....

قوربانیەکان (تاوانلێکراوەکان)

یەک دوژمنتنمان هەیە.
دەیناسین.
توتسییە.[1]

جینۆسایدەکە بە دوو قۆناغ ئەنجام درا. لە ماوەی قۆناغی یەکەمدا (٦-١١ ی نیسانی ١٩٩٤)، کوشتارەکە بەشێوەیەکی ئاراستەکراو بوو و لەئەنجامدا دەیان هەزار کەس مردن، کە زۆربەیان لە چینی دەستەبژێری توتسیەکان بوون، بەڵام ژمارەیەکی کەمی هووتوشیان لەگەڵدابوو. قۆناغی دووەم (١٢ ی نیسان -١٥ تەموز) جینۆسایدێکی پەتی تبوو، لەئەنجامدا سەدان هەزار توتسی کوژران. لە قۆناغی یەکەمدا، هووتوە میانڕەوەکان لەسێدارە دران تا دڵنیابن لەوەی نابن بە کۆسپ لە لەبەردەم جێبەجێکردنی"چارەسەری کۆتایی". ئاگاثێ ئویلینگیمانای سەرۆک وەزیران (لەگەڵ گشت ئەندامانی خێزانەکەی)، بۆنیفەیس نگولینزیرا ی وەزیری دەرەوە، لاندواڵد نداسینگوای سەرکردەی بزوتنەوەی دیموکراتی PLو جۆزێف کاڤارەنگانداى سەرۆکی دادگای دەستوری ڕواندا، لەنێو ئەو کوژراوانەدا بوون. فۆستین تواگیرامونگو، بەر لەوەی بکوژان بگەنە سەر ماڵەکەی، توانی ڕا بکات و رزگاری ببێت. لەهەمان کاتداو لە ناو ئەو لیستی ناوەی ماوەیەکی زۆر بەر لە ٦ ی نیسان ئامادەکرابوو، هەزاران ڕۆشنبیر، ڕۆژنامەوان، چالاکوانی مافەکانی مرۆڤ، پارێزەرو قەشەی هووتو کە هاوکاری بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوون، کوژران. بۆ نمونە، لە باتورێ، بکوژەکان نزیکەی گشت پرۆفیسۆر و خوێندکارەکانی زانکۆی نەتەوەیی ڕواندایان کوشت، کە بە شێوەیەکی گشتی لە هووتوی میانڕەو و ژمارەیەکی کەمی توتسی پێکهاتبوون. زۆربەی ئەو هووتوانەی کە کوژران هی هەرێمەکانی باشور و ناوەڕاستی وڵات بوون و هاوکار بوون لەگەڵ بزوتنەوە دیموکراتیەکانی MDR، PL، PSDو PDC. هەزاران توتسی لەناویاندا

(1) des Forges .Leave None to Tell the Story٢٠٣ لاپەرە

سەرکردەکان، ئەکادیمییەکان، توتسی میهرەبان و ئەو خەڵکە ناسراوەی پشتیوانی RPFبوون، کوژران.

ئێستا کە ئامادەکاریەکان بۆ قۆناغی دووەم تەواو بوون، 'چارەسەری کۆتایی کێشەی توتسی' دەستی پێکرد. لەمیانی ئەم قۆناغەدا، نزیکەی ۸۰۰۰۰۰ توتسی کوژران(دەکاتە ۸۵% ی توتسیەکانی وولات و ۱۲%ی ڕێژەی گشتی دانیشتوانی ڕواندا). تەنانەت ئافرەتان، منداڵان و ساواکانیش دەکوژران. ئەمەش لەسەر بنەمای ئەوەی کە ئافرەتان منداڵ دەخەنەوە و منداڵەکانیش دەبێت بکوژرێن چونکە گەورە دەبن و دەبن بە توتسی پێگەیشتوو. پەخشەکانی RTLMC بەردەوام ئەوەی دووبارە دەکردەوە بۆ گوێگرەکانی کە 'هەڵەکە'ی ۱۹٦۰ەکان دووبارە نەکەنەوە، کە ڕێگەیان بە دەربازبوونی منداڵانی توتسی بۆ دەرەوەی وڵات دا، کە لە ۱۹۹۰ەکاندا وەک کۆمەڵێک فەرماندەی RPF گەڕانەوە ڕواندا. زۆرینەی توتسیەکان بریتی بوون لە 'توتسی بچوک' (petits Tutsi)- گوندنشینە هەژارەکان کە شێوازی ژیانیان، بە پێچەوانەی ئەو توتسیانەی لە شار و شارۆچکەکاندا دەژیان، زیاتر وەک هووتوەکان بوو. قوربانیەکانی تر ئەو پیاوە توتسیانە بوون کە هاوسەرەکانیان هووتو بوو (لەکاتێکدا بڕوا وابوو کە لەو جۆرە هاوسەرگیریەدا، منداڵان دەچنەوە سەر ڕەچەکی باوکیان) و ئەو ژنە توتسیانەی مێردەکانیان هووتو بوون (هەندێک جار، پیاوە بەڕەچەڵەک هووتوەکان هاوسەرەکانی خۆیان دەکوشت). جاری واش هەبوو کە پیاوانی هووتو، لە تۆڵەی ئەوەی هاوسەرگیریان لەگەڵ توتسیەکدا کردبوو، دەکوژران. منداڵانی خاوەن ڕەچەڵەکی تێکەڵیش دەکوژران – منداڵی خاوەن باوکی توتسی لەبەر ڕەچەڵەکەکەیان و منداڵانی خاوەن دایکێکی توتسی لەترسی تۆڵەکردنەوەی کوژرانی دایکیان لە داهاتودا. ئەو گۆڕانیەی هووتوەکان کە لە سەرەتای ئەم بەشەدا ئاماژەی پێکراوە دۆخی ڕۆژانی سەختی جینۆسایدەکە بە شێوەیەکی گشتی دەردەخات.

دۆزینەوەی توتسیەکان هەمیشە کارێکی ئاسان نەبوو، لەکاتێکدا لەهەمان ئەو لادێ و ناوچانەی نیشتەجێبووندا دەژیان کە هووتوەکانیان

لێبوو. ناسینەوەی توتسیەکان بەند بوو بە شێوەی مرۆڤەکانەوە وەک بەژنزراڤیی، لوتێکی درێژ و ڕێک، پەنجەی درێژو لێوی تەنک. لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لە هووتوەکان بەهەڵە ناساندنیان بە توتسی کوژران سەرەڕای ئەوەی بکوژان دەیانتوانی لە ڕێگەی کارتی ناسنامەکانیانەوە، کە ڕەچەڵەکەکەیانی تێدا نوسراوە، بیانناسنەوە. هەندێک کەس هەوڵیان لە دراوسێکانی خۆیان دەدا، بەمەش کاری بکوژان "ئاسانتر" دەبوو. هەروەها، ئەو کەسانەی لە میلیشیادا بوون و توانای جیاکردنەوەی توتسیان لە هووتو هەبوو، لادێکان و شەقامەکانی شار دەگەڕان. کاری جیاکردنەوەی توتسیەکان لە هووتوەکان، بەتایبەت لە شارەکاندا ئاسانتر بوو، لەکاتێکدا ناسنامەی کەسی بینراو تەنها بەند بوو بە جل و بەرگەکانیەوە. بۆ نمونە، کەسانی پۆشتە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بە توتسی دەناسران و دەپێکران.



شێوەی ٦: دابەشکردنی گشتی قوربانیانی هەردوو قۆناغی جینۆسایدەکە

بۆچی؟/ ماریا یولاندا نگولینزیرا[1]

بۆچی مردیت وەک ئەوەی هیچ کەست خۆشنەویستبیت؟
بۆچی مردیت وەک ئەوەی هیچ کەس خوشینەویستبیت؟
چییان لە ئێوە کرد؟
چییان لە ئێمە کرد؟

هەرگیز ئازاری ڕوحێکت نەدا،
هەمیشە خۆشەویستیت بەشکردووە.
منیش جێهێڵدراوم بە ئۆقیانوسێ فرمێسکەوە.

لەناکاو هەمووشتێک گۆڕا،
تۆیان برد و منیان جێهێشت، پاشان من گەورەبووم.
خۆشەویستیت هەمیشە لێرەیە، بەڵام چەند لەدوورەوەیە.
هەموو ئۆقیانووسەکانی وشک هەڵگەڕاون.

بالام کاتێک خەیاڵی ئەو ڕۆژە دەکەم
کە بۆ دوایی جار ڕووخسارتم بینی،
زەریاکان بەرەو ڕووم شەپۆل دەدەنەوە
ئینجا بەجێمان هێشت،
ویستمان پارچەکان پێکەوە بنێنەوە،
بەڵام هەرگیز ناتوانین ببەخشین.

لە چاوانی خودادا، دەکرێت لە هەموو شتێک ببووردرێت، من دڵنیام.
بەڵام چۆن بتوانین ئەو ڕقە ڕامالین کە نایەوێت بڕوات؟
چۆن ئەو شتانەی ژیانی پەرتەوازە کردین، لەبیرکەین؟
هەمو ڕۆژ بیریان لێدەکەمەوە، هەموو رۆژ پێیەوە دەناڵێنم.
بابە! بریا بەبەر چاوتەوە گەورە دەبووم.

بۆچی ؟بۆچی؟ بۆچی؟

---

(1) Marie-Yolanda Ujeneza Ngulinzira

"بیر لە مردنی دایک و باوکت مەکەرەوە. دەی وەرە، با یاری تۆپی پێ بکەین"

(ئەم وێنەیە لەلایەن منداڵێکی ڕزگاربوی جینۆسایدەکەوە کێشراوە)

میتۆدەکە:

وەک گشت جینۆسایدەکانی تر، جینۆسایدەکەی ڕواندا پێشوەختە پلانی بۆ داڕێژرابوو و بە شێوەیەکی سیستەماتیکی پیادەکرا. ئەمە تەقینەوەیەکی هەڕەمەکی توندوتیژی درندانە نەبوو کە دەربازبوون لێی مەحاڵ بێت و ڕوانداش "وڵاتێکی شکستخواردوو" نەبوو کە کەوتبێتە ناو گێژاوی بێنەزمورەزمییەوە. بە پێچەوانەوە، ڕژێمی زۆرداری ڕواندا لە هەموو شوێنێ ئامادە بوو، بە بیرلێکردنەوەی تەواوە نوێنەرەکانی خۆی بۆ "چارەسەری کۆتایی" کردبوو. تیمێکی پلاندانانی سەربازی ڕاسپێردرابوون بۆ داڕشتنی ووردەکاری پلانی لەناوبردنی "دوژمنە نەژادییەکە". هەروەها ئەوەش زانراوە کە، بەلایەنی کەمەوە لە قۆناغی یەکەمی جینۆسایدەکەدا، دەسەڵاتداران لیستێک ناوی کۆمەڵێک تاکی دیاریکراویان بۆ لەناوبردن پێدرابوو. سەختە لەوە تێبگەین بۆچی توتسیەکان هەستیان نەکردبوو بەوەی کە ڕووی دەدا. بە شێوەیەکی گشتی، ئەمە تۆکمەیی و پاراستنی پلانەکە بەوپەڕی نهێنییەوە دەگەیەنێت.

پێکهاتەی دەزگاکانی کوشتن:

دەزگاکانی کوشتن بە شێوەیەکی ڕێکخراو و هەڕەمی کاریان دەکرد. فەرمانەکان لەسەرەوە دەهاتنە خوارەوە، لە حکومەتەوە بۆ سوپا، میلیشیاکان و هێزی جەندەرمە، لە بارەگای سەرەکی فەرماندەییەوە بۆ یەکە سەربازییەکان، لە حکومەتەوە بۆ پارێزگارەکان، لە پارێزگارەکانەوە بۆ جێگری پارێزگار و قایمقامی کۆمەڵگاکان، لە جێگری پارێزگار و قایمقامی کۆمەڵگاکانەوە- لەڕێگەی چەند کۆبوونەوەیەکەوە- بۆ جەماوەر بە گشتی. هەریەک لەمانە فشارێکی کاریگەری لەسەر خوار خۆی دروست دەکرد، هەروەک پەخشی ڕادیۆش توانی ڕۆڵێکی گرینگ لە دروستکردنی کەشێکی گونجاو ببینێت.

هەروەک ئەوەی لەسەرەوەدا تێبینیمان کرد، کۆمەڵەکانی ڕواندا پابەندیتی هاوڵاتیانیان بۆ گوێڕایەڵی فەرمانەکانی دەسەڵات لە کارە گشتیەکاندا، یاخود umuganda بەتەوای پەسەند کردبوو.Umuganda ، زۆربەی کات، بریتی بوو لە قیرتاوکردنی ڕێگاکان، هەڵکەندنی بیرەکان، بنیاتنانی باڵەخانە گشتییەکان و هەندێ پرۆژەی تر. بەرپرسانی حکومەتی

خـۆجێی سـوودیان لەو نەریـتە کـردارییە بینـی بـۆئەوەی خەڵـکەکە بەرەو کوشـتار بجـوڵێنن. هووتوەکانیـان بۆ ئەو کۆبـوونەوانە بانگهێشـت دەکـرد کە وتەی ئاگرینیـان تێـدا بـوو و باسـیان لە ئەرکـی "کوشـتنی سیسـرکەکان" و "بەکرێگیراوان" دەکرد. هەروەهـا کۆبونەوەکـان تێهەڵکێشـی گـۆرانی و سـەما دەکران تیایاندا بەڵێن دەدرا کە سامانە تالانکراوەکان – لە شوشە بیرەیەکەوە تا ڕەشەولاخەکان- بەسـەر بکوژەکانـدا دابەش دەکرێن و هەڕەشـەیان لەوانە دەکرد کە لە بەشداریکردن شکست دەهێنن.

دەسـەلاتیش، هەروەهـا، سەرپەرشـتی هەمـوو ڕووەکـانی ڕێکخسـتنی دەکـرد، هەروەک گواسـتنەوەی قوربانیەکـان بـۆ نـاو قوتابخانەکـان، نەخۆشخانەکان، کڵێساکان و باڵەخانە گشتییەکانی تر، گواستنەوەی قوربانیان بۆ ئەو شوێنانەی کە تیایدا کۆمەڵکوژ دەکرێن، دابەشکردنی چەک و کەلوپەلی تالانکراو، گواستنەوەی لاشەکان و شـاردنەوەیان لەناو گۆڕە بەکۆمەڵەکان.

لێکـۆڵینەوە نێـودەوڵەتیە مرۆڤایەتیەکـان و لێکـۆڵەر پیـتەر یـوڤن ئەوە دەسەلمێنن کە جوڵاندنی بەکۆمەڵی دانیشـتوان بەرەوە ئەنجامدانی جینۆسـاید لە ڕواندا زۆر کاریگەر بوو چونکە فەرمانی کوشتنەکان لەسـەرەوەڕا دەدران. ئەمە بکوژانی لە تەنگژەی ویژدانی ڕزگار دەکرد- بە داماڵینی قوربانیـان لە سروشـتە مرۆڤانەکەیـان و ناسـاندنیان بە "سیسـرکەکان"، "دەرەبەگەکـان"و "بکوژەکان"و وێناندنی کوشـتن وەک کردارێکی ڕۆتینی. ئەم مەکینە ئاڵۆزەی کوشـتنوبڕینە یـارمەتی خەڵکی گشـتی دا کە وا هەسـت بکەن ئەم کوشـتنەی ئەنجـامی دەدەن شـتێکی ئاسـایی و سروشـتییە. بە هەر حـاڵ،لە هەرکـوێ جینۆسـاید بە خێرایی و بە بەردەوامـی دەسـت بە ڕوودان دەکات، بەئاسـتەم کات دەبێت بۆ پرسیارکردن.



شێوەی ٧: ستركتووری ئامێری کوشتنەکە[١]

(1) Uvin ,Aiding Violence: The Development Enterprise in Rwanda (West Hartford ,CT:Kumarian Press ,1998)

بەشێوەیەکی کورتوپوخت، ئەو سیستەمەی کە لە رواندا وەک پێویست کارئاسانی بۆ دەزگای کوشتن کرد، بەشێوەیەکی سەرەکی، لەسەر بنەمای ئەم توخمانەی خوارەوە پێکهاتبوو:

- لە مرۆڤایەتی داماڵینی دوژمن
- پەخشی ڕادیۆیی هاندەر
- زنجیرە فەرمانەکانی ئاراستەکراو لە سەرەوە ڕا
- جوڵاندنی جەماوەر
- دڵنیایی پێدانی پاداشت
- هەڕەشە و تۆقاندن

سیستەمەکە بەد و بێبەزەیی بوو. دراوسێ دراوسێکەی خۆی دەکوشت. خاوەن دوکانەکان کڕیارەکانیان دەکوشت و بەپێچەوانەشەوە. مامۆستا هووتوەکان خوێندارە توتسیەکانیان ڕادەستی میلیشیاکان دەکرد یان خۆیان ڕاستەوخۆ دەیانکوشتن. بکوژەکان دەستیان نەدەپاراست لە کوشتنی خەڵک: تەنانەت لە ناو نەخۆشخانە و کڵێساکانیش. هەرچی پیاوە ئاینی، دکتۆ، سستەر و تەنانەت نەخۆشی توتسی هەیە بەبێ دوودڵی، هاوشێوەی نەخۆش و بریندارە توتسییەکان دەکوژران. ئەو ئافرەتە هووتوانەی هاوسەرەکانیان توتسی بوو ناچار دەکران منداڵەکانی خۆیان بکوژن چونکە ئەو منداڵانە بە توتسی دەژمێردران. زۆرێک لە ئافرەتە توتسیەکان بەر لەوەی بکوژرێن لاقە دەکران و زۆرجار لاشەی قوربانیەکانیان بە شێوەیەکی ترسناک دەشێواندن. هەروەک پێشتریش تێبینیمان کرد، ئەو هووتوانەی کە ڕەتیان دەکردەوە بەشداری لەو کوشتنەدا بکەن بە هەمان شێوە دەکوژران.

لە میانی کوشتنەکاندا، دەزگای فەرمی پڕۆپاگەندە لە ڕواندا وێنەی ساختەی ڕووداوەکانیان دەخستە بەرچاوی خەڵک. ئەو پڕۆپاگەندەچییانەی لە ڕادیۆ و تەلەفزیۆنەکانەوە قسەیان بۆ جەماوەر دەکرد، وایان پیشان دەدا کە هووتوەکان قوربانین و تەنیا بۆ بەرگری لە خۆیان ئەو کردانە ئەنجام دەدەن. توتسیەکان، بەپێچەوانەوە، بە تێکدەر وێنا کرابوون کە نەخشە بۆ کوشتنی هووتوەکان دەکێشن RPFیش بە پلاندارێژەر بۆ دووبارە دامەزراندنەوەی

شانشــین، دەرەبەگــایەتی و کــۆیلایەتی تۆمەتبــار دەکــران. هەمــوو ئەوەی هووتوەکان دەیانکردو پارێزگارییان لیدەکرد پەکخستنی پیلانگێرییەک بوو کە دەیویسـت ولاّت بگەڕێنێتەوە سـەردەمی بەر لە "شۆڕشـی کـۆمەلاّیەتی". ئەو کوشـتنە سیسـتەماتیکیەی توتسـیەکان بە شـێوەیەک خرابـووە ڕوو "تـوڕەیی خۆڕسـک" ی دانیشــتوانە، بەهــۆی پەرۆشــیانەوە بــۆ مردنــی ســـەرۆکە خۆشەویســتەکەیان دروســت بــووە. تەنــانەت ڕووداوەکــان بە کوشــتنیش ئاماژەیان پێنەدەدرا، بەڵکو بە "جەنگ" یان"شەڕ" ناودەبران. لەبەرئەوەی بڕوا بە هووتوەکـان خۆیـان بهێـنن کە ئەوان تەنهـا بەرگـری لە خۆیـان دەکەن و ڕاستی ڕووداوەکانی ناو ڕواندا لە جیهانی دەرەوە بشارنەوە.

بە ڕای تۆ، چۆن ئەو سیستەمە جۆش دەدرا بە نەریتەکانی پێش داگیرکاری و کاتی داگیرکاری؟

میدیا

گورەکان تەنها نیوەپڕن، کێ یارمەتیمان دەدات پڕی بکەینەوە؟
هەڵەکەی ساڵی ١٩٥٩ دووبارە ناکەینەوە. دەبێت منداڵەکانیش بکوژرێن.
تاکو ٥ ی ئایار، دەبێت وڵات لە توتسیەکان پاککرابێتەوە.

وەرگیراوێک لە پەخشەکانی RTLMCلە نیسانی ١٩٩٤ دا (1)

هەروەک بینیمان، میدیا بە گشتی، پەخشی ڕادیۆکان بەتایبەتی، ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە جینۆسایدەکەدا بینی. ڕادیۆ لە زۆربەی ماڵەکانی ڕواندا دا هەبوو، لە ڕاستیدا تەواوی دانیشتوان گوێیان لە پەخشەکەی دەبوو. تاکو نیسانی ١٩٩٣، ڕادیۆی ڕواندا، بە ورووژاندنە دژە توتسیەکەیەوە، تەنها وێستگەی ڕادیۆیی بوو لەو وڵاتەدا. لە ئاداری ١٩٩٢دا، بانگەشەی ئەوەی بڵاو کردەوە کە گوایە توتسیەکان پلانیان بۆ کوشتنی سەرکردە هووتوییەکان لە شاری بوگیسێرادا دارشتووە. لەئەنجامدا، Interahamwe دەستی بە توندوتیژییەکی بەکۆمەڵ دژی توتسیەکان کرد، کە تیایدا ٣٠٠ توتسی کوژران. لە نیسانی ١٩٩٢ دا، ئۆپۆزسیۆن دەستی بەسەر وێستگەی ڕادیۆکەدا گرت، کە لەوێ بەدواوە وەک زمانحاڵی هووتووە توندڕۆکان خزمەتی دەکرد. لە ئەنجامدا وێستگەی RTLMCی ڕەگەزپەرست، کە دەربازبوانی جینۆسایدەکەی ڕواندا بە "ڕادیۆی مردن" ناویان دەبرد، لە نیسانی ١٩٩٣ دا دامەزرا. ئەم ڕادیۆیەش ڕۆڵێکی سەرەکی لە خزمەتکردنی جینۆسایدەکەدا بینی.

وێستگەی RTLMC لە لایەن ئەندامانی دەزگای ڕوانداوە بەڕێوەدەبرا. ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی وێستگەکە بریتی بوون لە کوڕ و زاوای سەرۆک هابیاریمانا، وەزیرەکانی حکومەت، پارێزگاری بانکی نیشتیمانی ڕواندا، سکرتێری گشتی MRND(D)، نوێنەرانی CDRو جێگری سەرۆکی

(1) Destexhe ،Rwanda and Genocide in the Twentieth Century ،pp. viii ،32; Frank Chalk،"Hate Radio in Rwanda،" in Howard Adelman and Astri Suhrke (eds.) ،The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire (New Brunswick ،NJ: Transaction ،2000).

سەرنوسەرەکەی هەمان نووسەری گۆڤارەکەی Interahamwe بوو و زۆربەی ڕۆژنامەنوسەکانیش لەپاڵ CDRدا بوون. کەسە MRND(D) کلیلییەکانی ویستگەی ڕادیۆکە بریتی بوون لە پرۆفیسۆری بواری مێژوو فێردیناند ناهیمانا، کە لە سەرووتر ئاماژەمان پێکردو پرۆفیسۆری زمانەوانی لیۆن موگێسێرا. هەموو ئەو کەلوپەلانە ی لە ویستگەکەدا بەکار دەهات موڵکی حکومەت بوو،کە بە فریکوێنسی جیاواز بۆی دابین کردبوون.

پەخشەکانی RTLMC بە زمانی کینیارواندا بوو (بە پێچەوانەی ڕادیۆ ڕواندا، کە پەخشەکانی بەزمانی فەرەنسی بوو) و ئاسایی و سادە بوون لە چەشندا، هەروەها میوزیکی بەناوبانگ و زمانی بازاڕی و نوکتەی پەخش دەکرد. ئەمەش وایکرد گوێگرێکی زۆر لە ڕواندا بۆخۆی کۆبکاتەوە. ناوەرۆکی پەخشەکان لەوپەڕی نەژادپەرستیدا بوون و توتسیەکانیان بە بێگانەی زاڵدەست، دز، خیانەتکارو پیاوکوژ ئاماژە پێدەدا و تۆمەتباریان دەکردن بەوەی کە دەستیان گرتووە بەسەر سامان، کڵێسا، سیستەمی پەروەردە و ڕێکخراوە کۆمەکبەخشەکان لە ڕواندادا. هەروەها بەوە تاوانبار کرابوون کە توتسیەکان ویستی دووبارە دامەزراندنەوەی "دیکتاتۆریەتی دەرەبەگایەتی نیلۆ-ئەثیوپیایی"یان هەیە. ویستگەکە بەبەردەوام هانی گوێگرانی بۆ کوشتن، ڕیشەکێشکردن و داماڵینی توتسیەکان دەدا. هەروەها لیستێک ناوی ئەندامانی ئۆپۆزسیۆنیشی بەمەبەستی کوشتنیان بڵاو کردەوە و دانیشتوانیان ئاراستەی شوێنی خۆحەشاردانی ئەو کەسانە کرد.

لە سەروبەندی جینۆسایدەکەدا، RTLMC کۆمەڵێک دەستەواژەی تایبەت بە خۆی گەشەپێدابوو، کە میتافۆری ئەو کوشتنانە بوون کە بەڕێوەدەچوون.[(1)]

- "کارێکی مەزن" (A grand job) = جینۆساید
- "بڕینەوەی درەخت" (Tree felling) = کوشتن
- "گەردەلول" (Hurricane) = جینۆساید
- "لابردنی دەوەن" (Bush clearing) = لەت کردنی پیاوان
- "لە ڕەگەوەهەڵکێشانی گەندەگیا" (pulling out the roots of the bad weeds) = سەربڕینی ژن و منداڵ

---

(1) Hintjens ,"Explaining the ١٩٩٤ Genocide in Rwanda," pp. 268-269; Prunier ,The Rwanda Crisis,١٤٢ .لاپەڕە

بڵاوکراوەکانیش ڕۆڵێکی بەرچاویان لە زەمینەسازی بۆ جینۆسایدەکە، گێڕا. بە ڕێژەی ٥٠%ی خوێندەواری، ڕواندا بە وڵاتێکی ئەفریقایی بە ڕێژەیی خوێندەوار دادەنرا. زۆربەی ڕۆژنامە و هەفتەنامە و گۆڤارە مانگانەکان سەر بە دامەزراوە نەژادپەرستەکەی هووتوەکان بوون و بەتایبەتی ناوەرۆکی گۆڤاری مانگانەی کانگورای دژە توتسی زۆر بەدکارانە بوو. لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ەوە دەستی کرد بە هاندانی خوێنەرەکانی دژ بە "سیسرکەکان" لە ڕێگەی بڵوکردنەوەی وێنەی کاریکاتێری هاندەر بۆ ڕق و قینە. ئەم پارچە نوسراوەی خوارەوە، کە لە ئاداری ١٩٩٣دا دەرکەوت، ناوەرۆکێکی نمونەیی کانگورایە کە بڵاو دەکرایەوە: [١]

هەر لە دەستپێکەوە گوتمان سیسرکەکان پەپولە ناهێننە دنیاوە. ئەمە ڕاستە. سیسرک سیسرکی دەبێت. .. مێژووی ڕواندا بە روونی ئەوەمان پێدەڵێت کە توتسی ناگۆڕێت و تەواو هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە. کینەلەدل، نەفرەتی، هەروەک چۆن بەدرێژایی مێژووی وڵاتەکەمان ناسیومانن. هەڵە نین کە دەڵێین سیسرک سیسرکێکی تر دەهێنێتە دنیاوە. چ جیاوازییەک لە نێوان ئینیانزی، ئەوانەی لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ دا هێرشیان بۆ هێناین و ئەوانەی ١٩٦٠ەکان. هەردوکیان بەیەکەوە پەیوەستن.. خراپەکاریەکەیان وەکو یەکە. ئەو تاوانانەی ئیمڕۆی ئینیانزی کە باس ناکرێن... ئەوانەی باوباپیرانیانمان بیر دەخەنەوە: کوشتن، تالانکردن، لاقەکردنی کچان و ژنان، هتد.

لە کانونی یەکەمی ١٩٩٠دا، کانگوارا "دە ڕاسپاردەکەی هووتو" ی بڵاو کردەوە(بۆ گفتوگۆ و ڕوونکردنەوەی زیاتر لەو بارەیەوە، بڕوانە بەشی ٥)، کە ئەم بنەما سەرەکیانەی خوارەوەی تیادا باس کرابوو: [٢]

---

(1) des Forges .Leave None to Tell the Story٧٤-٧٣ .لاپەڕە

(2) From the "Hutu Ten Commandments," as published in Kangura .No. 6 (December ١٩٩٠). Available at: http://www.trumanwebdesign.com/~catalina/commandments.htm

- هەر هووتویەک بە ناپاک دادەنرێت ئەگەر: ژنێکی توتسی هەبێت، کەنیزەیەکی توتسی هەبێت، سکرتێرێکی هەبێت یاخود کەسێکی لای خۆی پاراستبێت.
- پلەو پایە ستراتیژیەکان... دەبێت تەنها بۆ هووتوەکان تەرخان کرابن
- پێویستەهووتوەکان بەزەییهاتنەوە بە توتسیەکان رابگرن.

لەمێژووی هیچ جینۆسایدێکدا نەبووە کە میدیا بەقەد ئەوەی لە ڕواندا ڕوویدا ڕۆڵێکی ئەوەندە گرنگی هەبووبێت. پەخشی رادیۆکان و چاپەمەنییە بڵاوکراوەکان بە شێوەیەکی روون و ئاشکرا ئەوەیان بە دانیشتوانی وڵاتەکە راگەیاندبوو کە 'کاری مەزن' بە پەسەندکردنییەوە لە لایەن دەسەڵاتەوە، دەسەڵات ئەنجام دەدرێت. ئەم جۆرە هاندانەی سەرەوە، لە گشت میدیاکانەوە دەگواسترایەوە، بە شێوەیەکە سیستەماتیکی، زەمینەی بۆ 'چارەسەری کۆتایی' سازکرد. دەکری بوترێت کە بە بێ ڕۆڵی میدیا، ئەو ڕق و کینەیەی لە ژێرەوەدا هەبوو، ئەو جینۆسایەدەی لی نەدەکەوتەوە، یان بە دڵنیاییەوە بەو قەوارەیە نەدەبوو.

بەپێی ئەو زانیاریانەی کە هەتە، ڕۆڵی میدیا لە جینۆسایدەکەی ڕواندادا چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ ڕۆڵی میدیا لە جینۆسایدەکانی تردا؟ سیفەتی دەگمەنی بەکارهێنانی میدیا لەم کەیسەدا چی بوو؟

تاسیانا تەمەن ٤٨

کوڕە کۆرپەکەم تەمەنی سێ مانگ بوو. هەڵاتم لەگەڵ ئەودا و لە گردەکاندا خۆمان حەشاردا. خوشکە گەورەکەی لە ئێستادا تەمەنی ١٤ ساڵە. ئەوسا وامزانی مردووە. بە ساتور لەسارياندان و لەوێ جێیانهێشتن. لێرەدا کەس شەوان بە ئارامی نانوێت. کاتێک باران دەبارێت وادەزانم ماڵەکەم بەردباران دەکەن و لە بەر دەرگاکە دەوەستم و تەماشا دەکەم. ئەو شەوانە زۆر درێژن. وەک ئەوەی خۆتر قەت هەڵنەیەت.



"منداڵەکانم لە مردن تۆقیون"

بەڵگەنامەکان لە شانۆی کوشتارەکەوە[١]

رەشەکوژیی لە کانسی

بەرپرسە خۆجێیەکانی 'نیاروهینگیری'یش، بڕیاریاندا کە ١٨ ی نیسان ڕۆژی دەستپێکی کوشتنی بەرفراوان بێت. تا ئەو ڕۆژە، هووتو و توتسیەکان شانبەشانی یەکتری کاریان لەسەر بەربەستی ڕێگاوبانەکان و ئێشکگرییەکاندا دەکرد. نزیک کڵێسای کانسی، مامۆستا توتسیەکان لەسەرەتادا ترسابوون شوێنەکانیان لە کۆسپەکاندا بگرن، بەڵام ئەمەیان تەنها پاش ئەوە کرد کە لەلایەن هووتوەکانەوە دڵنیاکرانەوە کە ئازار نادرێن. چارلز کابێزای سەرۆک شارەوانی هاتنی هەزاران ئاوارەی کە ەبدوای پەنایەکدا دەگەڕان، ڕەتکردەوە بێنە ئۆفیسەکانی شارەوانییەوە، لە کڵێساو باڵەخانەکانی چواردەوریدا بەدوای ئەو پەناگەیەکدا دەگەڕان. دەیگووت گوایەفەرمانی پێکراوە نەهێڵێت هیچ کەسێک بچێتە ناو ئەو ئۆفیسانەوە و بۆیە کۆسپ و بەربەستی لەبەردەم ئەو ئۆفیسانەدا دانا بۆ دورخستنەوەی خەڵکەکە لێیان. قەشەکانیش سەرکەوتو نەبوبوون لەوەی ڕێگە بۆ ڕێکخراوی خاچی سور بکەنەوە تاکو خۆراک بگەیەنێتە ئەو خەڵکە ڕاگوێزراوە کە ئاویشیان نەبوود.

لە دوانیوەڕۆی ١٨ ی نیساندا، سەربازان و پیاوانی سوپای خانەنشین بە جلوبەرگی مەدەنییەوە دەستیانکرد بە دنەدانی هووتوەکان تا لە کۆسپەکانی نزیک کڵێساکەدا هێرش بکەنە سەر توتسیەکان. لەسەرەتادا، هووتوەکان دوودڵ بوون و ئینجا دەستیانکرد بە بەردبارانکردنی توتسیەکان و ئەوانیش بە بەرد وەڵامیان دانەوە. ئەو شەوە، هەندێک چەکدار هێرشیان کردە سەر کڵێساکە و هەندێ توتسیان کوشت. سەرلەبەیانی ڕۆژی دواتر، کرێکارەکان قەشەکانیان ئاگادار کردەوە، کە شەوی ڕابردوویان لەپشت بەربەستە دارینەکانی کڵێساکەدا بە خۆحەشاردان بەسەربردبوو، ئەو شەوە هێرشێکی بەرفراوان دەکرێتە سەریان. ئەو قەشانەی نەیانتوانیبوو خۆراک بۆ

---

(١) پارچەکانی ئەم بەشە بریتین لە چرکراوەی Alison des Forges، Leave None to Tell the Story کەسێک مەهێڵنەوە چیرۆکەکە بگێڕێتەوە. پەیوەستن بەو زانیاریانەوە کە لە ئینتەرڤیوەکانی ڕێکخراوی چاودێریی مافی مرۆڤ کە لەگەڵ بکوژان، ڕزگاربوەکان و شایەتحاڵەکاندا ئەنجامی داوە (لاپەڕە ٤٥٢-٤٥٤، ٤٧٢-٤٨٧، ٤٩١-٤٩٤).

ئەو خەڵـکە ئـاوارەیە دابـین بـکەن، بێهیوابـوون لەوەی بتـوانن بیانپـارێزن. ئامۆژگاری خەڵکەکەیان کرد بۆ ئەوەی لەوێ هەڵبێن، بەڵام سەرۆکەکانی ئەو گـروپە خەڵکـانە دەیـانووت"بۆکـوێ هەڵبێـین؟" زۆرێـک لەون بە هـۆی بـێ خـۆراکی و کەم ئـاوییەوە بێهێـز بووبـوون. کاتێـک قەشـەکە زانـی توانـای ڕزگـارکردنی هەزاران کەسـی نییە، نـزای لێخۆشـبوونی بـۆ گوناهەکـانی ئەو خەڵکە کرد و ئەوێی جێهێشت. هەرکە لە پشتەوەی کڵێساکە پەڕییەوە، یەکێک لە هێرشـبەرەکان گرتـی و خەنـجەرەکەی خسـتە سـەر ملـی قەشـەکە و بە هەڕەشـەوە ئاگـاداری کـردەوە کە نابێـت ڕێگـری لەو کوشـتارە بکـات، کە ڕوودەدات.

دوانیـوەڕۆی ئە ڕۆژە هێرشـبەرەکان هەسـتان بە کوشـتنی بەڕێوەبەری قوتابخانەکە، لە دەرەوەی دێری خوشکە ڕاهیبەکانی بێرنادین. مـاوەیەکی کەم دوای ئەوە، کـۆنە سـەربازەکان و ئەنـدامانی ئەنجـومەنی شـارەوانییەکان سەرکردایەتی هەزاران چەکداریان بۆ هێرشکردنە سـەر کڵێسـا و باڵەخـانەی قوتابخانەکان دەستپێکرد، کە لەسەرەتادا بەنارنجۆک هێرشەکەیان دەستپێکرد و بە چەقـۆ کۆتاییـان پێهێنـا. لەمـاوەی چەنـد کـاتژمێرێکی کەمـدا لە کوشـتارگەیەکی چڕوپـڕدا، ١٠٠٠٠تـا١٠٥٠٠ کەسـیان کوشـت. لەکـاتی هێرشـەکەدا سـەرکردەی هێرشـەکان شـاوڵی پلاسـتیکییان بـۆ ئارسـتەکردنی چـالاکی بکوژەکـان بەکاردەهێنـا. لەنێـو بکوژەکانـدا ئەو ئـاوارە بورونـدییانە هەبوون کە لە خێوەتگای نیانگی نزیک کڵێساکە نیشتەجێ کرابوون.

ڕۆژی پاشـتر، یەکێـک لە قەشـەکان دە یـاخود پـانزدە ڕزگـاربووی لە دەرەوەی دەرگـای سـەرەکی کڵێسـاکە دۆزیـیەوە. لەوکـاتەدا ئەو لەگەڵیانـدا دەدوا، گوێی لە هێرشبەران بوو شاوڵیان لێدەدا ریتمی فیکەکەی وەک ئەوەی ڕۆژی ڕابردوو وابوو. لە دارسـتانەکەی دوایانەوە، کۆمەڵێکی زۆر هێرشـیان هێنا و گشت ڕزگاربووەکانیان بەبەر چاویەوە کوشت. پاش ئەوەی قەشـەکە چووە ناو پۆلەکانەوە جارێکی تر هێرشکەرەکان بەدوایدا چوونە ژوورەوە و گشت ئەو منداڵ و کۆرپانەشیان کوشت کە لە کوشتارەکەی ڕۆژی پێشـوتر ڕزگاریـان بووبـوو. کاتێـک کە لێیـانی پرسـی بـۆچی سـاوا دەکـوژن و وتیان،"ئەوانە دوژمنن".

بۆ ماوەی شەش ڕۆژی یەک لە دوای یەک، دانیشتوانی ئەو ناوچەیە سەرقاڵی گەڕان بەدوای ڕزگاربووان و تاڵانکردن و هاریکاریکردن لە فرێدانی تەرمە بۆگەنبووەکان بوون. سەگ هاتن و هەندێکیان لێ خواردن. پاش ئەو شەش ڕۆژە، سەرۆک شارەوانی هەندێک کەسی بۆ ناشتنی ئەو لاشانە نارد و کڵێساش کرێی کرێکارەکانی لەئەستۆ گرت.

تاڵانکەرەکان دەستیان بە هەر شتێک گەیشتبوایە کە توانای جوڵاندنیان هەبووبێت لەناو کڵێسا و باڵەخانەی قوتابخانەکاندا بردبوویان، تەنانەت ئەو کەلوپەلانەی کە پێویستیشیان پێ نەبوو. کاتێک سەرۆک شارەوانیی داوای گەڕاندنەوەی کەلوپەلەکانی کرد، خەڵکی بەدەم داواکاریەکەیەوە هاتن. هەندێک لەو کەسانەی بەشدارییان لە کوشتنەکاندا کردبوو پرسیاری ئەوەیان لە قەشەکان کرد "ئایا خودا سزامان دەدات؟"

ئەو هووتووانەی لە بەربەستەکاندا پەیمانیان بە مامۆستا توتسیەکان دابوو کە ئازاریان نەدەن، پەیمانەکەیان بردەجێ. لەبری ئەوان، ئاوارە بوروندییەکان کوشتیانن.

لە ١٨ی نیساندا، لە هەمان ڕۆژی کوشتارەکەی سیمبی و کانسی، لە باشوری نیاروهێنگێری، بەرپرسە ئیداری و سەرکردە سیاسیەکان ڕایانگەیاند کوشتارەکە ٢٠٠٠-٣٠٠٠ کەس کوژراون لەوانەی پەنایان بۆ نوسینگەکانی شارەوانی و کۆمەڵگای کیگیمبێ بردبوو. لەهەمان ڕۆژدا، هێرشبەرەکان بە گردەکانی کۆمەڵگای هوییێ دا بڵاو بوونەوە و دەستیان بە کوشتن و سوتاندن کرد لە هەمووکەرتەکان بێجگە لە ماپرێ. هەروەها لە باکوری ڕۆژهەڵاتدا، هێرشبەرانی دەرەوەی پارێزگاکە و ئەوانەی سەر بە کۆمەڵگای موبێزرا بوون ڕاوەدووی توتسیەکانیان نا لە موبێزراوە و ئەوانەی لە باکورەوە ئاوارەببوون، بەرەوە نتیازۆ لە باشور.

بەڕای تۆ، ئایا ئەو کوشتارگایەی کە لە سەرەوە باس کرا لە ژێر خانەی هێرشی جەماوەری ڕێکخراو پۆلێن دەکرێت یان بە هێرشی هەڕەمەکی هەژمار دەکرێت؟

کوشتارگەیەکی بەرنامەبۆدارێژراو لەشارۆچکەدا

کوشتنی تاکە بەئامانجکراوەکان

هەروەک لە کیگالیدا، سەربازەکان- بەتایبەتی گاردی سەرۆکایەتی، ئەندامانی پاسەوانی کەسیی(بۆدیگارد) نیزێی ماناو هێزەکانی سوپای کامپی نگۆما- شانبەشانی پۆلیسی نیشتیمانی، دەستیانکرد بە کوشتاری کەسە بە ئامانجکراوەکان لەناو روناکبیران و دەستەبژێری سیاسی لە بوتاریێ. راستەوخۆ چوونە سەر ماڵەکانیان بۆ کوشتنیان. هەندێک جار پشتیان بە رێنوێنی کەسانی شارەزای ناوچەکە دەبەست وەک دراوسێکانیان بۆ دۆزینەوەی ماڵەکان. میلیشیاکان پاڵپشتی هێزە چەکدارە ئاساییەکانیان دەکرد. سەرەڕای چەندین دەستەی سەر بە ئینتێراهاموێ کە لە ماوەی دە رۆژی رابردوودا بە ئاشکرا هێنرابوونە ناوەوە، لە ٢٠ی نیساندا نزیکەی سەد گاردی سەرۆکایەتی و دەستەی چەکدار گەیشتنە بوتاریێ. فڕۆکەی AC-130 ی گەورەی نەفەرهەڵگر لە نێوان کاتژمێر ٤-٥ی دوا نیوەڕۆ لە فڕۆکەخانەی بوتارێدا نیشتەوە، ڕەنگ بوو ئەوە یەکەمجار بووبێت کە فڕۆکەیەکی وا گەورە لەو شوێنە بچوکە بنیشێتەوە. ئەو ئێوارەیە، بە گەیشتنی ئەو فڕۆکە نائاساییە و دەرکەوتنی سەرباز و میلیشیای نەناسراو لەناو شاردا، زۆرینەی خەڵکی پێیان وابوو کە کەسانی بێگانە بەو فڕۆکەیە بۆ بوتاریێ هێنراون. لەڕاستیدا، ئەوان بە پاس هێنرابوونە ئەو شوێنە، لەکاتێکدا فڕۆکەکە لەلایەن فڕۆکەوانی بەلجیکیەوە دەئاژوورا و بەمەبەستی دەرکردنی کۆمەڵێک راهیبەی ئەوروپایی و چاودێرانی سەربازی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە نایرۆبییەوە هاتبووە ئەو شوێنە. سەرەڕای میلیشیاکانی دەرەوەی بوتاریێ، بکوژە خۆجێییەکان، کە لەلایەن شەلۆم نتاهۆبارییەوە رابەرایەتی دەکران، لە ٢٠ی نیساندا وێرانکەرترین هێرشیان دەستپێکرد.

هەرچەندە سەرباز و میلیشیاکان هەندێک کەسیان لەماڵەکەی خۆیاندا کوشت، زۆر کەسی تریشیان بەمەبەستی لەسێدارەدان برد بۆ ئەو یان ئەویتر لەو شوێنە سەرەکیانەی کرابوون بە کوشتارگا، وەک پشت مۆزەخانەکە یا نەمامگەکەی زانکۆ یاخود نزیک ناوەندی تەندروستی دەروونی و Groupe Scolaire. لە درەنگانێکی ڕۆژی ٢٠ی نیسانەوە تاکو سێ رۆژ

پاش ئەوە، دانیشتوانی بوتاریّ گوێبیستی دەنگی تەقەی بەردەوام ببوون، کە بەتایبەتی لە گۆڕەپانەکانی کوشتنەوە دەهات.

سەربازەکان دەستیان بە کوشتار کرد لە ناوچەی ئارامی بویە، کە توتسیە دیارەکانی وەک پرۆفیسۆر کاریێنزیان کردبووە ئامانج. پاسەوانەکانی سەرۆک، کە سەر بە گرووپی پاراستنی براکەی هابیاریمانا، دکتۆر باراریێگانا، بوون، لە کاتژمێر ٢ ی بەرەبەیانی ڕۆژی ٢١ ی نیسان هاتن و کاریێنزییان بەرەو ئەو بەربەستانە برد کە بە سەربازانی ESO تەنرابوو، لەبەردەم میوانخانەی Faucon. لەوێدا لەگەڵ کۆمەڵێک کەسی تر ڕیزکران، لەناویاندا پرۆفیسۆرێکی تریشی هەبوو، کە بە ساختەکردنی کارتی ناسنامەکەی تۆمەتبار کرابوو. بە پێی گێڕانەوەی شایەتحاڵێک، ئەندامێکی میلیشیا کە لەدەرەوەی شارەکەوە هاتبوو دوو پیاو، دوو ئافرەت و پێنج منداڵی بەبەر چاوی نسابیمانای پارێزگار و جێگری بەڕێوەبەر نشیمیومورێمی یەوە کوشت، کە لە دوورییەکی کەمەوە لەو شوێنە لەسەر شەقامەکە و لەبەردەم میوانخانەی Ibis وەستابوون. یەکێک لە پیاوەکان کەوتەخۆی و هەڵهات و ژیانی خۆی ڕزگارکرد، ئەویش دەستبەجێ پرۆفیسۆر کاریێنزی بە فیشەک کوشت. پاش ئەوە سەربازەکان گەڕانەوە ماڵەکەی کاریێنزی و هاوسەرەکەیان کوشت. منداڵەکان و ئەو لاوانەی لەماڵەکەدا کاریان دەکرد لە بنمیچی خانوەکەدا خۆیان حەشار دابوو و هەڵهاتن، لەگەڵ ئەوەشدا تەنها یەکێکیان دەربازی بوو، کە دواتر ئەویش کوژرا.

کاتێک کوشتارەکە لە کیاروا دەستپێکرد، شایەتحاڵەکان دەستبەجێ هەستیان بەوە کرد کە کوشتنەکە پلان بۆداڕێژراوە. پیاوێک لە کاتژمێر ١ ی بەرەبەیاندا لەپشت ماڵەکەی خۆی گوێبیستی یەکەم دەنگی تەقە بوو و پاشان تەقەی تری لە ماڵەدراوسێکانی تریەوە بیست. ئەو پیاوە گوتی:

ئەو سەربازانەی کە هاتن ئامانجی زۆر ڕوونیان هەبوو: نداکازا لایەنگری PL بوو ، توتسی بوو، کە لەپشت ماڵەکەی منەوە دەژیا ، سینزی تارسیسسێ، کە لە زانکۆی نیشتیمانی بوو، سیمپونگا، کە لە بەڕێوەبەرایەتی بوتاریّ کاری دەکرد و ئەندامی PSD بوو، و گریگۆری هاتێگێکیمانا، فەرمانبەری زانکۆ و ئەندامی MDR بوو. سەربازەکان چوونە شەقامی پشت ماڵەکەم و شەقامەکەی بەردەم ماڵەکەم وبەتایبەتی لەو ماڵانەدا وەستان.

یەکێکی تر لە شایەتحاڵەکانی ئەو ڕووداوە نەک تەنها گوێبیستی تاوانبارەکان بووبوو بەڵکو بەڕوونی لە نزیکەوە بینیبوونی. بەم شێوەیە لێی دووا:

کێشەکە لە پاش نیوەڕۆی ٢١ ی مانگ لە کیاروا دەستپێکرد. سەرەتا گوێمان لە دەنگی تەقە بوو لە ئاراستەی ڕانگۆوە. ئەو خەڵکەی لە بازارەوە دەگەڕانەوە گوتیان کە سەربازەکان تەقەیان لە پیاوێک کردبوو بە ناوی فێنوستی و کوشتیان، پاشان چووبوونە ماڵەکەی و هەرکەسێکی لێبوو کوشتبوویان. پاشان سەربازەکان لەسەر ئەو هێڵە بەردەوام بوون و کێیان بویستایە دەیانکوشت. لە پشت خانوەکەی خۆمەوە گوێم لە دەنگی ڕێژنەی گولە بوو بە هێڵێک، لەکاتێکدا کە شەقامەکەی پشتەوە بازنەیەکی فراوانە کە بەرەو ماڵەکەی من پێچ دەکاتەوە.

کەمێک لەوانەی کە کوژرابوون بە فەرمی بەگوێرەی ناسنامەکانیان هووتو بوون، بەڵام کەسێک کە لێکۆڵینەوەی کردبوو، زانیبووی ئەوانە پێشتر توتسی بوون. کەسێک چووبووە فەرمانگەی تۆمارەکان بۆ ئەوەی بزانێت کە کەسی گومانلێکراو لە ڕاستیدا هووتو بووە یاخود توتسی.

باراقوگای نوێنەر (لورانت)م بینی ڕابەرایەتی سێ یان چوار سەربازی دەکرد کە چەکی ئەفریقای باشووریان پێبوو(ڕەنگە تەنگی R-4 بووبن). ئەو لیستێکی پێبوو. تەواو شارەزای ناوچەکە بوو و دەیتوانی ئاراستەیان بکات. سەربازەکان سەر بە پاسەوانانی سەرۆکایەتی بوون و خەڵکێکی زۆریش دوایان کەوتبوو. پاش ئەوەی سەربازەکان کاریان تەواو کرد و ڕۆیشتن، خەڵکەکە چوونە ژوورەوە و دەستیان بە تاڵانکردنی ماڵەکان دەکرد. خەڵکم بینی شەپۆلیان دەدا یەخچاڵ، ڕادیوو هەر شتێکی تریان هەڵگرتبوو بارایان دەکرد. بە نزیکەیی گشت دانیشتوانی کیاروا تێکەڵ بوون و بە خۆشحاڵییەوە دزییان دەکرد.

لەماوەی چەند ڕۆژی یەکەمی هێرشەکەدا، ژمارەیەک لە میلیشیا و هەندێک کەسی تر لە کیاروا هەستیان بەوە کرد کە گشت توتسیەکان بەئامانج نەگیراون. ناچاربوون ئاراستەی ڕێگاکەیان بگۆڕن و خۆیان بخزێننە ناو باڵەخانەیەکی گەورەوە کە ژمارەیەک ئافرەتی هاوڕێی سیندیکوبوابۆی سەرۆکی کاتی لەگەڵ خانەوادەکانیان بە بارمت گیرابوون. هێرشکەرەکان

گەمارۆی توتسیەکانیان دا بۆ ئەوەی ئامادەیان بکەن و دواتر بیانکوژن و پاسەوانی سەرۆکایەتی سەر بەباڵەخانەی سندیکوبوابۆ بەپەلە گەیشتنە ئەو شوێنە و فەرمانیان پێکردن کە ئەو شوێنە جێبهێڵن. هێرشکەرەکان نەیاندەویست واز لە بارمەتەکانیان بهێنن، بەڵام پاسەوانەکانی سەرۆکایەتی بە نارنجۆک هەڕەشەیان لێ کردن بۆ ئەوەی بکشێنەوە.

سەرەڕای روناکبیران و سەرکردە سیاسیەکان، سوپا دەولەمەندەکانی بەئامانج گرت. لەناوچەرگەی بوتارێدا، لە ٢٠ی نیساندا، سەربازەکان هێرشیان کردە سەر ماڵی خاوەن کارێکی سەرکەوتوو و بڕی ٣٠٠٠٠٠ فرانکی ڕواندییان(نزیکەی ١٧٠٠ دۆلاری ئەمریکی) بەزۆر، لەبری نەکوشتنی خۆی و خێزانەکەی، لێسەندن. دووڕۆژ دواتر، سەربازێکی گەنج بەناوی کلۆد لەگەڵ سێ کەسی سەر بە Intrahamwe، کە سەر بەو گروپەبوون کە لەلایەن شالۆمەوە سەرکردایەتی دەکران، گەڕایەوە ئەو شوێنە. پێنج لاوی پێگەیشتوو و کوڕێکی دوانزدەساڵانیان لەگەڵ خۆیاندا بردە نزیک گۆڕەپانی کوشتنەکە لە Groupe Scolaire و کوشتیانیان.

لە تومبا، شەش پۆلیسی نیشتیمانی پێش خەڵکانێک کەوتن و هەڵیانکوتایە سەر ماڵی بەڵێندەرێکی سویسری کە هاوسەرەکەی توتسی بوو. خەڵکە ئاساییەکە چەکدار بوون بە ساتور، ڕم و تەنانەت تیروکەوانیش، گەنجێک فەرمانی پێدەکردن کە کڵاوێکی یاریزانی بەیسبۆڵی بەهەڵگەڕاوەیی لەسەر بوو، وەک مۆدێلی خەڵکی بێگانە پۆشیبووی. پۆلیسە نیشتیمانیەکان چەند گولەیەکیان بۆ ئاگادارکردنەوە تەقاند و بە زۆر خۆیان کرد بە ژووردا. پاش دزینی چەند سەد هەزار فرانکێکی ڕواندی، خەڵکەکەیان بانگ کردە ژوورەوە و ئەوانیش ماڵەکەیان تالان کرد. هەندێک لەو کەسانە کەلوپەلی زۆر بەهاداریان دزی، بەڵام واپێدەچوو کە ئەوانی تر هەست بە شەرمەزاری بکەن بەرامبەر بەوەی دەیانکرد و لەئەنجامدا کەلوپەلی کەم بەها یان بێبەهایان دەبرد وەک مەنجەڵی پڕ لە پەتاتە یاخود بوکەڵەی منداڵان. بەپێی وتەی یەکێک لە شایەتحاڵەکان، پێدەچوو ئەو خەڵکە بەناچاری بەشدارییان لەو کارەدا کردبێت. ئەوشوێنەشیان بەبێ بریندارکردنی هیچ کەسێک بەجێهێشت.

سەربازەکان، ئەو کەسە گرینگانەی هووتو کە گومانی ئەوەیان لێ دەکرا دژی جینۆسایدەکەبووبن، کوشتیانن، هەروەک چۆن هێزەکانی تر ئەو

هووتوانەیان لە کیگالی کوشتبوو کە کاربەدەستی فەرمی حکومەت بوون. بەپێی وتەی شایەتحاڵەکان، نیزیمانا لەگەڵ پاسەوانەکانی دراوسیکەی خۆی ماتابارۆ ی جێگری داواکاری گشتی، کوشت. هەروەها سەربازەکان پرۆفیسۆر جین-مارێی ڤیانێی مانیراهۆ، کە رەخنەی لە ئامادەیی هێزێکی زۆری سەربازی گرت لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری تایبەت بە ئاسایش لەناو شاردا، خۆی و خانەواندەکەیان سەربڕی.

لە کیراوا، سەربازەکان ماڵی ئافرەتێکی هووتویان سوتاند، کە خزمی سەرکردەیەکی نیشتیمانی MDR ی دژ بە دەسەڵاتی هووتو بوو. پاش چەند رۆژێک، ئەو ئافرەتە، وەک لە راپۆرتەکاندا هاتووە، بە فەرمانی راستەوخۆی باراڤوگای جێگر، لە لای بەربەستەکەوە، کوژرا. لە شەوەی ٢١ی نیساندا، سەرباز و میلیشیاکان جێگری پارێزگار، زێڤانێ نیلینکاوایاو چواردە کەس لە ئەندامانی خێزانەکەی‌ان کوشت. زێڤانی نیلینکاوایا ئەندامێکی سەرسەختی هوتوی سەر بە PSD بوو و گومانی ئەوەی لێدەکرا کە سەرکردەیەکی سووربوو لەسەر کوشتنی توتسیەکان بووبێت. لە بەرەبەیانی رۆژی ٢٢ی نیساندا، دکتۆرێکی سەر بە رێکخراوی پزیشکانی بێسنوور MSF بەبەردەم ماڵی نیلینکاوایادا رۆیشت و تەرمەکانی ئەو خێزانەی دۆزییەوە کە لەبەردەم ماڵەکەدا فرێدرابوون. لەنێویاندا منداڵێکی تەمەن سێ مانگی هەبوو، کە فیشەک لە پشتی سەری درابوو و لەسەر سینگی دایکی کەوتبوو، کە ئەویش هەر بە فیشەک کوژرابوو. ئەو پزیشکە دوو رزگاربووی دۆزییەوە، کە یەکێکیان کچێکی تەمەن حەڤدە ساڵان بوو و گولەیەک بە ناو هەردوو لای سینگیدا رۆیشتبوو، ئەوی تر کورێکی چواردەساڵان بوو. کاتێک خەریکی ئامادەکاری بوو بۆ گواستنەوەیان بۆ نەخۆشخانە، دوو سەرباز بە راکردن هاتن بۆئەوەی رێگەی لێبگرن...

کوشتن بەپێی دراوسێتی

لەکاتێکدا سەربازەکان سەرنجیان لەسەر دەستەبژێرە بەئامانجگیراوەکەیان چڕکردبووەوە،ئەوانی تر، لەگەڵ پۆلیسی نیشتیمانی سەرپەرشتی ئەو میلیشیایەیان دەکرد کە گەڕەکەکانیان لەتوتسیەکان ڕادەماڵی. دانیشتویەکی کرێکاری لاوازی گەڕەکی نگۆمای کە لە ناوەڕاستی هەشتاکانی تەمەنیدا بوو، جینۆسایدەکەی وەک تۆقێنەر تێبینی دەکرد. ئەو خانمە لە ١٩٥٠کانەوە کوشتنی توتسیەکانی بینیبوو، بەڵام گوتی کە ئەم کوشتارەیان زۆر جیاوازبوو چونکە "کۆرپە، منداڵی تازە پێگرتوو، ئافرەتی دووگیان، خەڵکی بەتەمەنیان دەکوشت". ئەو خانمە ڕوونیکردەوە و گووتی:

چەکدارەکە هەمیشە بە پاسەوانیێی دو تا سێ سەربازەوە دەهات. سەربازەکان کەسیان نەدەکوشت، بەڵکو تەنها لەگەڵ میلیشیاکەدا دەهاتن و تەماشایانیان دەکرد کە خەڵکیان دەکوشت. لەماوەی چەند ڕۆژێکدا چەند جارێک هاتنە ئەو شوێنە: هێرشیان دەکرد و بەجێیان دەهێشت، هێرشیان دەکرد و بەجێیان دەهێشت. لە شەودا هاتن و هێرشیان کردە سەر خێزانێک و بەجێیان دەهێشت. ئینجا شەوی دواتر دەهاتنەوە و هێرشیان کردنی سەر خێزانێکی تر. دەشێ سێ خێزان لەم شوێنە لە یەک شەودا کوژرابن. پاشان، بۆ بەیانی ڕۆژی داهاتوو، پێنج خێزانی تر لەو شوێنە کوژران.

لە ڕۆژدا دەنگۆی ئەوەیان بڵاو دەکردەوە کە لەو شەوەدا هەڵدەکوتنە سەر چ خێزانێ. کۆبوونەوەیان بۆ پلان دانان ڕێکدەخست. هەندێکجار، دەیانگوت "ئەمشەو هێرش دەکەینە سەر خێزانێک ئەوەندە و ئەوەندە ئەندامەی لە ماڵەکەدا هەیە، ئەوەندەش منداڵیان هەیە." ئەوانەی گوێیان دەگرت هەوڵیان دەدا بزانن باس لە چ خێزانێک دەکەن. منداڵان بە تایبەتی، بڵاوەیان پێدەکرا بۆ گوێگرتن و پاشان دەهاتنەوە بۆ ئەوەی خەڵکەکە ئاگادار بکەنەوە. منداڵان و خزمەتکارەکان دەخزانە نێوان ماڵەکان و شوێنەکانی کۆبوونەوەو نێوان لقی دارەکانەوە. هەندێکجار بۆ ئەو گوێگرتنەیان پارەیان پێدەدرا. بەڵام هەندێک منداڵیش هەبوون سیخوڕییان بەسەر ئەو کەسانەوە دەکرد کە بۆ گوێگرتن دەنێردران.

هەنـدێک لە کۆبوونەوەکانـدابوون و هەنـدێکی تـریش بە شــەقامەکاندا دەگەڕان، خۆیان مەلاس دەدا، هەوڵی دۆزینەوەی ئەو کەسانەیان دەدا کە لە نێو ماڵەکاندا خۆیان شاردبووەوە. ئەو کەسانەی سیخوڕییان دەکرد بریتی بوون لە ئافرەت، لەشفرۆش و کچانی بێ مێرد.

خـانمە پیـرەکە لە خـانویەکی تـۆکمەدا دەژیـا کە کەوتبـووە روکنـی دوو شــەقامەوە. یەکێـک لەو شــەقامانە درێـژدەبێتەوە ئەو بەرزایـیەی زۆریـنەی دانیشـتوانی نگۆمـای لێـیە، ئەوی تـر شــەقامی یەکەم دەبڕێـت و بەنـاو ئەو گەلییەدا درێژ دەبێتەوە کە نگۆمـا و بەشـەکەی تری بوتـارێ لەیەکتری جیـا دەکـاتەوە. لەسـەرەتادا، لە شـەوی ٢١ی نیسـاندا، ئەو ئـافرەتە قەرەبـاڵغییەکی بینـی کە بە شـەقامەکەدا دەهـاتنە خـوارەوە، هەنـدێکیان گەڵای داری مۆزیـان پۆشیبوو، هەمیشە بە پاەوانی سوپاوە بوون:

خۆم شاردەوە و لە پشتی پەردەی پەنجەرەکەوە ،لە سوچەکەدا خۆم کوور کردبووەو سەیرم دەکرد. بینیم کۆمەڵێک خەلکیان پێش خۆیان خستبوو هاواریـان بەسـەریاندا دەکـرد و بە دار و تـیلا و پالیـان پێوەدەنان. سەربازەکان بە چەکەوە لە دوایانەوە بوون، بەلام تەقەیان نەکرد. ئافرەتێکی دووگیانم بینی تیلایەک بەر سکی کەوت و بە پشتا کەوت. گوێم لێبوو دەگریا. گشت ئەو کەسانەیان بردە ناو گەلییەکە و بە قـامچی بزمـارریژ، پاچ و سـاتور کوشـتیان. گوێم لە دەنگی گولە نەبوو، تەنها گوێم لە گریە و نالەی ئازار و تۆقان بوو لە دۆلەکەوە دەهات.

ئەو خـانمە بەتەمەنە، کە خـۆی هووتـوە، بـوو بە ئامـانجی میلیشـیاکان کاتێـک هەواڵـدەرەکان میلیشـیاکەیان ئاگـادارکردەوە لەوەی کە ئەو ئـافرەتە نەوە توتسـیەکانی شـاردۆتەوە. دەیزانـی حەشـاردانی توتسـی ژیـانی دەخـاتە مەترسـیەوە، ئەو خـانمە پیـرە پەنـای کچێکـی هەرزەکارییشـی دا کە ئەنـدامی خێزانەکەشـی نەبـوو، لە نیوەشـەودا هەلهـاتبوو و هانـای بـۆی هێنـابوو. لە کاتێکدا کە ئەو شایەتحاڵە لە پشتی پەردەکەیەوە چاودێری دەرەوەی دەکرد، بینی کە کچەکە ڕایەکردە لای ئەو پەرژینەی دەوری ماڵەکەی دابوو و خۆی نەوی کردبـوو. ئەویـش دەرگـاکەی بـۆ کـردەوە و کـچەکەش خـۆی هەڵـدایە ژوورەوە و لەسەر ئەرزەکە لەهۆشخۆی چوو. کاتێک ئەو هەرزەکارە هاتەوە

هۆش خۆی، بۆی گێڕایەوە چۆن هەندێک ئەندامانی خێزانەکەی سەربڕدراون و هەندێکی تریشیان بەرەو شوێنێکی نادیار هەڵهاتوون. ئەو خانمە بەتەمەنە ڕێگەی بەو کچە دا لەگەڵ گەنجەکانی تری خێزانەکەی لە ماڵەکەدا بمێنێتەوە. بە ڕۆژ لە نێو دەوەنەکاندا خۆیان حەشار دەدا و لە شەویشدا بە دزییەوە دەهێنرانە ژوورەوە بۆئەوەی شتێک بخۆن.

ئەو چەکدارانەی سێ جار بۆ پشکنینی ئەو خانووە هاتن خەڵکی ناوچەکە و کەرتی ماتیازۆی ئەو دەوروبەرەیان تێدابوو. ئەو دوو گروپەی لە لای دەرگای دەرەوەی ماڵەکەی ئەودا یەکیانگرتەوە، دوو سەرباز سەرپەرشتی دەکردن. زۆربەیان بە پێ هاتبوون، بەڵام هەندێک ئۆتۆمبیلیشیان پێبوو کە بۆ گواستنەوەی ئەو کەلوپەلانە هێنابوویانن یان ئەو کەسانەی کە لە هێرشەکەی ئەو شەوەدا کرابوونە ئامانج.

لەکاتی دووەم پشکنیندا، شالۆم نتاهۆباری سەرکردایەتی گروپەکەی دەکرد. بەتایبەت بەدوای ئەو کچەدا دەگەڕا کە هەواڵدەرەکان لەو شەوەدا بینیبویان دەچێتە ئەو ماڵەوە. ئەو خوشکە گەورەکەشی باش دەناسی و چەندین ئێوارە لەماڵی ئەو کچە نانی خواردبوو و شەوی لە ماڵی کچەکاندا بەسەربردبوو. شەلۆم و شوێنکەوتوەکانی بە زۆر خۆیان بەژووردا کرد و داوای ئاشکراکردنی پەناگەی کچەکە و ئەوانی تریان کرد. ساتورێکی خستبووە بەر پشتێنەکەیەوە. کاتێک خانمە بەساڵاچووەکە پێیگوت کەس لەوێ نییە، شالۆم هەردوو گوێچکەی ئافرەتەکەی ڕاکێشا و بایدا بۆئەوەی بەزۆر قسەی پێبکات، بەڵام هیچی نەدرکاند. زۆر بەباشی خانووەکە گەڕان، بەڵام کەسیان نەدۆزییەوە. دوای دوو ڕۆژ، دووبارە گەڕانەوە و ئامادەبوون بۆ کوشتنی خەڵک. ئەمجارەش هیچیان دەستنەکەوت و بە دەستی بەتاڵ و بە تورەییەوە گەڕانەوە. دوای ماوەیەکی کەم، کەسێک هات بۆ ئەوەی ئەو خانمە پیرە و حەشاردراوەکانی دەرباز بکات. کە بە ئۆتۆمبیلەکە ماڵەکەیان جێدەهێشت، لە دوورەوە بینی کە ئاپۆڕەکە بۆ جاری سێیەم هاتبوونەوە.

شایەتحاڵەکە ئەوەی خستەڕوو ئەو کەسانەی کە هێرشیان کردبووە سەر ماڵەکەی بێگانە بوون، بەڵام، گوتیشی "تەنانەت ئەوانەی دەشمناسین نەدەناسرانەوە. خۆیان وەک ئاژەڵ گۆڕیبوو. لە شێر دەچوون." شایەتحاڵێکی تر لە نگۆما ئەوەی لە پەنجەرەکەوە بینیبووی وا گێڕایەوە:

بینیم کە خەڵکی لەسەر شەقامەکە تێیلا، تەورو ساتوریان بەدەستەوەبوو. گشتیان کڵاوی MRND یاخود CDRیان لەسەر کردبوو. ئەوەی کڵاویشی لەسەرنەکردبوو، گەڵای داری مۆزیان لە ملیانەوە پێچابوو یان بەسەر شانیاندادابوو. وێنەی سەرۆک هابیاریمانایان بەسینگیانەوە کردبوو. تەنانەت مندالترینیان، بەهەمان شێوە، هەوڵی هەلگرتنی چەک یاخود دارێکی دەدا و وێنەی هابیاریمانای بەسینگەوەبوو. تەنانەت ئەندامە لاوەکانی PSDیش کڵاوی CDR و MRNDیان کردبووە سەر و وێنەی سەرۆکیان لە بەخەیان دابوو. ئێمە لەوە تێنەدەگەیشتین، چونکە PSD دژی هەردوو MRND و CDR بوو.

پاش یەکەم هێرش لە ٢٠ی نیسان، هێرشبەرەکان لەچەند ڕۆژی دواییدا و لەو دەوروبەرەی تریشدا هەر بەردەوام بوون. لە کیاروا، سوپا و میلیشیا کۆمەڵێکی زۆر خەڵکی تووتسییان دابووە بەر، لەسەر پردەکە کە بە ناوچەی گاتێمی ناسراوە، تا مردن هەر لێیاندان. لە بەشێکی تومبا، دکتۆر مونییمانا، بەپێی ڕاپۆرتەکان، دەوریە و سەرپەرشتی دەستگیرکردنی توتسیەکانی دەکرد، لە نوسینگەیەکدا بەند کرابوون کە کلیلەکەی لای خۆی بوو. لەبەشێکی تری ئەو کەرتەدا، سەرۆک خانەکە و فەرمانبەرانی تاقیگەی زانکۆ ڕێنوێنی پۆلیسی نیشتیمانییان بۆ ماڵی توتسیەکان دەکرد. لە هەردوو کیراوا و تومبادا، تا ٢٠ ی نیسان، هووتو و توتسیەکان بەیەکەوە ناوچەکانی خۆیان لە دەستی دەرەکی پاراستبوو. تەنانەت لە ٢١ی نیساندا، هەندێک لە توتسیەکان چوونە ناو دەوریەکانەوە بەو بڕوایەی کە ئەوان بەشێکن لە بەرگری نەک دوژمن. ئەوان لەلایەن هاوڕێکانی خۆیانەوە ئەندامەکانی تری ئەو دەوریانەوە کوژران. لە کەرتی ساهێرا، هێرشبەرەکان هەڵیانکوتایە سەر ماڵی ئاریستارک ڕویگیمبا، کە توانی بەهۆی دەرگایەکی بەهێزی پۆڵایین و تیروکەوان ڕایانبگرێت و نەهێڵێن بێنە ژوورەوە. بەڵام ڕۆژی دواتر هێرشکەرەکان بە یارمەتی پۆلیسی ناوچەکە گەڕانەوە، کە توانی دوو لەبەرگریکارەکان بکوژێت و ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە هێرشبەرەکان بتوانن بڕۆنە ناو خانووەکە و نۆ کەسی تر لەوێ بکوژن.

لە کابوتاری، مامۆستایان و ستافی قوتابخانەی ئامادەیی Groupe Scolaire لە بەشـــەناوخۆییەکی نزیکـــدا، لە شـــەقامی خـــوار باڵەخـــانەی قوتابخانەکـــانەوە دەژیـــان. لە کـــۆی ٦٥-٧٠ خێـــزان لە گەڕەکێکـــدا، پێنجیـــان توتســـی یـــاخود تـــێکەڵەی توتســـی-هووتوبـــوون. بە پێـــی ڕاپۆرتەکـــان، ســـەربازەکان لەلایەن ســـەرۆک خـــانەکەوە، فۆســـتین تـــواگیرایزو، ڕێنمـــایی و سەرپەرشتی کران و سـەرلەبەیانییەک گەیشتنە ئەوێ و ڕاستەوخۆ چوونە سەر ئەو ماڵانەی کە توتسی بوون. کۆمەڵێک منداڵی سەر شەقامیش لە پشت سەربازەکانەوە بۆ تەماشاکردنی توندوتیژیەکە دوایانکەوتبوون. بەپێی وتەی یەکێک لە دانیشتوانەکە کە لەو بەیانیەدا لەوێ ئامادە بوو:

> لەبەردەم ماڵەکەی خۆمان وەستاین و بە هیچ شێوەیەک نەماندەتوانی هیچ بکەین. چاوەڕێمان دەکرد، دەمانزانی لە شوێنەکانی تر چی دەگوزەرێت. چاوەڕێمان دەکرد نۆرەمان بێت، بە دەستەوەستانییەوە چاوەڕێمان دەکرد.

سەربازەکان هەندێ پیاوی توتسی، ئافرەتێکی توتسی و هووتویەکیان بەرەو سەنتەری تەندروستی دەرونی برد. یەکێک لە گەواهیدەرەکان ئەوەی دووپاتکردەوە کە هەندێ کەسیان لە بەندکراوەکان بە شێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژارد و هەوڵیاندا ناچاریان بکەن بە لێدان توتسیەکە بکوژن بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە ئەو کارە بکەن. سەربازەکان خەڵکەدەستبەسەرکراوەکەیان لە کۆگایەکدا بەندکرد و دەیانووت ئەوەندە برسین بەکەڵکی کوشتنی دەستبەجێ نـــایەن. بەرلەوەی ئەو شـــوێنە جێبهـــێڵن بە خەڵکـــی ناوچەکەیـــان گـــووت چاودێرییـــان بـــکەن. بەڕای یەکێـــک لە تەماشـــاکەرەکان، ئەوە پێویســـت نەبـــوو چـــونکە ئەوان هەوڵـــی ڕاکردنیـــان نەدەدا. پـــاش مـــاوەیەک هەر لەو ڕۆژەدا، ســـەربازەکان گەڕانەوە و کۆمەڵێـــک خەڵکـــی ســـڤیلی ناوچەکـــانی دەرەوەی کۆمەڵگاکەیان لەگەڵ خۆیاندا هێنا. بە لێدان تێیان بەربوون تا مردن. کاتێک یەکێک لە شایەتحاڵەکان بۆجاری دووەم گوێی لە دەنگی سەربازەکان دەبێت، منـدالەکەی بانـگ دەکـاتە ژوورەوە تـا بەرچـاوی ئەوان نەکەوێـت. خۆیشـی چووەتە دەرەوە و وای نیشانداوە یەکێک لەو ئاگادارییانە دەخوێنێتەوە کە بە دارێکـدا هەڵواسـراوە. بینیـویەتی ســـەربازەکان چـــوونە مـــاڵی یەکێـــک لە دراوســـێکانی، بەنـــاوی جۆزێـــف و ئەویـــش گەڕایەوە مـــاڵەکەی خـــۆی و

دەرگاکەی داخست. گشت ئەوکەسانەی بردران کوژران وپاش سێ بۆ چوار ڕۆژ هەموو خێزانەکانیشیان کوژران. هەروەها گەواهیدارەکە گوتی"ئەوە گەڕەکەکەمانی تەواو کرد و هەرگیز نەگەڕانەوە دواوە."

لەو کاتەوە کە کوشتارەکە ڕاگەیاندرا، سەربازان و چەکدارەکان وا ڕەفتاریان دەکرد مۆڵەتی کوشتنی هەرکەسێکیان هەبێت لە توتسی بچێت. لە ٢٣ ی نیساندا، دوو کەسی خەڵکە زائیر، بەڕێز کیساسا لوکاسا و هاوسەرەکەی، کە بەناو بوتاریدا گەشتیان دەکرد و لەیەکێک لە فرۆشگاکاندا ئۆتۆمبیلەکەیان وەستاند. کاتێک لوکاسا لە ئۆتۆمبیلەکەی هاتبووە خوارەوە بۆ کڕینی چەند کەلوپەلێک، خێزانەکەشی لەناو ئۆتۆمبیلەکەدا چاوەڕێی دەکرد. ئۆتۆمبیلی چەکدارەکان یان سەربازەکان بوون بەویدا گوزەریان دەکرد و لە ئۆتۆمبیلەکەدا بینییان و داوای ناسنامەیان لێکرد. بەهۆی ئەوەی نەیتوانی دەستبەجێ پێیان بدات، هەر لەوێدا کوشتیان.

بۆ خۆت ڕوونی بکەرەوە ئەو هێز و گروپانەی کوشتنەکانیان ئەنجام دەدا.

ماری، تەمەن ٦٦

لە ١٩٥٩، مێـردەکەم زانیاریەکـانی سـەر ناسـنامەکەی سـاختە کـرد. خەڵکەکە دەهـاتنە لامـان و پێیـان دەگـوتین ناتـانکوژین، بەڵام چەنـد مانگێک دوای ئەوە گەڕانەوە. منـداڵەکان هەڵاتـن، بەڵام مێـردەکەم و مـن مـاینەوە. ئەوانیان بە تەور کوشت. وایاندەزانی توتسیەکان مارن. زۆربەی دراوسێکانم لە زیندانن. خێزانەکانیان تەنانەت ئاویشم پێ نادەن. تەنانەت ئەگەر تووڕەشبم، دەبێت لێبوردە بم. ئافرەتێکی پیری وەک من چی لەدەست دێت؟ هەرگیز لەیـادی نـاکەم. هەمیشـە بە هەڵکەنـدراوی لەدڵمـدا دەمێنـنەوە. واباشـترە لە ناخمدا بیهێڵمەوە. خودا دادگاییان دەکات.



• هەمیشە بە هەڵکەندراوی لەدڵمدا دەمێننەوە•

کوشتن لەناو زانکۆ و نەخۆشخانە

لەکاتێکدا سەربازەکان و پیاوە چەکدارەکان گەڕەکەکانی ئەو دەوروبەرەیان بەئامانج گرتبوو، ئەوانی تر لە ناو زانکۆکەدا دەستیان بە کوشتن کرد. وانەکان لەبەر پشووی جەژنی زیندوبوونەوەی مەسیح وەستابوون(جەژنی قیامەت)، بەڵام هەندێک لە خوێندکارەکان لەبەشەناوخۆییەکەدا بۆ خۆئامادەکردن بۆ تاقیکردنەوەکان مابوونەوەو ئەوانی تریش لەسەرەتای دەستپێکردنی زنجیرە کوشتنەکانەوە لە شوێنەکانی ترەوە لە ترسی کوشتن بۆ ئەوێ هەڵاتبوون، بەو هیوایەی کەلەوێدا پارێزراوبن. لەسەرەتادا، لە ٨ی نیساندا، سەربازەکان هاتوچۆیان قەدەغەکردبوو بۆ ناو و بۆ دەرەوەی کەمپی زانکۆ و دەسەڵاتدارەکان لیستی ناوی قوتابیانی نیشتەجێی ئەوێیان لەبەردەستدابوو، کە لە ڕواڵەتدا بەمەبەستی پەڕینەوەی خوێندکارەکان بوو لە بەربەستەکانی سەربازەکان. لە سۆنگەی چەند بۆنەیەکی پێشوتردا وەک کوشتنەکانی مانگی شوبات، خوێندکارەکان بەسەر دوو جەمسەردا پۆلین کرابوون، ئەوانەی سەر بە هێزی هووتو و ئەوانەی سەر بە هێزی توتسی بوون، ئەوانەی تریش کە لایەنگریان بوون. خوێندکارەکانی سەر بە هێزی هووتو، کە بەناوی ڕێکخراوی قوتابیانەکەیانەوە LIDER ناسرابوون، دەستیان بە لێدانی موزیکی گۆرانیبێژی دژە-توتسی، بیکیندی، کردوو شەوانە هەڵدەستان و چاودێری ئەوانیتریان دەکرد بزانن چی دەکەن. خوێندکارە توتسیەکان و ئەوانەی تر کە لە گروپەکەیاندابوون، بەهەمانشێوە، بە پێکهێنانی چوار کۆمەڵەی پاسەوانی، کە بە نۆرە لەشەواندا چاودێرییان دەکرد. چووبوونە چەند ژوورێکی تری جیاواز لەوانەی خۆیانەوە و خوێندکارانی LIDER هەوڵیان دەدا شوێنپێیان هەڵگرن.

لە نێوەڕۆی ٢١ی نیساندا، سەربازەکان قوتابییەکیان لەنزیک بەربەستەکەی دەرگای زانکۆ و یەکێکی تریان لەناو شاردا کوشت. ئەو ئێوارەیە، هاتنە ناو قاوەخانەکەی زانکۆ، بە پێی ئەو لیستەی بەدەستیانەوە بوو، بۆ گەمارۆدانی قوتابییە توتسیەکان. هەندێک لە قوتابیە توتسیەکان گەمارۆدانی قوتابیە توتسیەکانی تریان بینی و توانییان لەگەڵ هەندێک لە هاوڕێ هووتوەکانیاندا ڕابکەن. ئەو قوتابیانەی کە دەستگیرکرابوو... لایەن

سەربازەکانەوە بەرەو نەمامگەکەی نزیک ئەوێ یان بۆ دارستانەکەی گۆڕەپانی پەیمانگای لێکۆڵینەوەی نیشتیمانی، کە لەوبەری شەقامەکەبوو، برد. پاشان قوتابیانی LIDER دەستیان بە گەڕانکرد بە دوای ئەوانەی تر کە سەربازەکان تاکو ئەوکاتە نەیاندۆزیبوونەوە. هەرتوتسیەکیان لە ژوورەکاندا بدۆزیبایەوە، کەلە ژێر جێگای نوستن یاخود هەرشوێنێکی تر خۆی مەڵاس دابێت، دەیانگرت و ڕادەستی سەربازەکانیان دەکرد. یەکێک لە کچە خوێندکارەکان کاتژمێر سێی بەرەبەیان لەلایەن کۆمەڵێک خوێندکار دۆزرایەوە و بەرلەوەی لەوبەری شەقامەکە لە ناو دارستانەکە لەگەڵ قوتابیەکی تردا ڕادەستی سەربازەکان بکرێت، ئەو کچەیان دایە بەر شەق و لێدانێکی زۆر. ئەو قوتابیە ڕوداوەکەی بەم شێوەیە گێڕایەوە.

لەوێدا سەربازەکان گوتیان ئەمان دوایین قوتابین کە وەریاندەگرین. هەروەها گوتیان کە چیتر قوتابیان بۆ نەهێنن، چونکە ئەو شەوە کاریان تەواو ببوو. دووسەربازەکە بەپاڵ ئێمەیان بردە ناو دارستانەکە. چەکەکانیان سوارکرد و هەستمانکرد کە ژیانمان کۆتایی پێهات. بەڵام پاشان قسەیان لەگەڵدا کردین. پرسیاری ئەوەیان لێکردین کە ئایا هیچ شوێنێکمان هەیە خۆمانی تێدا بشارینەوە ئەگەر ڕێگامان بدەن بڕۆین. من گوتم پورێکم لە کیاروا هەیەو ئەیمەبڵیش گوتی کە ئامۆزایەکی لەوشارەدا دەژی. ئینجا سەربازەکان پێیانگوتین کە ڕابکەین. ئەوانیش تەقەیان بە ئاسماندا کرد بۆئەوەی خوێندکارەکانی تر وا هەست بکەن ئێمە کوژراین و ئەوانیش شوێنەکەیان جێهێشت.

من و ئەیمەبڵ زیاتر چوینە قوڵایی دارستانەکەوە. ژمارەیەکی ئێجگار زۆر لاشەی بۆگەن لە دارستانەکەدابوو. هیچ شوێنێکی تر نەبوو کە بتوانین بۆی بچین. بەناچاری لەناو تەرمەکاندا ماینەوە تاکو ڕوناکی لەئاسماندا دەرکەوت.

بەیانی ڕۆژی دواتر، ئەو دوو قوتابییە پەنایان بۆ نەخۆشخانەی زانکۆیەکی تری نزیک ئەوێ برد کە هێشتا ئارام بوو. لەکۆتاییدا یەکێک لەو دوو قوتابیە کوژرا و ئەوی تر ڕزگاری بوو.

بەگوێرەی ووتەکانی جێگری سەرۆکی زانکۆ، لە ٢٠ی نیساندا نزیکەی ٦٥٠ خوێندکار لە زانکۆکەدابوون و ژمارەیەکی زۆریش بەبەردوامی دەهاتنە ئەوێ. لە ٣١ ی ئایاردا، ٢١٢ خوێندکار لەناو بەشی ناوخۆیی زانکۆکەدابوون،

١٩٠ لەوانە ڕوانـــدی بـــوون، ئەوانیتـــر بورونـــدی بـــوون. هەنـــدێک لە خوێنـدکارەکان توانیبویـان هەڵبـێن، بەڵام زۆرینەیـان کوژرابـوون. پاشـان نزیکەی ٦٠٠تەرم لە گۆڕێکی بەکۆمەڵی نزیک زانکۆکە دەرهێنران. زۆرینەی ئەو قوربانیـانە خوێنـدکار بـوون- بەشـێکی زۆری ئەو تـوێژە ڕوونـاکبیرە زیرەکە نیشتیمانیەبوون کە لە زانکۆدا لە ژێر ڕاهێنان بوون.

لە شـەوی ٢٢ی نیسـاندا، دوای ئەوەی دوو خوێندکارەکە پەنایـان بـردە بەر نەخۆشـــخانەکە بـــۆ حەوانەوە، ســـەربازانی ESO و پاســـەوانانی ســەرۆکایەتی هـاتنە نەخۆشـخانەکە و نـزیکەی چـل نەخۆشـی توتسـیـیان لەنەخۆشخانەکە کوشت. یەکێکیان بەئەندامێکی ستافی ڕێکخراوی پزیشکانی ئـازادی گـوت، کە لەوێـدا کـاری دەکـرد، "نەخۆشـخانەکە لەبەر توتسـیەکان بـۆگەن دەکـات و پێویســتە پـاکی بکەیــنەوە." لەبەیـانی ڕۆژی دواتــردا، ســەربازەکان هەر لە هێنـانەدەرەوەی نەخۆشـەکان لە هۆڵەکـان و تەنـانەت ژووری نەشتەرگەریەکان بەردەوام بوون. تەنانەت هەندێک لە فەرمـانبەرانی نەخۆشخانەکەشیان ڕاپێچا، چـونکە ناویـان لەو لیسـتەدا هەبـوو کە دەبـوایە بکـوژرێن. یەکێک لە پەرسـتارەکان، بـردرایە پشـتی نەخۆشـخانەکە و لەژێـر لێدانـدا کوشـتیان، هووتـو بـوو و خزمەتـی سـەربازە برینـدارەکانی FARی دەکـرد. دووگیـانیش بـوو لە مـانگی حەوتەمـی سـکپڕییەکەیدا بـوو و بـاوکی منداڵەکەی نـاو سـکی توتسـی بـوو. بە درێژایی دووڕۆژ، سـەربازەکان ١٤٠- ١٧٠ کەسیان لەناو نەخۆشخانەکەدا کوشت. پاش کۆبوونەوەی دەسـەڵاتداران لە نوسینگەکانی پاریزگادا، لە ٢٣ ی نیساندا، بۆ نـاڕەزایی دەربـڕین بەرامبەر بەو شــەپۆلە کوشــتنانە، ســەرۆکی شــاندی ڕێکخــراوی پزیشـکانی بێسـنور، دکتۆر زاچاریا، گەڕایەوە نەخۆشخانەکە. پاشان بەم شێوەیە دووا:

خۆم و تیمەکەم تەماشـای چواردەوری خۆمـان کـرد بینیمـان خەڵکی بە کۆمەڵی سێ کەسـی و پێنجکەسـی دەبرێنە دەرەوە بۆ پشـت نەخۆشـخانەکە. گوێمان لە قیژە و هاوارەکانیان بوو. بە تیمەکەمم گـوت، "ئێمە لێرە دەچینە دەرەوە! لەوەزیاترمان پێ ناکرێت."

هاوشـێوەی خوێندکارەکانی زانکۆکە، کەسـانی تـریش لە کۆتـایی مـانگی نیسـاندا پەنایـان بـۆ ئەوێ هێنـابوو، هەنـدێکیان لەو خێوەتـانەدا دەژیـان کە پێشوتر پەنابەرەکانی بوروندییان تێدابوو، هەندێکی تر لە ژوورە تایبەتەکاندا، لە ناو دۆلاب و چێشتخانەکاندا خۆیان حەشار دابوو. پاش کوشـتنی یەکەمـی

ناو نەخۆشخانەکە، سەربازەکان بەبەردوام دەهاتنەوە و دەگەڕان بەشوێن ئەوانەی خۆیان حەشاردابوو . ئێوارەیەکیان کچەخوێندکارێکی کۆلێژی یاسایان بەناوی ئیپیفانی دەستگیر کرد، کە خۆی وەک یەکێک لە ستافی نەخۆشخانەکە پیشان دەدا. بەر لەو کاتە دەسەڵاتداران ڕاگرتنی کوشتنیان ڕاگەیاندبوو(دواتر ببینە) و گوتبویان ئەوەی ژیانی کەوتە مەترسیەوە داوای یارمەتی بکات، هەربۆیە ئیپیفانی چەندجارێک قیژاندی. بەڵام هیچ کەسێک بەدەمیەوە نەهات و سەربازەکان بردیانە ناو دارستانەکی خوار نەخۆشخانەکەوە، لەوێدا دەستدرێژی سێکسیان کردە سەر و زۆریشیان لێدا. پزیشکێکی سەربازی بەناوی ڕوانیۆنگا بەوەی زانی و چوو بۆئەوەی لە دارستانەکەدا بیدۆزێتەوە. کچەکەی هێنایەوە نەخۆشخانەکە و خستیە ژێر چاودێری چڕی پزیشکییەوە. نزیک کاتژمێر ١١،٣٠ ی شەو، چوار سەرباز هاتنە نەخۆشخانەکە و کچەکەیان برد و کوشتیان.

هەندێک لەو توتسیانەی پەنایان بۆ نەخۆشخانەکە بردبوو خەڵکی کۆمەڵگای هویە بوون. هەر لەپاش ئەوەی سەربازەکان نەخۆش و ستافی نەخۆشخانەکەیان کوشت، میلیشیایەک لەو کۆمەڵگایەوە هاتن، هێزێکی سەربازیشیان بۆ پاسەوانی لەگەڵدابوو، تاکو پیاوان و کوڕانی سەر بە هویە کۆبکەنەوە. بە گوێرەی یاداشتەکان، هەموو ئەوکەسانەیان بەزۆر بردەوە بۆ هویە و کوشتنیان، جا لەڕێگا بەرەو ئەوێ یاخود هەرپاش گەیشتنەوەیان بە هویە. بەپێی شایەتحاڵەکان، سەرۆکی شارەوانی نگۆما لە فشارەکان بۆ سەر خەڵکی هویە تاکو ئەو شوێنە جێبهێڵن بەشداربوو، گوایە چەند جارێک لەماوەی دوو هەفتەدا لەپاش ئەوە هاتبووەوە ئەو شوێنە، دووجار بە یاوەری سەربازەکان، بۆئەوەی توتسیەکان بدۆزێتەوە و لە ناو نەخۆشخانەکە بیانهێنێتە دەرەوە. هەندێک لەوکەسانەی لە نەخۆشخانەکە دەرکران، بەگوێرەی ڕاپۆرتەکان، لەبەردەم ئەو بەربەستەی دەگادا کوژران کە تۆزێک لەخوارووی شەقامی نەخۆشخانەکەوە بوو.

دکتۆر ئەڵفۆنس کاریمێرا، ڕاگری کۆلێژی پزیشکی، هەوڵیدا پاساوێک بهێنێتەوە بۆ "پاککردنەوە" ی نەخۆشخانەکە لە پلانێکی فەرمیدا کە لە ٢٤ی نیساندا دەرچووبوو، کاتێک هێشتا کوشتارەکە بەردەوام بوو. لەژێر ناونیشانی"بزاوتی کۆمەڵایەتی-پاکژکاریی و کاری مرۆڤانە بۆ قوربانیان و کەسانی ئاوارەبووی ناوخۆ بەهۆی جەنگەوە: پڕۆپۆزەلێک لە بەشی

دەرمانسازییەوە لەبارەی چۆنیەتی کارکردنی UH (نەخۆشخانەی زانکۆ) لەماوەی ئەو وێرانکارییە گەورەیەدا.' لەلایەن جێگری سەرۆکی زانکۆوە، نشیمیومورێویێ، کە خۆی ڕەزامەندی لەسەر دابوو، بۆ پارێزگار نێردرا. پلانەکە داوای دەکرد ئاوارەکان، ئاوارەی ناوخۆو ئەوانەی نەخۆشی مەترسیداریان نییە، لە ناو نەخۆشخانەکە و خێوەتەکانی ناو گۆڕەپانەکەی دەربکرێن. پێویستە ئەو کەسانەی کە، بەپێی قسەکانی جێگری سەرۆکی زانکۆ، 'بشێوییەکی زۆریان بەبێ هۆ لە نەخۆشخانەی زانکۆدا دروست کردووە' بە ڕێکخراو و یەکە ئیدارییەکانی مافی مرۆڤ بسپێردرێن. لە پرۆپۆزەلەکەدا، دکتۆر کاریمێرا گلەیی لە 'نەبوونی کارمەندی پێویست' دەکرد.' بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هۆی ئەو لەدەستدانە لەپڕەی فەرمانبەرانی بکات و داوای دامەزراندنی کاتی دەکرد، بۆئەوەی کەموکورییەکان پڕبکاتەوە. هەروەها جەختی لەسەر پاککردنەوە و پاراوکردنی بەپەلەی ناوچەکە دەکردەوە، ئەویش بە لابردنی ئەو لاشانەبوو کە ڕەنگ بوو ببێتە مەترسیەکی گەورە بۆسەر تەندروستی خەڵکی ناوچەکە. کاتێک زانی کە پۆستی سەرپەرشتیاری پزیشکی لەوکاتەدا بەتاڵە، ئامادەیی بەشی دەرمانسازی لە سەرپەرشتیکردنی ئەو کارەدا نیشاندا. ئەو کەسەی کارەکەشی گرتەدەست دکتۆر ئیوگین ڕوامۆسیۆ بوو، کە ئەندامێکی ستافی پزیشکان بوو کە بە هەڵسوکەوتە دژە-توتسیە (بڕوانە دواتر) مەترسیدارەکانی ناسرابوو.

لە ڕۆژی ۲ ی مایس دا، نسابیمانای پارێزگار(سەرۆک کەرت، هەرێم، یاخود ناوچە) بە جێگری سەرۆکی زانکۆی ڕاگەیاند کە ئەنجومەنی ئاسایشی پارێزگاکە ڕەزامەندی لەسەر پلانە داڕێژراوەکە دەربڕیوە. هەروەها ئەوەشی پێڕاگەیاند کە ئەوان بەدوای ڕێگەچارەیەکی گونجاودا دەگەڕێن بۆئەوەی بتوانن ڕەفتار لەگەڵ ئەو ئاوارانەی تر کەماندون لە نەخۆشخانەکەدا بکەن. هەر لەو ڕۆژەدا، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە بەو خەڵکەی پەنایان بۆ ئەوێ هێنابوو گوت بڕۆن بۆ پارێزگا و تەنانەت گواستنەوەشی بۆ هەندێکیان دابین کرد. بەگوێرەی گەواهی یەکێک لەو شایەتحاڵانەی لەوێدا ئامادەبووبوو، پێیان وتراکە بڕۆن بۆ پارێزگا بۆئەوەی بەڵگەنامەی پێویست بەدەست بهێنن بۆئەوەی بگەڕێنەوە سەر ماڵ و حاڵی خۆیان. بەپێی وتەکانی شایەتحاڵێکی تر:

پاشان گوتیان که هەرکەسێک لە نەخۆشخانەکەدایە دەبێت بڕوات بۆ پارێزگا. سەرۆک شارەوانییەکان دەیانەوێن ئێوە بگەڕێنەوە ماڵەکانی خۆتان و سەرۆک شارەوانییەکان دێن و خەڵکەکانی خۆیان دەبەنەوە ئەو گردانەی لێوەی هاتوون.

یەکێک لەو دوو خوێندکارەی کە دەستگیر کرابوون و پاشان ڕێگەیان دابوون دەربازیان ببێت لە نێو ئەو کەسانەدابوو کە نێردران بۆ پارێزگا. ئەو کچە بەم شێوەیە دوا و ووتی:

لەکەرتی پارێزگاکە، ئەندامەکانی سەر بە Interahamwe چاوەڕێیان دەکردین. پێیان گوترابوو کە ئێمە دێینە ئەو شوێنە و ئەندامانی Interahamweی سەر بە کۆمەڵگایەک چاوەڕێی دەکرد خەڵکەکەی خۆیان ببەن و بیانکوژن. خوێندکارەکانیشمان لەگەڵدابوو. هەرکە گەیشتین، ئەندامەکانی Interahamwe گەمارۆیان داین و ئێمەیان خستە بازنەیەکەوە. یەکێک لە سەربازەکان دەستێکی لەشانم دا و ویستی بزانێت کە ئایا من خوێندکاری زانکۆکە بووم یان نا. منیش گوتم بەڵێ. پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ئایا بەتەنهام، منیش گوتم نەخێر، قوتابیەکی تریشم لەگەڵدابوو. داوای لێکردین کە بەدوایدا بڕۆین. ئێمەی بردە لای تاقمە سەربازیەکە. خەڵکێکی زۆر لەوێدابوون و لێیاندەدان. پاش ئەوەی کە تەواو بوون، پێیان گوتین کە بڕۆین. هەرکە چووینە دەرەوە، سەربازێکی تر دەستی خستە سەر شانم و پێی گوتم کە ئاخۆ دەیناسمەوە و منیش لەوەڵامدا گوتم نەخێر. پرسیاری ئەوەی لێکردم کە ئایا دەزانم ئەوە چییە کە بەدەستیەوەیەتی و کاتێک لێم وەرگرت بینیم کە ناسنامەکەم بوو. پێی گوتم کە ئەو هەمان ئەو سەربازەیە کە دەبوایە بمکوژێت بەڵام ڕێگەی پێدام بڕۆم... پێشی گوتم کەیارمەتیم دەدات و پاشان منی گەیاندە کیاروا. ئێستاش نازانم بۆچی وایکرد.

لەو کاتەدا، گشت ئەو کەسانەی لە نەخۆشخانەکەدابوون نەبرابوونەوە کۆمەڵگاکانی خۆیان. هەندێکیان چوبووونە ڕیزی گروپە توتسیەکە و بۆماوەی دوو هەفتەی تر لەو کەرتەدا مانەوە.

کوشتاری بەکۆمەڵ

شارۆچکەی بوتاری

لە هەرێمی بوتاری دا، هەروەک شوێنەکانی تر، زۆرترین ژمارەی توتسی لە کوشتارگای ناو کڵێساکان، باڵەخانە گشتییەکان و شوێنە قەرەباڵغەکانی تردا، لە کەمترین ماوەدا کوژران. لە بوتاریدا، هەرچەندە، خراپترین کوشتار سەدان کەسی تێدا ژیانیان لەدەستدا، لەبری هەزاران کەس چونکە پێشتر بەرپرسان ڕێگەیان بە کۆبوونەوەی توتسیەکی زۆر لە سنوری ئەو شارەدا نەدابوو.

لە دوو هەفتەی یەکەمی مانگی نیساندا، سەدان توتسی لەو شوێنە فراوانانەی بەردەم نوسینگە حکومیەکان کۆببونەوە. لە ١٩ ی نیساندا، هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، سەربازەکان دەستیان کرد بە جیاکردنەوەی پیاوەکان لەو گروپە و بەرەو کوشتن بردیانن. ئەوەی بەجێمابوو، زۆرینەی ئافرەت و منداڵ بوون، دەکرا ببن بە سەرچاوەی کێشە بۆ دەسەڵاتداران تاکو کۆتایی مانگی حوزەیران. لە شوێنێکەوە دەگوێزرانەوە بۆ شوێنێکی تر و لەشەواندا زۆریان لێ دەستگیر دەکرا، بەڵام هەرگیز بە ئاشکرا و لەناو شاردا هێرشیان نەکرایە سەر.

دەسەڵاتداران ٦٠٠-٧٠٠ منداڵیان لە هەتیوخانەکانی کیگالییەوە گواستبووەوە بۆ قوتابخانەی ئامادەیی Groupe Scholaire و ڕێگەیان بە سەدان ئاوارەی تری کیگالی دابوو لە باڵەخانەی قوتابخانەکان و داڵانەکاندا بمێننەوە.

لە ٢١ی نیساندا، سەربازەکان بە یاوەری Interahamwe، کە هەندێکیان بلووسێکی زەرد و سەوزی میلیشیایان لەبەردابوو، هاتنە قۆتابخانەی ئامادەیی Groupe Scolaire لەو کاتەدا منداڵەکانی خانەی هەتیوان و ئاوارەکان نانی نیوەڕۆیان دەخوارد. هەمویانیان بانگکردە دەرەوە و بەپێی کارتی ناسنامەکانیان کردیانن بە دوو کۆمەڵەوە و بە ساتور و تێلا دەستیانکرد بە کوشتنی توتسیەکان. بە پێی ڕاپۆرتەکان، دانیشتوانی ناوچەکە، لەژێر ڕێنمایی سەرۆکی خانەکە، فۆستین تواگیرایزو بەتایبەتی بوروندییەکان، بەشدارییان لە کوشتارەکەدا کرد. بەپێی وتەی یەکێک لە گەواهیدەرەکان،

هەندێک لە ژنەکان، کە ڕواندی و بوروندییان تێدابوو، ژن و منداڵەکانی تریان کوشت.

هەندێ کەس لە کیگالی و شوێنانی تر، لای کەم سەدان کەسیان، بە هێمنی و لەگەڵ خێزان یاخود هاوڕێکانیان لەشارەکەدا بڵاو ببوونەوە. ژمارەیەکی کەم لە هاوشارییە توتسیەکان، بەشێوەیەکی نهێنی لە دێر و کڵێساکاندا خۆیان شاردبوەوە. زۆرینەشیان بەشێوەیەکی ئاشکرا پەنایان بۆ کڵێسای نگوما و کڵێسای مەتڕانی ڕواندا برد.

کۆمەڵگای نگوما: گوشتارگاکانی ماتیازۆ و کاباکۆبوا

بەهۆی یاساغکردنی کۆبوونەوەی خەڵک بە ژمارەیەکی زۆر لە ناو شاردا، ئاوارەکان لەکۆمەڵەی هەزارکەسیدا لە ماتیازۆ و کاباکۆبوا، دوو ناوچەی دەرەوەی شار بەڵام سەربە شارەوانی نگوما، کۆببوونەوە. لەسەرەتادا بەرپرسەکان ویستیان ئەوئاوارانەی لە ماتیازۆ بنێرن بۆ کڵێساکان لە کاراما و سیمبی، هەروەک پێشتر باسمان کرد. بەڵام کاتێک ئەمە سەری نەگرت، کانیاباشی، سەرۆک شارەوانی، گشتیانی ناردە ناوەندی تەندروستی ماتیازۆ و پۆلیسیشی بۆ پاراستنیان ڕاسپاردبوو. هەروەک کۆمەڵە هاوشێوەکانیان لە شوێنەکانی تر، ئازادی جموجۆڵیان هەبوو وەک چونەدەرەوە بۆ کرینی خۆراک. دوای ۱۹ ی نیسان، ئەوەی لەوێدابوو بۆی نەبوو بچێتە دەرەوە. لە ڕۆژی ۲۱ ی نیسان، سەربازەکان بە نارنجۆک هێرشیان کردە سەر ئەو ناوەندە تەندروستیە ئینجا تەقەیان لەهەندێکیان کرد. پاشان میلیشیا و دانیشتوانی ئەو ناوچەیە بە چەقۆ و تێلا هێرشیان بۆ بردن و زۆرینەی ئەو دوو یان سێ هەزارکەسەی پەنایان بۆ ئەو سەنتەرە بردبوو، کوشتیانن. گەواهیدەرێک، کە لەو کاتەدا لەسەر گردێکی بەرامبەر ماتیازۆ بوو، بە ڕوونی گوێی لە دەنگی کوشتارەکە ببوو. بەم شێوەیە دووا:

گوێم لە گشت ئەو دەنگانە بوو کە لە ماتیازۆوە دەهاتن، تەقینەوەی نارنجۆکەکان، پاشان هاواری گەنجەکان کە دەیانگوت "هێز" دەنگی فیکە و دەهۆڵەکان. ئەمە تاکو کاتژمێر ٥ ی بەیانی بەردەوام بوو.

ئەو منداڵ و کۆرپانەی لە کوشتارگەکەی ماتیازۆدا ڕزگاریان ببوو، بۆماوەی سێ ڕۆژ لەناو تەرمەکاندا بەجێهێڵدرابوون. پاشان هەندێک ئافرەت هاتن و کچە بچووکەکانیان بردەوە ماڵەکانی خۆیان و ڕەنگە بۆ ئەوەیان

بووبێت کە گەورەیان بکەن بۆئەوەی ببن بە خزمەتکاریان. لە ٢٥ ی نیساندا، ڕاوێژکاری ئەو کەرتە، ئاتانزێ نشیمیمانا و پۆلیسی کۆمەڵگاکە، مارک پۆلیپۆلی، بارهەڵگرێکی پڕ لە منداڵی برینداریان بەرەو نەخۆشخانەکەی Groupe Scolaire برد. کاتێک دەیانویست کاروانی دووەمی برینداران، کە ٦٢ منداڵی برینداربوون، بگوازنەوە، سەربازەکان لە کامپی نگۆمادا ڕێیان لێگرتن و پێیان گوتن کە گواستنەوەی ئینیانزییەکان قەدەغەیە و ڕێگەیان نەدان لەبەربەستەکەیان بپەڕنەوە. بەناچاری منداڵەکانیان، کە تەمەنیان لە چەند مانگێکەوە تاکو چوار ساڵان دەبوو، لە پەرستگاکەی نگۆما جێهێشت، کە لە بەربەستەکەوە نزیک بوو، جگە لەوان نزیکەی چوارسەد کەسی تر وەک پەنابەر لەوێدابوون. قەشەکانی نگۆما هەوڵیاندا خاچی سوور بهێننە ئەو ناوچەیە بۆئەوەی منداڵەکان ببەن بۆ نەخۆشخانە، بەڵام ئەوانیش لەوەڵامدا گوتیان کە ئەوە بێسوود دەبێت چونکە ئەو منداڵانە لەڕێگەدا دەکوژرێن. پەرستارێک بەناوی دۆمیتیلا موکابازیگا، کە یەکێک بوو لەوانەی پەنای بۆ کڵێساکە هێنابوو، سەرەڕای نەبوونی کەلوپەلی پێویست چاودێری منداڵە زامدارەکانی کرد. موکابازیگا ژنخوشکی کانیاباشی بوو و لەو چەند ڕۆژەی ڕابردووشدا چەندجارێک داوای لێکردبوو کە خۆی و منداڵەکانی و برازاکەی دەرباز بکات. بەپێی ڕاپۆرتەکان، لەوەڵامدا پێی گوتبوو کە ناتوانێت هیچیان بۆ بکات.

دووەم گەورەترین کوشتارگە لە نگۆما، لەهەمان ڕۆژی کوشتارگەکەی ماتیازۆدا ڕوویدا ، بەڵام لەوسەرەکەی تری کۆمەڵگاکەوە. ماتیازۆ دەکەوێتە باکوری نگۆما لەکاتێکدا کاباکۆبوا، کە ناوچەیەکی نیمچە لێژە سێ گەلی بەیەک دەگەیەنێت، دەکەوێتە نێوان دوو کەرتەکەی باشور، نکوبی و ساهێرا. زۆرێک لە توتسیەکانی گیکۆنگۆرۆ و ژمارەیەک لە کۆمەڵگاکانی بوتاری وەک هویی، گیشامفوو نگۆما، کە هەندێکیان چەند سەرئاژەڵێکیان هەبوو، لەو شوێنە کراوەیەدا خێوەتیان هەڵدابوو، جارێ بە تەواوی بڕیاریان نەدابوو کە دە میلی تر بەردەوامبن بەرەو سنوری بوروندی. دەیانتوانی لە کاباکۆبواوە ڕاستەوخۆ بەرەو باشور بەشوێن ڕوباری میگیناوە، یان ئەو دوو ڕێگایەیان بگرتایەتە بەرکە هاوتەریب بوون لەگەڵ ڕوبارەکەی بەرەو سنور دەیبردن. کاتێک کوشتارەکە چڕبووەوە، ژمارەیەکی زۆرترتوتسیەکی هاتنە کاباکۆبوا، هەندێکیان لەلایەن دەسەڵاتەوە و هەندێکی تریشیان لەلایەن دراوسێ

هووتوەکانیانەوە پێیان گوترابوو بەرەو ئەو شوێنە بچن. لە نزیکەی میلێکەوە لەباکوری کاباکۆبواوە بازاری ڕانگۆ هەبوو، کە یەکێک بوو لەو دوو بازاڕەی پێویستیەکانی بوتاریێ و ناوچەکانی دەوروبەرییان دابین دەکرد. ڕۆژی پێنج شەممە ی ڕێکەوتی ٢١ ی نیسان، ڕۆژی بازاڕی بوو. لە درەنگانێکی بەیانی ئەو ڕۆژەدا، چەند کەسێک بە جلوبەرگی مەدەنییەوە، بە پاسکیل هاتنە بازاڕەکە و ناسنامەی ئەو خەڵکەیان دەپشکنی کە لەوێدا بازاڕییان دەکرد. هەر زوو دەنگۆکە بڵاو بۆوە کە ئەو کەسانە نەک تەنها سەرباز بوون، بەڵکو سەر بە گاردی سەرۆکایەتی بوون. یەکێک لەو پیاوانە، یاخود کەسێکی تر، لەناو ئەو بازاڕەدا تەقەی لە توتسییەک، بەناوی ڤینوستێ، کرد. پاش ئەوە خەڵکێکی زۆر لەبازاڕەکەوە بەرەو کاباکۆبوا هەلاتن، کە بووە هۆی زیادبوونی ژمارەی ئاپۆراکە لەو شوێنەدا. بەپێی چەند خەمڵاندنێک، ڕەنگە نزیکەی ١٠٠٠٠ توتسی لەو شوێنەدا بووبن.

لە دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژەدا، خەڵکی ئەوێ هێرشیان کردە سەر توتسیەکان، کە پێدەچێت بەیارمەتی پۆلیسی هەرێمی و بەلایەنی کەمەوە یەک سەربازی پێشوو، بووبێت. لەسەرەتادا توتسیەکان بەرپەرچی هێرشەکانیان دایەوە. هەندێک لە توتسیەکان، کەژمارەیان نزیکەی ٥٠٠ کەس دەبوو، بڕیاریاندا ڕواندا جێبهێڵن و بەرەو کۆمەڵگای کابایێ ڕۆیشتن کە دەکەوێتە باشوری ڕۆژهەلاتی سنورەکەوە. هەندێکیان بەرلەوەی لەو ڕووبارەی ڕواندا و بوروندی لەیەکتری جیادەکاتەوە، بپەڕنەوە، کوژران. بەیانی ڕۆژی دواتر، ٢٢ی نیسان، بارهەڵگرێکی سەر بە پۆلیسی هەرێمی گەیشتە نگۆما و ژمارەیەک توتسی لەناو قەرەباڵغیەکەدا هەڵبژارد و بردیانی. پاشان لەهەمان ڕۆژدا دووبارە شانبەشانی سەربازەکان و پۆلیسی نیشتیمانی، ئەوانەی چەکی ئارپیجیی (RPG) و تفەنگیان بۆ کوشتنی توتسیەکان بەکارهێنا، هاتنەوە ئەو شوێنە. لەو شەوەدا، لەسەر گردەکانی نیار و هێنگێریدا، لەبەرەکەی تری دۆڵەکەوە، ژمارەیەک لە دانیشتوان بە خواردن، گۆرانی گوتن و سەماکردن ئاهەنگی کوشتارەکەیان گێڕا.

کوشتارگەکانی ٣٠ ی نیسان

ئەو خەڵکەی لەناو کڵێساکانی نگۆمادابوون تەنها دوو ڕۆژ چێژیان لەو بەڵێنە بینی کە بۆ پاراستنیان پێیاندرابوو . لە کاتژمێر دەی شەوی ٢٩ ی نیساندا، ، میلیشیا و ئاپۆڕەی خەڵکی ئەوێ هێرشیان کردە سەر باڵە خانەکانی کڵێساکە. یەکێک لەوانەی لەوێ بوون توانی خۆی بگەیەنێتە گومەزی زەنگی کڵێساکە و بۆ ماوەی ٣٥ خولەک زەنگی لێدا، بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو دانیشتوانی ناوچەکە کە پێشێلکردنی ئەو پەیمانی ئاشتییە بوو کە بەو خەڵکەدرابوو. یەکێک لە قەشەکان پەیوەندی بە سەربازگەی سوپاوە کرد، کە کەمتر لە میلیک لەوێوە دوور بوو. سەربازێک وەڵامی دایەوە و لەبارەی ئەو جۆرە چەکەوە پرسیاری کرد کە هێرشبەرەکان پێیانە، ئینجا بە قەشەکەی گوت "نیگەران مەبە. ئازارتان نادەن". سەخت بوو قەشەکە بەمە دڵنیابێتەوە، پەیوەندی بە داواکاری گشتییەوە، ماتیاس بوشیشی، کرد، کە پیاوێکی خەڵکی ڕوهێنگێری بوو وا دەزانرا کاریگەری لەسەر سەرکردەکانی جینۆسایدەکەدا هەیە. بوشیشی ڕازی بوو پەیوەندی بە فەرماندەی سەربازگەکەوە بکات. دوای دوو کاتژمێر، هەشت سەرباز هاتن کە لەلایەن ئەفسەرێکەوە بەناوی نیۆنتێزێ ڕێبەری دەکران. ئەفسەرەکە تورەیی خۆی بەسەر قەشەکاندا ڕژاند بەهۆی ئەوەی ئەو ژمارە زۆرەی پەنابەرانیانی لەنزیک بنکە سەربازیەکە داڵدە داوە و هیچ ئارەزوویەکی بۆ دەستگیرکردنی هێرشبەرەکان پیشان نەدا. ئاوارەکانی ناو کڵێساکەی ژمارد و ئەوێی جێهێشت. ئەو هێرشبەرانەی کە بەهۆی بەردبارانکردنیانەوە لە ڕەفەکانی کڵێساکانەوە نەیانتوانیبوو نزیکتر ببنەوە، ئەوشەوە ئەوێیان جێهێشت.

بۆ سبەی کاتژمێر ١٠ی بەیانی، بیست و دوو سەرباز لەژێر فەرمانی ئەفسەر ئیلدیفۆنس هاتیگێکیمانا دا، سەرکردەی بنکە سەربازییەکەی نگۆما، گەڕانەوە ئەو شوێنە. پاش ئەوەی بە ئاوارەکانیان گوت کە نایانکوژن و دەیانبەن بۆ زیندان، خەڵکە مەدەنییەکەی نارده ژوورەوە بۆئەوەی کاری کوشتنەکە ئەنجام بدەن. یەکێک لە شایەتحاڵەکان کە لەوێ خۆی شاردبووەوە، گریانی منداڵەکان و پاڕانەوەی ئافرەتەکانی بیستبوو. بیستبووی کە "شەققەی لێدانوکانی بیستبوو، دوای ئەو گریان دەبیسترا"، کە

پێی وابوو دەشێ ئەوە دەنگی منداڵەکان بووبێت کە بە کوتەک دەکوژران. پاش کاتژمێرێک بێدەنگ بوو. لەو کڵێسایە ٤٧٦ کەس هەبوون٣٠٢ دانەیان منداڵ بوون. هەندێک لە قوربانیەکان بردرانە دارستانەکەی نزیک تا لەوێ بیانکوژن، ژمارەیەک لە ئافرەتەکانیش پێش کوشتنیان لاقە کران. بەپێی وتەی گەواهیدەرەکان، مارک پۆلیپۆلی بەتایبەتی ژنخوشکی سەرۆک شارەوانیەکە و منداڵەکانی لەدەرەوەی کڵێساکە ڕادەستی بکوژەکان کرد.

لەدرەنگانی ئەو بەیانیەدا باران دایکرد، بەڵام کاتێ پاشنیوەڕۆ بارانەکە وەستا، بکوژەکان هاتنەوە بۆ کوشتنی ئەو منداڵە بریندارانەی کە هێشتا لە ژیان مابوون لەچیمەنەکەدا کەوتبوون. لەو کاتەی خەریکی کوشتنی منداڵەکان بوون بە کوتەک، ئۆتۆمبیلێکی سەر بە وەزارەتی تەندروستی هاتە شوێنەکە و چەند فەرمانبەرێک تێیدا هاتنە خوارەوە. بکوژەکان لەگەڵیاندا دوان و بەردەوام بوون لە کوتەک کێشان بەو منداڵانەدا کەلەسەر زەوی کەوتبوون. پاش ئەوەی کە فەرمانبەرەکان ئەوێیان جێهێشت، بکوژەکان ئەو برنجەی لە کۆگای کڵێساکەدا مابووەوە تاڵانیان کرد وەک پاداشتێک بۆ ئەو"کار"ەی کردبوویان.

هەندێ لە سەربازەکان بەشوێن ئابێ جێرۆم ماسینزۆی قەشەشدا گەڕابوون، کە بەپێی ڕاپۆرتەکان ویستبویان بەر لە کوشتنی ئەشکەنجەیەکی زۆری بدەن، بەڵام دووان لەوان بەر لە هێرشەکە یارمەتییان دابوو بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە. دواتر یەکێکیان گەڕایەوە و داوای ٥٠٠٠٠٠ فرانکی ڕواندی دەکرد، کەدەیکردە (٢٨٠٠ دۆلاری ئەمریکی)، بۆئەوەی پەناگەکەی بە نهێنی بهێڵێتەوە. ئەو بڕەپارەیە لەبەردەستدا نەبوو، ئابێ توانی پەیوەندی بە کڵێساکانی ترەوە بکات کە لە ئەنجامدا توانییان لەڕێگەی کانیاباشی سەرۆک شارەوانییەوە ئەو پێنجسەدهەزار فرانکە ڕواندیەیان دەست بکەوێت. ئەوە یەکەم بڕەپارەبوو کە بۆ ڕزگارکردنی ژیانی قەشەیەک بە سەربازێک بدرێت. ئەو سەرۆک شارەوانییە گوتبووی تەنانەت ڕازی نەبووە بۆ ڕزگارکردنی ئەندامانی خێزانەکەی خۆی وا بکات، کە لە کوشتارگەکەی نگۆمادا کوژران. چەندجارێکی تریش، بەپێی ڕاپۆرتەکان، ڕەتی کردبووەوە فریای خزمەکانی خۆی بکەوێت، بەو دوو کچەشەوە، کە یەکێکیان تەمەنی حەوت ساڵان بوو، ئەوی تریش هەشت ساڵان. ڕەنگە پێی وابووبێت کە یارمەتیدانی خزم و

کەس زووتر ئاشکرا دەبێت وەک لەوەی یارمەتی کەسانی تر بدات و دەبێتە هۆی ئەوەی دەستبەجێ تۆڵەی لێبکرێتەوە.

بە ئاشکرا، هەر پاش راگەیاندنی ئۆپەراسیۆنی کلێساکەی نگۆما، ئەفسەرهاتێگێکیمانا و ژمارەیەکی زۆرتری سەرباز، کەسانی پیشەگەری خەڵکی بوێی و خەڵکی تری بۆ پشکنینی شوێنێکی ئاینی کە لەسەری رێککەوتن، بۆ بێنیبیکیرا لە ڕواندا، نارد. نوسراوێکی ئاگادارینامەیەکیان هێنابوو لەلایەن کۆلۆنێل موفونیێ وە واژۆ کرابوو. هاتێگێکیمانا فەرمانی بەو سەرباز و کەسە پیشەگەرانەی لەگەڵیدا بوون دا کە دەگەمارۆی هەموو کەسانەی ناو ئەو کۆمەڵگا گەورەیە بدەن. لەوکاتەشدا کۆمەڵێکی زۆرتر لە خەڵکی مەدەنی لەدەرەوە مابوونەوە، بەدەوری ئەو دیوارەدا دەهاتن و دەچوون و هاواریان دەکرد و دەیانقیژاند.

لەناو توتسییەکاندا، بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن سەربازەکانەوە دۆزرابوونەوە، منداڵ و لاوی ماڵی پرۆفیسۆر کارێنزی هەبوون، کە تەمەنیان لە نێوان حەوتساڵی تاکو بیست و دوو ساڵیدا دەبوو. پاش ئەوەی کارێنزی و خێزانەکەی لە ٢١ی نیساندا کوژرابوون، ئەو لاوانە لەناو خانوویەکی چۆڵکراودا خۆیان شاردبووە و پاش ئەوەی ویستبوویان بەرەو پەناگەیەکی تر بڕۆن لەلایەن سەربازەکانەوە دەستگیر کرابوون. دوای ئەوەی کارتی ناسنامەکانیان پشکنیبوون، پێیان گوتبوون "ئێوە ئینیانزین، توتسین" و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردبوون. هەندێک لە سەربازەکان نەیاندەویست چیتر کەس بکوژن و گازەندەی ئەوەیان دەکرد کە ئەو ڕۆژە خەڵکێکی زۆریان کوشتووە. یەکێکیان گوتی هەشت ئافرەتی کوشتووە و ئەوی تریش سیانزدە کچی کوشتبوو. یەکێک لە پاسەوانەکانی سەرۆکایەتی دەرکەوت و لەسەر گواستنەوەی ئەو لاوانە بۆ بنکەی پۆلیس سوور بوو. لەبەردەم بەربەستەکەدا، سەربازەکان پێیان گوتن کە دابنیشن و نزا بکەن چونکە ئێستا دەمرن. لەکۆتاییدا، سەربازەکان بە پارەو ڕەنگە، بە ئەنجامدانی دەستدرێژی سێکسی بۆسەر چەند کچێک لەوانە ڕازی ببوون. سەربازەکان کچێکیان بەوە تاوانبار کرد کە گوایا بەر لە دەستپێکردنی جینۆسایدەکە سەربازانی ڕەتکردۆتەوە. ئینجا سەربازەکان ئەوانیان گەیاندە دیرەکە و تا ٣٠ ی نیسان تێیدا مانەوە.

کاتێـک لە ٣٠ ی نیســاندا، بەهــۆی گەڕانەوە "ئینکۆتــانیێ کــانی مــاڵی کارێنزییــان لە دیـرەکەدا دۆزیـیەوە" لەگەڵ کـۆمەڵێکی تـردا خسـتیاننە پشـتی بـارهەڵگرێکەوە. سـەربازەکانیش سـواربوون و بەسـەر لاشـەی منداڵەکانەوە وەستابوون. بەگشتی، بیست و پێنج کەسیان لەگەڵ خۆیاندا برد، پێنج لەوان پیـاو و بیسـتیان ئـافرەت و منـداڵ بـوون. بچـوکترین کەس تیایانـدا کچێکی تەمەن پێنج سـاڵان بـوو بەنـاوی ئـامێی. هەروەک ئەوەی چۆن سـەربازەکان ووتبویـان خەڵـکەکەی نـاو کڵێسـاکەی نگۆمـا دەبەیـن بـۆ بەندینخانە نەک بۆ کوشـتن، هێرشـبەرەکانیش بەهەمـان شـێوە گوتیـان کە ئەو کـۆمەڵە کەسـە دەبـرێنە نوسـینگەکانی پارێزگـا بـۆئەوەی بپـارێزرێن. کاتێـک سـەربازەکان گەڕابـوونەوە پـاش نیـوەڕۆیەکی درەنـگ بـۆ ئەوەی هەنـدێ بیـرەی کە بینیبوویـان لە کـاتی پشـکنینەکەدا، بیبەن، سسـتەرەکان لێیـان پرسـیبوون ئەو گەنجانە چییان بەسەر هات، یەکێکیان وەڵامی دابووەوە "ئەوە کاری ئێمە نییە. بۆ Interahamweمان جێهێشتن."

نـزیکەی کاتژمێرێـک پـاش شـاڵاوەکەی بـۆ سـەر دێرەکەی بێنیبێکیرایـان برد، دە سەرباز و سێی چەکداری هەنـدێک خەڵکی سڤیلی تر داوای چوونە ژوورەوەیـان کـرد بـۆ نـاو قوتابخـانەیەکی نزیکی ئەوێ لە کاروبانـدا، کاتێـک پرسـیاری ئەوەیـان لێکـرا بـۆچی هـاتوون، یەکێـک لەو گـروپە لە وەڵامـدا گــوتی "تەنــانەت پیــاوانی ئــایینی و ڕاهیبەکــانیش چەکیــان بــۆ RPF شاردووەتەوە، بۆیە ئەوانیش جێی متمانە نین. . . سـەیرکەن.. ئەگەر ڕقتـان لە وڵاتەکەمــان دەبێــت. . . " لێژنەکەیــان کــارتی ناســنامەی ئەو کەســانەی لەوێدابوون پشـکنی و دوو فەرمـانبەری بەرەچەڵەک توتسـییان دۆزیـیەوە و ڕادەســـتی میلیشــیاکانیان کــردن. ئەنــدامانی Interahamwe ئەو دوو توتسـیەیان بـردە دارسـتانێکی نزیـک ئەو شـوێنەوە و بە لێدان کوشـتنیان، پاشان سواری پاسەکەیان بوون بەرەو ماڵەوە بڕۆن. لەنزیک کـاتژمێر ٥ ی دوانیوەڕۆ، سەربازەکان بەمەبەستی تاڵانکردنی پەیمانگا ئایینییەکە گەڕانەوە ئەوێ. دوو لەو ئــــافرەتە گەنجــــانەی لەوێــــدا چــــاودێری منــــداڵە بێسەرپەرشـتەکانیان دەکـرد، وەک "خەڵاتێـک" بـردران بـۆ سـوپا. لەوێـدا دەسـتدرێژی سێکسـیان کـرایە سـەر. مـاوەیەکی کەم پـاش ئەوە، هەنـدێک سەربازی تر بۆ هەمان مەبەست چوونە ئەو شوێنە.

لەسەرەتای رۆژی ۲۰ی نیسانەوە، ژمارەی ئەو سەربازانەی لە جەنگدا بریندار دەبوون زیادیان کرد و دەگوازرانەوە بۆ بوتاریَ تاکو لە نەخۆشخانەکەدا چارەسەر بکریَن و لە باڵەخانەکانی Groupe Scolaireدا دەیانحەواندنەوە. لە یەکی مایسدا، هەندێک لەو سەربازانە بیست-و-یەک منداڵ و سیانزدە فەرمانبەری خاچی سور کە بەبڕوای ئەوان توتسی بوون، سەربڕی. ئەو کەسانەیان لەنێو دەربازبووەکانی کوشتارگەکەی ۲۱ی نیساندا هەڵبژارد کە لەو کاتەوە لە Groupe Scolairدا پەنادرابوون. ئەو کوشتنە دڕندانەیە لە راگەیاندنە بیانیەکاندا بڵاو کرایەوەو بووە هۆی دروستبوونی ڕەخنەیەکی توندی نێودەوڵەتی و، ڕەنگە لەئاکامدا، ستافی گشتی توشی سەرزەنشتی بووەوە.

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی تاکو ئێستا خوێندووتەتەوە، ئایا کوشتنەکان پلانبۆدارێژراوو ڕێکخراوو سیستەماتیکی بوون ، یاخود هەڕەمەکی و لەخۆوەبوون؟

بۆ بەڵگەی زیاتر، بڕوانە پاشکۆی۲، کە پێکهاتووە لە ئاخاوتنێک لە پەرتووکی Yolande Mukagasana وەرگیراوە، کە نوسەرێکی ڕواندییە و لە کوشتنەکاندا ڕزگاری بووە و چەند چیرۆکێکی Boubacar Boros Diop ی نوسەری سەنیگالی، کە بیر و ژیانی بۆ جینۆسایدەکەی ڕواندا تەرخان کردووە.

ڕواندا (مندالآنی مەرگ)/ دۆگ سنێدن [1]

دوێنی شەو دێوەزمەیەکی ڕەش بەسەر زەویەکەمدا هەڵفڕی
لە ناوقەدییەوە، پەڕییەکی ڕەش کەوتە خوارەوە
من تاقە رزگاربوو بووم کە فریشتە لە ئاسمانەوە ببینم
دوێنی لە کۆمەڵکوژییەک دەربازم بوو، نازانم چۆن
لەپاڵ دایکی مردوومدا دانیشتبووم نەمدەزانی ئاخۆ منیش مردووم
لەدوورەوە گوێم لە هەرای سەرکەوتنی بکوژانی ترسناک بوو
سەری دایکمم بەرزکردەوە و خستە سەر دەستم تا بیبینم
ئەوکاتە بوو پەڕییەکە بە بەرزترین داردا هەڵگەڕا
دەشێ ئەوە ئەهریمەن بێت تەماشام دەکات
بەبێ ئامانج بەرەو ترۆپکی درەختەکان ڕۆیشتم
دەبوایە ڕووبەڕووی ئەو ئەهریمەنە ببمەوە تا ڕۆحەکانی وڵاتەکەم ڕزگار بکەم
دارستانەکەم گرتکاتێ سەرەتا دەستی ئەهریمەنەکەم گرت
دەبێت ڕۆیشتبێت، چوون ئیتر لە ناو بادا هەستی پێناکەم
کات تێپەڕی بیرم بەلای پەرستگایەکدا چوو
دەنگی نوزە نوز بەگوێی باشی مندا دەهات و دەچوو
دەبوایە بەئاگا بم نەخوازەڵا ئەوە مردنم بووبێت یان ئەو ئەهریمەنەی لێی ترۆقیبووم
چاوم بە کۆمەڵێک وێنەی دارزاودا هەڵهێنا کە نەدەکرا ڕاستی بن
درەختەکان بە یاخییەکان نیشان کرابوون بۆ دزین
هاواری سەرکەوتنی یاخییەکان هەرگیز نابێت جارێکی تربیبیسترێتەوە.

(١) لە Doug Snedded، "Rwanda(Death Children)"ـەوە



"بینی کە دایک و باوکی سەردەبڕدرین. ووشەی گونجاوی پێ نییە بۆ گێڕانەوەی ڕوداوەکە"
(منداڵێکی ڕزگاربووی دەستی جینۆسایدەکە ئەم وێنەیەی کێشاوە)

٣

ڕەهەندە جیهانیەکەی جینۆسایدەکە

ئەمریکیەکان ئارەزووی پاشەکەوتکردنی پارەیان هەبوو، بەلجیکیەکان ئارەزووی پاراستنی ئابڕوویان هەبوو، فەرەنسیەکان ئارەزووی پاراستنی هاوپەیمانەکەی خۆیان حکومەتە جینۆسایدکارەکەیان، هەبوو.(١)

ئەلیسۆب دی فۆرجیس، لێکۆڵەر لە بارەی ڕواندا و ڕاوێژکاری ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ

هەروەک هۆلۆکۆستی جولەکەکان و جینۆسایدی ئەرمەنەکان، جیهان دەستەوەستانانە تەماشای ڕووداوەکانی جینۆسایدی ڕواندای دەکرد. توتسیەکان بەجێهێڵدران لە لایەن هەموو کەسێکەوە، بێجگە لە هەندێ خۆبەخشی ڕێکخراوی مێدیسین سان فرۆنشەرس(MSF) و ژمارەیەکی کەمی کۆمەڵە فریاگوزارە مرۆڤدۆستەکان. سەرەڕای ئەوەی بە ئاشکرا دەگوترا: لە ١٩٩٠ تاکو ١٩٩٤، ڕواندا سیاسەتێکی نەژادپەرستانەی جێبەجێ کردووە و هێرشی توندڕەوانەی بەکۆمەڵی دژی توتسیەکان ڕێکخستووە، ئەو حکومەتە بەردەوام یارمەتی سەربازی و دارایی لەدەرەوەوە پێدەگەیشت.

(1) Alison des Forges in J. Kotek ،'The Lessons of Rwanda: A Genocide that Could Have Been Prevented' (unpublished paper) ،quoted by Gilbert M. Khadiagala ،'Implementing the Arusha Peace Agreement on Rwanda،' in Stephen John Stedman ،Donald Rothchild and Elizabeth M. Cousens (eds.) ،Ending Civil Wars: The Implementation of Peace Agreements (Boulder ،CO: Lynne Rienner Publishers ،2002) ،p. 490

لە کۆتـایی سـاڵی ١٩٩٣ دا، باڵوێزخـانەی وڵاتـانی دەرەوە لە کیگـالی، حکومەتەکانی وڵاتـانی ڕۆژئاوا، هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکـان لە ڕوانداو سەرکردایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک ئاگاداربوون کە ئامادەکاری بۆ جینۆسـاید دەکرێت و بەڕێوەیە. سـەرەڕای گوتـارە گشـتییە ترسـناکەکانی سـەرکردەکانی ڕواندا، پەخشـی ڕادیۆکـان، ڕاپۆرتەکـانی نـاو ڕوانـدا لەبـارەی توتسی و هووتوەوەو ئەو بارە چەکانەی بۆ میلیشیاکان دەهاتن، جیهـانیش لە هاتنە دەنگ بۆ وەستاندنی ئەو زنجیرە کۆمەڵکوژیە شکستی هێنا.

ئەم بەشە هەڵسوکەوتی چەند لایەنێکی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، لەو درامـــایەی لە ڕوانـــدا ڕویـــدا، شـــی دەکـــاتەوە: فەرەنســـا، بەلجیکـــا وڵاتەیەکگرتووکانی ئەمریکا، نەتەوە یەکگرتووەکان و وڵاتانی ئەفریقیایی.

سیاسەتی فەرەنسی بەرامبەر جینۆسایدەکە

ناکرێت کار لەگەڵ ئەفریقیادا بکەیت... بەبێ ئەوەی دەستت پیس بێت.

مانـــداتەکانمان دەســـەڵاتی ئەوەیـــان پێـــنەداوین هەر لە خۆمـــانەوە دەستگیریان بکەین.

کـاری لەم شـێوەیە بێلایەنیەکەمـان کەمڕەنـگ دەکـاتەوە، کە باشـترین ڕێگەیە بۆ کاریگەربوونمان.

برونۆ دێلایێ

ڕاوێژکاری سەرۆک فرانسوا میتەران بۆ کاروباری ئەفریقا[1]

...

"چ فشارێک؟ هیچ فشارێک نەبوو."

بەرپرسێکی بـاڵای فەرەنسـی لەوەلامـی ئەو پرسـیارەی کە ئایـا فەرەنسـا هـیچ فشـارێکی خسـتە سـەر حکومەتی ڕوانـدا بـۆئەوەی گـۆڕان لە شـێوازی خۆی بکات [1]

(1) des Forges .Leave None to Tell the Story. pp. 658,٦٨٦.

"وێناکانتان چاک بکەنەوە."

ئامۆژگارییەک لەلایەن ژەنەڕاڵ جین-پێری هوچۆنەوە، ئەندامی هێزی سەربازی فەرەنسا و بەرپرسی یارمەتییە سەربازییەکان بۆ ڕواندا.[٢]

"پیاوکوژەکان زیاد لە پێویست بە باڵامدا هەڵیاندەگووت"

سەربازێکی فەرەنسی لە ڕواندا،

حوزەیرانی ١٩٩٤ [٣]

...

تێوەگلانی قووڵی فەرەنسا لە ڕواندا سێ ڕۆژ دوای داگیرکردنی ڕواندا هات لەلایەن بەرەی نیشتیمانی ڕواندا (RPF) لە ١ ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا. دەستبەجێ دوای داگیرکارییەکە، فەرەنسا هێزێکی سەربازی (ژمارەیان لە نێوان ٦٠٠-١١٠٠ دەبوو) بۆ یارمەتیدانی سەرۆک هابیاریمانا، نارد. کاری ئەو هێزە بریتی بوو لە مەشقپێکردنی سوپای ڕواندا و پاسەوانانی پاراستنی سەرۆکایەتی، فێرکردنی تاکتیک و ستراتیژی بە ستافی گشتی ڕواندا، بنیاتنان و کارپێکردنی پەیوەندییەکان و بەستن و دامەزراندنی موشەکەکان، لێخوڕینی فڕۆکەی هەلیکۆپتەر، کارکردن لە خاڵەکانی پشکنیندا، پارێزگاری کردن لە پایتەخت و لێکۆڵینەوە لەگەڵ زیندانییەکاندا. ئەو شاندەش لەلایەن ڕاوێژکاری سەربازی سەرۆک میتەرانەوە سەرکردایەتی دەکرا.

کاری فەرمی هێزەکەی فەرەنسا پاراستنی هاوڵاتییە فەرەنسییەکان بوو لە ڕواندا. لەڕاستیدا، ئەرکی ئەوان هاوکاریکردنی حکومەتی ڕواندا بوو بۆ شکستهێنان بە RPF. بێگومان هێزەکانی فەرەنسا توانییان ڕۆڵێکی گرنگیان

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەرە ٦٦٠.

(2) Gerard Prunier ,"A Well Planned Genocide," Times Literary Supplement (October 22 ,1999).

(3) des Forges ,Leave None to Tell the Story, p 681.

بینی لە دورخستنەوەی یاخییە چەکدارەکان لەنێوان ١٩٩١ و ١٩٩٣. فەرەنسا پێشێلی ئابلۆقەی چەکی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانی کرد، بە پێدانی چەک بە حکومەتی ڕواندا و دەشزانرێت کە مەشقیان بە Interahamwe کردبوو، کە میلیشیایەکی توندوتیژی سەر بە MRND(D) بوون.

سەرەڕای ئەوە کاری فەرمی کارمەندانی فەرەنسا بریتی بوو لە پارمەتیدانی پرۆسەی ئاشتی لە ڕواندا، هەر ڕێککەوتنێک فریاگوزاری زیاتری سەربازی فەرەنسای بۆ حکومەتە نەژادپەرستەکە، بەدوادا دەهات.هەندێک پێیان وابوو کە فەرەنسیەکان دەستوەردانی دیبلۆماتیک و سەربازی وەک ئامرازی تەواوکەر دەبینن کە دەبێت هاوئاهەنگ بن لەگەڵ یەکتردا، لەکاتێکدا هەندێکی تر پێیان وابوو کە ئیدارەی فەرەنسا لەو مەسەلەیەدا ببوون بە دوو بەشەوە، بەشێکیان وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسا، پێی وابوو چارەسەری سیاسی بەسوودە، دامەزراوەی بەرگری فەرەنساش لەگەڵ چارەسەری سەربازیدا بوو. بەپێی ڕاپۆرتەکانی باڵوێزخانەی فەرەنسا لە ڕواندا لەو کاتەدا، کە وەرزانە بە وڵاتەکەی خۆی دەدا، ئەو هێرشانەی کە چەند جارێک لە نێوان ١٩٩٠ و ١٩٩٤ دا لەو وڵاتەدا ڕوویاندا تەنها "پرۆپاگەندە" بوون. دواتر، لە ١٩٩٨ دا، ئەفسەرە فەرەنسیەکان لەبەردەم ئەنجومەنی لێکۆڵینەوەی ئەنجومەنی نیشتیمانی فەرەنسادا گەواهییان دا، کە تەنانەت لەو ساڵانەی پێشوودا، گوێیان لە ئەندامانی سوپای ڕواندا ببوو کەبەردەوام باسیان لە "چارەسەری کۆتایی" دەکرد.

هێزە سەربازییەکەی فەرەنسا لە کانونی یەکەمی ١٩٩٣ کشانەوە، بەڵام دەستەیەک ڕاوێژکارێکی سەربازی لەو وڵاتەدا مانەوە. ئەو حکومەتە توندڕەوەی ڕواندا کە لە ٨ ی نیسانی ١٩٩٤ دا دامەزرا، نەک تەنها لەلایەن فەرەنساوە دانی پێدانرا بەڵکو پیرۆزیش کرا و خودی باڵوێزی فەرەنسا ڕۆڵی لە دامەزراندنی دا بینی. لە ڕاستیدا، هەرچەندە، چەکە فەرەنسییەکان بەردەوام لە ڕێگەی زائیرەوە دەگەیشتنە دەستی سوپای ڕواندا. حکومەتی فەرەنسا ماوەی مانگێکی پێویست بوو، تاکو ٥ ی مایس، بۆئەوەی بە فەرمی بڕیار

لەسەر ڕاگرتنی ڕێگەدان بە هەناردەکردنی چەک بۆ ڕواندا بدات و ئێستاکەش گومان هەیە کە ئەم بڕیارە جێبەجێ کرابێت.

لە٩ی نیسانی ١٩٩٤ دا، فەرەنسا بە فڕۆکە هێزی ناردە ناو ڕواندا بۆ ئەوەی خاوەن ناسنامە بیانییەکان (سپیی پێستەکانیان) لەو وڵاتە بهێننەدەرەوە و دەربازیان بکەن. ئەگەرچی ڕێگە بەو توتسیانەی هاوسەرگیرییان لەگەڵ ئەوروپییەکاندا کردبوو نەدرا بچنە ناو فڕۆکەکەوە، ژمارەیەک سەرکردەی ڕژێمی پێشوو، لە ناو ڕزگارکراوەکاندا بوون. فەرمانبەرە توتسیەکانی باڵوێزخانەی فەرەنسا بەجێهێڵدران بەتەنها بەرگری لە خۆیان بکەن و لەئەنجامدا، هەروەک ئەوەی چاوەڕوان دەکرا، یەک لە دوای یەک هەموویان کوژران. لە ١٢ی نیسانی ١٩٩٤ دا، باڵوێزی فەرەنسا باڵوێزخانەکەی لە ڕواندا داخست و گەڕایەوە پاریس. دوایین سەربازی فەرەنساییش پاش دوو ڕۆژ باڵەخانەکەی بەجێهێشت.

لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤ دا، ژمارەیەک لە سەرکردەکانی جینۆسایدەکە سەردانی فەرەنسایان کرد، لەناویاندا وەزیری دەرەوەی ڕواندا، جێرۆمی بیکامومپاکا، سەرکردەیی CDR جین-بۆسکۆ، بارایاگویزا پرۆتایس زیگیرانیرازو ی سەرکردەی "دەستەی مردن". سەرۆک میتەران و وەزیری دەرەوەی فەرەنسا، ئالان جوپی، سەرەڕای ئەو جینۆسایدەی لەو کاتەدا لە ئارادا بوو، بە شانازییەوە پێشوازییان لێکردن. لەو کاتەدا بوو کە ژەنەڕاڵ جین-پێری هوچۆن، بەرپرسی فریاگوزارییە سەربازیەکانی فەرەنسا بوو بۆ ڕواندا، ئامۆژگاری کردن وێناکانیان "چاک" بکەنەوە.

هەروەها فەرەنسا لە نەتەوەیەکگرتووەکانیشدا پشتگیری لە ڕواندا کرد، کاتێک نوێنەرەکانیان وەک نوێنەری حکومەتە جینۆسایدکارەکەی ڕواندا، دووپاتیان دەکردەوە کە ئەوەی لە ڕواندا ڕوودەدات جینۆساید نییە و جەنگە. گلەییەکە بە شێوەیەکی سەرەکی کەوتە سەر شانی RPF، بەپێی وتەکانی ئەوان و حکومەت لە کوشتارەکاندا تێوەنەگلاوە.

لەوەش زیاتر، پاش جینۆسایدەکە، فەرەنسا یارمەتی هەندێک لە کەسە هەرە دیارە تێوەگلاوەکانی جینۆسایدەکەی دا بۆئەوەی ڕواندا بەجێبهێڵن. لە

ناویاندا، سەرۆک وەزیرانی پێشوو، دیسماس نیسینگیاریمیێ ی ئەندامی هێزی MDR-هووتوو ئەو حکومەتە نوێیەی لە ٦ ی نیسانی ١٩٩٤ دا دامەزرا، وەزیری بەرگری ئۆگوستین بیزاما، پرۆفیسۆر فێردیناند مانا وەزیری خوێندنی بالا ، بەڕێوەبەری ڕادیۆی RTLMC، ڕ اری سەرۆکایەتی و ژمارەیەکی تری وەزیرانی حکومەتەکانی تر. خانمی یەکەمی پێشوو، ئاگاتێ هابیاریمانا و براکەی، سێرافین ڕوابرکومبا، ی کەس 'یەتی دیاری خێڵ، تەنانەت مافی پەنابەریتی سیاسییان لە فەرەنسا پێدرا(خاتوو هابیاریمانا بری٤٠٠٠٠ دۆلاری ئەمریکیشی وەرگرت). بەپێچەوانەوە، فەرەنسا ڕەتی کردەوە مافی پەنابەریتی بە پێنج منداڵەکەی سەرۆکوەزیرانی بێلایەنی بە ڕەچەڵەک هووتو بدات، کە پاش ئەوە، لەگەڵ دایکیاندا، کوژران.

لە حوزەیرانی ١٩٩٤ دا، فەرەنسا "ناوچەی پارێزراو" ی لە ڕواندا دامەزراند و بۆ ئەو مەبەستەش ٢٥٥٥ سەربازی نارده باشوری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتی ڕواندا. بۆئەوەی ڕەوایەتییەکی نێودەوڵەتی بەو هێزە سەربازییەی خۆی بدات، فەرەنسا چەند سەربازێکی میسری، سەنیگالی، مۆریتانی، چادیو گینیا-بیساوی، لە هێزەکەدا بەشدار کرد. ئەم پێوەرد . ئۆپەراسیۆن تورکوازی Opération Turquoise ناسرابوو، لە ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٩٤ دا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕێگەی پێدرا بوو. بە پێی وتەکانیان ئەو مەبەستی بۆی دامەزرابوون بریتی بووله دروستکردنی "ناوچەی مرۆیی پارێزراو" بۆ پاراستنی دانیشتوانە سڤیلەکە و ڕاگرتنی ئەو کوشتارە (فەرەنسیەکان بە "جینۆساید" ناویان نەدەبرد بەڵکو بە "پێکدادانی نەژادیی" ناویان دەبرد).

لە ڕاستیدا، ئەو ئۆپەراسیۆنە ئامانجی تریشی هەبوو، لە ناویاندا گۆڕینی ئەو کاردانەوە نەخوازراوە نێودەوڵەتیە بەرامبەر سیاسەتەکانی فەرەنسا و، هەروەک ئاشکرایە، ڕزگارکردنی حکومەتە کاتییەکەی ڕواندا و چەند بەشێکی سوپاکە، واتا ڕێگرتن لە سەرکەوتنی RPF و ڕێگە خۆشکردن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەڕوشا و حکومەتی هاوبەش. لەماوەی بوونیان لە ڕواندا دا، هێزەکەی فەرەنسا نزیکەی ١٥٠٠٠ توتسییان لە "زۆنی پارێزراودا" پاراست.

هەرچەنـــدە، حکـــومەتە جینۆسایدکارەکەشـــیان پاراســـت، و RTLMC(کە پەخشـــەکانی لە خـــودی "زۆنـــی پـــارێزراودا" بـــوو)، ســـوپای ڕوانـــدا و ئەو سەربازانەش کەلە کۆمەڵکوژییەکەدا بەشدار بوون، پارێزران.



نەخشەی ١٠: "زۆنی مرۆیی پارێزراو"

لە ئیدارەی فەرەنسیدا، ئەو تۆپەڕاسیۆنە کەوتبووە ناو ململانێی چڕی نێوان "بازەکان"- کە لەلایەن سەرۆک میتەران و ڕاوێژکارە سەربازییەکەی کریســـتیان کێســـنۆت ڕابەری دەکـــرا، کە داوای ڕێگەچـــارەی ڕاســـتەقینەی سیاســـی دەکـــرد- و "کۆترەکـــان"- کە لەلایەن ســـەرۆک وەزیـــران ئێـدوارد

بالادیۆرەوە رابەری دەکرا، کە پێشنیاری ئۆپەراسیۆنی مرۆیی سنورداری دەکرد.[1]

حکومەتی فەرەنسا، تەنانەت پاش تۆرکوازی ئۆپەراسیۆنیش، لەسەر سیاسەتی دوژمنکارانەی خۆی بەرامبەر بە RPF بەردەوام بوو ،هیچ هاریکارییەکی پێشکەش بە حکومەتە تازەکەی RPF نەکرد، کە لە ١٨ ی تەموزی ١٩٩٤ دا، پاش بەزینی حکومەتە جینۆسایدکارەکە، دامەزرا. نوێنەرەکانی ئەو حکومەتە تازەیەش بانگهێش نەکران بۆ کۆبوونەوەی لوتکەی فەرەنسی-ئەفریقیەکان، کە لە بیاریتز لە ڕۆژانی ٨ و ٩ ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤دا، بەسترا. فەرەنسا بەردەوام فشاری دەخستە سەر حکومەتە نوێیەکە بۆئەوەی هاوپەیمانێتییەکی فراوان لەگەڵ (MRND(D، ی حزبی دەسەڵاتداری ڕژێمەکەی پێشوو، پێکبهێنێت.

(١) لەو کاتەدا، حکومەتی فەرەنسا بەسەر دوو بەرەدا دابەش بووبوو، بەرەی میتەران، سەرۆکێک لە چەپی سیاسەتەوەو بالادیۆر، سەرۆکوەزیرانێک لە ڕاستی سیاسەتەوە. بەڵام کێشەی نێوان بازەکان و کۆترەکان هەمان ڕێچکەی سیاسەتی ڕاست و چەپ.

ئەو هۆکارانەی کاریگەر بوون لەسەر سیاسەتی فەرەنسایی لە ڕواندا

هەرچەندە ڕواندا خۆی هەرگیز داگیرکراوی فەرەنسا نەبوو، فەرەنسا ئەو وڵاتەی وەک بەشێکی گرینگی دەسەڵاتی خۆی لە ئەفریقیا دادەنا، "زەمینەی ڕاوکردنی تایبەت" یاخود "لەوەڕگا". لە ١٩٧٠کاندا، سەرۆک ڤالێری گیسکارد دی ئیستاینگ ئەو ناوچانەی لەپێشوودا داگیرکراوی بەلجیکابوون وەک ناوچەکانی کۆنگۆ، ڕوانداو بوروندی، کە زمانی فەرمییان فەرەنسی بوو، خستە نێو ڕێکخراوی جیهانی فرانکۆفۆنییەوە [1] Organisation Internationale de la Francophonie (OIF).

لەبەر ئەمەش، ئەو ئەندامانەی RPF، کە لە ئۆگەندای ئەنگلۆ-ساکسۆنی[2] ڕاهێنانیان کردبوو و بە زمانی ئینگلیزی دەدوان، دەگوترا هەڕەشەن بۆ سەر "فەرەنسیبوونی" ڕواندا. لەم دیدگایەوە، میتەران جەنگی RPFی بەشێکیانی وەک کۆششێک لە دژی زۆنی فرانکۆفۆن لە ئەفریقیا دادەنا. ڕاستییەکەی، ڕێککەوتنەکانی ئەڕوشاش کە لە تەنزانیای ئەنگلوفۆن ئەنجام درابوو، هەمان بایەخی هەبوو. میتەران و هاوکارەکانی ڕێککەوتنەکانی ئەڕوشایان وەک پیلانگێڕییەکی "ئەنگلو-ساکسۆن" ی لەلایەن ئۆگەندا، تەنزانیا و RPF، بە پشتگیری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا، دەخستە دادەنا، کە لەسەر بناغەی ئەو مەبەستە بنیات نرابوو دەسەڵاتی فەرەنسا لەو ناوچەیەدا لاواز بکات. لە کانونی یەکەمی ١٩٩٤ وەزیری هاوئاهەنگیی فەرەنسی بێرنارد دیبرێ ئاماژەی بە حکومەتی نوێیەکەی ڕواندا دا وەک"حکومەتی ئەنگلۆ-ساکسۆنی توتسی لە ئۆگەنداوە"[3].

سیاسەتی فەرەنسا سەبارەت بە ڕواندا دەکرێت وەک شێوازی سیاسەتەکانی لە ئەفریقیا لە ١٩٦٠ەوە کە ناوی سیاسەتی"هاوڕێیەتی" لێنرا،

---

(١) فرانکوفون بەو وڵاتانە دەگوترێت کە داگیرکراوی فەرانسا و بەلجیکا بوون و بەو هۆیەوە بە زمانی فەرەنسی دەدوان. وڵاتانی فەرەنسی زمان فرانکۆفۆنیان پێ دەگوترێت.(و. کوردی)

(٢) ئەنگلۆ ساکسۆن هەندێ خێڵی سەدەی شەشەمی نیشتەجێی بەریتانیا بوون، دواتر ئەو زاراوەیە بۆ ئەو وڵاتانە بەکار دەبرێت کە داگیرکراوی بەریتانیان و بەوهۆیەوە بە ئینگلیزی دەپەیڤن. (و.کوردی)

(3) Prunier ،The Rwanda Crisis p.٣٤٠

لێی تێبگەین، ئەوان هاوکاری هەموو دیکتاتۆرە دەسە ... کانی بوون، و لەگەڵیاندا وەک رۆتین کاری سیاسی ، سەربازی و ئابورییان، دە... شتێکی رێکەوت نەبوو کاتێک جینۆسایدەکە هێشتا بەردەوام بوو، برون... دیلای، راوێژکاری میتەران بۆ کاروباری ئەفریقیا، ئەو وتەیەی کە ل... دەستپێکی ئەم چاپتەرەدا ئاماژەمان پێدا، گوت" ناکرێت کار لەگەڵ ئەفریقادا بکەیت... بەبێ ئەوەی دەستت پیس بێت."

دەبێت ئەوەشمان بیر بێت کە باڵوێزی فەرەنسا لە کیگالی بەوە ناسرابوو کە جێی متمانەی هابیاریمانایە، هابیاریمانا و میتەران پەیوەندییەکی دۆستانەی نزیک لەنێوانیاندا بوو، هەروەها کورەکانیان جین-کریستۆف میتەران (کە وەک راوێژکاری باوکی بۆ کاروباری ئەفریقا خزمەتی دەکرد) و جین-پێری هابیاریمانا.

نامیلکەی بڵاوکراوە لە بوتاریدا لە کاتی ئۆپەراسیۆنی تورکواز دا

"Tous les hommes regrettent la vie
lorsqu'elle leur échappe ".

Les vrais amis sont rares, l' adversité les fait
connaître.

VIVE FRANÇOIS
MITTERAND

VIVE LA COOPERATION
FRANCO - RWANDAISE

VIVE LES MILITAIRES
FRANÇAIS AU RWANDA

"هەموو کەسێک دوای ئەوەی کات تێدەپەڕێت لەژیان پەشیمان دەبێتەوە"
هاوڕێی ڕاستەقینە دەگمەنن. لە تەنگانەدا بۆمان دەردەکەون.
بژی فرانسۆ میتەران
بژی هاوئاهەنگی فرانکۆ-ڕواندیی
بژی سەربازە فەرەنسیەکانی ناو ڕواندا"

سیاسەتەکانی فەرەنسا بەرامبەر ڕواندا لە دوو پارتەوە پشتگیری دەکرا. هەردوو سەرۆک میتەران و باوەڕپێکراوەکانی لە چەپ و وەزیرانی حکومەت لە ڕاست (وەزیری دەرەوە ئالەین جوپێ وەزیری هاوئاهەنگی بێرنارد دیبرێ و ئەوانی تر). لە دۆخی فەرەنسا دا، پەیوەندییە کەسییە نزیکەکان و سیاسەتی واقیعی پێدەچێت لە بەها ڕەوشتی و مرۆڤایەتییەکان گرنگتر بن.

بە ڕای تۆ، کام شت کاریگەری زیاتری لەسەر هەڵوێستی فەرەنسا هەبوو لە بەرامبەر ڕواندا، سیاسەتی واقیعی، بایەخی ڕەوشتی و مرۆڤایەتی، یان پەیوەندییە کەسییەکان؟

سیاسەتی بەلجیکا لەهەمبەر جینۆسایدەکە

ئێمە ئاگاداری ڕادەی کوشتنەکان بووین.
ویلی کلایس وەزیری دەرەوەی بەلجیکا لە کاتی جینۆسایدەکەدا٨
ئەگەر بەلجیکا بە پێی پێویست بوێر بوایە پیاوەکانمان لەوێ بهێڵێتەوە،
دەمانتوانی خەڵک لە مردن ڕزگار بکەین.
ئەفسەر لوک لیمایەر، فەرماندەیەکی هێزی سەربازی بەلجیکی لە ڕواندا،
لە گەواهیدانێکیدا بەرامبەر دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا، ١٩٩٧.[١]

ئەگەرچی فەرەنسا بەرژەوەندی فرانکۆفۆنی لە ڕواندادا هەبوو، ئارەزووی بەلجیکاش، کە لە نێوان سالانی ١٩١٨ و ١٩٦٣ دا فەرمانڕەوایی ئەو وڵاتەی کردبوو، بریتی بوو لەهەمان ئەو بەرژەوەندییانەی لە داگیرکاری پێشووداهەبوو: (کە دەکرێت لە سروشتدا بە تازەکۆلۆنیالی پێناسە بکرێت)، وەک وەبەرهێنانەکان، کۆنترۆڵکردنی لقە گەورەکانی بازاڕ، بوونی کۆمپانیاکانی بازرگانی، چڕبوونەوە لەسەر بازرگانانی ناوخۆ، دابینکردنی چەک و ڕاهێنانە سەربازییەکان، کاری مامۆستا و وانەبێژەکان لە سیستەمی پەروەردەی خۆجێیدا، چالاکییە بانگخوازییەکان کە لە زۆربەی کڵێساکانی وڵاتدا کارابوو، هەروەها پەیوەندییە کەسییەکان لەگەڵ توێژی دەستەبژێری کۆمەڵدا.

لە نیسانی ١٩٩٤ دا، یەکەیەکی ٤٠٠ سەربازیی بەلجیکی، گەورەترین ڕووبەڕووبوونەوەی نێردراوی هاریکاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕواندا (UNAMIR) ئەنجامدا. لە ٦ی نیسانی ١٩٩٤دا دە سەرباز کوژران، لەکاتێکدا بە ناسەرکەوتوویی هەوڵی پاراستنی خانمە سەرۆکوەزیرانی ڕواندایان دا لەو کاتەی دەیویست لەماڵەکەی خۆیەوە بەرەو بنکەیەکی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵبێت (سێ سەرباز لەوێدا کوژران و حەوتی تریش زیندانی کران،

(1) des Forges ،Leave None to Tell the Story٩-٨ لاپەڕە. ٦١٩.

ئەشکەنجە دران و لەئاکامدا کوژران). ئەمە بووە هۆی ئەوەی بەلجیکا دەستبەجێ بڕیاری هێنانەدەرەوەی گشت هاوڵاتییەکانی خۆی لە ڕواندا بدات، باڵوێزخانەکەی دابخات (پاش ئەوەی چەند کەسێکی لە قەشە و سیاسییەکانیش بە سەرکەوتوویی رزگار کرد) و هەموو هێزەکانی خۆی لە UNAMIR کشاندەوە. بەمەبەستی پارێزگاریکردن لە شکۆمەندییەکەی لەبەردەم خەڵکی بەلجیکا و جیهاندا، حکومەتی بەلجیکا کاری بۆ کشانەوەی تەواوی هێزی UNAMIR لەو وڵاتەدا کرد (بێجگەلەوەی جەختی لەسەر دەکردەوە کە ئەو هێزە بە شێوەیەکی بەرچاو بەهێز بکرێت و ڕێنمایی کارکردنی بۆ دەربچێت- ئەمەش داواکارییەک بوو کە دەزانرا هەریەکە لە فەرەنسا، بەریتانیا و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەتی دەکەنەوە). چیتر بەلجیکا ئارەزووی نەدەکرد سەربازی لەو وڵاتەدا هەبێت. تەنانەت لقی Médecins sans Frontières ی بەلجیکیش لەسەرەتای دەستپێکردنی جینۆسایدەکەوە ڕواندای بەجێهێشت. لە نێوان ٩-١٤ ی نیسانی ١٩٩٤ دا، سوپای بەلجیکی (بە هێزێکەوە کە نزیکەی ٨٥٠ سەرباز دەبوون) دەستیان بە ئۆپەراسیۆنێک کرد بەمەبەستی هێنانەدەرەوەی هاوڵاتییە بیانیەکان (سپی پێستەکان) ی ناو ڕواندا، بەڵام ڕەتیان کردەوە تووتسییەکان رزگار بکەن کە لە پێناوی ژیانیاندا هەڵاتبوون، تەنانەت ئەوانەی بۆ دامەزراوە بەلجیکیەکان کاریان کردبوو و پەیوەندییان بەو وڵاتەوە هەبوو.

جێهێشتنی ڕواندا لەلایەن بەلجیکاوە کاریگەری ناڕاستەوخۆی بەسەر سیاسەتی ئەمریکا لە ڕواندادا هەبوو. یەکێک لە دیبلۆماتکارە ئەمریکیەکان پرسیاری کرد کە چۆن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا توانی خۆی تێوەبگلێت لە کاتێکدا دۆخەکە ئەوەندە خراپ بوو کە وای لە بەلجیکیەکان کرد وڵاتەکە بەجێبهێڵن.

کاتێ حکومەتی بەلجیکا هێزەکانی خۆی لە ڕواندا کشاندەوە، بەهۆی فشاری ڕای گشتی خەڵکی بەلجیکاوە نەبوو. لە ڕاستیدا، لە ڕاپرسییەکدا کە لە بەلجیکا، پاش مردنی دە سەربازە بەلجیکیەکە، ئەنجام درا، ٤٨% ی دەنگدەرەکان پشتگیری مانەوەی هێزی بەلجیکایان لە ڕواندا دەکرد و

تەنـــانەت داوای دووبـــارە بەهێزکردنەوەشـــیان دەکـــرد، لەکاتێکـــدا ٤٠% بەشداربووەکان لەگەڵ کشانەوە بوون، تەنانەت لەئەگەری بوونی قوربانی زیـاتریش لە داهـــاتوودا. لە ڕاپرســـیەکی تـــردا کە لە هەرێمـــی فلەمەنگـــی ئەنجامـــدرا، ٥٥% ی ئەو کەســـانەی وەڵامـــی ڕاپرســـییەکەیان دابـــووەوە پشتگیری خۆیان بۆ هێزێکی ئاشتیپارێز دەربڕیبوو کە بتوانێت بەرگری لە توتسییەکان بکات (سەرەڕای ئەوەش، لەم ڕاپرسییەدا، ٨٠% ی بەشداربووان دژی بەهێزکردنەوەی هێزی سەربازی بەلجیکا لە ڕواندا وەستانەوە).[١]

لەوەش زیاتر، لیژنەی لێپرسینەوەی پەرلەمانی بەلجیکا گوێی بۆ گەواهی ئەو سەربازانە ڕاگرت کە لە ڕواندا هێنرابوونەوە و ویستی مانەوەیان هەبوو لەوێ بـۆ ئەوەی ســنورێک بـۆ ئەو کۆمەڵکـوژییە دابنـێن، بەڵام ڕێگەیـان نەدرابـوو ئەو کـارە بـکەن. پاشـان کۆلۆنێـل لـوک مارشـاڵ، بەرپرســی فەرماندەیی کیگالی سەر بە هێزەکانی UNAMIR لە کاتی جینۆسایدەکەدا، دواتر نووسیی:[٢]

لە هیچ بارودۆخێکدا نابێت وڵاتە کەجێبهێڵین. ئەمە بیروبۆچوونی من بوو کە بە سەرەوەی خۆمم ڕاگەیاند تاکو ئەو کاتەی بڕیاری سیاسی تایبەت بە دەرچوون لە UNAMIR درا. دەبوایە سەرکردە سیاسیەکانمان بزانن بە جێهێشتنی UNAMIR ژیانی هەزاران پیاو، ئافرەت و منداڵ دەخەینە بەردەم مردنی حەتمییەوە.

دەبێت تێبینی ئەوەش بکەین ئەو هێزە بەلجیکیەی لە ڕواندا کێشرایەوە، لەو کـــاتەدا باشـــترین و ڕاهێنراوتـــرین و پرچەکتـــرین هێـــزی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە ڕواندا. هەروەها زانیارییەکی فراوانی هەبوو لەبارەی شوێنە جیاجیاکانی ڕواندا و ئەو بۆنانەی تیایدا ڕوویان دەدا. دواجار وەک دەسەڵاتێکی کۆلۆنیاڵی لە ڕواندا، بەلجیکا زانیاری لەبارەی وردەکارییەکانی ئەو وڵاتەوە هەبـــوو، وەک لە بەنگلادیـــش (کە بە هێـــز بەشـــداری لە UNAMIRدا کردبوو) یان تەنانەت فەرەنساش ئەو زانیارییە وردانەی نەبوو.

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو

(2) هەمان سەرچاوەی پێشوو

لەڕاستیدا، کشانەوەی هێزە بەلجیکیەکە لەو وڵاتە گورزێکی جیدی بەر تەواوی هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان کەوت، لەو وڵاتەدا.

بە پێچەوانەی هەڵسوکەوتەکەی بەرامبەر فەرەنسا، ڕژێمە کۆنە مرداربووەکەی ڕواندا قینی لە بەلجیکیەکان هەڵگرت. بە پێچەوانەی فەرەنسیەکانەوە، بەلجیکیەکان پەیوەندی باشیان لەگەڵ ئەو حکومەتەدا هەبوو کە لەلایەن RPFەوە دامەزرابوو. لە نێوان تەموزی ١٩٩٤ و ئابی ١٩٩٥، حکومەتەکە لەلایەن سەرکردەی میانڕەوی MDR ەوە، فۆستین تواگیرامونگوا، کە بەڕێوەبەری نوسینگەی بروکسلی RPF و بەرەی چوار پارتە ئۆپۆزسیۆنەکەبوو، بەڕێوەبرا.

سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەهەمبەر جینۆسایدەکە

...سفر پلەی تێوەگلان و سفر پلەی مەترسی و سفر پلەی شپرزەبوون

دەیڤد ئۆبێی کۆنگرێسمان

لەبارەی سیاسەتی خوازراو لە ڕواندا. [1]

لە ١٦ی نیساندا، دیبلۆماتکارێکی نەتەوەیەکگرتووەکانی ئەمریکا بە باڵوێزی بەلجیکای گوت "قابیلی قبوڵکرن نییە"کە خەمی "کێشەی مرۆڤایەتی" وەک پاساوێک بۆ هێشتنەوەی هێزێکی ئاشتیپارێز لە ڕواندا بەکاربهێندرێت. ئەگەر ئەم مشتومرە بەکاربێت، چالاکیە ئاشتیپارێزەکانی تر "کاریان پێناکرێت".

ئالیسۆن دی فۆرگێس،

یەکێک لەو بیانیانەی بۆ یەکەمجار دان بە بوونی جینۆسایدا بنێن لە ڕواندا. [2]

---

(1) Holly Burkhalter .The Question of Genocide: The Clinton Administration and Rwanda." World Policy Journal 11 (Winter ١٩٩٤/1995) .pp. 44-54.

(2) des Forges .Leave None to Tell the Story .p. 630.

ئێمە ناتوانین گشت تەقینەوەیەکی ناکۆکی مەدەنی یان چەکداری نەژادپەرستی بە سادەیی بە ناردنە ناوەوەی هێزەکانمان چارەسەر بکەین. . لەئەگەری هەر دەستتێوەردانێکدا لە هەر ململانێیەکی نەژادی جیهانی، دواجار دەبێت پشت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا ببەستین کە دەکەونە مەترسییەوە.

سەرۆک بیل کلینتۆن

هەروەک ئەو وتانەی سەرەوە دەریدەخات، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەستی لە ڕووداوەکانی ئەوکاتەی ڕوانداوا وەرنەدا. سەرۆک کلینتۆن، کە لە کامپینی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ دا سوپاسی پابەندبوونی وڵاتەکەی بە "دەستتێوەردانی مرۆڤدۆستانە" لەو ناوچانەی جیهاندا کە دووچاری کارەسات دەبنەوە کرد و ئەمەش یەکەم دەربڕینی دژبوون بە دەستتێوەردانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوولەو وڵاتەدا. ئەمریکییەکان تەنانەت هێزی دەریاییان بۆ ڕزگارکردنی هاوڵاتییەکانی خۆشیان لەو وڵاتەدا نەنارد، بەڵکو ئەوروپییەکان لە بری ئەوان ئەو کارەیان ئەنجام دا. باڵوێزی ئەمریکا لە ١٠ی نیسانی ١٩٩٤دا دەرگای باڵوێزخانەکەی داخست، بەبێ ئەوەی هەوڵی یارمەتیدانی فەرمانبەرە توتسیەکانی خۆی یاخود کەسە نزیکەکانی بدات.

ماوەی دوو مانگ، ئەمریکا ڕەتی کردەوە ئەو ڕوداوانەی لە ڕواندا ڕوویان دەدا بە "جینۆساید"دابنێت. لەڕاستیدا وەزارەتی دەرەوە تەنانەت نەیدەهێشت ئەندامەکانیشی ئەو دەستەواژەیە بەکار بهێنن، بۆئەوەی ئیدارەکە ناچار نەبێت بەپێی ڕێککەوتننامەکەی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید هەڵوێست وەربگرێت. لەبەر ئەم هۆیەش، باسی "شەڕ"، "شەڕی ناوخۆ"، "ململانێی ناوخۆیی"، "ئاژاوەگێڕیی"، "هەرا"و بەدەگمەن ئاماژەیان بە "کاری جینۆساید" دەکرد. لە ٢٥مایسی ١٩٩٤ دا، گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوە ڕایگەیاند لە لێکۆڵینەوەدان بۆ ئەوەی بزانن

ئەو ڕووداوانەی لە ڕواندا ڕوودەدەن جینۆسایدن یان نا.[1] بەڵام ئەوەندەی نەبرد و دوای ١٠ی حوزەیرانی ١٩٩٤، ڕۆژنامەی New York Times سەرنجی ڕای گشتی بۆ ئەو ڕێنماییانەی وەزارەتی دەرەوە ڕاکێشا کە بۆ دیبلوماتکارەکانی ئەمریکا لە سەرانسەری جیهاندا دەری کردبووو، تیایدا هاتبوو کە وەزیری دەرەوە وارێن کریستۆفەر ڕایگەیاندووە کە "جینۆساید" گونجاوترین دەستەواژەیە بۆ ڕووداوەکانی ڕواندا بەکاربێت.[2]

لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە ٢١ ی نیسانی ١٩٩٤دا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەوپەڕی پشتگیری خۆی بۆ کێشانەوەی تەواوی UNAMIR لە ڕواندا ڕاگەیاند، کە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕەتی کردبووەوە تیایدا بەشدار بێت (لەکۆتاییدا بڕیاردرا ئەو هێزە بچوک بکرێتەوە و ژمارەی سەربازەکان کەم بکرێتەوە بۆ ٢٥٠و دژی فراوانکردنی دەسەڵات و مەودای چالاکییەکانی ئەو هێزە وەستایەوە. لە ١٧ی مایسی ١٩٩٤ دا، کاتێک بڕیار درابوو هێزێکی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕواندا بنێردرێت(UNAMIR II)، دووبارە وڵاتە ئەمریکا ڕەتی کردەوە بەشداربێت. بەمەبەستی کەمترین بەشداری، بەرپرسانی ئەمریکا ڕەزامەندییان لەسەر ناردنی پەنجا ئۆتۆمبێلی سەربازهەڵگری گولەنەبڕ (APC) ی دا، کە حەوت هەفتەی پێچوو تاکو گەیشتە هەرێمەکە، کە لە کۆتاییدا نێردرانە ئۆگەندا لەبری ڕواندا (تەماشای وردەکاری نەفەر هەڵگرەکە بکە لە خوارەوە، کە پرۆسەی ڕێکارییەکانی زۆر بێزارکەر). سەرەڕای ئەوەش، لە ٢٦ ی مایسی ١٩٩٤داوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئابڵوقەی چەکی بەسەر هەردوو لادا سەپاند- حکومەتە جینۆسایدکارەکە و RPF.

---

(1) تێبینییەکانی دەستپێکی ئاهەنگی ئەکادیمیای دەریاوانی ئەمریکا لە ئاناپۆلیس، ماریلاند، ٢٥ ی مایسی ١٩٩٤. لەم لینکەدا بیخوێنەوە
http://4uth.gov.ua/usa/english/facts/speeches/clinton/94-5.txt

(2) des Forges ،Leave None to Tell the Story.٢١-١٨ . لاپەڕە ،

مەسەلەی APCەکە[1]

لە ١٩ی نیسانی ١٩٩٤ دا، لەکاتێکدا جینۆسایدەکە لە لوتکەیدابوو، نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ٥٠ ئۆتۆمبیلی سەربازهەلگری گوللەنەبڕی بۆ UNAMIR II کرد. لە ٣١ی مایسدا ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕایگەیاند کە لە بنەمادا بەو داواکارییە ڕازی بووە. بۆ ماوەی سێ هەفتە، تاکو ٣١ی نیسان، بەرپرسانی پێنتاگۆن و نەتەوەیەکگرتووکان گفتوگۆی دارایی (بۆ نموونە ئایا ئەو ئۆتۆمبیلانە بفرۆشرێن یاخود بە کری بدرێنە نەتەوە یەکگرتووکان و کێ پارەی گواستنەوەکان دەگرێتە ئەستۆ) و تەکنیکی (وەک ئایا ئەو ئۆتۆمبیلانە زنجیریان پێوە دەکرێت یاخود تایە) لەو بارەیەوە دەکرد. بەپێی سیاسەتی پێنتاگۆن، تابێت ئۆتۆمبیلەکە بەر لە واژۆکردنی ڕێککەوتننامەکە ئامادە بکرێت. ڕۆژی ١٩ ی حوزەیرانی ١٩٩٤، سەرەتای گواستنەوەی ئۆتۆمبیلەکان بوو، کە تفەنگی قورس (وەک دۆشکە) و ئامێری پەیوەندییان لەگەڵدا نەبوو. لە نێوان ٢٢-٣٠حوزەیران دا، لەکۆتاییدا (بەبێ ئەو پێداویستییە گرینگانە) گەیشتنە ئۆگەندا نەوەک ڕواندا.

بەم شێوەیە بەرپرسانی ئەمریکا بڕیاریاندا کە هیچ جۆرە فریاگوزارییەکی سەربازی نەنێرن. بەڵام، ئەمە هەموو شتەکان نییە. بەڵکو تەنانەت ڕەتیان کردەوە کە پەخشی ڕادیۆ کوژەرەکەی RTLMCیش بوەستێنن، سەرەڕای ئەوەی پێنتاگۆن کەلوپەلی پێویستیشی بۆ ئەو بوارە هەبوو و ئەو کارەش بە دەست تێوەردانی سەربازی هەژمار نەدەکرا. لە وەلامی داواکارییەکی ڕێکخراوی چاودێری مافی مرۆڤ بۆ ئەوەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو پەخشە سوتێنەرانە ڕابگرێت وەزارەتی دەرەوە لێژنەیەکی لە شارەزایانی بواری یاسا پێکهێنا، کە لە کۆتاییدا گەیشتنە ئەو بڕیارەی کە کارێکی لەو جۆرە دەبێتە هۆی پێشێلکردنی ڕێککەوتننامە

(1) Samantha Power ,"Bystanders to Genocide: Why the United States Let the Rwandan Tragedy Happen." The Atlantic Monthly 288 (2001) ,p. 105.

جیهانییەکان و بنەماکانی ئازادی ڕادەربڕین.[1] گەواهی بەرپرسانی پێنتاگۆن، لەو بارەیەوە، خۆیان دەدوێن:

ئێمە لەگەڵ پێنتاگۆندا بەو بژاردانەدا چوینەوە کە بۆ ڕاگرتنی پەخشەکان هەمانبوو، لەگەڵ هاوبەشەکانماندا گفتوگۆمان کرد و گەیشتینە ئەو بڕیارەی کە ڕاگرتنی پەخشەکان کاریگەری نابێت و لەهەمانکاتدا میکانیزمێکە تێچوویەکی زۆری هەیە و ئەو ئامانجانە ناپێکێت کە ڕاوێژکاری NSC هەیەتی.

ڕێککەوتنە یاساییە نێودەوڵەتییەکان کاری ڕاگرتنەکە لە ڕێگەی ئاسمانی و زەوییەوە ئاڵۆز دەکەن زنجیرە چیاکانیش کاریگەری هەردوو ڕێگاکە کەم دەکەنەوە. Commando Solo، کە پاسەوانێکی ئاسمانی نیشتیمانییە، تاکە ڕێگەی ڕاگرتنە کە بتوانرێت لەلایەن وەزارەتی بەرگرییەوە ئامادە بکرێت. تێچووی هەر فڕینێکی یەک کاتژمێریی نزیکەی ٨٥٠٠ دۆلاری ئەمریکییە و لەبەر سنورداری توانای بەرگرتن لە خۆی پێویستی بە ناوچەیەکی نیمچە پارێزراو هەیە.

پێم وایە ژیرانەترە ئەگەر ئاسمان بۆ یارمەتی ڕواندا لە کەمکردنەوەی بارگرانی خۆراکدا بەکاربهێنرێت.

فرانک ویزنەر، جێگری وەزیر بۆ سیاسەتی بەرگری، لە یاداشتێکدا بۆ جێگری ڕاوێژکاری ئاسایشی نیشتیمانی، ساندی بێرگەر، ٥ی مایسی ١٩٩٤.[2]

ڕادیۆکان خەڵک ناکوژن، خەڵک خەڵک دەکوژێت!

ئەندامێکی باڵای پێنتاگۆن، لەوەڵامی جێگری وەزیری دەرەوە بۆ کاروباری ئەفریقیا، پرودێنس بوشنێل، کە داوای ڕاگرتنی پەخشی ڕادیۆکەی کردبوو.[1]

---

(1) des Forges ،Leave None to Tell the Story ،p. 641; Prunier ،The Rwanda Crisis ،p. 99.

(2) Power ،"Bystanders to Genocide،" p. 103.

ولاته یەکگرتووەکـانی ئەمریکـا، کە هیچـی نەکـرد بـۆ ڕێگـرتن لە جینۆسـایدەکە،پەیوەندییەکانی خـۆی لەگەڵ حکـومەتە جینۆسـایدکارەکەدا پاراست تاکو ١٥ تەموزی ١٩٩٤، کاتێک RPF حکومەتە جینۆسایدکارەکەی لە فەرمـانڕەوایی لادا و تەواوی دەسـەلاتی لە ڕوانـدا گـرتە دەسـت، تەنهـا ئەوسا، پاش سێ مانگ لە بەرپابوونی جینۆسایدەکە، باڵوێزخـانەی ڕواندا لە واشـنتۆن داخـرا و فەرمانبەرەکـانی دەرکـران، نێردەی ولاتە یەکگرتووەکـانی ئەمریکا لە نەتەوە یەکگرتووەکان پشتگیری خۆیان بۆ لادانی نوێنەرانی ڕواندا لە ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەربڕی.

سـەرەڕای ئەوەی ئەمریکـا لیبـراوانە سیاسـەتی دەسـت تێنەوەردانـی پەیڕەوکـرد، ژمـارەیەک دەنگـی جیـاواز بەرامـبەر ڕووداوەکـانی ڕوانـدا لە ئیـدارەی ئەو ولاتەدا دەبیسـتران. هەنـدێکیان، هەروەک بینیومـانە، بەبـێ دوودڵی پشتگیری سیاسەتی دەستتێوەردنەدانیان دەکرد(لەسـەر بنچینەی ئەو گـوتەیەی دەسـتوەردان هەر لە پێشـوەختەش هـیچ'بەرژەوەنـدییەکی نیشـتیمانی'نابێـت). ئەوانەش بریتـی بـوون لە سـەرۆک کلینتـۆن، وەزیـری دەرەوە و جێگـرەکەی، جێگـری وەزیـری بەرگـری، ڕاوێژکـاری ئاسایشـی نیشـتیمانی، سـەرکردەی ئۆپۆزسـیۆن لە ئەنجـومەنی پیرانـی کۆمـاری بـۆب دۆلێ. لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا هیچ کۆمەڵێکی توتسی نەبوو، لەبەر ئەوەش بوو هیچ فشـارێک بۆ دەسـتتێوەردان لەبارەیانەوە نەبوو. ئەندامانی کۆنگرێسـی بەڕەچەڵەک ئەفـریقیش لە هەلوێسـت وەرگـرتن لەپێنـاو توتسییەکاندا شکستیان هێنا. لەو کاتەدا، سـەرقاڵی قەیرانەکانی هـایتی بوون، کە لەوانەوە نزیکتـر بـوو.[٢] لەم چوارچێوەیەشـدا، ڕای گشـتی ئەمریکـاش، فشاری نەخستە سەر حکومەت بۆ دەستتێوەردان.

---

(1) هەمان سەرچاوە

(٢) ڕژێمی دیموکراتی باوک جین-بێرتراند ئەریستاید ی گەلی ڕەشپێستی هایتی، کە دەکەوێتە نزیک ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بە کودەتایەکی سەربازی لە ئەیلولی ١٩٩١ دا لەسـەر حوکم لادرا. هێزەکانی ئەمریکاش، لە ١٩٩٤دا، بەمەبەسـتی دووبارە بەرقەراربوونەوەی دیموکراسـی گەیشـتنە هلیتـی. گرینگی دان بە هـایتی لەلایەن ئەمریکاوە بەهـۆی نزیکی شـوێنی جوگرافی،

لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچۆنێک بێت ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆنگرێس و بەرپرسانی حکومی داوایان لە ئیدارەی ئەمریکا کرد کە دەست لە ڕواندا وەردا بۆئەوەی ڕێگە لە جینۆسایدەکە بگیرێت- لەکۆتاییدا ئەو داواکاریانەش سەرکەوتوو نەبوون. لەناویاندا ئەمانە هەبوو: بەرپرسی نوسینگەی وەزارەتی دەرەوە بۆ کاروباری ئەفریقیا، بەڕێوەبەری ئەنجومەنی ئاسایشی نیشتیمانی بۆ ئەفریقیا و بەرپرسانی ئەنجومەنی پیران و لێژنەکانی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ کاروباری ئەفریقا.

چی پاڵپێوەنەری ئەم سیاسەتە دەستێوەرنەدانەیەی ولاتەیەکگرتووکانی دا؟ بەکۆتایی هاتنی جەنگی سارد، ئەمریکا هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی نیشتیمانی لە ڕواندادا نەبوو- نە لەسەر ئاستی ستراتیژیەتی سەربازی، نە لە سەر ئاستی سیاسەتێکی نێودەوڵەتی (هەروەک لە سەردەمی جەنگی سارد دا) و نە لەسەر ئاستی ئابووریدا. هەروەها، ئیدارەکە نەیدەویست "هاوشێوەیەکی تری سۆماڵ"[1] دروست بێت. لە ڕاستیدا، کوژرانی ١٠ سەربازی بەلجیکی لە لە ڕواندا، ٦ی نیسانی ١٩٩٤دا زەنگێک بوو بۆ ئەمریکیەکان لەئەگەری دەستتێوەردانیاندا، توشی مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەیەک دەبوونەوە وەک ئەوەی لە سۆماڵ ڕووبەڕووی بوونەوە. پێدەچێت ترسی کامپینێکی درێژخایەنی تری پاش جەنگەکانی ڤێتنام[2]و عێراق-کوەیت[3] و بوونیان لە چەقی کێشمەکێشی دەست تێوەردان

دانیشتوانە ئەفریقی-ئەمریکیەکەی، زۆری ژمارەی هایتیەکان لە ولاتە یەکگرتووکانی ئەمریکاداو ئەو دەیان هەزار پەنابەرە هایتیەی هەوڵی گەیشتنیان بە خاکی ئەمریکا دەدا.

(١) لە ١٩٩٣دا لە سۆماڵ، پاش چالاکییەکی هێزەکانی ئەمریکا بەمەبەستی ڕاگرتنی جەنگی ناوخۆ و برسێتی لەو ولاتەدا، ١٨ سەربازی مارینز کوژران و بە شەقامەکانی مەقدیشۆدا ڕاکێشران.

(٢) لەنێوان ١٩٦٤و ١٩٧٣داولاتەیەکگرتووکانی ئەمریکا کەوتبووە جەنگێکی خویناوییەوە لە ڤێتنام، کە مەبەست لێی ڕێگگرتن بوو لە داگیرکاری کۆمەنیستەکان بۆ بەشی باشوری ئەو وولاتە و یەکگرتنەوەی باکور و باشوور بوو. ڕێژەی بەرزی قوربانیان(٥٦٠٠٠ئەمریکی) و شکستێکی گەورەی سەربازی بووە هۆی دروست بوونی نیگەرانییەکی قوڵی نەتەوەیی و تۆخکردنەوەی کێشمەکێشی دابڕاندنی ئەمریکا و دژوەستان بەرامبەر هەر دەست تێوەردانێک بۆ وولاتانی بێگانە.

(٣) لە ئابی ١٩٩٠دا، عێراق، بەسەرکردایەتی سەددام حوسەین، کوێتی داگیرکرد، بەو بیانووەی کە کوەیت پارچەیەکی مێژووی سەر بە عێراقە. داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە، ترسی داگیرکردنی وولاتانی تری لەلایەن عێراقەوە دروست کرد لە ناوچەککەدا. لەترسی دەستگرتنی

له بۆسنیا و هایتی دا، بەهەمان شێوە ڕۆڵێکی گرینگیان له دارشتنی ئەو سیاسەتەدا هەبوو بێت. گرنگه دووباره جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە کە سەرەرای وتارەکەی کلینتون له هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، کلینتۆن سەلماندی کە نیازی نییە تەنها لەبەر مرۆڤایەتی هێز بۆ ڕواندا ڕەوانە بکات. ئەم بڕیارە بە چەندین هۆکاری ئابووری لەپشت بوو بەشێوەیەک کە ئەو جۆرە دەست تێوەردانانە تێچوویەکی زۆریان دەبێت و کۆنگرێسی ئەمریکاش لەو کاتەدا ئارەزووی کاری لەو جۆرەی نەدەکرد. هەروەها لەو کاتەدا هیچ تێرامانێکی ڕوونی سیاسەتی ناوخۆیی‌ش (وەک فشار لەلایەن کۆنگرێس، کۆمەڵەی ئەمریکییە بەڕەچەڵەک ئەفریقیەکان، یاخود ڕای گشتی) نەبوو بۆئەوەی بەسەر ئەو سیاسەتە بێهیواکەرەدا زاڵبێت لە پێناو ڕزگارکردنی ئەو خەڵکە لەبیرکراوە لە وڵاتێکی دوورە دەستی ناوچەرگەی ئەفریقای ڕەشدا. ئەمەش، بێ دوودڵی، هەروەک سەرۆک کلینتۆن چوارساڵ دوای ئەوە ڕایگەیاند، شکستێکی ڕەوشتیی بوو.

پۆزشەکەی کلینتۆن (ڕواندا، ئاداری ١٩٩٨)

ئامادەبوونمان ئەمڕۆ لێرەدا بەشێکی بۆ دانپێدانانە بەو ڕاستییەی کە ئێمە وەک وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆمەڵی جیهانی، ئەوەی دەکرا و لەسەرمان بوو، بۆئەوەی سنوورێک بۆ ئەوەی لێرەدا ڕوویدا دابنێین نەمانکرد.[1]

گرنگه بیرمان بێت کە هەر پاش ئەوەی جینۆسایدەکەی ڕواندا بوو بە ڕاستییەکی جێگیر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەزاران سەربازی ناردە

عێراق بەسەر سامانی نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دروستکردنی مەترسی ناسەقامگیری لە ناوچەکەداوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای ناچار کرد ٥٠٠٠٠٠ سەرباز بنێرێتە ئەو ناوچەیە. لەئەنجامی ئەو جەنگەی لە ماوەی نێوان کانونی دووەم-شوباتی ١٩٩١ دا ڕوویدا، ئەمریکا لە وەدەرنانی عێراق لە کوێت سەرکەوتوو بووو، خۆی لەو پرۆسەیەدا کەمترین زیانی بەرکەوت.

(1) Power ،'Bystanders to Genocide' ٨٥ لاپەڕە.

ناوچەکە(زائیر و ڕواندا) بۆئەوەی لە ڕووی دابینکردنی خۆراک و ئاو و یارمەتی تەندروستییەوە یارمەتی ئەو پەنابەرە زۆرەی ئەوێ بدات.

سیاسەتە فەرەنسی، بەلجیکی و ئەمریکی لەکاتی جینۆسایدەکەی ڕواندا بەراوورد و شرۆڤە بکە.

سیاسەتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەبارەی جینۆسایدەکەوە

UNAMIR کاری پێویست دەکات بۆ ڕێگرتن لە تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی.

ژەنەڕاڵ ڕۆمیۆ دالایەر، فەرماندەی هێزی ئاشتیپارێزی کەنەدی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕواندا، ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٩٣.[1]

ئامرازەکانم بدەنێ من دەتوانم کاری زیاتر ئەنجام بدەم.

ژەنەڕاڵ دالایەر، لە ٦ی نیسانی ١٩٩٤ دا، بۆ سەروو خۆی لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا لە نیو یۆرک.[2]

کەس لە نیویۆرک بایەخ بەوە نادات.

وەڵامێک بۆ دالایەر[3]

وەک تێبینی کرا، ڕێککەوتننامەکەی ئەروشای ئابی ١٩٩٣ دامەزراندنی هێزێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی بۆ ئاشتیپارێزی و ئاسایشپارێزی لە ڕواندا دیاری کردبوو. هەردوو لا داوای هاتنی ٨٠٠٠ سەربازیان کردبوو بۆ ڕواندا، فەرماندە کەنەدی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ژەنەڕاڵ ڕۆمیۆ دالایەر، پێشنیاری ناردنی ٤٥٠٠ سەربازی کرد، وڵاتەیەکگرتووەکان پێشنیاری ٥٠٠

---

(1) ٢٥des Forges ,Leave None to Tell The Story ,p. 133.

(2) هەمان سەرچاوە، لاپەرە ٥٩٨

(٣) هەمان سەرچاوەوەڵامی ژەنەڕاڵ ماوریس باریل بۆ داخوازییەکەی ژەنەڕاڵ دالایەر.

سـەربازی کـرد و لەکۆتاییـدا ئەنجـومەنی ئاسایشـی نەتەوەیەکگرتووەکـان ڕێگەی بە ٢٥٤٨ سەرباز دا. لەکرداردا، ئەو هێزەی UNAMIR کە لە کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا گەیشتە ڕواندا، لە تەنها ١٢٦٠ سـەرباز پێکهاتبوو. هێزەکە- لە سـەربازی بەلجیکی، گانیـایی و بەنگلادیشـی پێکهـاتبوو(هەرچەنـدە ئەوەی دواییـان بێ دیسـپیلین بـوو، کـارامەیی سـەربازییان تێدا نەبـوو)- بەتەواوی پـڕچەک نەکرابـوو: بەدەسـت کەمـی ئۆتـۆمبیلی سـەربازهەڵگری گـولەنەبڕ، نەبـوونی ئۆتـۆمبیلی فریـاکەوتن، کەمـی تفـاقی چەک، کەمـی خـۆراک و کەمـی پێداویسـتی تەندروسـتی و دەرمـانەوە دەیانناڵانـد. هەروەهـا ئەنجـومەنی ئاسایش ئەو ڕاسپاردانەشـی کەم کردەوە کە لە ڕێککەوتننامەکەی ئەروشـادا بڕیاری لەسەردرابوو، کە ئەنجامی کارەساتباری لێکەوتەوە.

خشتەی ٨: ڕاسپاردەکانی هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕواندا[1]

ڕێککەوتنەکانی ئەرۆشا (٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣)	بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان(٤ی ئابی ١٩٩٣)
"زامنکردنی ئاسایشی سەرانسەری وڵات و بەتایبەتی چەسپاندنی یاسا لەلایەن دەسەڵات و ئۆرگانە لێهاتووەکانەوە"	"هاوبەشیکردن لە پاراستنی شاری کیگالی لەناو زونی داماڵراو لە چەک کە لە لایەن پارتەکانەوە دامەزرێندرابوو لە ناو و لە دەوروبەری شارەکە، بۆ چاودێریکردنی پیادەبوونی ڕێککەوتنی ئاگربەستەکە."
"هاریکاریکردن لە دۆزینەوەی کۆگای چەک و چەکداماڵین لە دەستە و تاقمە چەکدارەکان لە ەرانسەری ئەو وڵاتەدا" و "هاریکاریکردن لە وەرگرتنەوەی گشت ئەو چەکانەی دابەشکراون بەسەر دانیشتوانەکەدا، یاخود بە نایاسایی دەستیان کەوتووە"	"بۆ یارمەتیدانی پاککردنەوەی مین لە میانەی پرۆگرامی ڕاهێنان بۆ ئەو مەبەستە."
"پشتگیری کردن بەمەبەستی پاراستنی خەڵکی سڤیل"	"بۆ لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتدان لەبارەی چالاکییەکانی جەندرمە و پۆلیس"

ڕاسپاردەکانی ئەنجومەنی ئاسایش لە چیدا جیاوازە لەگەڵ ڕێکەوتننامەکەی ئەروشا؟ ئایا ئامانجەکانیان جیاوازن؟

---

(1) Burkhalter ،The Question of Genocide"; des Forges ،Leave None to Tell the Story لەبارەی ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان بەمەبەستی دەستکەوتنی ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان لەبارەی ، لاپەڕە. ١٣٢، ٥٩٦. بەمەبەستی دەستکەوتنی ڕاپۆرتە سەرەتاییەکان لەبارەی ڕێککەوتنەکانی ئەروشا و ڕاسپاردەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، سەردانی ئەم لینکانە بکە: http://www.incore.ulst.ac.uk/services/cds/agreements/pdf/rwan1.pdf ،and http://www.un.org/Docs/scres/١٩٩٣/scres93.htm

نەتەوە یەکگرتووەکان باش ئاگادار بوو کە ڕووداوەکانی ڕواندا بەرەو کوێ مل دەنێن. لە ئابی ١٩٩٣دا، ریپۆرتەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕواندا هۆشداری دا کە گومان زۆرە جینۆساید لە ڕواندادا ئەنجام بدرێت. لە کانونی یەکەمی ١٩٩٣دا، ژەنەڕاڵ دالایەر چەند راپۆرتێکی باوەرپێکراوی لەلایەن ئەفســەرە ڕوانــدییەکانەوە پێگەیشــت، کە باســیان لە پەرەپێــدانی پیلانگێڕییەک دەکرد بۆ بەرپاکردنی جینۆساید، لە ئارادایە. لە ١١ی کانونی دووەمی ١٩٩٤دا، ژەنەڕاڵ دالایەر سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانی، لەبارەی ئەو راپۆرتە هەواڵگریانەی باسیان لە ئامادەکارییەکان بۆ کوشتنی دانیشتوانە توتسییەکەی شاری کیگالی دەکرد، ئاگادار کردەوە. ئەم یاداشتە زانیاری لەبارەی تۆمارکردنی ناوی توتسیەکان تێدابوو، کە بۆ "چارەسەری کۆتایی" ئامادە کرابوون. دیلایەر ئەوەشی ڕوون کردووەوە کە سەرچاوەی زانیاریەکانی (کە لەژێر ناوی "جین-پێری"دا بوو)، ئەندامێکی پێشووی هەواڵگری سەرۆک بوو، پێی گووتبوو کە پیلانیان بۆ کوشتارێکی توتسیەکان دارشتووە کە خێراییەکەی دەگاتە ٢٠٠٠ توتسی لە کاتژمێرێکدا. هەروەها، جین-پێری دیلایەری لە پیلانی کوشتنی ژمارەیەک سەربازی بەلجیکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان ئاگادار کردەوە، کە بەمەبەستی کشانەوەی خێرای بەلجیکیەکان لەو هەرێمەدا ئامادە کرابوو (ئەو پیلانە لە ٦ی نیسانی ١٩٩٤ دا جێبەجێ کرا[1]. لەم یاداشتەدا، دالایەر داوای فراوانکردنی چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەو هێزە بێدەسەڵاتەی نەتەوە یەکگرتووەکان کردبوو، بە دەسەڵاتی دەستبەسەرداگرتنی چەکیشەوە.

هەموو داخوازییەکانی دالایەر لەلایەن ئیقبال ڕیزکاوە، جێگری کۆفی ئەننانی بەرەچەڵەک گانایی ڕەتکرانەوە، کە لەو کاتەدا وەک بەڕێوەبەری بەشی چالاکیەکانی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان کاری دەکرد[2].

---

(1) Power ،"Bystanders to Genocide" لاپەرە ٨٩.

(٢) کۆفی عەننان لە ساڵی ١٩٣٨ لە گانا لەدایک بووە و بواری ئابووری، پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و بەڕێوەبردنی لە وڵاتەکەی خۆی و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکان خوێندووە. کاتێک لە ساڵی ١٩٦٢دا پەیوەندی بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە کرد، زۆرینەی بەرپرسیاریەتەکەی پەیوەندی بە دارایی و ئابورییەوە هەبوو. لە ساڵی ١٩٩٠دا، لەلایەن

هەروەهــا، تەنــانەت یاداشــت و داواکارییەکــانی دالایەر ڕەوانەی ئەنجـومەنی ئاسایش نەدەکران. سکرتێری گشتی، بتروس غـالی میسری، ویسـتی بـایەخی زیـاتر بە یاداشـتی نـوێنەرە سیاسـیەکانی خـۆی لە روانـدا، جـاکیس-ڕۆگەر بوهبـوهی کـامیرۆنی بـدات، کە هاوسـۆزی ڕژێمەکەی ڕوانـدا بـوو. لەکـاتی "قڵیشــانەوەی توندوتیژیەکانــدا" پەیوەنــدی بە هێرشـــە بەکۆمەڵەکــانی دژ بەتوتسیەکانەوە هەبوو. بەهـۆی ئەو ئەزمـوونەی لە نێوان تشرینی دووەمی ١٩٩٣ و نیســـانی ١٩٩٤ دا پەیـــدایان کردبـــوو، پێـــدەچوو پلانـــدانەرانی جینۆسایدەکە ئەنجامگیری ئەوەیـان کردبێت کە هێزی نەتەوە یەکگرتووەکـان بێتوانا و بێ دەسەلات بوون، ئەمەش وای لێکردن بە هەڕەشە لەسەر خۆیانی نەزانن.

لەڕاســـتیدا، ئەگەر ئەو ئەزمـــوونە هەڵســـەنگێنین، هێـــزی نەتەوە یەکگرتووەکــان لە پاراســـتنی توتســیەکاندا شکســتی هێنــا، بەجۆرێــک کە توتسـیەکان هەر بەبەرچاویـانەوە دەکـوژران. هەرچەنـدە پاســەوانیان بـۆ پاراســتنی ســەرکردە هووتــوە میانڕەوەکــان دانــابوو، لەکــاتی گەیشــتنی میلیشیاکان بەمەبەستی کوشتنیان، ئەو پاسەوانانە سـەرکردە هووتوەکانیان بەتەنها جێدەهێشت. ژەنەڕاڵ دالایەر بەپەلە داوای زیـادکردنی هێزەکەی کـرد بـۆئەوەی بتوانێـت لەچەک دایانماڵێـت و کوشـتن بوەسـتێنێت و پەخشـەکانی RTLMC ڕابگرێـــت. هەمـــوو داواکاریەکـــانی لەلایەن بەشـــی کـــرداری ئاشــتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووکــانەوە ڕەتکــرایەوە و چەنــد ڕێنمــاییەکی ڕوونیان بۆ دەرکـرد تـاکو خۆی بەدوور بگرێت لە بەکارهێنـانی هێز، لەوەی ســەربازەکانی بخــاتە مەترســییەوە، لە چەکـداماڵین، لە هەڵسـوکەوتی دژ بە وێستگەی ڕادیۆکان و فەرمانیان پێکرد کە ئەوپەڕی بێلایەنی خۆی بپارێزێت. لەو کاتەدا، کۆفی ئەننـان سـوور بـوو لەسـەر ئەوەی کە فراوانکردنـی هێزەکە

سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە داوای لێکرا کە نێوانگیری لەو گشـە مرۆڤایەتیـانەدا بکـات کە لە جەنگی کەنـداودا سـەریان هەڵدابوو. بەهـۆی سـەرکەوتنی لەمەدا، کرا بە جێگـری سکرتێری گشـتی ئاشتی پارێزی. لە کۆتـایی سـاڵی١٩٩٦دا، عەننـان وەک جێگرەوەی سـکرتێری گشـتی نەتەوە یەکگرتووەکـان، کە مـاوەی دەسـەلاتەکانی تەواو ببـوو لەو پۆسـتەداو تـا کۆتـایی سـاڵی ٢٠٠٦ لەو پۆستە مایەوە. لە ساڵی ٢٠٠١دا، خەلاتی نۆبلی پێبەخشرا.

تێچوویەکی زۆری دەوێت و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پشتگیری ئەوەیان نەدەکرد(کە ڕاست بوو). لە بری ئەوە، بەشی ئاشتیپارێزی نەتەوە یەکگرتووەکان پێشنیاری ئەوەیان بۆ دالایەر کرد کە یارمەتی فەرمانبەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان بدات تاکو لەگەڵ هێزە فریاگوزارییەکانی تری ئەورووپیدا ئەو وڵاتە جێبهێڵن.[1] تەنانەت کاتێ کوشتار لە ڕواندا گەیشتە ئەوپەڕی بڵندی خۆی، نە هیچ ئۆرگانێکی یو ئێن و نەش هیچ ئەندامێکی ئەنجومەنی ئاسایش، بیریان لە هەنگاونانێک نەکردەوە بۆ وەدەرنانی نوێنەرانی ڕواندا لە ئەنجومەنەکە.[2]

خشتەی ٩: هەڵوێستی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرامبەر جینۆسایدەکەی ڕواندا

پێگە	پشتگیریکردنی ڕواندا	هەنگاونان بۆ وەستاندنی جینۆسایدەکە	بێلایەنی ئەندامە هەمیشەییەکان
چین			*
ڕوسیا			*
ئەمریکا			*
شانشینی یەکگرتوو	*		

(١) تەنانەت لەو کاتانەی کوشتنەکان لە ڕواندا دا لە لوتکەدابوون، نە ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و نە ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش هەنگاویان بەرەو لادانی ڕواندا لەو ئەنجومەنە نەنا.

(٢) ئەزموونی دالایەر لە ڕواندا توشی کێشەی دەروونی قووڵی کردەوە، کە تاکو چەندین ساڵ پاش ئەوە لەگەڵیدا مایەوە. ویژدانی بەوە ئازاری دەدا کە فەرمانەکانی سەروو خۆی پێشێل نەکردبوو شکستێک کە لە پاشاندا لەلایەن ئەندامانی سەربازی و سیاسی فەرەنسا و بەلجیکاوە ڕەخنەی لەبارەوە لێگیرا(ئەوانەی خۆیان لەکاتی جینۆسایدەکەدا هیچ هەڵوێستێکیان نەنواندبوو). لە ساڵی ٢٠٠٠دا و لەبەر چەند هۆیەکی تەندروستی لە سوپای کەنەدا لادراو لە پاشاندا بوو بە سیناتۆرێکی کەنەدی لە هەرێمی کوبێک.

فەرەنسا			
ئەندامە نا-هەمیشەییەکان			
جیبۆتی		*	
عومان		*	
ڕواندا		*	
ئەرجەنتین			*
کۆماری چیک			*
نیوزلەندا			*
ئیسپانیا	*		
بەرازیل	*		
نەیجیریا	*		
پاکستان			

لەمیانەی گفتوگۆکاندا لە بارەی ڕوانداوە کە لە ٢١ ی نیسان، ٣٠نیسان و ١٧ی مایسی ١٩٩٤دا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە سازکرابوو، سێ کۆمەڵە وڵات کە پێگەی لێکچوویان لەبارەی مەسەلەی ڕوانداوە هەبوو (وەک لە خشتەی ٩ دا)دەرکەوتوون.

دواجار سیاسەتەکە لەسەر بناغەی ئەو پێگەیەی کە لە ستونی سێیەمی خشتەکەدا دیارە ، بڕیاری بۆ درا. واتا سیاسەتی بێلایەنی و دەستتێوەرنەدان. دوو هەڵوێستەکەی تر یەک ئەویتری بێلایەن دەکردەوە. هەروەک بینیمان، خودی نەتەوە یەکگرتووەکان(بترۆس بترۆس غالی، کۆفی ئەننان، بەڕێوەبەری بەشی ئاشتی پارێزی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان، و جاکیس-ڕۆجەر، نوێنەرەکەی لە ڕواندا) بەهەمان شێوە هەوڵی پشتگیری کردنی "بێلایەنی"یان دەدا.

لە ٢١ی نیسانی ١٩٩٤دا، ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری کەمکردنەوەی UNAMIR ی لە ١٢٦٠ سەربازەوە بۆ ٢٥٠ سەرباز دا، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان نەک تەنها پشتگیری کشانەوەی سەرتاسەری

هێزەکانی دەکرد لە ڕواندا، بەڵکو پاڵەپەستۆیشی خستە سەر خودی ژەنەڕاڵ دالایەر بەمەبەستی کشانەوە و چۆڵکردنی ناوچەکە (دالایەر لەبەر هۆکاری ڕەوشتی ڕەتیکردەوە ئەوە بکات). لە ٣٠ ی نیسانی ١٩٩٤ دا، سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش داوای قەدەغەکردنی چەکی لە هەردوو لایەن کرد، لە بڕیاری ٩١٨ی ١٧ی مایسدا سەپێندرا.

هەروەک تێبینی کرا، بەر لە ١٧ی مایس ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاری ناردنی ٥٥٠٠سەربازی بۆ ڕواندا هەڵوەشاندەوە (UNAMIR II) لەو خاڵەدا، هیچ وڵاتێکی نا-ئەفریقایی ئارەزووی ناردنی سەربازی بۆ هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان نەدەکرد و ئەو چەند وڵاتە کەمە ئەفریقیەش کە ڕازی بوون بەناردنی سەرباز، پێشەکی وتووێژیان لە بارەی قەرەبووییەکی دارایی زۆر دەکرد. لەئەنجامی ئەم پرۆسە خاوەشدا، هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیتوانی هیچ توتسیەک ڕزگار بکات. هەروەک بینیمان، نوێنەرێکی ڕواندی بەبەردەوام لەو ماوەیەدا لە ئەنجومەنی ئاسایشدا دادەنیشت وهەروەها وەزیری دەرەوەی ڕواندا و سەرکردەکەی CDR (کە ئەندازیار و سەرکردەی جینۆسایدەکە بوون) بۆ ئامادەبوون لە گفتوگۆکانی ١٦-١٧ی مایس بە ئاشکرا گەیشتنە نیو یۆرک. شاراوە نییە بۆ هیچ کەسێک، نە لە نەتەوەیەکگرتووەکان نە لە وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا، کەس ڕێگەی لێنەگرت بۆ گەشت کردن، یان لە فڕۆکەخانەدا دەستگیریان بکات.

بۆماوەی چەندین مانگ، نەتەوە یەکگرتووەکان خۆی بە دوورگرت لە پۆلێنکردنی کوشتارگەکەی ڕواندا لەژێر ناوی "جینۆساید" دا، کە پۆلێن کردنێکی وا سەرنجی ڕای گشتی ڕادەکێشا بۆ لای ئەو دامودەزگایانەی کە لە هەڵوێستوەرگرتن شکستیان هێنا. دەستەواژەکە، لە کۆتایی حوزەیرانی ١٩٩٤دا، هەروەک لەخوارەوە بەپێی کات ئاماژەی پێکراوە، لە چوارچێوە ڕواندییەکەیدا بەکارهات:

جینۆسایدەکەی ڕواندا-پەرەسەندنی دەستەواژەکە[1]

٨ی نیسانی ١٩٩٤	نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕواندا، جاکیس-ڕۆجەر بوە ئامـاژەی بە "پێکـدادان" لە کیگـالی و "هێمنی و نیگەرانی" لە بەشەکانی تری، کرد.
٢٠ی نیسانی ١٩٩٤	لەیاداشتێکی تایبەتمەند دا بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، جەنەڕاڵ بوترۆس بوترۆس غالی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە "هەستیاری دۆخی ڕواندا" دەکات و دەڵێت "کوشتنەکان لەلایەن کۆمەڵێک ئەندامی یاخیبووی گاردی سەرۆکایەتییەوە دەستیان پێکرد" و "دەسەڵات هەرەسی هێنا".
٢١ی نیسانی ١٩٩٤	لە بڕیـاری ٩١٢دا، ئەنجـومەنی ئاسـایش گـوتی کە"توندوتیژییەکی فراوان و ترسناک لە ڕواندا بووە، بووەتە هۆی گیان لەدەستدانی هەزاران کەسی سڤیلی بێگوناه"(بە بێ ئەوەی ناوی ئەنجامدەری کوشتنەکانی تێدا هێنابێت)
٢٩ی نیسانی ١٩٩٤	لە نامەیەکدا بۆ سەرۆکی ئەنجـومەنی ئاسـایش، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ددانی پێدا نا کوشتنی خەڵکی سڤیل پەیوەندی بە جەنگەوە نییە و ئەو کوشتارگەیەش لەلایەن "گرووپی چەکدار لە خەڵکی مەدەنی" و "سوپای لە کۆنترۆڵ دەرچوو"ەوە ئەنجام

(1) des Forges ،Leave None to Tell the Story ;لاپەڕە ٦٢٦-٦٢٩ ،Paul Magnarella ،Justice in Africa: Rwanda's Genocide ،Its Courts and the UN Criminal Tribunal (Aldershot: Ashgate ،2000); Ingvar Carlsson ،Han Sung-Joo ،and Rufus M. Kupolati ،Report of the Independent Inquiry into the Actions of the United Nations during the ١٩٩٤ Genocide in Rwanda (New York: United Nations ،1999).

	دراون (لەڕاستیدا زۆر بە باشی کۆنترۆڵ کرابوون) بەمەش، بەردەوام بوو لەشاردنەوەی ئەو ڕاستییەی کە کوشتنەکان لەلایەن حکومەتەوە ئاراستە کرابوون.
٣٠ی نیسانی ١٩٩٤	لە لێدوانێکدا لەلایەن سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشەوە، ئامـاژەی بە ڕێککەوتنی ڕێگرتن و سزادانی تاوانی جینۆساید "ئەنجومەنی ئاسایش گشت پێشێلکارییەک بۆسەر یاسای مرۆڤدۆستی نێودەوڵەتی لە ڕواندا مەحکوم دەکات. .... لەم چوارچێوەیەشدا، ئەنجومەنی ئاسایش جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵێکی نەژادی، بەمەبەستی لەناوبردنی بەشێکی یان هەمووی، بە بەتاوان هەژمار دەکرێت و لە ژێر ڕۆشنایی یاسای نێودەوڵەتیدا مایەی سزادانە". لەگەڵ ئەوەشدا، خۆی لە پۆلێنکردنی کوشتارەکەی ڕواندا لە ژێر خانەی جینۆساید، پاراست.
١٧ی مایسی ١٩٩٤	لە بڕیاری ٩١٨دا، ئەنجومەنی ئاسایش دووبارە جەختی لەسەر ناوەڕۆکی ووتارەکەی ٣٠ی نیسانی ١٩٩٤ی سەرۆکی ئەنجومەن کردەوە.
٢٥ی مایسی ١٩٩٤	کۆمسیۆنی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مافەکانی مرۆڤ ئاماژەی بەوە کرد کە "ڕەنگە جینۆساید لە ڕواندا ڕوویدابێت" (هەروەها داوای ڕاسپاردنی لێکۆڵەرێکی بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و پێشکەش کردنی یاداشت لەو بارەیەوە کرد).
٢٥ی مایسی ١٩٩٤	لە ڕاپۆرتەکەی کۆمیسیۆنی مافەکانی مرۆڤدا، پیشانی دەدات کە کردەی جینۆساید لە ڕواندا ڕووی داوە، (داواشی کردووە کە ڕیپۆرتەری تایبەت دابمەزرێندرێت بۆ کۆڵینەوە و ناردنی ڕاپۆرتی تر.

٢٨ی حـــوزەیرانی ١٩٩٤	لە ڕاپۆرتەکەیدا بۆ کۆمیسیۆن، ڕێنیێ دیگنی-سیگنی، ڕوودانی جینۆسایدی لەو وڵاتەدا پشتڕاست کردەوە، 'بەبۆچـوونی لێکـۆڵەرە تـایبەتەکە، پێویسـتە لێـرە بەدواوە دەستەواژەی 'جینۆساید' بۆ ئەوەی بەرامبەر بە توتسییەکان ئەنجام درا، بەکار بێت.
٢٦ی تەمــــــوزی ١٩٩٤	سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لیژنەیەکی لە شارەزایان پێکهینا (لە نوێنەرانی تۆگۆ، گینیا و مالی، پێکهاتبوون) بەمەبەستی پشتڕاستکردنەوەی ڕاپۆرتی 'پێشـێلکردنی یاسـا مرۆڤـایەتییە نێودەوڵەتییەکـان لە ڕواندا و لەدۆخی هەبوونی بەڵگە لەسەر جینۆساید، ئاگاداریان بکاتەوە'.
تشـــرینی یەکەمـــی ١٩٩٤	لیژنەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە 'جینۆسـاید دژ بە توتســـــییەکان، لەلایەن پێکهــــاتەی هووتــــوەوە، بەشێوەیەکی چڕ، پلان بۆ داڕێژراو، سیستەماتیکی و ڕێکخراو ئەنجام دراوە'. پێشنیاری کرد کە'کەسانی بەرپرسـیار لە جینۆسـاید، بەرەوڕووی دادپەروەریـی بکـرێنەوە و بهێنـرێنە بەردەم دادگـای ســـەربەخۆی نێودەوڵەتی بۆ تاوان' .
٨ی تشـــــــرینی دووەمی ١٩٩٤	لە بڕیـاری ٩٥٥دا، ئەنجـومەنی ئاسـایش بڕیـاری دا دادگایەکی تایبەت دابمەزرێنێت'دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاقە مەبەستی دادگایی کردنی تاوانبارانی بەرپرسیار لە جینۆساید. . .'.

ڕوونکـردنەوە جۆراوجۆرەکـانی هەڵسـوکەوتی نەتەوە یەکگرتووەکـان پوخـت بکەرەوە.

سیاسەتی وڵاتانی ئەفریقیایی لەبارەی جینۆسایدەکەوە

لە کەیسی ڕواندا دا، نە هیچ وڵاتێکی کیشوەری ئەفریقیایی نەش ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا (OAU) بەجۆرێ هەڵسوکەوتیان نەکرد مایەی شانازی کیشوەری ئەفریقیا بێت.[1] هەروەک زۆرێک لەو وڵاتانەی تر کە پێشتر گفتوگۆمان لەبەرەیانەوە کرد، ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقیا AOU (کە حوسنی موبارەکی سەرۆکی میسر لەو کاتەدا سەرۆکی بوو)، ڕەتیکردەوە لە چوارچێوەی "جینۆساید"دا باس لە ڕووداوەکان بکات. لەڕاستیدا، ئەو ڕێکخراوە تەنانەت ڕێگەی دا بە ثیۆدۆر سندیکوبوابۆ، سەرۆکی ڕژێمە جینۆسایدکارەکە، لە ڕێککەوتنی لوتکەی ئەفریقا لە تونس، لە ناوەڕاستی حوزەیرانی ١٩٩٤دا، نوێنەرایەتی ڕواندا بکات. بەشدارانی کۆنفرانسەکە، ڕووداوەکانی "تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییان" مەحکوم کرد بەبێ ئاماژەدان بە ئەنجامدەری جینۆسایدەکە و بە بێ باسکردنی جینۆساید بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ. هەروەها کۆمەڵەی ئەفریقیا لە نەتەوە یەکگرتووەکان، کە لە هەموو وڵاتانی ئەفریقایی ئەندام لە یو ئێن پێکهاتبوو، لەکارکردن بە شێوەیەکی جیدی بۆ ڕاگرتنی جینۆسایدەکە، شکستی هێنا (هەرچەندە لە ١١ی نیسانی ١٩٩٤دا داوای "ئاگربەست"ی کرد و لە ٢١ی نیسانی ١٩٩٤دا دژی کەمککردنەوەی UNAMIR بوو).

---

(١) ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقا(OAU) لە١٩٦٣ وەک ڕێکخراوێکی وڵاتانی سەربەخۆ لە کیشوەری ئەفریقیا ،دامەزرا. هەموو وڵاتانی عەرەبی باکوری ئەفریقیا و باشوری بیابانی گەورەی گرتبووە خۆی، پاش هاتنە ناوەوەی ئەفریقای باشوور،کە تازە لە نەژادپەرستی ڕزگاری ببوو، OAU 51 وڵاتی خاوەن سەروەری تیایدا جێگەی گرتبوو. لەسەرەتای دامەزراندنیەوە، AOU لە یارمەتیدانی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئەفریقا، نێوەندگیری کردن لەنێوان ئەو وڵاتە ئەفریقاییانەی پێکەوە جەنگاون، پشتگیری کردنی پەرەپێدانی ئابووری، پەروەردە و چاودێری تەندروستی لەسەرانسەری ئەفریقیا، هاوئاهەنگی کردن لە نێوان وڵاتە ئەفریقاییەکاندا لەبواری فرۆکەوانیدا، گفتوگۆ و هاوکاریکردن لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تری، لەئەستۆ گرتبوو. ناوەندی بەڕێوەبردنی AOU کەوتبووە شاری ئەدیس ئەبابا ی پایتەختی ئەثیوپیاوە. لە ساڵی ٢٠٠٢دا، یەکێتی ئەفریقا شوێنی AOU ی گرتەوە. ئەویش ڕێکخراوێکی نوێ بوو هەوڵی لاساییکردنەوەی یەکێتی ئەورووپای دەدا.

له ئەنجومەنی ئاسایشدا وڵاتی نایجیریا ئەو بژاردەیەی پیادە نە هێرش بکاتە سەر حکومەتە جینۆسایدکارەکەی ڕواندا و نەش ئەو حکومەتە بە جینۆسایدکردن تۆمەتبار بکات، لەکاتێکدا جیبۆتی لە لای خۆیەوە پشتگیری خۆی بۆ ڕواندا لەکاتی قەیرانەکاندا بەردەوام بوو. هەندێک لە وڵاتە ئەفریقاییەکان- زائیر(کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی ئێستا)، کینیا و بەتایبەتی سیشێل- تەنانەت پاش ٦ی نیسانی ١٩٩٤، بە ناردنی چەک یارمەتی ڕواندایان دا. هەروەها، کینیا و زائیر ڕێگەیان لە دەربازبوونی توتسیەکان لە سنوورەکانیاوە بۆ ناو وڵاتەکەیان گرت و تەنانەت کینیا ئەو پەنابەرانەی توانیبویان لە سنوورەکان بپەڕنەوە ڕاستەوخۆ رادەستی بکوژەکانیان کردەوە. لەم چوارچێوەیەشدا، ئێجگار گرنگە ناچالاکی سێکوچکە باڵادەستە ئەفریقاییەکەی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بخەینە ڕوو-بتروس بتروس غالی میسری، کۆفی ئەنانی گانیایی و جاکیس ڕۆجەر بوهبوهی کامیرۆنی، کە هیچیان بۆ ڕێگرتن لە جینۆسایدەکە نەکرد.

هەڵبژاردنی ئەو وێستگانەی بەرپرسە باڵاکانی ڕواندا بۆیان هەڵهاتن (بڕوانە خشتەی ١٠)، هەروەها، ڕەنگدانەوەی پێگەی ئەو وڵاتە ئەفریقیایانە کە بەرامبەر بە جینۆسایدەکە هەیانبوو، دەردەخات. کینیا و کامیرۆن، بۆ نمونە، دوو وڵاتی دیارن لە ڕووی باوەشکردنەوە بۆ بکوژەکان.

خشتەی ١٠ ئەو شوێنانەی بەرپرسە باڵاکانی حکومەتی ڕواندا ڕوویان تێکرد

ناو	ناونیشان (پیشە)	شوێنی هەڵاتن
ئاگـــــــاتێ هابیاریمانا	خێزانی سەرۆک	کینیا(پاش وەستانێ:ی کاتی لە فەرەنسا)
ئۆگســـــــتین بیزیمانا	وەزیــری بەرگــری(میلیشـــیاکانی ڕێکخست و پرچەکی کردن)	کینیا
کاســـــــیمیر بیزیمونگو	وەزیـری تەندروسـتی(کوشـتنی لە نەخۆشخانەکاندا ڕێکدەخست)	کینیا
فیلیسین کابوگا	سپۆنسـەری بـانکی و بەڕێـوەبەری RTLMC	کینیا
ئانـــــــــدێ نتاگیرورا	وەزیـری گواستنەوە(بەرپرسـیاری کوشتنەکانی هەرێمی کارینگیرا)	کامیرۆن
جەســـــــتین موگینزی	وەزیری بازرگانی	کامیرۆن
کۆلۆنێــــــــل تیۆنیســـــــتێ باگوسۆرا	'پیــاوە بەهێـــزەکە'ی ڕژێمـــی جینۆساید	'پیــاوە بەهێـزەکە'ی ڕژێمی جینۆساید
جۆزێـــــــــف نزیرۆرێرا	سکرتێری گشتی (MRND(D	کامیرۆن

بۆچی پێت وایە وڵاتە ئەفریقاییەکان لە فریاکەوتنی کوژراوەکاندا شکستیان هێنا؟

ئایا جیهان دەیتوانی ڕێ لە جینۆسایدەکە بگرێت؟

UNAMIRو هێــزی چــۆڵکردنەکە "دەیــانتوانی زۆر بەئاســـانی ئەو کوشتارگەیە بوەستێنن و بەو خەڵکەی لای بەربەستەکانیان بگوتبایە بوونیان لەوێـدا مەترسـیدارە. ئەوکـات هەمویـان دەڕۆیشـتنەوە مـاڵ و شـوێنەکانی خۆیان."

فەرماندەی گشتی UNAMIR

ژەنەڕاڵ دالایەر [1]

بۆئەوەی جیهـان بتوانێـت ڕێـگە لە جینۆسـاید بگرێـت، پێویسـتە زانیـاری لەبارەیەوە هەبێت. کەس نکوڵی لەوە ناکات کە لە کەیسی ڕواندا ڕا هەمـووان ئاگـاداری "چارەســەری کوشـتایی" بـوون، هانـدان بەرەو توندوتیژی، ڕێکخسـتنەکەی و دابەشکردنی چەکەکان. کاتێک جینۆسـایدەکە دەسـتیپێکرد، بـالوێزی وڵاتـانی بیـانی لە ڕوانـدا، فەرمـانبەرانی ئاژانسـ فریاگوزاریەکـان، سـەربازان و فەرمانـدەکانی UNAMIRو بەرپرسـانی ئیـدارەی پـاریس، بروکسـێل ، واشـنتون و نەتەوە یەکگرتووەکـان ئاگـاداری پەرەسـەندنی ڕووداوەکان بوون.

لێژنەی لێکۆڵینەوەکـان لە ڕووداوەکـانی ڕوانـدا، کە لە لایەن OUA ەوە دامەزرا بــوو و کەتومیــل مەســـری ســـەرۆکی پێشـــووی بۆتســـوانا وە سـەرکردـایەتی دەکرد، جینۆسـایدەکەی ڕوانـدای وا وێنـا کـرد "جینۆسـایدێک قـابیلی ڕێلێگـرتن بـوو"، هەروەهـا هـاوارد ئادلمـان وەسـفی جینۆسـایدەکەی ڕوانـدای وا کـرد " ئاسـانترین بـوو لە ڕووی قابیـل بـوونی بـۆ ڕێلێگـرتن"[2]. دەکرا ڕێگرتن لە ڕوودانی ئەو جینۆسایدە سەخت نەبێت، بەتایبەتی لە بـوونی ڕێککەوتنێـک کە ئامـانجی ڕێگـرتن بـوو لە ڕوودانـی جینۆسـایدەکان، بـوونی هێـزی نەتەوە یەککرتووەکـان لەو وڵاتەدا، کەمـی چەکـی قـورس بەدەسـت

---

(1) des Forges ،Leave None to Tell the Story P.٦٠٧

(2) Howard Adelman ،'Rwanda Revisited: In Search for Lessons.'Journal of Genocide Research 2،٤٤٤-٤٣١ ،(٢٠٠٠)

بکوژەکـانەوە و ڕاسـتی ئەنجامـدانی کـامپینی کوشـتنەکە لەلایەن ژمـارەیەکی کەمی خەڵکەوە بەڕێوە چوو کە تەنها چەند هەزارێک دەبوون.

هەروەک بینیمـان، دالایەری فەرماندەی گشـتی UNAMIR هـیچ کاتێک گومـانی لەوە نەبـوو کە چەنـد هەزارێکـی کەم لە سـەربازی بـاش ڕاهێنـراو دەیـانتوانی ئەو جینۆسـایدە بوەسـتێنن. بەڕای ئەو، هێـزە سـەربازییەکەی بەلجیکـا و گانـا(کە یەکەمیـان ٤٤٠ و دووەمیـان ١٠٠٠ سـەرباز بـوو)- بە هێزێکی فەرەنسی-بەلجیکی بۆ چۆڵکردن(کە ٩٠٠ سەرباز بوون)، مارینزی ئەمریکـی کە لە بوجومبـورای پـایتەختی بوروندیـدا جێگیـر کرابـوون (٣٠٠ سـەربازی مـارینز)و هێزێکـی تـری بەلجیکی کە لەپاشـاندا لە نـایروبی جێگیر کرا، پشت ئەستور کرابوون- دەیانتوانی بەشێوەیەکی زۆر ئاسان بەسەر ئەو ٧٠٠٠سەربازە ڕواندییەی کیگالیدا زاڵبن و جینۆسایدەکە بوەستێنن و ڕێگە لە بڵاوبـوونەوەی بە بەشـەکانی تـری وڵاتەکەدا بگرن. هەروەهـا پێـی وابـوو کە ڕوانـدییەکان تەنـانەت لەدژی هێزێکـی نێودەوڵەتیـدا، کەتەنهـا یەکەیەکـی فەرەنسیشی تێدابووبێت، نەجەنگاون. سـەرەڕای هەمـوو ئەوانەی تر، دالایەر پێی وابوو کە UNAMIR بەتەنهـا، بەبێ هـیچ یـارمەتییەکی زیـاتر، لەئەگەری پێـدانێکی خێـرای کەلـوپەلی پێویسـت و هەڵکردنـی گلـۆپی سـەوز بـۆی بەمەبەستی هێرشکردن، دەیتوانی کـارێکی مەزن ئەنجـام بدات. ژمـارەیەک لە شارەزایانی بـواری سـەربازی هەمـان بۆچونی دالایەریـان هەبـوو. بۆ نمونە، ڕاوێژکـاری سـەربازی سـەرۆک میـتەران، ژەنەڕاڵ کریسـتیان کێسـنۆت، کە شارەزاییەکی ئێجگار زۆری دەربارەی سوپای ڕواندا هەبـوو، دەیـخەملاند کە دەتـوانرا بە بەکارهێنـانی ٢٥٠٠ پیـاوی چوسـتوچالاک و بـاش ڕاهێنـراو ئەو جینۆسـایدە پەکبخرێـت.[1] هەروەهـا ئەفسـەر و بەرپرسـە هەواڵگـرییە ئەمریکیەکـانیش ئەم خەملانـدنەیان بەلاوە پەسـەند بـوو. لە ڕاپۆرتێکـدا بـۆ کۆمیسیۆنی کـارنیجی ئامـادە کرابـوو، کۆلۆنێل سکۆت فێیل لە سـوپای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەمەی خوارەوەی نوسی:[2]

(1) des Forges ،Leave None to Tell the Story ،p.٦٠٧ .

(٢) لەیاداشـتێکدا وەرگیـراوە کە لە لایەن " an international panel of eminent personalities" لەلایەن ڕێکخراوی یەکێتی ئەفریقاوە ئامادە کرابوو بەناوی، " Rwanda: The preventable genocide ،July 7 ،" 2000لەم لینکەی خوارەوەدا هەیە :

هێزێکی مۆدێرنی ٥٠٠٠ سەربازی، لە نێوان ٧ی نیسان و ٢١ی نیسانی ١٩٩٤دا نێردرایە ڕواندا، دەیتوانی بە تەواوی دەرهاویشتەکانی قەیرانەکە بگۆڕێت.... هێزێکی ڕێپێدراوی ڕاهێنراو، پڕچەک کراو و فەرمانپێکراو، هەروەها بە شێوازی هاوچەرخ ئامادەکراو، دەیتوانی کێشەکان لە پایەختدا بەکۆتا بهێنێت و نەهێڵێت بڵاو ببێتەوە بە دەرەوەی شارەکانداو دەیتوانی دۆخێک دروست بکات کە شەڕی ناوخۆی نێوان RPFو RGF ڕابگرێت.

گومان لەوەدا نییە کە ڕووبەری وڵاتەکە و هەبوونی تۆڕێکی باشی ڕێگاوبان، دەیتوانی زۆر بە خێرایی هەڵمەتی ڕزگارکردن بگەیەنێتە گشت ئەو ناوچانەی کوشتنیان تێدا ئەنجام دەدرا. هەروەها، سەرچاوە هەواڵگرییەکانی ڕۆژئاواش ڕاپۆرتیان لەبارەی ئامادەبوونی هەندێک لە سەربازە ڕواندییەکان بۆ بەشداری کردن لە هێزە نێودەوڵەتییە دژە-جینۆسایدەکەدا دەربڕیبوو.

سەرەڕای ئەوەش، لێکۆڵەران لەو بارەیەوە هاوڕا نین. بۆ نمونە، کوپەرمان پێی وایە کە هیچ دەرفەتێک نەبوو بۆئەوەی ئەفسەرە ڕواندییەکان بتوانن یارمەتی هێزە نێوەدەوڵەتییەکە بدەن[1]. هۆی ئەمەش، بەبڕوای ئەو، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە شەپۆلی کوشتنەکە بەشێوەیەک هێندە خێرا بوو کە وەستاندنی ئەستەم بوو هەروەها ئەمریکیەکان تاکو ٢٠ی نیسانی ١٩٩٤ هیچ ڕاپۆرتێکیان لەبارەی جینۆسایدەکەوە پێنەگەیشتبوو. کوپەرمان لە ڕوونکردنەوەی هۆکاری هەڵوێست وەرنەگرتنی ئەمریکیەکان پاش بەدەست گەیشتنی ڕاپۆرتەکان، شکست دەهێنێت. لە دیدگای ئەوەوە، تەنها هێزێکی ئێجگار گەورە دەیتوانی ئەو کوشتارگەیە بوەستێنێت.

لە هەموو بۆنەیەکدا، حکومەتی ڕواندا بۆ ژیاندنی دانیشتوانەکەی، موچەی فەرمانبەرەکانی و پڕچەک کردنی سوپاکەی پشتی بە هاوکاری دەرەکی دەبەست. هەر لەبەر ئەم هۆیەش، ئەگەر وڵاتانی جیهان بڕیاریان بدایە هەڵوێست وەربگرن، دەیانتوانی ڕواندا بوەستێنن لە جێبەجێکردنی پلانی 'چارەسەری کۆتایی'. لەڕاستیدا، حکومەتی ڕواندا باش دەیزانی کە ڕووبەڕووی جیهانێکی بێباک بووەتەوە- کە پاڵپێوەنەرین بە شێوەیەکی

---

http://www.africa
union.org/official_documents/reports/Report_rowanda_genocide.pdf

(1) Alan J. Kuperman ,'Rwanda in Retrospect.' Foreign Affairs 79,(٢٠٠٠) p.٩٤ .

فراوان بەرژەوەندییە تەسکەکانیانە- کە هیچ هەنگاوێک بۆ شکستهێنان بە پلانەکانی نانێت.

ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٤دا بەسەر توتسییەکاندا هات (لەلایەن کوڕێکی دەربازبووی جینۆسایدەکەوە کێشراوە)

ڕواندا / جان هاگ Jan Haag[1]

چاوەکان دەکزێنەوە،
ووت دەخورێت
ـک دەقوڕێنێت
و
ئێسکەکانی مەچەک، گوزینگ و قاچەکان
دەنگیان دێت
بەڵام خۆشیەکانی جەستە نەناسراو نین
کاتێ هۆش گەشە دەکات
دەشێ تەنانەت تۆزقاڵێک ژیری دەست دەکەوێت.
بەیانیان بە هەناسەسوارییەوە هەڵدەستم،
قووڵ لە نێو خەوێکی گەرمدا
گوێم لە باڵندەکانە، جریوەیان دێت لە تاریکیدا
بیر لە یەزدان دەکەنەوە،
دەپرسن ئاخۆ ئەمە دەبێت چێ بێت،
دە دۆخی سوپازگوزاری خۆم باس دەکەم،
هەوڵ دەدەم گاڵتەجار نەبم
یان توند وتیژ
هەوڵ بدە هەست بە بوونی بەهار بکەیت لە دەمارەکانا،
سوزو خۆشەویستی
ئێستا، هەموو ئارامن
بارگاویم
بە بێبڕوایی
بەرامبەر گشت ئەوانەی مرۆڤ فێری کردووم.
ئەمانە چ مێشک شوشتنەوەیەکن،

(١) لەم لینکەدا دەست دەکەوێت http://janhaag.com/POrwanda.html

نوقمی درِدۆنگی "ڕێگای ئێمە" بوون
کە جیهانی بەرەو کارەساتێکی وەک هی ڕواندا برد
دوێنێ شەو فیلمێکم بینی لەبارەی ملیۆنێک مردووەوە،
لە داهێنانی چاوبرسێتیمان بوو
کلتورمان،
مەسیحیەتمان بوو.
چارەسەرەکە؟
نەتەوە یەکگرتووەکان لەبیرکە، پرۆپاگەندەی بازرگانی ئێمەن
گشت ڕۆژئاواییە کۆلۆنیالیستەکان بگرە
(ئەوانەی ئەمرۆ لە هەموو کاتێکی تر ئاسوودەترن)
بیانخە سەر گشت ڕواندییە خوێندەوارە ڕۆژاواییەکان،
و لە چەرمەسەرییەکانیان بیانهێنە دەرەوە.
ڕەنگە ئەوکات دووبارەرە ڕواندا ئاشتییەکی ١٠٠٠٠ ساڵی بەخۆیەوە ببینێت.

کاتێک شارستانیەتییەکەمان وەک پرۆژەیەکی مرۆڤایەتی
بەتەواوی شکستی هێناوە،
بۆچی ئێستاش پێمانوایە کە دەتوانین
ئەو کێشانە چارە بکەین کە دروستمان کردوون؟

ناتوانین.
ئێمە،
ژەنەڕاڵ و توێژی هەڵبژاردە،
وەک "گەمەیەکی گەورە" چێژ لە کێشەکان دەبینین،
وەک ئەوەی بەریتانیەکان لە ڕابردوودا دەیانکرد،
کلتور دوای کلتور وێران دەکرد.
بچۆ ژوورەوە.
دابەش بکە.

دنەی ڕقی نەژادی بدە-
و ئەوانیش یەکدی دەکوژن.
کاتێک ئێمە سرووتەکانی مەسیحیەتمان دەڵێینەوە،
چیرۆکی باوانە دوو ڕووەکانمان دەگێڕینەوە لەبارەی ئاشتییەوە.
کێن ئەوانەی سامانێکی زۆریان لە یاری جەنگدا دەستکەوتووە
لەکاتی ئاشتیدا؟
چاوبرسێتی باوەڕە.
ئەگەرچی تاکو ئێستاش باڵندەکان
بە ڕووناکی بەر لە کازیوە ستران دەڵێن.
٢٥ی نیسانی ١٩٩٧

٤

جینۆسایدەکەی ڕواندا
لە دیدگای بەراوردکارییەوە

ئایا ئەوەی لە ڕواندا ڕوودەدات جیاوازە لەگەڵ ئەوەی لە ئەڵمانیای نازیدا ڕوویدا؟

فۆستین تواگیرامونگو سەرۆکوەزیرانی ڕاسپێردراوی ڕواندا، مایسی١٩٩٤[1]

جینۆسایدەکەی ڕواندا تۆقێنەرترین تراژیدیای مرۆڤایەتییە لە پاش هۆلۆکۆستەوە ڕوویدابێت.

پۆل کاگامێ جێگری سەرۆکی ڕواندا، ١٥ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤.

لە ئەڵمانیا، جولەکەکان لە ماڵەکانیان دەردەهێنران، دەگوێزرانەوە شوێنە دوورەدەستەکان، لەوێدا دەکوژران، نزیکەی بە نەزانراویی. لە ڕواندا، حکومەت کەسی نەکوشت. ئەو دانیشتوانەکەی ئامادە کرد، تورەکردن و دنەی دان. دراوسێکانتان ئێوەیان کوشت. لە ئەڵمانیا، ئەگەر دانیشتوانەکەش بەشداری لە کوشتنەکاندا بکردایە، بە ناڕاستەوخۆ بوو نەک ڕاستەوخۆ. ئەگەر کوڕی دراوسێکەت خەڵکی کوشتبێت، لەبەر ئەوەبووە کە پەیوەندی بە سوپاوە کردبوو.

---

(1) Arthur Jay Klinghoffer ،The International Dimension of Genocide in Rwanda (New York: New York University Press ،1998) p.١١٥

پاتریک مازیماپاکا وەزیر لە حکومەتی ڕواندی[٢] RPF چاوپێکەوتن، کیگالی، ١١ی تەموزی ١٩٩٧

ئەم بەشە لێکچوون و جیاوازییەکانی نێوان جینۆسایدەکەی ڕواندا و دوو جینۆسایدە بەدناوەکەی تر دەخاتە بەرچاو: جینۆسایدی ئەرمەنەکان و هۆلۆکۆستی جولەکەکان. مەبەستمە ئەم دوو کەیسە بەکار بهێنم بۆ باشتر تێگەیشتن لەوەی لە ڕواندا رووی دا. لەڕاستیدا، هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی جیدی لەبارەی جینۆسایدەکەی ڕوانداوە پێویستە ئەو بەراوردکارییە بە هەند وەربگرێت کە لە لایەن کۆمەڵناسان، سیاسەتمەداران، دیبلۆماتکارەکان و توێژەکانی هاوڵاتیانەوە، دەکرێت.

- جیاوازییەکی گرنگی گشتی لە نێوان نمونەکانی جینۆسایدەوە لەلایەن پاڵمەرەوە خراوەتە ڕوو، کاتێک "جینۆسایدی دەوڵەت"یان جینۆساید کە لە لایان دەسەڵاتدارانەوە ئەنجام دەدرێت، جیای دەکاتەوە لەگەڵ "جینۆسایدی کۆمەڵگایی" واتای ئەو جینۆسایدەی لەلایەن کۆمەڵەوە یانیش بەشێکی کۆمەڵەوە ئەنجام دەدرێت، بەبێ خۆهەڵقورتاندنی حکومەت. لێکۆڵەرانی تر پێیان وایە هەموو جینۆسایدەکان لە پشت پەردەوە لەلایەن دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێن، پلانیان بۆ دادەڕێژرێت و ڕەوایەتییان پێدەدرێت.[٣] ڕوونە کە ئەو سێ کەیسی جینۆسایدەی لێرەدا خراونەتە بەر باس (جولەکەکان، ئەرمەنەکان و ڕواندییەکان) نمونەی جینۆسایدی دەستی دەوڵەت بوون، لە ئەنجامی تەقینەوەیەکی توندوتیژانەی هەڕەمەکی و لەخۆوە نەبووە، بەڵکو لەئەنجامی سیاسەتێکی بەمەبەستەوەبوون. هێشتاش لە کەیسەکەی ڕواندادا- جیاواز لە دووانەکەی تر- سەدان هەزار کەسی چین و توێژی کۆمەڵ و خەڵکی ئاسایی، شانبەشانی دەزگاکانی کوشتن (سوپا، جەندرمە و میلیشیاکان) بەشدارییان لە کوشتنەکاندا کرد. لەم دیدگایەوە، بریتی بوو لەوەی "خەڵکێک خەڵکێکی تری دەکوشت".[٤]

---

[2] Mamdani ،When Victims Become Killers ،p.٦ .

[3] Uvin ،Aiding Violence ،p.٢٠٦ .

[4] Frank Chalk ،"Ein Verbrechen des Gehorsams: Ruanda – ein besonderes Kapitel in der Geschichte des Völkermords،" Der Überblick 32 ،(١٩٩٦) p.١٧-١٤ .

▪ لە هەر سێ کەیسەکەدا، قوربانیەکان ئەندامی گروپە کەمینەکان بوون کە بە ڕێژەیی خوێندەوار، سەرکەوتوو و زەنگین بوون، یاخود، دەکرێت بەشێوەیەکی تر بگوترێت، دژ بەو کۆمەڵە کەسانەی بە ڕێژەیی دنەدانی عەوام لەدژیان ئاسان بوو. جودا لەگەڵ جینۆسایدی سەردەمی کۆلۆنیالیزم (وەک کوشتنی دانیشتوانە ڕەسەنەکەی کیشوەری ئەمریکا، ئەبۆریگینەکانی ئوسترالیا و خەڵکی هێریرۆی باشوری ڕۆژئاوای ئەفریقای ژێردەستی ئەڵمانیا)،[٥] ئەو کەمینە و زۆرینانەی جینۆسایدەکان کە لێرەدا خراونەتە بەرباس، ئەندامی هەمان کۆمەڵ بوون، کە کلتور و شارستانیەتی هاوبەشیان هەبووە. لە کەیسی جولەکەکان و ڕواندییەکاندا، چەندین نمونەی هاوسەرگیری لەنێوان ئەو دوو کۆمەڵەیەدا هەبووە. لێکچوونێکی تر لە نێوانیادا بریتی بوو لە بەکارهێنانی تیۆری بیری نەژادپەرستی دژ بە قوربانیەکان. لەڕاستیدا، ئەو باوەڕە نەژادپەرستییە بوو بناغەی هەڵمەتی لەناوبردنەکەی دامەزراند. لەسەر بنەمای ئەم باوەڕە، جولەکەکان و توتسییەکان بە دێو کرابوون و لە مرۆڤبوون داماڵدرابوون، بە"بێگانەی بەزۆر خۆسەپێن...و مشەخۆر"[٦] کرابوون.

▪ هەرسێ جینۆسایدەکە لەکاتی جەنگدا ڕوویاندا. ئەمەش بۆئەوەی جەنگەکە لۆژیکێکی بڕواپێهێنەر بە کوشتنەکە بدات. کەواتە کەسێک دەتوانێت جیاوازی جۆری ئەو "لۆژیکانە"ی پاساو بۆ جینۆسایدەکان دەستەبەردەکەن، ببینێت. لە جینۆسایدی جولەکەکاندا، ئەندامانی سەرکردایەتی نازی بڕوایان وابوو کە ئەوان جەنگ لەگەڵ "جولەکەی جیهانیدا" دەکەن و هەر لەبەر ئەمەش پێویست بوو هەموو گەلی جولەکە، لەهەر شوێنێکدا دەژیان، بکوژن. جینۆسایدی گەلی ئەرمەنیش بە هەمان شێوە بەپاساوی لۆژیکی جیاوازی پەیوەست بە جەنگەوە ئەنجام درا، بەشێوەیەک کە تورکە بکوژەکان ئەرمەنەکانیان بە هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ڕوسیای دوژمندا تاوانبار کرد و دەیانگوت وەک کەمینەیەکی چەوساوە لە تورکیادا، ئەرمەنەکان بە پەرۆشەوە چاوەڕێی ئازادبوونیان لەسەر دەستی سوپای ڕوسیا دەکرد. لە ڕوانداش

---

[5] Modern-day Namibia.

[6] Alain Destexhe ،quoted in Klinghoffer ،The International Dimension of Genocide in Rwanda ،p.١١٥ .

هەمان لۆژیک هەبوو، چونکە زۆرێک لە هووتوەکان بەبێ هیچ دوودڵییەک بەرەی نیشتیمانی ڕواندا (RPFیان بە هەڕەشە بۆسەر دەوڵەتی هووتوەکان دادەنا. ترسی هووتو لە توتسیەکان بەشێوەیەکی بەرچاو پاش کوشتارە هاوبەشەکانی هووتو-توتسی، کە پاش تیرۆرکردنەکەی سەرۆک میلچیۆر ندادایێ لە تشرینی دووەمی ١٩٩٣ دا ، زیادی کرد کە لە بوروندیدا ڕوویاندا.

▪ لە هەر سێ جینۆسایدەدا، قوربانییەکان سەر بەو گروپانە بوون کە کۆهۆشێکی جیایان هەبوو، ئەرمەنەکان و جولەکەکان (نەک توتسیەکان) ئاینێکی جیاوازتریان لە هی زۆرینەی دانیشتوانەکە، پیادە دەکرد. ئەرمەنەکان و جولەکەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا (ئەگەرچی ئەمە جولەکەکانی ئەلمانیاو توتسیەکانی ڕواندا ناگرێتەوە) بەهەمان شێوە خاوەن زمانی جیاواز بوون. لە هەر سێ جینۆسایدەکەدا، ئەو کەسانەی جینۆسایدەکەیان ئەنجامدا ئاگاداری کۆهۆشیاری قوربانییەکان بوون.

▪ هەموویان نمونەی بەکۆمەڵکوژی بوون، نەک تیرۆریزمی سیاسی هەڵبژێردراو(بێجگە لە کوشتنی هووتوە مۆدێراتەکانی ڕواندا).

▪ هەروەها، لە هەرسێ جینۆسایدەکەدا، لە لایەکەوە جیاوازی کرابوو لە نێوان 'دانیشتوان' و'بێگانەکان' و لە لایەکی تریشەوە لەگەڵ دانیشتوانە'ڕەسەن'ەکەدا، بۆ پاساوهێنانەوەی کردەکانی جینۆساید، هەروەها سروشتی پەیوەندییەکە جیا بوو لە هەر یەکێک لە کەیسەکاندا. لە دۆخی ئەرمەنەکاندا، تورکەکان کە سەدان ساڵ بەر لەو کاتە لەتورکیادا جێگیر بووبوون دەستیان کرد بە کوشتنی ئەو'دانیشتوانە ڕەسەنە'ی بەر لە تورکەکان لەوێدا نیشتەجێ ببوون، بەڵام، لە میانی جینۆسایدەکەی هۆلۆکۆست و ڕوانددا، خشتەکە پێچەوانە بوو، دانیشتوانە ڕەسەنەکە 'بێگانەکانیان'دەکوشت، جا لە بێگانەبوونەکەیان ڕاستی بوویێت یان خەیاڵ. جولەکەکان وەک توخمێکی دەرەکی چاویان لێدەکرا کە کاریگەرییەکی گەندەڵکارانەیان بۆسەر کۆمەڵگای ئەڵمانی هەبوویێت و توتسیەکانیش بە داگیرکارە حامییەکان ناسێنرابوون، کە لەڕابردوودا هووتوەکانیان چەوساندبووە.

▪ کوشتنەکان، هەمیشە پاش ئەوەی ئەنجام دەدران، هەوڵی نکۆڵیلێکردنیان دراوە. ئەگەرچی، بە پێچەوانەی پەراوێزبوونی ڕێژەیی دیاردەی نکۆڵیکردن لە هۆلۆکۆست لە ئەڵمانیادا، نکۆڵیکردن لەلایەن ئەنجامدەرانی جینۆسایدەکەی ڕواندا و ئەرمەنەکان (هووتوەکان و تورکەکان) بەرفراوان بوو.

جینۆسایدەکەی ڕواندا لەچەند لایەکەوە لەگەڵ هۆلۆکۆستی جولەکەکان و جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا جیاواز بوو لە چەند شێوازێکەوە: زوو بلاوبوونەوەی پەتای کوشتن (جینۆسایدەکە لەماوەی تەنها ۱۰۰ ڕۆژدا ئەنجام درا)؛ ئەو کەرەستە سەرەتاییانەی جینۆسایدەکەیان پێ ئەنجام درا (ساتور، کوتەک، بەرد و ئاگر)، ئاگاداری نێودەوڵەتی لەبارەی ئەوەی کە جینۆسایدەکە خەریکبوو ڕوودەدات، توانای ڕێگریلێکردنی، بوونی هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو ولاتەدا، پەخش و ڕووماڵی بەرفراوانی میدیایی لە بارەی جینۆسایدەکەوە لەسەرانسەری جیهاندا.

خشتەی ۱۱: بەراوردی نێوان هۆلۆکۆستی جولەکەکان، ئەرمەنەکان و جینۆسایدەکەی ڕواندا

کارەکتەرەکانی جینۆساید	قوربانییەکان		
	جولەکە	ئەرمەن	توتسی
پلان و ڕێکخستن لەلایەن دەوڵەتەوە	+	+	+
ڕێنمایی لە سەرەوەڕا	+	+	+
دەزگای ڕێکخستنی پیادەکارییەکە	+	+	+
ئایدۆلۆژی فەرمی بۆ لەناوبردن	+	+	+
خستنە چوارچێوەی جەنگەوە	+	−	+
پیشەسازیانە لەناوبردن	+	−	−
خێوەتگای لەناوبردن	+	−	−
کوشتنی ژن و منداڵ	+	+	+
جولاندنی دەسەلاتی ناوخۆیی	−	+	+
بۆئاسانکاریکردن بۆ لەناوبردنەکە	−	−	+
بەکارهێنانی بەرفراوانی میدیا بۆ	+	+	+
بەجێگەیاندنی لەناوبردنەکە	+	+	+

پڕۆپاگەندەی ساختە	+	+	+
کەمینەبـــوونی قوربانیـــان لەنـــاو زۆریـــنەی	+	+	+
دانیشتوان	−	−	+
پێگەی قوربانیان وەک کاریگەر و سـەرکەوتو	+	+	+
و ڕۆشنبیر	+	−	+
جیـاکردنەوەی کەمینەکـان لەکۆمەڵگـا بەر لە	−	+	+
کوشتنیان			
بەشداری گشتی دانیشتوان لە کوشتنەکاندا			
بیباکی جیهان لەکاتی پێزانینی جینۆسایدەکەوە			
سزادانی ژمارەیەک لە بکوژەکان			
نکۆڵی سەرانسەری کۆمەڵگا لە جینۆسایدەکە			

٥

هۆکارەکانی جینۆسایدەکەی ڕواندا

گوێڕایەڵیم دەمکاتە بەشێک لەو هێزەی دەیپەرستم. . . هەڵە ناکەم، مادام ئەو لەبری من بڕیار دەدات.

ئێریک فرۆم[١]

لە کولتوری ڕواندا دا، هەمووکەسێک گوێڕایەڵی دەسەڵاتە. خەڵکی ڕێز لە هێز دەنێن و خوێندەواییش وەک پێویست نییە. هەر کەسێکی دانیشتوانە هەژار و نەزانەکە بگرە، چەکی پێبدە و پێی بڵێ ئەمە هی تۆیە و خەڵکی پێبکوژە؛ گوێڕایەڵیت دەکەن.

پارێزەری ڕواندی فرانچێز-خافیێر نکورونزیزا[٢]

لە کبیریرادا [دەسەڵاتداران] بە هووتوەکانیان گوت هاوسێ توتسیەکانی خۆیان بکوژن بۆئەوەی ئەو ئەرکە هەرەوەزیەی لەو مانگەدا پێوەی پابەند بوون،جێبەجێی بکەن . . . هەروەک چۆن دەسەڵات دەستی کرد بە توندوتیژیی نواندن، هەرواش دەیتوانی بیوەستێنێت. لە کبیریرادا، دوو

(1) Erich Fromm ,'Obedience as a Psychological and Moral Problem,' in On Disobedience and Other Essays (London: Routledge ,1984) ,pp. 1-8. Also quoted in Hintjens ,'Explaining the ١٩٩٤ Genocide in Rwanda ',p.٢٧٢ .
(2) Mamdani ,When Victims Become Killers ,p.٢٠٠ .

پۆلیسیان نارد تەنها بە لێدانی فیکەلیدانی شاوڵەکەی کوشتنەکەیان وەستاند و فەرمانی دا بلاوەی لێبکەن.

چاودێری مافی مرۆڤ ١٩٩٥ (١)

زۆرشت بۆ ڕوونکردنەوەی جینۆسایدەکەی ڕواندا نوسران. وەک زۆربەی ڕووداوە گەورە مێژووییەکانی تر، وەک جەنگەکان، شۆڕشەکان، دەرکەوتنی دیموکراسیەتەکان و دامەزراندنی دیکتاتوریەتەکان، جینۆسایدەکانیش، هۆی جیاواز و ئاڵۆز لەپشتیانەوەیە. ڕوونکردنەوە لەسەر بنەمای تەنیا یەک هۆکار مەیلی زیاد لە پێویست سادەکردنەوەیە و هەڵەئامێزدەبێت، کە ڕاستی زۆر لەوە ئاڵۆزترە. دەکرێت جینۆسایدەکەی ڕواندا لەڕێگەی هۆکارگەلێکی فراوانەوە ڕوون بکرێتەوە، لەوانە: مێژوویی، کولتوری، ئایدیۆلۆژی و سیاسی، ئابوری و ئاراستەی چینایەتی، ئیتنیکی و دیمۆگرافی. ئەم بەشەی خوارەوە هۆکارە سەرەکیەکانی پشت ڕوودانی جینۆسایدەکە شرۆڤە دەکات.

دەوڵەتی ڕواندا

هیچ کۆکوژییەک و هیچ جینۆسایدێک لە دەوڵەتی نەریتی ڕواندادا ڕووی نەدابوو. هەروەها گومان لەوەشدا نیـیە کە سیاسەتی پەیڕەوکراوی داگیرکاری و پاش داگیرکاریی بەشداربوون لە هۆکاری کەوتنە ناو قوڵایی جینۆسایدەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەمەبەستی تێگەیشتن لە فراوانی گوێڕایەلیکردنی ئەو فەرمانانەی 'لەسەرەوەڕا'بۆ کوشتن دەدران و بۆچی نزیکەی هەموان هاتنەسەر هێڵ بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکان، گرنگە هۆشیاری سەبارەت بە سیاسەتی نەریتی بەر لە داگیرکاری، هەبێت.

(1) Cynthia G. Brown and Farhad Karim (eds.) ،Playing the ' Communal Card': Communal Violence and Human Rights (New York: Human Rights Watch ،1995) ،p ٤-٥. هەروەها بڕوانە .Uvin ،Aiding Violence ،p.٢١٤ .

ماوەی سەدان ساڵ بوو تێکرای ڕواندییەکان- هووتو، توتسی و توا- لەژێر سێبەری ڕژێمێکی زۆردار دا گەورەببوون کە ڕاهاتبوون بەبێ هیچ مەرجێک گوێڕاڵی بن. ئەم بۆماوەیە لە ژیانی ڕۆژانەدا لە بوارەکانی خزمەتگوزاری گشتی یاخود کۆمەڵایەتی، یان پابەندێتییە هەرەوەزییەکاندا، بەڕوونی دەردەکەوت. لەم دیدگایەوە، ڕواندا لەماوەی داگیرکاریدا نەگۆڕا، چونکە دەوڵەتە نەریتیەکە لەژێر سیستەمی حکومڕانی ناڕاستەوخۆوە وەک خۆی مایەوە. لەڕاستیدا، ئەمە لەسەردەمی دوای داگیرکاریشدا بەردەوام بوو، سەرەڕای ئەوەی شێوەی 'کۆمارێکی هووتویی' وەرگرت لەبری شانشینێکی توتسی..هەروەکو دەوڵەتەکەی پێش داگیرکاریی و دەوڵەتەکەی کاتی داگیرکاریی، دەوڵەتەکەی پاش داگیرکارییش خاوەن حوکمێکی ناوەندی و سیستەمێکی پلەبەندی هەرەمی بوو. هەروەها بەشێوەیەک دیکتاتۆرانە بوو کە دامەزراوەکانی دەستیان وەردابووە نێو ژیانی تەواوی هاولاتییانەوە.

سیفەتی لە مێژینەیی دەوڵەتی ڕواندا یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی پاڵنەری ئەو دامودەزگایانەی بە شێوەیەکی کارامە کوشتنەکانیان ئەنجامدا (هەروەک چۆن نەریتی بیرۆکراسی ئەڵمان-پروسی یارمەتی شیکردنەوەی لەناوبردنی سیستەماتیکی جولەکەکانی ئەورووپا دەدات).

ئایدۆلۆژیای نەژادپەرستی

دەستنیشانکردنی ژێردەستەیی لەلایەن سەردەستەکانەوە دەبێت- دەربڕینێکە بەمەبەستی مافیان بۆ فەرمانڕەوایەتی- و هەروەها لەلایەن کەسانی بێهیواوە کە زۆربەی کات لە نزیک پایینەوەن، بەمەبەستی پێویستییان بە پاراستن، بەکاردێت.

دەروونناسی کۆمەڵایەتی سیمپسۆن و ینگەر[١]

(1) ٤ ١٩٥٣George Eaton Simpson and John Milton Yinger ،Racial and Cultural Minorities: An Analysis of Prejudice and Discrimination ،5th ed. (New York: Plenum Press ،1985) هەروەها لە ،Uvin ،Aiding Violence ،p.٢١٧ . لاپەڕە. ٤٥.

هەر هەوڵێک بۆ تێگەیشتن لە جینۆسایدەکەی ڕواندا دەبێت لە ڕەهەندی ئایدیۆلۆژییەوە لێی بڕوانرێت. ئەو هزرە نەژادپەرستییەی لەچەندین ڕێگەوە بەناو وڵاتەکەدا بڵاو ببوەوە- لە پەرتوکەکان، ڕۆژنامەکان، پەخشی ڕادیۆکان، کۆبوونەوەکانی کۆمەڵ و وتارە سیاسییەکان، دۆکیومێنتە فەرمییەکان، کڵێساکان و قوتابخانەکان- خزابوە ناو گشت بەشەکانی کۆمەڵی هووتووەوە. ئەنجامەکەشی بریتیی بوو لە ڕەخساندنی کەشێکی گونجاو بۆ کۆمەڵکوژیی.

لەکۆتایی ١٩٥٠کان و سەرەتای ١٩٦٠ەکان، هووتوەکان بڕوایان وابوو کە توتسیەکان توخمێکی بێگانەن و خاوەن هێڵی خوێنی جیاواز و پێکهاتەی جەستەیی جیاوان لەوەی خۆیان- 'حامییەکان،' کە لە بنچینەدا خەڵکی ئەو وڵاتە نەبوون. بە خەڵکێکی خاوەن سیفەتی جەستەیی و بایۆلۆژی و مێژوویی جیاواز وێنا کرابوون. هووتوەکان خۆیان بە دانیشتوانی ڕەسەن و خاوەنی ئەم وڵاتە دەزانی و توتسیەکانیشیان بە بێگانەی نیشتەجێبووی خاکێک کە هی خۆیان نەبوو، دەزانی(دەیانگوت توتسیەکان خێڵێکی ونبووی سەر بە 'حام'ن کە ڕەنگە لە ئەثیوپیاوە هاتبن) . هەروەها توتسیەکان بە کەسانی دەوڵەمەند و زۆرداری خۆسەپێن ناسرابوون کە لە ڕابردوودا حوکمی وڵاتەکەیان کردبوو و ئێستاش ویستی وەرچەرخانی ڕەوڕەوەی مێژووییان هەیە. هەمیشە باسیان لە 'هەڕەشەی حامی' و 'پیلانگێڕیی حامیەکان'[1] دەکرد و دووبارەیان دەکردنەوە.

پێویستە تێبینی ئەوەش بکرێت کە ئەم داینامیکە لەسەر بنچینەی گوتارێکی نەژادپەرستانەی نوێدا پەرەی سەند، کە بەپێی ئەوە، توتسیە'بێگانەکان' ژێردەستە بوون و هووتوەکانیش باڵادەست، لەوێوە تیۆری نەژادپەرستانەی داگیرکارییان بەسەریاندا هەڵگەڕاندەوە. بۆ پاساودانی سروشتی حوکمی توتسیەکان، داگیرکەرەکان توتسیە پێستکاڵەکانیان وەک باڵادەست بەسەر (هووتو)ە بانتوە ژێردەستەکان، ناساندبوو. بەڵام لە ڕواندای پاش داگیرکاریدا، باوەڕی نەژادپەرستانەی هووتوەکان،

---

(1) Lemarchand ،Burundi: Ethnic Conflict and Genocide .P.95.
٦Uvin ،Aiding Violence .p .٩٨

توتسیەکانی بە "سیسرک" ناساندبوو و پێیوابوو دەبێت وڵاتەکەیان لێ "پاراو" و "خاوێن"بکرێتەوە، ئەو دەستەواژانەی نازیەکانی ئەڵمانیا وەبیر دێننەوە. بەمەش هووتوەکان بوون بە "نەژادی باڵا"، کە شکۆ و هیوا و سەرفرازییان لەسەر بنچینەیەکی ساختە بنیات نابوو.٦ ڕەفتار لەگەڵ توتسیەکاندا لەسەر ئەو بنەما ڕەوشتییە باوە شێوەی نەگرتبوو کەپیوەندیی پەیوەندی نێوان تاکەکان ڕێکیدەخات، ئیتر لە هەستەکاندا لە کۆمەڵی ڕواندی هەڵکەندرابوون.

بەپێی ئەمەش، لە سەرەتای ١٩٩٠ەکاندا، تادەهات ئەو سووربوونە زیاتر دەبوو کە "کێشەی توتسیەکان" تەنها لەڕێگەی "چارەسەری کۆتاییەوە" بنبڕ دەکرێت. ئەمەش دەشێ ئەو شێوەیە بێت کە دواتر بە "سڕینەوەی نەژادی" ناوزەد کرا[1] ئەمەش، تارادەیەکی ئیجگار زۆر، هەڵبژاردنی پاکتاوکردن بوو. پرۆفیسۆر لیۆن موگێسێرای ویستگەی ڕادیۆی RTLMC پێیوابووو کە پێویستە توتسیەکان لەڕێگەی ڕوباری نیابارۆنگۆوە"بنێردرێنەوە شوێنی خۆیان کە ئیسیوپیایە". (ڕووباری ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٤دا دەیان هەزار توتسی کوژراوی تێفرێدرا.)[2]

وەکچۆن لە ئایدیۆلۆژیای نازی یان ئایدیۆلۆژیا نەژادپەرستەکانی تر، نەژادپەرستی لەڕوانداش ڕەهەندێکی زایەندی وەرگرت. لەکاتی داگیرکاری و بەر لە داگیرکاریدا، ڕق و کینەی هووتوەکان بەرامبەر بە توتسیەکان لەژێرپاساوی بردنی خێزان(هاوژین، ژن)ی هووتوەکان بوو لەلایەن ئاغاکانی توتسیەوە. بەمەش ڕق و کینە لەنێو پیاوانی هووتودا جۆش دەدرا. لە ڕواندای پاش داگیرکاریدا، خشتەکان پێچەوانە بوونەوە و ئەندامانی ناو چینی دەستەبژێری هووتو هاوسەرگیریان لەگەڵ ئافرەتانی سەرنجراکێش و دەوڵەمەندی توتسیدا کرد و بوو بە هۆی ڕقلێبوونەوە لەو ژنانە کە گوایە

(١) دەستەواژەی "سڕینەوەی نەژادی"، کە لە نەوەدەکانی سەدەی بیستەمدا لەکاتی جەنگ لە بەڵکاندا سەری هەڵدا، گوزارە لە وەدەرنانی گروپە نەژاد جیاوازەکان لە هەرێمێکدا(لەناوچەیەکدا) دەکات تا ئەوشوێنە بۆ گروپە دژەکە بمێنێتەوە. بەگوێرەی یاسا نێودەوڵەتییەکان، سڕینەوەی نەژادی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتییە.

(2) Hintjens ،'Explaining the ١٩٩٤ Genocide in Rwanda '، لاپەڕە ٢٥٥٩. Available at: http://www.trumanwebdesign.com/~catalina/commandments.htm

پیـــاوانی هووتویـــان "فریـــو" داوه. بەگشـــتی وا مەزەنـــدە دەکـــرا کە ئەو هاوسـەرگیریانە بەشـێک بـوون لە "پیلانگێـری توتسـیەکان"و بـۆئەوە بـووە لەکـاتی خۆیـدا ئەو ئـافرەتە توتسـیانە کە مێردە هووتوەکانیـان بکـوژن. بەم شێوەیە، لەکاتێکدا هاوسـەرگیری تێکەڵاو وەک کردەیەکی نیشتیمانپەروەری دەبینرا، کە بۆ یەکێتی و هاوگونجی لە رابردوودا، پیادە دەکرا، لە ١٩٨٠کان، بەرهەڵســـتی بەرامـــبەر ئەم جـــۆرە هاوســـەرگیرییە لەگەڵ "بێگـــانە" و "ناپاکەکاندا"،لە زیادبووندا بوو.

باوەڕە نەژادپەرستییەکە لە "سـەروەڕا" و لە"خوارەوەڕا" خرابووە گەڕ. لەسەرەوەڕا، ڕەوایەتی ئایدیۆلۆژی بەمەبەستی هەڵاواردن و چەوساندنەوەی توتسـیەکان، یـاخود بـۆ هێرشـی چەکداری دژ بە توتسـیەکان و کوشـتنیان دەستەبەر کرابوو. لەخـوارەوەش ڕا، ئەو هووتـوانەی کە لە بنەڕەتدا هەژار و چەوسـاوەبوون، بە قـۆچی قوربـانی دانـابوو، کە دەکرا ئەمە خـۆی لە خۆیـدا سەرچاوەی هەژاری و داماوییان بێت.

ئەمەی خـــوارەوە دەقێکـــی ڕەگەزپەرســـتانەیە کە لە کـــانونی یەکەمـــی ١٩٩٠دا لە ڕۆژنـامەی کـانگورا دا بـڵاو کـراوەتەوە. ئەمـانە پێیـان دەگـوترا دە ڕاسپاردەکەی هووتو(لە پێشوتردا بەکورتی تیشکمان خستە سەر هەندێکیان) و بوون بە بەشێک لە پرۆگرامی جیهانبینی نەژادپەرستی توندڕۆیانە:٩

١ -پێویسـتە گشـت هووتوەکـان ئەوە بـزانن کە ئـافرەتە توتسـیەکان، جـا لە هەرشـوێنێک بـن، کـار بـۆ پرسـە نەتەوایەتیەکەی توتسـی دەکەن. دواجـار، هەر هووتوێک ژنێکی توتسی، یان کەنیزەیەکی توتسی، یان سـکرتێرێک یـا حەشاردراوێکی توتسی هەبێت، بە ناپاک لەقەڵەم دەدرێت.
٢ -گشـت هووتـویەک دەبێـت بزانێـت کە کـچە هووتوەکانمـان وەک ئـافرەت، هاوسـەر و دایـک، بەبەهـاتر و بە ویژدانتـرن. ئایـا ئەوان خۆشەویسـت و سکرتێری نایاب و ڕاستگۆتر نین!
٣ -ئەی ئافرەتـانی هووتـو وریـابن و دڵنیـابن بـاوک، بـراو کوڕەکانتـان هۆکـار دەبینن.

٤ -دەبێت هووتوەکان ئاگاداربن لەوەی کە گشت توتسیەکان ناپاکن و جیگای متمانە نین لە کاری بازرگانیدا. ئامانجی سەرەکی ئەوان بالادەستبوونی نەتەوایەتی‌یە. لەرێگەی زنجیرەیەک ئەزمونەوە لەمە ئەمەمان زانیووە. دواجار، گشت هووتویەک بە ناپاک دادەنرێت ئەگەر: کارێکی هاوبەشی لەگەڵ توتسیەکدا کرد، پارەی خۆی یان گشتی بخاتە ناو پرۆژەیەکی توتسیەوە، پارە بە قەرز لە توتسی وەربگرێت یاخود قەرزی پێ بدات، چاکەیەک لەگەڵ توتسیەکدا بکات (مۆڵەتی هاوردەکردن، قەرزی بانکی، زەوی بۆ بنیاتنان، بازاڕە گشتییەکان...)

٥ -پێگە ستراتیژیە سیاسیەکان، بەڕێوەبردن، ئابووری و سوپا و پاراستن دەبێت پەیوەست بێت بە هووتوەکانەوە.

٦ -هووتوەکان دەبێت لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا زۆرینە بن(قوتابیان، لێکۆڵەران، مامۆستایان).

٧ -دەبێت سوپای ڕواندا تەنها لە نەتەوەی هووتو پێکبێت. جەنگەکەی تشرینی یەکەمی ١٩٩٠ ئەمەی فێرکردین. نابێت هیچ سەربازێک هاوسەرگیری لەگەڵ ئافرەتی توتسیدا بکات.

٨ -هووتوەکان نابێت هیچیتربەزەییان بە توتسیەکاندا بێتەوە.

٩ -هووتوەکان لەهەرشوێنێک بن، دەبێت یەکگرتووبن و پشت و پەنا و خەمخۆری چارەنووسی برا هووتوەکانیان بن. پێویستە هووتوەکانی ناوەوە و دەرەوەی ڕواندا بەبەردەوام بەشوێن دۆست و هاوپەیمانی بن بۆ پرسی هووتو، لە برا بانتوەکانیانیشەوە دەست پێبکەن. دەبێت هووتوەکان بەبەردەوامی بەرپەرچی پرۆپاگەندەی توتسیەکان بدەنەوە. پێویستە هووتوەکان بەتوندی و بە وریاییەوە دژی دوژمنە هاوبەشەکەیاندا کە توتسییە، بوەستنەوە.

١٠ - پێویستە شۆڕشە کۆمەڵایەتیەکەی ساڵی ١٩٥٩، گشتپرسییەکەی ساڵی١٩٦١و ئایدیۆلۆژیای هووتو فێری گشت هووتویەک جا لەهەر تەمەنێکدا بێت، بکرێت. هەروەها دەبێت گشت هووتویەک ئەو باوەڕە لە گشت ئەو شوێنانەدا بڵاو بکاتەوە کە بۆی دەچێت. هەر هووتویەک،

بەرامبەر بە بڵاوکردنەوەی ئەو ئایدیۆلۆژیایە برا هووتوەکەی کەمتەرخەم بێت، ناپاکە.

هەوڵبدە ئەو "لۆژیکە نەژادپەرستیە"ی سەرەوە، کە پێی دەگوترێت دە راسپاردەکە، شی بکەیتەوە. ئەمانە چۆن دەیانتوانی لە خزمەتی هووتودابن؟ مانای "نەژادپەرستی لە سەرەوەڕا" و "نەژادپەرستی لە خوارەوە ڕا" ڕوون بکەرەوە.

فاكتەرە ئابووری و كۆمەڵايەتييەكان

ئەو خەڵـكەی منـداڵەكانيان بە پێـی پەتـی دەچـوونە خوێنـدنگا، ئەو خەڵكەيان كوشت كە دەيانتوانی پێڵاو بۆ منداڵەكانيان بۆ بكڕن.[1]

ڕوانـدا خـاوەنی چڕتـرین دانيشـتوان بـوو لە ئەفريقيـادا، كە زۆرتـرين ڕێـژەی گەشەسـەندنی دانيشـتوانی هەبـوو لە جيهانـدا و كەمتـرين زەوی كشتوكاڵی هەبوو بۆ هەر تاككێك. . .[2]

لە ١٩٩٠ەكانـدا، ڕوانـدا وڵاتێكـی سـتەملێكراو و نەدار بـوو. بەمەزەنـدە ڕێـژەی ٥٠% ی دانيشـتوانەكەی زۆر هەژاربـوون(تـا ئاسـتی بەدخـۆراكی)٤٠%ی هەژار و ٩%ی هەژارنەبـوون و ١%ی دەوڵەمەنـد بـوون(ˮگەورەپيـاوانˮ). ڕاپۆرتی ئاژانسـی فريـاگوزاری وڵاتەيەكگرتووەكـانی ئەمريكـا دەيخەمڵێنێـت كە ٩٠% ی دانيشـتوانە جوتيـارەكەی ئەو وڵاتە(كە دەكاتە ٨٠%ی گشتی دانيشتوانەكەی) لەژێر هێڵی هەژارييەوە بوون.



هێلكاری ٨: بەرهەمهێنانی خۆراك و بەروبوومە كشتوكاڵييەكان
لە ڕواندا، ١٩٦١-١٩٩١

(1) Prunier .The Rwanda Crisis.٢٥٠ .لاپەڕە ،
(2) Uvin .Aiding Violence.١٨١ .لاپەڕە

(داتای ئۆنلاینی فاو)

هێماکان بەم جۆرەن:

(هێمای بەرهەمهێنان=Production index) (بەرهەمی کشتوکاڵی= Agricultural commodities) (بەروبوومی خۆراکی= Food commodities)

فریدا، تەمەن ٧٦ ساڵ (تەنها یەکێک لە هەشت کچەکەی دەربازی بووە)

گەر هەردەبێت بمرم،دەمەوێت لێرە بمرم. هیچ شتێکم نەماوە بۆی بژیم. نەوەکانم بەزیندوویی منیان هێشتووەتەوە. ئەگەر من و کچەکەم دەبوو بمرین واباشتر بوو ڕزگارمان نەکەن. زۆر سەختە. کە نەوەکەم وێنەی سەربازێک دەکێشێت کە بەهەموو ئاراستەیەکدا تەقە دەکات، دەزانم ئەگەر چەکێک ببینێت دەیەوێت چۆن بەکاری بهێنێت.

"له سێ کوشتارگه رزگارم بوو. چیتر له مردن ناترسم"

قەیـرانە ئـابووریەکەی ١٩٨٠کـان، دابەشـبوونی چینـایەتی فراوانتـر کردەوە،لەنـاو دەسـتەبژێری کۆمەڵـدا گەنـدەڵی زیـاتر کـرد و دانیشـتوانە جوتیارەکەی هەژارتر کرد[١]. داتا ئابووریەکانی ڕواندا لەو ساڵانەدا قوڵایی قەیرانە ئابووریەکە بە ڕوونی دەردەخەن. لەکاتێکدا ناوەندی داهاتی ساڵانەی تـاکی ڕوانـدا GNP لە ١٩٧٦دا لە ناوەنـدی داهـاتی سـاڵانەی تـاکی گشـت وڵاتانی دراوسێی زیاتربوو. لە ساڵی ١٩٩٠دا ئەو ڕێژەیە بۆ کەمتر لە هـی تـاکی گشـت ئەو وڵاتـانە دابەزیبـوو[٢]. داهـاتی بەرهەمـی سـاڵانەی تـاک لە دۆلارەوە لە سـاڵی ١٩٨٣ بـۆ ٣٣٠دۆلار لە ١٩٨٩و بـۆ ٢٦٠ دۆلار لە ١٩٩٠و بۆ ٢٠٠ دۆلار لە ١٩٩٣دا کەم بووەوە[٣]. لە ١٩٨٠کاندا، گەشەی ئابووری ئەو وڵاتە لە ١،٣% وەسـتا، لەکاتێکـدا گەشـەی کشـتوکاڵی لەوە هێواشـتربوو کە بڕەکەی گەیشتە٠،٣%.

لەمیانەی ئەو ساڵانەدا، ژمارەی دانیشتوانی ڕواندا بە ڕێژەی ٣،٣% بۆ هەر سـاڵێک زیـادی کرد و بووە هـۆی دابەزینـی هەنگـاو بەهەنگاوی داهـاتی سـاڵانەی تـاک و بەرهەمـی کشـتوکاڵی. لەسـەرەتای ١٩٩٠ەکانـدا، گەشـەی ئابووری نەرێنی بوو. ڕێژەی بەکاربردنی ڕۆژانەی کالۆری (وزەی خۆراکیی پێویسـت بـۆ لەش) لەلایەن هەر تـاکێکەوە لە ٢٠٥٥ کـالۆری و لە ١٩٨٤ دا بۆ١٥٠٩ کالۆری لە ١٩٩١دا کەم بووەوە.[٤]

---

(1) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١١٧

(2) Mamdani ،When Victims Become Killers .p.١٤٤

(3) André Guichaoua ،'Kein Staat wird allein zum Frieden finden،' Der Überblick (1996), p.32.٣٣ .

(4) Uvin ،Aiding Violence.٩٨ ،٥٤ .لاپەڕە



هێڵکاری ۹: بەرهەمی قاوە(coffee) و چا (tea) و هەناردەکردن(export) لە ڕواندا،١٩٦١-١٩٩١(داتای ئۆنلاینی فاو)

ئــابووری ڕوانــدا زیــانێکی ئێجگــار زۆری بەرکەوت بەهــۆی دابەزینــی داهــات بەهــۆی کــاڵای هەنــاردەکراوەوە. بــۆ نمــونە، دابەزینــی نرخــی قــاوە لە جیهانــدا و بڵاوبــوونەوەی نەخۆشــی لە دارســتانەکاندا کە بە هــۆیەوە ٣٠٠٠٠٠ سێسەد هەزار درەخت لەناوچوون، نزمبوونەوەی ئاستی هەناردەکردنی قاوە، لە ١٤٤ ملیــۆن دۆلاری ســاڵانەوە لە ســاڵی ١٩٨٥دا بــۆ ٣٠ ملیــۆن دۆلار لە ساڵی ١٩٩٣ دا. نرخی چا و تەنەکەش، کە دوو هەناردەی سەرکی تری ڕواندا بوون وورده وورده نزم بووەوە. هاوکاتی ئەوە، قەرزی کەڵەکە بوو لەسەر ئەو وڵاتە لە ١٨٩ ملیــۆن دۆلارەوە، لە ١٩٨٠ دا، بــۆ ٩٤١ ملیــۆن دۆلار، لە ساڵی ١٩٩٣دا، زیادی کرد.



هێلکاری ١٠: گشت هەناردە و هاوردەکانی ڕواندا، ١٩٧٠-١٩٩٣ (بەگوێرەی پەرتوکی ئاماری ساڵانەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەفریقا)

بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نەختینەی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩١دا هەوڵیاندا لەڕێگەی بەرنامەگونجاندنی هەیکەلەوە ئابووری ڕواندا جێگیر بکەن بەڵام سەرکەوتوو نەبوون. سیاسەتی بەتایبەتکردن و کەمکردنەوەی پاڵپشتییەکان و بچوککردنەوەی ئیدارەی گشتی، بوونە هۆی بەرزبوونەوەی بەرچاوی نرخی خۆراک و ئاو و نەمانی ٤٠%ی خزمەتگوزارییەکانی پەروەردە و تەندروستی لەو وڵاتەدا. ئەنجامەکەشی بریتی بوو لە برسێتی سەرانسەری لە باشوری ڕواندا لە ساڵی ١٩٨٩دا، ئەمەش یەکەمین برسێتی بوو لەو وڵاتەدا لەدوای ئەوەی ساڵی ١٩٤٣.

هۆیەکی تری دارمانی ئابووری بریتی بوو لە شەڕ، کە لەلایەکەوە بووە هۆی فراوانبوونێکی خێرای سوپا (لە ٧٠٠٠ ئەندامەوە، لە ١٩٩٠دا، بۆ ٥٠٠٠٠ئەندام لە ١٩٩٤دا)، لەو لاکەی تریشەوە بووە هۆی خەرجکردنێکی زۆر لە کڕینی چەکدا(٤٠% ی بودجەی نیشتیمانی بۆتێچووی بەرگری و

جەنگ بوو). لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا، لە بەرەی باکوورەوە، ئاوارەیەکی زۆر ڕوویان تێکرد. ئەمەش نەک تەنها لەبەر ئەوهۆیەبوو کە چیتر باکوور وەک هەرێمێکی ئابووری ڕۆڵی نەدەبینی، بەڵکو ئەوەشی دەگەیاند کە هەرێمی ناوەڕاست ناچار بوو بوو کە دووبارە ئاوارەیەکی زۆر نیشتەجێ بکاتەوە.

ئەم دۆخە ئابوورییە برسێتییەکی زۆری لەنێو جوتیارەکاندا بڵاو کردبووەوە، لەکاتێکدا کەمبوونەوەی هەنارده و کۆمەکی دەرەکیش زەبرێکی توونديان لە توێژی دەستەبژێری ئەو وڵاتە دا. هەمیشە یەکانگیربوونی نەداری و جەماوەری برسی و چینێکی هەڵبژاردەی هەژار لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە مەترسیدار و کوشندەیە چونکە ئەمە فشار لە "خوارەوەڕا" و ویست لە "سەرەوەڕا" بۆ چارەسەری ئاسان و کاریگەر دروست دەکات، کە لەڕاستیدا ئەو ڕێچارانە گومڕاکەر، توندوتیژ و تەنانەت زۆربەی کات دڕندانەشن.

یەکێک لەو کێشە سەرەکیانەی لەڕێگەی بشێوی ئابووری و فراوانبوونی مەودای نێوان چینە کۆمەڵایەتییەکان دروست بوو بوو، بریتی بوو لە کێشەی زەوی و زار: هەرچەندە ژمارەی ئەو کەسانەی، لە ١٩٨٠کان و ١٩٩٠ەکاندا بۆ دابینکردنی بژێوی پشتیان بە کشتوکاڵ بەستبوو، لەزیادبووندا بوو، جوتیارەکان بەردەوامبوون لە هاوبەشی لە هەمان ڕووبەرە زەویە دیاریکراو بۆیان بۆ کشتوکاڵکردن. ئەم کێشەیەش یاکانگیر بوو لەگەڵ چڕبوونەوەی ژمارەی دانیشتوان لەو وڵاتەدا. (بڕوانە خشتەی ١٢).

خشتەی ١٢: چڕی دانیشتوان لە ڕواندا (١٩٣٤-١٩٨٩)[1]

ساڵ	کۆی دانیشتوان	دانیشتوان لە هەر کم٢	دانیشتوان/کم٢ لە ڕووبەری کشتوکاڵیدا
١٩٣٤	١،٥٩٥،٠٠٠	٦١	٨٥
١٩٥٠	١،٩٥٤،٠٠٠	٧٣	١٠٢
١٩٧٠	٣،٧٥٦،٠٠٠	١٤٣	٢٠٠
١٩٨٠	٥،٢٥٧،٠٠٠	٢٠٠	٢٨١
١٩٨٩	٧،١٢٨،٠٠٠	٢٧٠	٣٨٠

(1) Gérard Prunier ،"Der Westen könnte den Sumpf der Gewalt trockenlegen،" Der Überblick،p 32.٤ ،(١٩٩٦).

به درێژایی ساڵەکان، ئەو ڕووبەرە زەویەی کە بۆ هەر خێزانێک دیاری کرابوو(خشتەی ١٣) بچوک بووەوە و بەهۆی زۆربەکارهێنانیشەوە زەوییەکە خۆی لە خۆیدا بەپیتییەکەی لەدەستدا. لەهەمان کاتدا، ژمارەی دانیشتوان بەشێوەیەکی بەرچاو زۆر بووەوە(لە ١٩٩٤دا، ٦٠%ی دانیشتوانی ڕواندا لە ژێر تەمەنی٢٠ ساڵیی بوون). لەڕاستیدا، بۆچوونەکەی تۆماس مالتوس بۆ "چارەسەرێک" بۆ کێشەی زیادبوونی دانیشتوان لەڕێگەی برسیێتی و جەنگەوە، لەرواندا خرایە واری جێبەجێکردنەوە.[1] بەڵام، لەدۆخی ڕواندادا، جگە لە برسیێتی و جەنگ، جینۆسایدیش سەرباری بوو.

خشتەی ١٢: ناوەندی ڕووبەری کێڵگەی خێزانی لە ڕواندا[2]

زەوی	ساڵ
٢ هێکتار(١هیکتار=١٠٠٠٠م٢)	١٩٤٩
٢ هێکتار	١٩٦٠
١,٢ هێکتار	١٩٨٠
٠،٧ هێکتار	١٩٩٠

لەهەر بۆنەیەکدا، دابەشبوونی چینایەتی شێوازی نیگەرانی نەژادی بەخۆیەوە گرتووە. نەبوونی ئەندازەی ئابووری و هەبوونی ڕکی چینایەتی، بوونە هۆی دروستبوونی کرداری کوشتنی هەرەمەکیی و دابەشبوونە چینایەتییەکە گرژی لێوە بەرهەم هات. کەسانی شیکپۆش و ئەوکەسانەی جانتای گەورەیان بەدەستەوەبوو، هەروەک ئەوانەی خاوەنی ئۆتۆمبێل بوون و ئەوانەی بە زمانی فەرەنسی دەدوان، لەسەر شەقامەکانی شاردا دەکوژران.

---

(١) تۆماس رۆبەرت مالتوس(١٧٦٦-١٨٣٤) ئابووریناسێکی بەریتانی و قەشەی کڵێسای ئەنجەلیکی و پرۆفیسۆری مێژوو بوو، کە بەشێوەیەکی سەرەکی لەڕێگەی "وتارێکەوە ناسرا لەبارەی بنەمای دانیشتوان و کاریگەرییەکانی داهاتووی لەسەر کۆمەڵگا" نووسیبووی لە ساڵی (١٧٩٨). ئەم وتارە گەشەپێدەری "یاسای مالتوس"بوو، کە پێی وایە لە ئەنجامی وەچەخستنەوەی سروشتییەوە، ژمارەی دانیشتوان چەندین بەرامبەر زیاد دەکات، لەکاتێکدا بەرهەمی کشتوکاڵی لەباشترین بواریدا تەنهابەشێوەیەکی ژمارەیی زیاد دەکات. مالتوس دەڵێت کە هێشتنەوەی هاوسەنگی لەنێوان وەچەخستنەوە و زیادبووندا سەرچاوەی بەردەوامبوونە و ئەمەش لەڕێگەی دەستێوەردانی "ناوخۆیی" (لەباربردنی منداڵ و پلاندانان بۆ ڕێژەی لەدایکبوون) یاخود هۆکاری "دەرەکی" (جەنگ، پەتاو برسیێتی)وە دێتەدی. سەلمێنراویشە کە زۆربەی خەمڵاندنەکانی مالتوس هەڵەبوون.

(2) Uvin, Aiding, Violence, p.188.

هۆکاریش ئەوە بوو مەزەندە دەکرا ئەوانە توتسیە زەنگینەکان بن (هەندێکجار هووتویش بەهەڵە دەکوژرا، بەڵام بۆ بکوژەکان ئەو راستییە بایەخی نەبوو).

پاشان، کەسانی هووتو ، پرۆلیتاریای لومپن – بێ کارەکان، بەدکاران و دزەکان- بوون بە کەسانی دیار لەنێو میلیشیاکاندا. شایانی ئاماژەپەکە ئەم پیاوانەی میلیشیا پاڵنەریان چاوچنۆکیەکەیان بوو، رێگایان پێدرابوو بۆ ئەوەی فرۆشگاکان تالان بکەن و تەنانەت دەست بەسەر ماڵ و زەوی و کێڵگەکاندا بگرن.

لەم چوارچێوەیەشدا، دەکرێت گوزارە لە جینۆسایدەکەی رواندا وەک نمونەی "توندوتیژیی بونیاتنراو" بکەین: توندوتیژییەک لە جیاوازییەکانی پەیوەندی نێوان گروپە کۆمەڵایەتی- ئابوورییەکانەوە سەرچاوەی گرتووە. بوونی نایەکسانی لە ئەنجامی نادادپەروەریی، جیاکاریی و کەڵکئاوەژووەرگرتن، هاتووەتە کایەوە- لە مێژوویش و لە هاوچەرخیشدا. بەشێوەیەکی گشتی، گرژییەکان لە دۆخی لەو جۆرەدا زۆر بە ئاسانی لەلایەن ئاژاوەچی و هاندانی دەسەڵاتدارانەوە دەقۆزرێنەوە و وایان لێ دەکەن ئاراستەی تورەییەکەیان بکەنە دەوڵەمەندەکان(جا ئەو سەرمایەیە راستی بێت یان خەیاڵی)[1].

بەپێچەوانەی پاشخانی ئەم قەیرانە ئابوورییە قووڵانە، کێشە کۆمەڵایەتییەکانی رواندا تەنانەت زیاتریش هەستیان پێدەکرا. هەروەک بینیمان، توتسییە شارستانییەکان لەروانگەی کۆمەڵایەتی-ئابوورییەوە لە هووتوە شارستانییەکان سەرکەوتووتر بوون. ئەوان لەنێو دەرچووەکانی زانکۆدا و لە ناو پیشە ئازادەکاندا، لەناو خاوەن کارە بازرگانییەکاندا، بۆ نموونە، لەنێو فەرمانبەرانی باڵوێزخانە بیانییەکاندا زیاتر دیار بوون. هەرچەندە دەرککردنی توتسییەکان وەک کەسانی زەنگین تەنها لەسەر بنچینەی هەڵسەنگاندنی توێژی دەستەبژێرەوە بوو. ئەو توتسیانەی لە لادێکاندا دەژیان بەشێوەیەکی گشتی جوتیاری هەژار بوون یاخود ئاژەڵدار بوون و بە "توتسیە بچوکەکان" ناسرابوون.[2]

هەندێک نمونەی تر بهێنەرەوە کە تیایاندا قەیرانە ئابوورییەکان بوونەتە پاڵنەر بۆ جینۆسایدکردن.

---

(1) Adelman ،"Rwanda Revisited: In Search for Lesson.٤٢٥ .لاپەرە "،
(2) Uvin ،Aiding Violence.١٨٨ .لاپەرە

جەنگ و جینۆسایدەکە

جەنگ سەرقاپێک بۆ فەرمانڕەواکان دابین دەکات، تا پرۆژەکانی پاکتاوکردنی نەژادی پێ داپۆشن . .[1]

ئەستەمە جینۆساید لە رواندا روونبکەینەوە بە بێ ئەوەی لە چوارچێوەی کاتی جەنگەوە تێی نەڕوانین. ئەمە بۆ زۆرێک لە جینۆسایدەکانی تریش ڕاستە کە لەکاتی جەنگەکان، پەلامار و داگیرکارییەکان و سەرکوتکردنی شۆڕشەکاندا، ڕوویانداوە. هۆلۆکۆست، جینۆسایدەکەی کەمبۆدیا، کوشتنی ئەمریکییە رەسەنەکانی ئەمریکای باکور، داگیرکارییەکانی جەنگیزخان و کوشتنی خەڵکی هێرێرۆی ئەفریقای باشوری- ڕۆژئاوا ی ئەڵمانیش لەنێو ئەویاندان.

جەنگەکەی هووتو دژی بزوتنەوەی گەریلاکانی توتسی، کە لە تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا دەستیپێکرد، بەشێک لەو جینۆسایدەی ڕواندامان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە سێ ساڵ و نیو دواتر ڕوویدا. هووتوەکان لە باکوری وولاتدا قوربانییەکی لەڕادەبەدەریان دا و سەدان هەزاریان لەترسی هێزە داگیرکارەکان ناوچەکانیان جێهێشت و هەڵاتن. ترس لەوە لە قووڵاییدا جێی گرت. جەنگەکە ڕێگای بۆ حکومەت خۆشکرد بۆئەوەی ئەو ئایدیۆلۆژییە نەژادپەرستانەیەی خۆی بڵاو بکاتەوە، خەباتی هووتوەکان یەکبخاتەوە (بەشێکی لەڕێگەی درزخستنە ناو پارتە بەرهەڵستکارەکانەوە)و داوای گوێڕایەلی کردنی بێ مەرجی دەسەلات بکات. بەسەربازیکردنی کۆمەڵی ڕواندی بووە هۆی پێکهێنانی سەدان 'کۆمەڵەی پاراستن'و 'کۆمەڵەی مردن'. دەیان کەس لە هووتوەکانی ڕواندا پەیوەندییان بە میلیشیاکانەوە کردو پاساوی کوشتنی خەڵکییان بەوە دەهێنایەوە کە گوایە ئەمە وەستانەوەیە دژی 'دوژمنان'، 'ناپاکەکان'،'تابووری پێنجەم'، یاخود 'بەکرێگیراوەکان'. دەرئەنجام، ئەم پرۆسەیە گەیشتە ڕادەی رەوایەتیدان بە جینۆسایدەکە (بڕوانە هێڵکاری ١١).

---

(1) Norman Naimark ،Fires of Hatred: Ethnic Cleansing in Twentieth Century Europe (Cambridge ،MA: Harvard University Press ،2002).

هێلکاری١١ مەترسی و پشتگیری کاتی جەنگ بۆ جینۆساید

هەندێک پێیانوایە کە کوشتنی توتسیەکان بەهۆی جەنگەوە بووە. بۆچی ئەم بۆچوونە نارەوا و بێ رەوشتییە؟

جینۆساید و سەردەمی بەدیموکراسی کردن

بەڵام ئەم جینۆسایدە شەپۆلێکی تورەیی نەبوو کە قابیلی کۆنترۆلکردن نەبێت لە کۆمەڵە خەڵکێکەوە کە بە "کۆنەقینی خێڵەکێتی" تەنرابوون. لەو جۆرەش نەبوو کە لەئەنجامی برسێتی و زۆری ژمارەی دانیشتوانیشەوە بووبێت.

جینۆسایدەکە لە دەستەبژێری دیارو مۆدێرنی کۆمەڵەوە سەرچاوەی گرت کە مەبەستیان بڵاوکردنەوەی ترس و رق بوو بۆئەوەی خۆیان لە دەسەلاتدا بمێننەوە. سەرەتا ئەم گروپە بچوکە سوودمەندە، زۆرینەیان دا بە گژ کەمینە تا رێگە لە گەورەبوونی ئۆپۆزسیۆنێکی سیاسی لە رواندا بگرن.[1]

ئەگەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتی نەیەوێت بەرگری لەو گۆرانکارییە دیموکراسیانە بکات کە پیادەی کردوون کاتێ هەرەشەیان لەسەرە- رەنگە ئەنجامی کۆتاییەکەی زۆر خراپ ببێت، هەروەک ئەوەی لە رواندا روویدا.[2]

---

(1) des Forges ،Leave None to Tell the Story.١ لاپەرە.
(2) Uvin ،Aiding Violence.٢٣٦ لاپەرە.

بەرنامەکانی "بەدیموکراسی کردن"- زۆربەی کات لە ڕۆژئاوادا دادەڕێژرێن- پێویستیان بە دووبارە بیرلێکردنەوەیە، لە ڕواندا دا لەبری ئەوەی بەشداری سوککردنەوەی قەیرانەکان بکەن، کێشەکانیان قوڵترکردەوە.[1]

لێرەدا پرسیاری ئەوە سەرهەڵدەدات بۆچی لە ١٩٧٠کان یان ١٩٨٠کان کە ڕواندا لەلایەن یەک پارتی دیکتاتۆرەوە فەرمانڕەوایی دەکرا، جینۆساید ڕوویەدا، بەڵام لە ١٩٩٠ەکان، "سەردەمی بەدیموکراسیکردندا" جینۆساید ڕوویدا. لەو ماوەیەدا، ڕواندا توانی بانگەشەی فرەحزبی سیاسی، ئۆپۆزسیۆن لە پەرلەمان، هاوپەیمانێتییکی فرە حزبی کە پارتە بەرهەڵستکارەکانیشی تێدابوو و چاپەمەنی کە ڕاگەیاندنی ڕەخنەگرانەی بەرهەم دەهێنا، بکات.

لە چوارچێوەی ڕواندای سەرەتاکانی ١٩٩٠ەکان، کەسی دەتوانێت لە جیاوازی نێوان دیموکراسی و بەدیموکراسیکردن تێبگات. لەڕاستیدا، دیموکراسیی سەقامگیر ڕژێمێکە کە مافە مرۆڤایەتی و مەدەنییەکان دابین دەکات و ئاسایش بۆ کەمەنەتەوایەتییەکان دەستەبەر دەکات و بەتەواوی ئەو ڕێچکانە دەگرێت کە لە پێکدادانی توندوتیژانە دووریان بخاتەوە. لە دیموکراسییەکی سەقامگیردا، ڕژێمە دیموکراسییەکە "تاکە یارییەکە لە شاردا". لەکاتێکدا بەدیموکراسیکردن بریتییە لە پرۆسەیەک مەبەستێتی یارمەتی کۆمەڵ بدات بۆئەوەی دیکتاتۆرێک هەڵبوەشێنێتەوە و پەرە بە گەشەکردنی دیموکراسی بدات. کەواتە پرۆسەی بەدیموکراسیکردن بەتەواونەکراویی دەمێنێتەوە. ئەو وڵاتانەی بە پرۆسەی بەدیموکراسیکردندا تێدەپەڕن، بەبەردەوامی ڕووبەڕووی قۆناغی ناسەقامگیری دەبنەوە و زۆربەی کات توندوتیژییان تێدا ڕوودەدات. ڕووداوی لەو جۆرەش مایەی دروستکردنی کۆمەڵکوژی، شەڕی ناوخۆیی و جەنگ لەنێوان دوو وڵاتی خاوەن سەروەریدا دەبێت. ئەمەش، لە ١٩٩٠ەکاندا، لە یۆگوسلاڤیای پێشوو، سیریلانکا، کینیا، زیمبابوی، بوروندی و ڕواندا، بینرا.

(1) Catharine Newbury ,'Background to Genocide: Rwanda,' Issue: A Journal of Opinion 23 ,(١٩٩٥) P.١٧ .

لەمیانی پرۆسەی بەدیموکراسیکردندا لە ڕواندا، ڕژێمە زۆردارەکەی هووتو، کە لەلایەن هەستی بە هەڕەشە دەکرد کاتێک ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن بەبەردەوامی لە پەرەسەندندا بوون و بێدەنگیان بەرامبەر پاشاگەردانی و گەندەڵکارییەکەی باکور شکاندبوو و پشتگیری پارتە ئۆپۆزسیۆنەکانی هووتویان دەکرد(PL،MDR، PSDو PDC)، کە ببوون بە مەترسییەکی ڕاستەقینە بۆسەر ڕژێمەکە. ئەگەری هەڵبژاردنی ئازاد شمشێرەکەی دۆمۆکلیس بوو بۆسەر ڕژێمەکەی هابیاریمانا. ئەم مەترسییە بە ڕێککەوتننامەی ئەڕوشا، کە داوای دامەزراندنی حکومەتێکی بنکەفراوانی کاتی دەکرد، تۆختر بووەوە. دامەزراوەکەی(MRND(D ڕووبەڕووی ئەگەرێکی ڕاستەقینەی چوونەناوەوەی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا، بۆناو هێزەکانی RPF (کە بە شێوەیەکی چڕ بانگەشەی بۆ دیموکراسی دەکرد) لە حکومەتدا بووبووەوە و هەڕەشەی ڕوخانی ڕژێمەکەی هابیاریمانا، the clan de Madameو دامەزراوە نەژادپەرستەکەی لەسەر بوو. ئەو "چارەسەر"ەی ئەوان دۆزییانەوە بۆ هاندانی هووتوەکان بوو، بە درێژایی هێڵە نەژاد-ئیتنیکییەکە لە دژی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان، کە بە هاوکارانی "دوژمنە توتسیەکان" وێنا کرابوون. ئەمەش ئەو پارتە بەرهەڵستکارانەی توشی لێکترازان کرد. لەهەمان کاتدا، هاوشان لەگەڵ سوودوەرگرتن لە هەڕەشەی توتسیەکان، حکومەتەکەی باکووری هووتوەکان چاوی بڕیبووە کۆمەڵانی هووتو، بە هەژار و هووتوەکانی باشوورەوە، بۆئەوەی وەک هێزێک بەکاریان بهێنێت تاکو هەڵمەتی کوشتنە نەژادپەرستانەکە جێبەجێ بکات. حکومەت بەبەردەوام جەختی دەکردەوە کە ئەو بەدیموکراسیکردنەی بەسەریدا سەپێنراوە هیچ شتێک نییە بێجگە لە کۆدێک بۆ توتسیەکان بۆئەوەی بتوانن لەڕێگەیەوە جڵەوی فەرمانڕەوایەتی بگرنەوە دەست، هەروەها ڕایگەیاندبوو کە خۆی نوێنەری "دیموکراتی ڕاستەقینەیە"، چونکە نوێنەرایەتی حوکمی "زۆرینەی دیموکراتی" دەکات.

هەندێک لە لێکۆڵەران پێیانوایە کە فشاری وڵاتانی ڕۆژئاوا بەمەبەستی بەدیموکراسی کردن کاریگەری نەرێنی هەبوو، یا بەشێوەیەکی تربگوترێت، بەدیموکراسیکردن بوو کە لە کۆتاییدا هەوڵی سەرکوتکردنی بەدیموکراسیکردنی هێنایە کایەوە. ئەم هەڵسوکەوتە یارمەتی ئەو بۆچوونە دەدات لەئەگەری فشارخستنەسەر ئەو فەرمانڕەوایانەی لە بنچینەدا دژبە دیموکراسین بۆئەوەی دیموکراسیەت لە وڵاتەکەیاندا بەرقەرار بکەن ڕەنگە وەک هەوڵێک بۆ مانەوە لەدەسەڵاتدا، دەست بدەنە بەکارهێنانی دنەدانی نەژادیانە بەرەو توندوتیژی، پاکتاوی نەژادی و تەنانەت جینۆسایدیش. بەپێی زۆرێک لەچاودێران، ئەمەبوو کە لە ڕواندا ڕوویدا.(١)

بوروندی

ڕوونکردنەوەی ڕواندا لەڕمیانەی بوروندییەوە

دەکرێت وڵاتەکانی ڕواندا و بوروندی بە جمکە سیامییەکە بناسرێن: لەقۆناغی بەر لە داگیرکاریدا، هەریەکەیان شانشینێکی نەریتی بوون کە لەلایەن بنەماڵەیەکی توتسیەوە فەرمانڕەوایی دەکران کە بەرێژەی هووتو تیایدا زۆرینە و توتسی کەمینە بوو (٨٥%هووتو، ١٥% توتسی). دوابەدوای ئەوە هەردوو وڵاتەکە لەناو چوارچێوەی هەمان حکومەتی داگیرکارییدا بەرجەستە کران بەناوی(ڕواندا-ئوروندی)، سەرەتا لەژێر فەرمانڕەوایی ئەڵمانەکان (١٨٩٨-١٩١٦) ودواتر لەژێر فەرمانڕەوایی بەلجیکیەکان (١٩١٨-١٩٦٢). لەهەردوو وڵاتەکەدا، شانشینە توتسیەکە لە میانەی داگیرکارییشدا بەردەوام بوو، لەساڵی ١٩٦٢دا ڕواندا و ئوروندی(کە ناوەکەی گۆڕدرا بە بوروندی) بوون بە دەوڵەتی جیای سەربەخۆ.

---

(1) Uvin ،Aiding Violence ،لاپەڕە ٢٢٤-٢٢٥. ،Hintjens ،'Explaining the Genocide in Rwanda'. ١٩٩٤

نەخشەی ١١: ڕواندا و بوروندی

لەئەنجامی شۆڕشی هووتوەکانی ساڵی ١٩٥٩ لە ڕواندا جیاوازییەکی زۆری لەنێوان ئەو دوو وڵاتەدا دروست بوو. لەوساوە، گەشەسەندن لەبووە هۆی دیاریکردنی چارەنوسی بوروندی، هەروەها ڕووداوەکانی ناو بوروندی زۆر گرنگن بۆ تێگەیشتن لە گەشەسەندنەکان لە ڕواندا دا.

لەوەلامـــدانەوەی شۆڕشـــی هووتوەکـــان لە ڕوانـــدا و ئەو کوشـــتن و تەقینەوانەی تیوەی گلان، ڕژێمێکی بڕیاردەری توتسی لە بوروندیدا خۆی سەپاند. ئەم ڕژێمە دەسەلاتی خۆی لەدژی هووتوەکانی بوروندی پیادە کرد، کە شورشـــەکەی ســـالی ١٩٥٩ ی ڕوانـدایان بە نمـونەیەکی گونجـاو دەزانـی چـــاوی لـــێ بکرێـــت. لە ١٩٦٦دا، کودەتـــایەکی ســـــەربازی لە بوروندیـــدا فەرمانڕوایەتی پاشایەی ڕوخاند و کۆمەلێک توتسی توندڕەویان هێنایە سەر دەســـەلات. بەم ڕێگـــایە، دەســـەلاتی تووتســـی لە بوروندیـــدا بەردەوام بـــوو، ســـەرەڕای لابـــردنی حـــوکمی پاشـــایەتی و لەشـــوێندانانی ڕژێمێکـــی کۆمـــاری سەربازی.

لەنێـــوان ســـالانی ١٩٦٢ و ١٩٩٤دا، ڕژێمەکـــان لە ڕوانـــدا و بوروندیـــدا ئاوێنەئاسا یەک ئەویتری دەنواند: لە ڕواندا، ڕژێمێکی هووتویی فەرمانڕەوایی دەکـــرد و بەیـــارمەتی ســـوپایەک کە هەمـــووی لە هووتوەکـــان پێکهـــاتبوو توتسیەکانی دەچەوســـاندەوە، لەبوروندیـــدا، ڕژێمێکـــی توتســـی فەرمـــانڕەوایی دەکـــرد و بەیـــارمەتی ســـوپایەک کە هەمـــووی لە توتســـیەکانی ئەو ولاتە پێکهـــاتبوو هووتوەکـــانی دەچەوســـاندەوە. بەم شـــێوەیە، چەوســـاندنەوەی هووتوەکان لە بوروندی کرابوو بە پاساوێک بۆ چەوساندنەوەی توتسیەکان لە ڕواندا و بەپێچەوانەشەوە. لەبوروندیدا، پەرەسەندنی ڕووداوەکانی ڕواندا، بووە هۆی بلاوبوونەوەی فراوانی ترسان لە هووتو، بەهۆی پەرەسەندنەکانی ڕووداوەکـــانی بورونـــدییەوە، ترســـان لە توتســـی هـــاتە کـــایەوە. هەر کۆمەلکوژییەک دژ بە هووتوەکان کە لە بوروندیدا ڕووی دەدا، دەبووە هۆی دروســـتبوونی هەرای تونـدوتیژیئامێز دژ بە توتســـیەکان لە ڕوانـدادا. دەیـان هەزار پەناهەندەی توتسی ڕواندا ڕژێمە توتسیەکەی بوروندی‌یان بەهێز کرد و سەدان هەزار پەناهەندەی هووتویی لە بوروندیەوە هـاتوو، سیاسـەتە دژبە توتسییەکەی ڕواندای‌ان بەرەو توندڕۆیی برد.

سالەکان	ولات		
	¤ ڕواندا	ڕواندا-ئوروندی	بوروندی
بەر لە ١٨٩٨	فەرمانڕەوایی توتسی	-	فەرمانڕەوایی توتسی
١٨٩٨-١٩١٦	فەرمانڕەوایی توتسی	فەرممانڕەوایی ناڕاستەوخۆی ئەڵمان	فەرمانڕەوایی توتسی
١٩١٨-١٩٦٢	فەرمانڕەوایی توتسی	فەرممانڕەوایی ناڕاستەوخۆی ئەڵمان	فەرمانڕەوایی توتسی
١٩٦٢-١٩٩٤	فەرمانڕەوایی هووتو	-	فەرمانڕەوایی توتسی
١٩٩٤-٢٠٠٤	فەرمانڕەوایی توتسی	-	فەرمانڕەوایی توتسی

خشتەی١٤: ڕژێمەکانی توتسی و هووتو لە ڕواندا و بوروندیدا

ماوە نا ماوەیەک، هووتوەکانی بوروندی لە دژی ڕژێمە توتسیەکە یاخی دەبوون، دەرهاویشتەکەی بریتی دەبوو لە سەرکوتکردنێکی توندوتیژانە و کۆمەڵکوژیی دانیشتوانە هووتوەکە لەلایەن سوپای بوروندییەوە- بەشێوەیەکی بەرچاویش و بە تایبەت لەساڵەکانی ١٩٦٥،١٩٧٢ و ١٩٨٨دا. لە ١٩٦٠ەکان و ١٩٧٠کاندا، بوروندی تیرۆرکردنی سێ سەرۆکوەزیران، ژمارەیەک لە وەزیرەکانی حکومەت و هەموو ئەندام پەرلەمانە هووتوەکانی، بەخۆیەوە بینی.

بۆ هووتوەکانی ڕواندا، شکستی یاخیبوونی هووتوەکان لە بوروندی لە ١٩٧٢دا تەکانئامێز بوو، کە سوپای بوروندی ١٥٠٠٠ هووتوی کوشت، لەناویاندا تەواوی سەرکردە سیاسییەکان و ڕووناکبیران هەبوو.ئەم

ڕووداوانه بوونەهۆی دروستبوونی مەیلی توندڕۆیی هووتو لە ڕواندا دا، کە لایەن هابیاریمانا وە پێشڕەوایەتی دەکرا، بۆ ئەوەی لە ۱۹۷۳دا دەستبەسەر دەسەڵاتدا بگرن و چەوساندنەوەی توتسی چڕتر بکەنەوە.

بەهۆی فشاری نێودەوڵەتییەوە بۆ بەدیموکراسیکردن، پێری بویۆیا، فەرماندەی توندڕۆی سوپای توتسی بوروندی، ڕەزامەندی دا یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادانە لەمێژووی ئەو وڵاتەدا ساز بکرێت (بڕوانە خشتەی ۱٥). لەهەڵبژاردنەکاندا، کە لە ۱ی حوزەیرانی ۱۹۹۳دا ئەنجامدرا، بویۆیا دژی مێلکۆر ندادایێ ی کاندیدی میانڕەوی هووتوەکان خۆی کاندید کرد. وا دیاربوو بویۆیا پێی وابێت کە دەستکاریکردن، ساختەکردن، بەلاڕێدا بردن، هەڕەشە و ڕێگەکانی تری فشار لەهەڵبژاردنەکاندا براوەی دەکەن. لە کاتێکدا، لەبەدبەختی ئەودا، ندادایێ بەزۆرینەی زۆری دەنگەکان کە ڕێژەکەی گەیشتە ٦٤.٨% هەڵبژاردنەکەی بردەوە و نەک تەنها کردی بە یەکەم سەرۆکی بەدیموکراسی هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە، بەڵکو کردی بە یەکەم سەرۆکی هووتویی. پاش هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی، هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ۲۹ی حوزەیرانی ۱۹۹۳دا ئەنجام درا و لەئەنجامدا پارتە میانڕەوەکەی هووتو، کەبەرەی دیموکراسی لە بوروندیدا ناسرابوو زۆرینەی زۆری دەنگەکانی بەدەستهێنا، ٦٥کورسی لەکۆی ۸۱ کورسی لەپەرلەماندا، بەدەست هێنا.

خشتەی ۱٥: ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی حوزەیرانی ساڵی ۱۹۹۳ لە بوروندی

دامەزراوەی ڕژێم	کاندید یاخود پارتەکان	کارەکتەری ئیتنیکی	دەنگەکان/ کورسییەکان
سەرۆکایەتی	مێلکۆر ندادایێ	هووتو	%٦٤.٨
	پێری بویۆیا	توتسی	%۳۳
ئەنجومەنی نیشتیمانی	FRODEBU	هووتو(سەرکردایەتی میانڕۆ)	%۷۱.۰٤
	UPRONA		%۲۱.۳٤

دامەزراندنی حکومەتێک بە ١٥ وەزیری هووتو و ٧ وەزیری توتسی (بەسەرۆکوەزیرانەوە کە توتسیەکی میانڕۆ بوو) دەسەلاتی لە بوروندیدا پێچەوانە کردەوە.

هاتنەسەردەسەلاتی هووتوە میانڕۆکان لە بوروندیدا، بەدیموکراسیکردنێکی ناتوندوتیژانە و پێکهێنانی حکومەتێکی تێکەڵ، هیوایەکی بەخشییە هووتوە میانڕۆکانی ڕواندا، کە دەمێک بوو تێدەکۆشان بۆ پێکەوەبوون، هاوگونجی و ئاشتی، کە لە چوارچێوەی ڕێککەوتننامەی ئەروشا دا بوو. بەلام ئەم هیوایەیان لە ٢١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٣دا زەبرێکی کوشندەی بەرکەوت، کاتێ ئەفسەرە توتسیەکانی بورووندی سەرۆکە تازەهەڵبژێردراوەکە، سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتیمانی و سێ وەزیری حکومەتەکەیان، کوشت.

لەئەنجامدا، یاخیبوونی هووتوەکان لە سەرانسەری بوروندیدا سەری هەڵدا و سوپایش بە مشتی ئاسنین سەرکوتی کرد. هووتوەکان نزیکەی ٢٠٠٠٠ توتسی دانیشتوی دەوروبەری شارەکانیان کوشت و بوونە هۆی هەلاتنی ١٥٠٠٠٠ توتسی لادێ نشینی تر بەرەو پایتەخت، کە لەو کاتەدا لەژێر کۆنترۆڵی سوپادا بوو. سوپا دای بەسەر هووتوەکان، ٣٠٠٠٠ی لێ سەربڕین و ٤٠٠٠٠٠ هووتوی بەرەو ڕواندا ڕاونا.

ڕووداوەکانی بوروندی کاریگەری کارەساتئامێزیان بەسەر ڕوانداوە هەبوو. ئەو پەیامەی بە قوڵیی بە نێو هووتوەکانی بوروندی و ڕواندا دا، پاش تیرۆر کردنی نداداین، ڕۆچوو، بریتی بوو لە "هەرگیز متمانە بە توتسی مەکەن"[1]. دامەزراوە توندڕەوەکەی ڕواندا، پێشڕەوییەکانی هێزەکانی RPF، ڕێککەوتننامەکەی ئەڕوشا و، کوشتنی سەرۆک نداداین لە بوروندیدای بە بەشێک لە پلانگێڕییەکی گەورە دەژمارد، کە ئامانجی دروستکردنی ئیمپراتۆریەتێکی توتسی بوو. لەبەر ڕۆشنایی پەرەسەندنەکاندا، هاباریمانای سەرۆکی ڕواندا بڕیاریدا ڕێککەوتننامەکەی ئەڕوشا پیادە نەکات و توندڕەوەکان لە (MRND(D و CDR، میلیشیاکان و هێزەکانی ئاسایش

(1) Magnarella ،Justice in Africa، لاپەرە ١٨.

گەیشــتنە ئەو دەرئەنجــامەی کە تــاقە بژاردەیــان بــریتیە لە "چارەســەری کۆتایی": ناوبردنی هەموو توتسیەکان. لەدیدگای هووتوەکانەوە، توتسـیەکانی بوروندی ناپـاکی خۆیانیـان سـەلماند و دەریانخسـت کە توتسـیەکان بەهـیچ شێوەیەک ڕازی نـابن زۆرینە هووتوەکە فەرمـانڕەوایەتی بەدەستەوە بگرن. گەیشـتبوونە ئەو بـڕوایەی کە هەرگیـز ناکرێـت ڕێککەوتنێـک لەگەڵ RPFدا ببەسترێت، یەکگرتنەوەی هێزە چەکدارەکانیش هەر لێگەڕێ و ئاماژەشی پێ مەدە.

ئەو کوشـتنە هووتـوە میانڕۆکـانی بەرەو توندڕۆیی بـرد. زۆرینـەی ئەو کەسانەی سـەر بە پـارتە بەرهەڵستکارە لیبـراڵ دیموکراتەکانی وەک MDRو PLبوون (کەمینەیەکیش لەوانەی سەر بە PSD و PDC بوون) ئیتر چوونە ناو بەرەی توندڕۆی نەژادپەرستەوە، کە بە هێزی هووتو ناسرابوو. لەهەمـان کاتدا، ژمـارەیەکی زۆری هووتوەکانی بورونـدی کە بەدوای تۆڵەسـەندنەوەوە بـوون، چـوونە ڕیـزی میلیشـیا بکوژەکـانەوە. بەکـورتی، لەڕاسـتیدا پێـدەچێت کوشــتنەکانی تشــرینی یەکەمــی ١٩٩٣ی بورونـدی بووبێـت کە بــووە هــۆی ڕوودانی ئەو تەقینەوەگەورەیەی کە ڕواندای لە نیسانی ١٩٩٤دا، هەژاند.

٦

سزادانی بکوژەکان

ئەگەر ئەفریقـــای باشـــور نمـــوونەی تەنگـــژەی تێـــوەگلانی بەرجەســـتەکردنی ئاشـــتی بـێ دادپەروەریـــیە، ئەوا ڕوانـــدا نمـــوونەی پێچەوانەکەیەتی: بەرجەستەکردنی دادپەروەریی بە بێ ئاشتی.[١]

فەیلەسـوفی ئەڵمـانی کـارڵ جاسـپەرس چـوار جـۆری لە چەمکـی تـاوان، لە چوارچێوەی ئەڵمانیـای پـاش جەنگی جیهـانی دووەم دیـاری کـرد: تـاوانی تاوانکـارانە لەلایەن خـودی بکوژەکـانەوە گـوێزراوەتەوە، تـاوانی سیاســی لەلایەن تەواوی هاوڵاتیــانی دەوڵەتێکــی مــۆدێرنەوە، تـاوانی ڕەوشــتی لە لایەن ئەوکەســانەی "تەنهــا" جێبەجێکـاری فەرمـان بوون و تاوانی مێتافیزیکی ئەو کەسانەی بێجوڵە وەسـتان و شکسـتیان هێنا لە هەوڵ بۆ وەستاندنی نادادپەروەرییەکە.[٢] ئەم بەشـە گفتوگۆی ســـزای بەکـــۆمەڵ، شـــەرمەزارکردنی دانیشـــتوانێکی بێهەڵوێســـت لە جیهـانێکی کەمتەرخەمدا، یـان شـەرمەزرکردنی خـراپە بەگشـتی، ناکـات،

---

[1] Mahmood Mamdani ،'Reconciliation without Justice،' Southern African Review of Books 46.٤ (١٩٩٦)، لاپەڕە.

[2] Karl Jaspers ،The Question of German Guilt (trans. E. B. Ashton ،New York: Doubleday ،1948).٢٥-٢٦ لاپەڕە.

بەڵکو زۆر وردبینتر، جەخت دەکاتە سەر سزادانی خودی ئەو تاکانەی تاوانباربوون.

سزادانی تاوانبارانی جینۆسایدەکەی ڕواندا لەلایەن دوو دامەزراوەوە مامەڵەی لەگەڵدا کرا: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی ڕواندا، کە بە تایبەت لە ئەڕوشای تەنزانیا دامەزرا، هەروەها دادگا ناوخۆییەکانی ڕواندا. پاشان دەرفەتێکی تریش دروست بوو ئەویش بریتی بوو لە دادگاییکردنی بکوژەکان لە دادگاکانی وڵاتانی تردا.

دادگای نێودەوڵەتی بۆ تاوانەکانی ڕواندا

دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بۆ ڕواندا (ICTR) لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بەپێی بڕیاری ٩٥٥ ی ٨ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٩٤، بەو دەسەڵاتەی کە لە لەژێر بەشی حەوتەمی جاڕنامەی نەتەوەیەکگرتووەکان، هەیەتی و بریتییە لە "کارکردن بە ڕێزەوە بەرامبەر بە هەڕەشە بۆ سەر ئاشتی، تێکدانی ئاشتی و کردەوە توندوتیژەکان" دامەزرا. بڕیاری ٩٥٥، جەختی کردبووەوە ICTR ی تەنها تایبەتمەند نەکردبوو بەو تاوانانەی لە یەک لایەنەوە ئەنجام درابوون. ئەو دادگایە دەسەڵاتی ئەوەی پێدرابوو بکۆڵێتەوە لە "هەموو ئەو کەسانەی بەرپرسیار بوون بەرامبەر بەجێدی پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ لە ڕواندا و گشت ئەو ڕواندییانەی بەرپرسیاری ئەو پێشێلکارییانە بوون کە لە ناوەوەی سنوری وڵاتانی دراوسێدا، لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ١٩٩٤ و ٣١کانونی یەکەمی ١٩٩٤دا، ڕوویاندابوو، دادگایی بکات، ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ICTR دەیتوانی دادگایی ئەندامانی RPFیش بکات. وابڕیار درابوو ئەو دادگایە هەموو بەرپرسیارەکانی

جینۆساید، تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی [٣]و تاوانەکانی جەنگ دادگایی بکات و سزا بەسەرداسەپێندراوەکەشیان بریتی بوو لە "زیندانیی"کردن. بڕیارەکە لەلایەن سیانزدە ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایشەوە پشتگیری کرا و نوێنەرانی حکومەتە نوێیەکەی ڕواندا بەرهەڵستییان کرد(دژبوون لەگەڵ دانەنانی سزای لەسێدارەدان و دانانی شوێنی دادگاییکردنەکە لەدەرەوەی خاکی ڕواندا و ئەو دەسەڵاتە کاتییەی بەسەر ئەو تاوانانەوە هەیبوو کە بەر لە ٦ی نیسانی ١٩٩٤ دا ڕوویاندابوو). یەک وڵاتیش، کە چین بوو، بێ دەنگ مایەوە.

بەپێچەوانەی دادگاکانی ڕواندا و بەپێچەوانەی دادگای سەربازی نێودەوڵەتی لە نورمبێرگ (دانیشتنەکانی دادگای نورمبێرگ) و دادگای نێودەوڵەتی سەربازی بۆ ڕۆژهەڵاتی دوور(یاخود دادگای تاوانەکانی جەنگی تۆکیۆ) کە پاش جەنگی جیهانی دووەم دەستی بەکارەکانی کرد، ICTR دەسەڵاتی سەپاندنی سزای لەسێدارەدانی نەبوو(بەگوێرەی ڕێککەوتننامەی نێوەدەوڵەتی لەبارەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانەوە). بەهاودژیتییەوە، تاوانبارە سەرەکی و زۆرکوژەکان لەلایەن دادگای نێوەدەوڵەتییەوە لە سزای لەسێدارەدان ڕزگاریان دەبێت، لەکاتێکدا ئەو بکوژە کەمترکوژەکان لەلایەن دادگا نێوخۆییەکانی ڕوانداوە دادگایی دەکرێن سزای مەرگیان بەسەردا دەسەپێنرێت.

هەروەها ئەوەش دیاری کرابوو دادگای نێودەوڵەتی پێشتریتی بەسەر دادگا نێوخۆییەکانی ڕوانداوە هەبێت، بەو واتایەی ئەو بکوژانەی لە بەندینخانەکانی ڕوانداوان و داوادەکرێن بچنە بەردەم دادگای نێودەوڵەتی، دەبێت بۆ ئەو مەبەستە ڕادەستی دادگای نێودەوڵەتی بکرێن(کە بەم ڕێگەیە لەسزای مەرگ ڕزگاریان ببێت). ئەم یاسایە

---

[٣] چەمکی "تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی"، بۆیەکەمجار لەدادگادا، لە دادگاییکردنەکانی نورمبێرگدا، دژی سەرکردە نازییەکان بەکارهات.

بەسەر ئەو تۆمەتبارانەشدا جێبەجێ دەبوو کە لەوکاتەدا لە ناو ڕواندا لەناو پرۆسەی دادگاییکردندا بوون.

لەوەش زیاتر، کەسێک کە لە ڕواندادا دادگایی کرابوو‌بێت، لەژێر هەندێک بارودۆخی دیاریکراودا، دەکرا دووبارە لەڕێگەی دادگای نێودەوڵەتییەوە دادگایی بکرێتەوە، بەڵام نەک بەپێچەوانەوە.

بەگوێرەی ماددەی ٦ (ˮبەرپرسیاریێتی تاوانی تاکˮ) ی سیستەمی سەرەکی دادگا، دەکرێت فەرماندەکان لەبەرامبەر ئەو فەرمانانەی دەریانکردووە دادگایی بکرێن، بەڵام ئەو سەربازانەی کوشتنەکانیان ئەنجامداوە ناتوانن پاساوی بوونی فەرمانێکی لەوجۆرە بەسەریانەوە بۆ بەرگریکردن لەخۆیان بەکاربهێنن (چونکە ئەو جۆرە فەرمانانە لە یاسا نێودەوڵەتییەکاندا بە" نایاسایی زەق" دادەنرێن).

ئەنجومەنی ئاسایش بڕیاریدا ئەو وڵاتانەی ئەندامن لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕەزامەندبن لەسەر ڕادەستکردنەوەی تاوانبارەکان. بەلجیکا، سویسرا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا و ژمارەیەک لە وڵاتە ئەفریقاییەکان (بورکینا فاسۆ، کامیرۆن، کینیا، ئایڤۆری کۆست، مالی، تۆگۆ، زامبیا و تەنزانیا) لەنێو ئەو وڵاتانەدا بوون کە تاوانبارانیان دەستگیر کرد و ڕادەستیان کردنەوە.

هەروەک لە بڕیارەکەی ساڵی ١٩٩٤ی ئەنجومەنی ئاسایشدا دیاریکراوە، کە بەدرێژایی چەند ساڵی دواتر گۆڕانکاری بەسەردا هێنرا، ICTR لە چوار ژوور پێکهاتبوو: سێ ژووری دادگاییکردنەکە، کە لە ئەروشا، تانزانیا بوو (بەپێچەوانەی دادگاییکردنەکانی نۆرمبێرگ و تۆکیۆوە، لەو وڵاتانەدا دامەزرابوون کە تاوانەکانیان تێدا ئەنجام درابوو)و ژوورێکی دادگای تێهەڵچوونەوە(کە بەهەمان شێوە وەک دادگای تێهەڵچوونەوە بۆ دادگاییکردنی تاوانی نێودەوڵەتی یۆگوسلاڤیای پێشووش کاری دەکرد) کەوتبووە شاری لاهای لە

هۆڵەندا. نوسینگەی بریکاری داواکاری گشتی و ستافەکەی لە کیگالی دامەزرا بوو، چونکە دەبووایە لێکۆڵینەوەکان لەناو ڕواندا بەڕێوە بچن. دواین وێنەی یاسا هەموارکراوەکانی ICTR (٢٠١٠) لە پاشکۆی ژمارە ٢ دا دەردەکەوێت.



هێڵکاری ١٢: پێکهاتەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا

...

بڕیاردرا کارگێڕی ICTR لەسەر بنەمای زۆرینە بێت و فەرمانبەرانی دادگاییەکەش(ستافێکی نزیکەی ٨٠٠ ئەندامی هەبوو، بە دادوەر، لێکۆڵەران و کارمەندە ئیدارییەکانەوە) لەلایەن هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNAMIR) دەپارێزران. لەو شەش دادوەرەی کە لە لایەن ئەنجومەنی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان هەڵبژاردبوون، سیانیان ئەفریقی بوون. لایتی کامای سەنیگالی سەرۆکی یەکەم دادگاییکردن بوو، ڕیچارد گۆڵدستۆن سەرۆکی دادگای باڵای ئەفریقای باشوور، کە

وەک داواکاری گشتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ کەیسی یۆگوسلاڤیا کاریکردبوو، وەک یەکەم داواکاری گشتی دەستنیشان کرا. لە ساڵی ١٩٩٦دا، دادوەری کەنەدی، لویس ئاربۆر، لەشوێنی گۆڵدستۆن دانرا.

تاکو مانگی ئاداری ٢٠١١، ئەنجامی کاری دادگاییکردنەکە بریتی بوو لە دەستگیرکردنی ٨١ 'جینۆسایدکار' و ٣٨ لەوانە تاوانەکەیان بەسەردا ساغ بووەوە. ئەو کەسانەش بریتی بوون لە جین کامباندای سەرۆکوەزیرانی پێشووی ڕواندا (بڕوانە ووردەکارییەکان لە خوارەوە)، فێردیناند ناهیمانای بەڕێوەبەری RTLMC، هەسەن نگێزی سەرنوسەری کانگارۆ(هەردووکیان، لە کانونی یەکەمی٢٠٠٣دا، سزای بەندکردنی هەتاهەتاییان بەسەردا سەپێنرا)و ئەوانی تر، دەکەس لەوانەی تاوانبارن تاکو ئێستا بەئازادی دەسوڕێنەوە، لەوانە ئۆگستین بیزیمانا ی وەزیری بەرگری لە حکومەتەکەی ئینتێریمدا. تیۆنیستی باگۆسۆرا ی 'سەرکردە'ی جینۆساید لە ساڵی ١٩٩٧دا ڕادەستی دادگای ئەروشا کرایەوە، لە کانونی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ دا، بەتاوانبار لەقەڵەم درا و سزای بەندکردنی هەتاهەتایی بەسەردا سەپێنرا.

دادگاییکردنی جین کامباندا[4]

لەساڵی ١٩٩٤دا، جین کامباندا، سەرۆکوەزیرانی ئەژادپەرستی ڕواندای کاتی جینۆسایدەکە، تەمەنی ٣٩ ساڵ بوو، خێزاندار بوو، ٢ منداڵ بوو، هەروەها ئەندازیارێکی ڕاهێنراو بوو و پێشتر وەک بەڕێوەبەری بانک کاری کردبوو. کامباندای سەرکردەی باڵی توندڕۆی MDR، میراتگری سروشتی خانم ئاگاتی ئویلینگیامانای سەرۆک وەزیرانی سەرکردەی باڵی میانڕۆ MDR بوو، هەروەک ئاماژەمان

[4] Magnarella Justice in Africa, pp. 85-93

پێکرد، لەسەروبەندی جینۆسایدەکەدا کوژرا. لەکاتی ڕودانی کۆمەڵکوژییەکاندا، کامباندا لەسەرانسەری وولاتدا لەسەرشاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە دەردەکەوت کە چۆن تەور بەسەر ئەندامانی میلیشیاکاندا دابەش دەکات. لەپەخشێکی بەناوبانگی ڕادیۆیی ئەو کاتەدا، کامباندا داوای لە توتسیەکان کرد لەپەناگەکانیان بێنە دەرەوە چونکە "جەنگ کۆتایی هاتووە"، مەبەستی ئەمەش بۆ دەرکەوتنی زیاتری توتسییەکان بوو، تا بتوانن بیانکوژن.

پاش جینۆسایدەکە، کامباندا بەرەو زائیر هەڵات و لەوێشەوە بەرەو کینیا، کەتیایدا دەستگیر کرا و ڕادەستی دادگای ئەروشا کرا، ئەمەش پاش فشارێکی زۆری خودی دادگاکەوە هاتەدی . بەتاوانی جینۆساید، پلانگێڕی بەمەبەستی ئەنجامدانی جینۆساید، هاندان بەرەو جینۆساید، هاوکاریکردنی جینۆساید و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی (کوشتن) تاوانبارکرا.

بەخۆفرێدانە بەربەزەیی دادگا، دانی بەم تاوانانەی خوارەوە نا:

- بەشداریکردن لەو کۆبوونەوانەی کابینەکە و ئەنجومەنی وەزیران کە تیایدا گفتوگۆی جینۆسایدەکە کرابوو.
- تێوەگلان لە لادانی پارێزگاری بوتاری لەپۆستەکەی، کاتێک ڕتیکردبووەوە فەرمانی ئەنجامدانی جینۆساید جێبەجێ بکات.
- ئەنجامدانی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردە سەربازییەکانی سوپا بەمەبەستی ڕێکخستنی جەنگ دژ بە "هاوبەشەکانیان" RPF (مەبەست لە توتسیەکانە).
- دەرکەوتن لە میدیاکاندا بەمەبەستی جوڵاندنی ڕای گشتی دانیشتوان بەرەو کۆمەڵکوژکردنی توتسیەکان.

- ئەنجامدانی "سەردانی مەیدانی" بەمەبەستی هاندانی گشتی دانیشتوان بۆئەوەی کوشتنەکان ئەنجام بدەن.
- هاندانی پارێزگاران و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵگاکان بەمەبەستی ئەنجامدانی کوشتن لەناو کۆمەڵگاکاندا.
- ئامادەبوون لە کاتی ئەنجامدانی کوشتنەکاندا.

دادگا دانپێدانانەکەی کامباندای پەسەند کرد بەڵام سزاکەی سوک نەکرد. دانپێدانانەکانی تاوانبارەکە، بەپێی لێکدانەوەی دادگا وەک رەنگدانەوەیەک نەبوو بۆ پەشیمانی یاخود بەزەیی بەرامبەر بە قوربانییەکان، یاخود پاساوهێنانەوە بۆ هەڵسوکەوتەکانی. لە ئەیلولی ساڵی ١٩٩٨دا، کامباندا سزای زیندانی هەتا هەتایی بەسەردا سەپێنرا.

دادگاییەکانی ICTR یەکەم دادگاییکردنی جینۆساید بوو لە مێژوودا (دادگاکانی نۆرمبێرگ دادگایی بەرپرسە ئەڵمانی و یابانییەکان بەهۆی ئەنجامدانی تاوان دژی ئاشتی و مرۆڤایەتی و تاوانی جەنگ، کرد نەک تاوانی جینۆساید). ئاشکرایە کە دادگاییکردنەکانی ICTR یەکەمین دادگاییکردنن لە مێژوودا کە دەستدرێژی سێکسی، لەژێر رۆشنایی رێککەوتننامەی رێگرتن و سزادانی تاوانەکانی جینۆساید وەک پێکهاتەیەکی کردەوەی جینۆساید و "تاوان دژی مرۆڤایەتی" بناسێنێت.(٥)

دادگا خۆجێییەکانی رواندا

هەروەک لە پێشتردا ئاماژەی پێکرا، دادگاکەی ئەروشا دادگایی "سەرگەورەکان"ی تاوانبارانی کرد و تاوانبارەکانی تریش لەلایەن دادگا نێوخۆییەکانی رواندا دادگایی کران. مەزەندە دەکرێت نزیکەی

---

(5) Ben Crampton ,'Bringing Justice to Rwanda,' Times Literary Supplement (August 10 ,2001).

٣٠٠٠٠٠ کەس لەکوشــــتنەکانەوە گلابـــن. لەو ژمـــارەیەش، بەپێـــی زانیارییەکـــان، ١٢٠٠٠٠ گومـــانلێکراو تـــاکو ســـاڵی ٢٠٠١ لە زینـدانــدا مابوون(لەزیندانێکدا کە تەنها جێگەی ١٢٠٠٠ کەسی تێدا دەبووەوە).

یاساکانی ڕواندا ئەو کەسانەی کە لە سۆنگەی کردارەکانی ساڵی ١٩٩٤یـــانەوە دەبـــوو دادگـــایی بکـــرێن، بە چـــوار کـــۆمەڵ لێکـــی جیاکردبوونەوە:

١. ئەوانەی پلانیان دانابوو، ڕێکیان خستبوو، هانی خەڵکیان دابوو، سەرپەرشتیان کردبوو، پێشڕەوێتی خەڵکیان کردبوو بۆ جینۆسایدەکە و تاوانە دژە مرۆڤایەتییەکان. ئەم کۆمەڵەیە ئەو کەسانەیان تێدا بوو کە بەرپرسـیارێتی گرینگیـان هەبـوو لەنـاو حکـومەت، سـوپا، میلیشـیاکان، پارتەکان، کڵێساکان، بەتایبەتیش بکوژە دڕندە و بێبەزەییەکان.

٢. بکوژان و هاوکارانی کوشتنەکان

٣. گومـانلێکراوانی تـاوانی دەسـتدرێژی سێکسـی و بریـندارکردنی کەسانی تر.

٤. گومانلێکراوانی تاوانبار وێرانکردنی موڵکوماڵی کەسانی تر.

بە پێـی یاسـاکانی ڕوانـدا، سـەپاندنی سـزای مەرگ تەنهـا بەسـەر ئەندامانی یەکەم کۆمەڵە ڕێگەپێدراوە (بەڵام مەرج نییە).

سیستەمی دادوەری ڕواندا ڕووبەڕووی سەختییەکی زۆر بووەوە. لەکۆی ئەو ١٠٠٠ دادوەرەی لە خزمەتدا بوون لە نیسـانی ١٩٩٤، تەنهـا ١٠٠ دادوەریان پاش جینۆسـایدەکە لە ڕواندا مـانەوە، هەروەهـا لەکۆی ١٠٠ داواکـاری گشـتی تەنهـا ١٢ یـان مـانەوە. زۆریـنەی ئەو دادوەو داواکارە گشـتییانەی دیارنەمـان، هووتـو بـوون و پـاش سـەرکەوتنەکانی RPF لەترسـی تۆڵەسـەندنەوە لەڕوانـدا هەڵاتـن. لەڕاسـتیدا، هەنـدێک لە توتســـیە میانڕەوەکـــان و دادوەرە هووتوەکـــان و داواکارەکـــانیش لەسەروبەندی جینۆسایدەکەدا کوژران. دۆزینەوەی پارێزەر بۆ بەرگری

کردن له گومانلێکراوان ئاڵنگارییەکی تر بوو، زۆرێک له پارێزەران لەبەر هۆی ئەخلاقی نەیاندەویست پارێزگاری له بکوژەکان بکەن، یاخود ڕەنگە بۆ ئەوە بووبێت له هەراسانکردن بترسن.

ڕێکارە یاساییەکان له ڕواندادا زۆر به سستی بۆ پێشەوە چوون. تا ١٩٩٨، دادگا ئاساییەکانی ڕواندا توانیان تەنها ٥٠٠٠ لەو دەیان هەزار گومانلێکراوەی بەندینخانەکانیان پڕکردبوو دادگایی بکەن. لەکۆی ئەوانەی دادگایی کران، ٤٠٠کەسیان سزای لەسێدارەدانیان بۆدەرچوو، ٥٠٠ کەسیشیان لەتاوانەکانی ئاراستەیان کرابوو، بێبەری دەرچوون. بیست و دوو لەوانەی به جینۆسایدکردن تاوانبار کرابوون له نیسانی ١٩٩٨دا لەڕێگەی گولەبارانکردنەوە سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ کرا. ئەمەی خوارەوە پێناسەی دادگایی کردنی سەرکردەیەکی سیاسییە بەناوی فرۆدوالد کارامیرا کە له دادگایەکی ڕواندیدا ئەنجام درا.(٦)

دادگایی کردنی فرۆدوالد کارامیرا

فرۆدوالد کارامیرا سەرکردەیەکی سیاسی و بازرگانێکی ڕواندی بوو. لەکاتی جینۆسایدەکەدا، به ئۆتۆمبیله مارسیدس بێنزەکەی دەسووڕایەوە و به سەرباز دەور درابوو و ماوە ماوە ئەو توتسیانەی دەکوشت کە له خاڵەکانی پشکنینەدا وەستێنرابوون. ڕۆژانەش لەپەخشی ڕادیۆکانەوە دەنگی دەبیسترا کە بانگەشەی بۆ کوشتنی توتسیەکان دەکرد.

جێی سەرنج ئەوەیە کە کارامیرا خۆی له ڕەسەندا تووتسی بوو، له تشرینی یەکەمی ١٩٩٠دا به تۆمەتی هاریکاری کردن لەگەڵ RPFدا بۆماوەی شەش مانگ دەستگیر کرابوو. پاشان ڕایگەیاندبوو کە توتسی

---

(6) Magnarella Justice in Africa.٢٨٠-٢٧٩ .لاپەڕە .

نییە و كۆششی دەكرد وەک هووتویەكی رادیكال رەفتار بكات. كارامیرا سەركردەی باڵە نەژادپەرستەكەی MDR بوو ('هێزی هووتو').

پاش سەركەوتنەكەی RPF، كارامیرا بەرەو هیندستان هەڵات و پاشان هەر لەوێوە رادەستی رواندا كرایەوە. جارێكیش لەكاتی وەستانی رێگا لە ئەثیوبیا هەڵهات، بەڵام ئەمجارەش ئەثیوبیا رادەستی كردەوە و رادەستی رواندا كرایەوە. دەستگیركردنەكەی كارامیرا بووە هۆی رووبەڕووبوونەوەی نێوان حكومەتی رواندا و دادگای نێودەوڵەتی، چونكە هەریەكێكیان دەیویست كارامیرا رادەستی خۆی بكرێتەوە. پاش ناوبژیوایكردن لە لایەن سەرۆكی روانداوە، حكومەتی ئەثیوبیا بڕیاریدا كارامیرا رادەستی رواندا بكاتەوە (بەپێچەوانەی یاساكانی دادگای ICTR).

لەمیانی دادگایی كردنەكەیدا(یەكێک لە گەواهیدەرەكان پیاوێک بوو كە هاوسەرەكەی، دایكی، چوار خوشكی، دوو ئامۆزای و پێنج منداڵی بە فەرمانی كارامیرا كوژرابوون)، هیچ جۆرە پەشیمانییەكی دەرنەبڕی و گوتی ئەوەی روویدا جینۆسساید نەبوو بەڵكو بریتی بوو لە كوشتنێكی هاوبەشی هەرەمەكی.

كارامیرا سزای مردن بە دەستریژی بەسەردا درا. هەرچەندە پاپا و یەكێتی ئەورووپا و ولاتەیەكگرتووەكانی ئەمریكا هاتنەناوەوە و كۆششیان كرد رێ لە كوشتنەكەی بگرن، لە ٢٥ ی نیسانی ١٩٩٨ دا سزاكەی بەسەردا جێبەجێ كرا.

لەساڵی ٢٠٠٠دا، بەمەبەستی سووككردنەوەی قەرەباڵغیی لەسەر دادگاكانی رواندا، بڕیاردرا هێدی هێدی گومانلێكراوە بەتەمەنەكان و نەخۆشەكان و هەروەها ئەو گومانلێكراوانەی لەكاتی ئەنجامدانی تاوانەكاندا پێنەگەیشتوو بوون، ئازاد بكرێن. لە ساڵی ٢٠٠١دا وەک

کۆششێک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قەرەباڵغی بەندینخانەکان و سستی پرۆسەی دادگایی کردنەکان، بڕیاردرا بە ڕێکخستنی هەزاران دادگای عەشایری که لەلایەن کۆمەڵێک دادوەرەوە سەرکردایەتی دەکران که لە میانی کۆبوونەوەی لادێکاندا هەڵبژێردرابوون و بۆ ماوەی شەش مانگ ڕاهێنانی یاساییان پێکرابوو. لەهەوڵێکدا بۆ هێنانەدی ئاشتەوایی نیشتیمانی، وا بڕیاربوو ئەو دادگایانە بەگوێرەی سیستەمە نەریتییەکەی دادوپەروەری کۆمەڵایەتی ڕواندا (gacaca system) کاربکات، کە بریتی بوو لە داننان بە تاوانەکاندا و دەربڕینی پەشیمانی لەلایەن تاوانبارەکانەوە. لەئەنجامی بەردەوامبوونی دادگا کۆمەڵایەتییەکە، ساڵی ٢٠٠٣ تاکو ٢٠١٠، دەیان هەزار بکوژ ئازاد کران. بێگومان، ڕواندا هەوڵیدا وانەیەک لە ئەزموونە سەرکەوتووەکەی ئەفریقیای باشورەوە وەرگرێت، کە پاش هەرەسی ڕژێمە جیاخوازە نەژادپەرستییەکەی، کۆمسیۆنی ڕاستی و ئاشتەوایی دامەزراند و لەسەر هەمان ڕێچکە کاری دەکرد.[٧]

---

[٧] کۆمسیۆنی ڕاستی و ئاشتەوایی، لە ساڵی ١٩٩٥ دا لە باشوری ئەفریقا، پاش هاتنەسەر دەسەلاتی ڕژێمی زۆرینەی ڕەشپێست کە لەلایەن نیلسۆن ماندێلاوە سەرکردایەتی دەکرا، دامەزرا. ئەم کۆمسیۆنە لەلایەن دیزمۆند توتوی خاوەن خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییەوە سەرپەرشتی دەکرا. ئامانجی ئەم کۆمسیۆنە بریتی بوو لە دەرخستنی ڕاستی ئەو تاوانانەی لەلایەن حکومەت و بەرهەڵستکارەکانیەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوەکانی دژ بە ڕژێمە جیاخوازە ڕەگەزییەکەدا ئەنجام درابوون. هەرتاکێک بە دڵسۆزی و بە شێوەیەکی دروست گەواهی بدایە، تەنانەت ئەگەر دانی بە تاوانی کوشتن و ئەنجامدانی کومەڵکوژیشدا بنایە، پارێزبەندی لەدادگا پێدەبەخشرا. لایەنگرانی ئەو بیرۆکەیە پێیانوابوو کە ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بەرەو ئاشتەوایی نێوان ڕەش پێست و سپی پێستەکانی ئەو وڵاتە. بەمەش، بەرپرسانی ڕژێمە سپی پێستەکە و هێزەکانی ئاسایشی ئەفریقای باشور و ئەندامانی کۆنگریسی نیشتیمانی ئەفریقا و بزوتنەوە ئەفریقیەکانی تر، توانییان گەواهی بدەن و دان بە چەندین جۆری تاوانی وەک کوشتن، کومەڵکوشتن و ئەشکەنجەداندا بنێن بەبێ ئەوەی سزا بدرێن. گشت ئەو کەسانەش کە ڕەتیانکردەوە دان بە تاوانەکایاندا بنێن، لە پارێزبەندی بێبەش بوون.

هەروەک لە سەرەوە تێبینی کرا، جگە لە دادگای نێودەوڵەتی، بژاردەیەکی تر بۆ دادگایی کردنی تاوانباران لە ڕواندا بریتی بوو لە دادگا خۆجێییەکانی وڵاتانی تر. بۆ نموونە، لە ساڵی ١٩٩٩دا، دادگایەکی سەربازی سویسری هەستا بە دادگایی کردنی فولگێنس نیۆنتیسی سەرۆکی شارەوانی پێشووی ڕواندی، کە بە دەرکردنی فەرمان بۆ کوشتن و ڕفاندنی توتسی و خراپ بەکارهێنانی کۆبوونەوەکان لە شارۆچکەکەیدا بەمەبەستی هاندانی هووتوەکان بۆ کوشتنی دراوسێ توتسیەکانیان، تاوانبار کرابوو.[٨]

بەگوێرەی یاسایەکی بەلجیکی کە لە ساڵی ١٩٩٩دا دەرکرا، ڕێگە بۆ دادگایی کردنی هەرکەسێک خۆش دەکرێت-بەبێ ڕەچاوکردنی ڕەگەزنامەکەی- کە تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لە سنوری وڵاتێکی تردا ئەنجام دابێت. هەر ئەم یاسایەش بوو بە ڕێگە خۆشکەر بۆ دادگاییکردنی پۆلێک لە تۆمەتباران لە ٢٠٠١دا، کە بە 'چوارینەکەی بوتاریّ' ناسرابوون، کە لە خوارەوادا باس لە ئەندامەکانی کراوە:[٩]

- دکتۆر ئەلفۆنس هیگانیرۆ، بازرگان و وەزیری پێشووی حکومەت، خاوەنی کارگەی کبریت و دەرچووی بەشی بیرکاری زانکۆی لوڤاینی بەلجیکی. هیگانیرۆ، کە لەهەمانکاتدا زاوای پزیشکە تایبەتەکەی هابیاریمانا بوو، پشتگیری دارایی Interahamweای کرد و کارگەکەی کردە بنکەیەکی ڕاهێنان بۆ میلیشیا توندڕۆکان. لەنێو هەموو شتەکانی تردا، هیگانیرۆ فەرمانی بە 'پاککردنەوە'ی کارگەکەی لە توتسیەکان دا، ئەوەش بەمەبەستی تەواوکردنی 'کارەکە' (کوشتنەکە)... لەپێناو

---

(8) Magnarella ،Justice in Africa، لاپەڕە ٩٢.

(٩) بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە "The Bigwig ،Aviva Aviram، the Intellectual ،and the Two Nuns" Haaretz، (١٨حوزەیرانی ٢٠٠١) عیبری

پاراستنی ئاسایشی بوتاریدا". لەم دانیشتنەی دادگادا، گومانلێکراو سوور بوو لەسەر ئەوەی کە فەرمانەکەی بەمەبەستی خاوێنکردنەوەی پارکی ئۆتۆمبیلی کارگەکەی بووە لە قوڕ. لەگەڵ ئەوەشدا، نەیتوانی ڕوونکردنەوە لەبارەی چۆنیەتی پەیوەندی ئەو مەسەلەیە بە "ئاسایشی بوتاری"وە بکات و بۆچی ووشەی "پاککردنەوە" و "کار" بەم شێوەیە لە نێو کەوانەدا لە ڕێنماییەکانیدا نوسرابوون. بدات. لەئەنجامدا، هیگانیرۆ سزای بیست ساڵ زیندانی بۆ بڕایەوە.

- پرۆفیسۆری بواری فیزیا، ڤینسینت نتێزیمانا لە زانکۆی نیشتیمانی ڕواندا، کە بەهەمان شێوە دەرچووی زانکۆی لوڤاینی بەلجیکی بوو (کە پاش جینۆسایدەکە بەمەبەستی وانەگوتنەوە بۆی گەڕایەوە)، لەسەر کۆکردنەوەی ناوی وانەبێژەکانی زانکۆ لە لیستی کوشتن و هەروەها کوشتنی بەلایەنی کەمەوە یەکێک لەهاوپیشەکانی بەدەستی خۆی دادگایی کرا. سزای دوانزدە ساڵ زیندانی بەسەرردا سەپێنرا.

- بێنبدیکتین نون کۆنسۆلاتا موکانگانگۆ ("Sister Getrude")ی دیری سۆڤو هەوڵیدا ڕادەستکردنی ٧٠٠٠توتسی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٤دا رادەستی بکوژەکان بکات. هەروەها تایەشێلکردنی توتسییەک بە ئۆتۆمبیلەکەی لە کاتی گیاندانـد و ڕادەستکردنی کەسوکاری ئەو ڕاهیبە توتسییانەی لە دیرەکەدا خۆیان حەشاردابوو(ئەوانەی بەهەر هۆیەک بوویێت بکوژەکان ئازاریان نەدان)و سووربوون لەسەر "چۆڵکردن"ی دیرەکە لەلایەن ئەو چەند توتسیەی خۆیان تیایدا حەشاردابوو، لە نامەیەکدا و لە ٥ ی مایسی ١٩٩٤دا بۆ شارەوانی ناردبوو. لەمیانی بەرگریکردنندا لەخۆی، گێرترودی هۆکاری ئەو هەڵسوکەوتانەی خۆی وەک مەبەستێک بۆ پاراستنی دیرەکە ڕوونکردەوە. سزای پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێنرا.

- جولیان موکابوتێرا("Sister Kizito")، کە ڕاهیبەیەکی تری دیری سۆڤو بوو، بەتۆمەتی دابینکردنی بەنزین بۆ سوتاندنی ٥٠٠ توتسی بە زیندوویی، کە لە گەراجی نۆرینگە تەندروستییەکەی دێرەکەدا دەرگایان لەسەر داخرابوو، گەڕان بەنێو لاشەی توتسیە مردووەکاندا و نەفرەت لێکردنیان بەهۆی ئەوەی بەر لە مردنیان پارەکانی خۆیان دڕاندووە، دادگایی کرا. ئەویش سزای بەندکردنی دوانزدە ساڵی بۆ دەرچوو.

بەراوردەی جیاوازی و لێکچوونی نێوان سێ یەکەی یاسایی بکە کە لە سزادانی تاوانبارانی جینۆسایدەکەی ڕواندادا بەشدارییان کرد.

ئیماکولی، تەمەن ٥٦

پەیداکردنی خۆراک یەکەم کێشەی منە. بە بەردەوامی بیر لەو سێ منداڵەم دەکەمەوە کە لە جینۆسایدەکەدا کوژران. هێشتا سێ کچم هەیە، تەمەنیان سێ ساڵان، دەساڵان و شانزدە ساڵانە. هەوڵ دەدەم تێیان بگەیەنم کە دەبێت بڕۆن بۆ قوتابخانە بۆئەوەی کاریان دەست بکەوێت.

کچەکانم لێم دەپرسن: بۆچی دەبێت کار بکەین؟ دەتوانین لەژیاندا بەردەوام بین؟ ئەوەندە دەهێنێت؟ ئایا ژیان پێویستە؟ نازانم چییان پێ بڵێم. منیش بە هەمان شێوە بیردەکەمەوە.

تەنها لەیەک شت دڵنیام- کە بەم زووانە دەمرم، چونکە ئەوکەسانەی خراونەتە زیندانەوە وا هەست دەکەن کە بێوەژنەکان گەواهییان لەدژیان داوە و ئەوان بەرپرسی یەکەمن لە بەندکردنیاندا. زۆربەی پیاوەکان مردن. ئەوکەسانە ناناسم کە خێزانەکەمیان کوشت. بەرێژەیی زوو هەڵهاتم. دەزانم کاتێک لە بەندینخانە دێنەدەرەوە، ئەوەی ڕوودەدات ئەوەیە هەوڵ دەدەن بمانگرن. هەوڵ دەدەم ئەو بیرکردنەوە بێزارکەرانە لەمێشکم دەربهێنم. لەڕۆژدا سەختە، بەڵام کارکردن وامان لێدەکات جاروبار بە شتی ترەوە سەرقاڵ بین. بەڵام لەشەواندا تەنهاین و ئەوکات هەموویان دێنەوە بیرمان.



"لەشەواندا تەنیاین وهەموو شتێک دێنەوە بیرمان"

٧

پاش جینۆسایدەکە:
ڕواندای نوێ

. . . تەنها جۆرێکی ئاشتیی مومکین بێت لە نێوان هووتو و توتسی، ئاشتییەکی چەکدارانەیە.

هەرگیز جارێکی تر (گوتەیەکی باو
لەنێو توتسیەکاندا)[1]

پاش جینۆسایدەکە، ڕواندا ئەزموونی کۆچکردنێکی لەئەندازەنەهاتووی کرد. سەدان هەزار توتسی لە ئاوارەیی لە وڵاتانی ئۆگەندا، تەنزانیا و بوروندییەوە گەڕانەوە ڕواندا و لەهەمانکاتدا نزیکەی دوو ملیۆن هووتو ئەو وڵاتەیان جێهێشت و زۆربەیان بەرەو زائیر چوون (پاشان ناوی گۆڕدرا بە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی، یان DRC)، بەڵام هەندێکیشیان بەرەو تەنزانیا و بوروندی ووڵاتیان جێهێشت. زۆرێک لەو کەسانە لە کۆتایی ١٩٩٤دا گەڕانەوە ڕواندا، بەڵام سەدان هەزار کەسیان لە خێوەتگای ئاوارەکاندا لە کۆنگۆ و تەنزانیا مانەوە. هەروەک لە نیسان تاکو حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٤،

---

[1] Mamdani ،When Victims Become Killers ،P.٢٧١ .

کاتێک چۆن هووتویەکی زۆر دەستی بەسەر ماڵ و زەویەکاندا گرت و توتسیەکانیان کوشت، بەهەمان شێوە ئەو توتسیانەی لە ئاوارەیی گەڕابوونەوە وڵات دەستیان بەسەر ماڵ و زەوی ئەو هووتوانەدا گرت کە بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان هەڵاتبوون.

بەشێوەیەکی گشتی، ٩٠٠٠٠٠کەس لەماوەی سێ مانگدا کوژران. بەڵام لەکۆتاییدا RPF جەنگەکەی بردەوە. لە ٥ی تەمموزی ١٩٩٤دا، هێزەکانی توانییان بەتەواوی دەست بەسەر کیگالی دا بگرن و تا ١٥ ی تەمموز توانی سەرانسەری وڵاتەکە بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، جگە لە "ناوچەی پارێزراوی مرۆڤایەتی"، کە ئەویش بە کشانەوەی هێزە فەرەنسیەکان لە ٢٢ی ئابی ١٩٩٤دا کۆنترۆڵ کرایەوە.

دوابەدوای ئەو سەرکەوتنەیان، RPF دەستی کرد بە دامەزراندنی حکومەتێکی هاوپەیمانی لەگەڵ پارتەکانی باڵی لیبراڵ دیموکرات (MDR، PSD، PLو PDC)، بێجگەلە(MRND(D. پاستیور بیزیمینگو، کە ئەندامێکی هووتوی سەر بە پارتی MDR بوو، بوو بە سەرۆکوەزیرانی نوێی وڵات. هەروەها زۆرینەی وەزیرانی کابینەی حکومەتە نوێیەکە هووتوبوون. پێکهاتەی نەژادی هەڵبژاردەی حکومڕانییە نوێیەکە بووە هۆی دەرکردنی یاداشتنامەیەکی روون لە لایەن RPFەوە کە تیایدا جەخت لەسەر ئەوە کرایەوە چیتر ڕواندا ناکەوێتەوە ژێر فەرمانڕەوایی تاکڕەوانەی توتسی. ئەمەش بەتەواوی لەگەڵ ئایدیۆلۆژیاکەی RPFدا هاوتا بوو، کە بەبڕوای ئەو "یەک گەلی ڕواندا" هەیە و جیاکاری نێوان هووتو و توتسی بنچینەی مێژوویی نییەو هیچی تر نییە جگە لەنەژادپەرستییەکی داگیرکارییانە. ئایدیۆلۆژیاکەش بووە هۆی قەدەغەکردنی رەچەڵەکپەرستی و قەدەغەکردنی پارتە نەژادییەکان، ئەمەش بەشێوەیەکی یاسایی لە دەستورەکەی ساڵی ٢٠٠٣دا چەسپێنرا. دەستووره نوێیەکە هەر پارتێک ببێتە هۆی "مەترسی بۆسەر یەکێتی نیشتیمانی" یانیش "خۆی وەک ڕەچەڵەکێک، کۆمەڵێکی

نەژادی، خێڵێک، تیرەیەک، هەرێمێک، ڕەگەزێک، ئاینێک، یاخود هەرشتێکی تر کە خزمەت بە جیاکاری بکات بناسێنێت، قەدەغە کردووە.[٢] دەستوور سزای بۆ هەر پارتێک بڕیوەتەوە کە نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتیمانی بکات و ئەو یەکێتییە بەمەبەستی پڕکردن و دنەدانی هەوادارانی، لە چالاکی دامەزراوەکانیدا، بەکاربهێنێت. سەکۆی پارتەکان دەسەڵاتی قەدەغەکردنی هەرپارتێکی هەیە کە بە بنەماکانی یەکێتی نیشتیمانییەوە پابەند نابێت. لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت چاوپۆشی لەو ڕاستییە بکرێت کە، لەسەرەتاوە، کاریگەرترین کەسایەتی لە ڕژێمەکەدا پۆل کاگامێ بوو، کە سەرکردەیەکی توتسی سەر بە RPFبووو کرا بە جێگری سەرۆک و دواتر بە وەزیری بەرگری و لەکۆتایشدا بەسەرۆک. لەکۆی ئەو ٢٢ وەزیرەی لە حکومەتدا بوون، ٩کەسیان لەپلەدارەکانی RPF بوون. هەروەها، توتسیەکان زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمانە نوێیەکە، سوپاو ئاسایشیان پێکدەهێنا.

هەرچۆنێک بێت، سازانەکەی هووتو-توتسی لە حکومەتدا زۆری نەخایاند. لە ئابی ١٩٩٥دا، سەرۆکوەزیران دەستی لەکار کێشایەوە بەهۆی بەرهەڵستیکتدنی سیاسەتەکانی حکومەتەوە بەرامبەر بە هووتوەکان(جێبەجێ نەکردنی ڕێککەوتننامەکانی ئەرۆشا، نەگەڕانەوەی هووتوە ئاوارەکان و سیاسەتی سزادان)، بەهەمان شێوە و لە شوباتی ساڵی ٢٠٠٠دا، پێری-سێلێستین ڕویگێمای سەروکوەزیرانی نوێش دەستی لەکار کێشایەوە. پاش مانگێک و لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٠ دا، سەرۆک بیزیمونگو دەستی لەکار کێشایەوە. ئەمەش وەک نارەزایی دەربڕینێک بەرامبەر سیاسەتەکانی RPF کە بوونی کومەڵە نەژادییەکانی ڕەت دەکردەوە. لە ئاکامدا خۆی پارتێکی بەناوی پارتی دیموکراتی بۆ نوێبوونەوە، دامەزراند (Parti Democratiqu de Renouveau)، یاخود PDR، کە بەئاشکرا دیاربوو پارتێکی هووتوە.

---

(2) Africa Confidential ،13 June 2003.

ئەوەبوو لە ساڵی ٢٠٠١دا بیزیمونگو خرایە بەندینخانەوە. دووساڵ پاش ئەمەش، پارتەکەی تواگاریمونگو، MDR، بەتۆمەتی جیاخوازی قەدەغە کرا.

لەساڵی ٢٠٠٣دا، لەراپرسییەکدا بە زۆرینەی زۆری دەنگەکان ، ڕێژەی ٩٣% ڕەزامەندی لەسەر دەستورێکی نوێ بۆ وڵات درا. دەستورە نوێیەکە بە شێوەیەکی بەرچاو پێگەی سەرۆکی بەهێز کرد، لە دەسەڵاتی ئەودا بوو سەرۆکوەزیران، سەرۆکی دادگای باڵا، پارێزگاری هەرێمەکان و فەرماندەکانی هێزەکانی پاراستن، دابنێت. هەروەها دەستوور ئاماژە بەوەش دەکات کە پارتی براوە ناتوانێت زیاتر لە ٥٠%ی وەزیرەکانی حکومەت دابنێت. هەر لە هەمان ساڵیشدا، هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی و پەرلەمانیش ئەنجام دران. لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا، کاگامێ ٩٥% ی دەنگەکانی بەدەستهێنا و لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیشدا RPF، کە خۆی ڕابەرایەتی دەکرد، زۆرینەی زۆری دەنگەکانی بەدەستهێنا. پارتە سەرەکییە بەرهەڵستکارەکان بریتی بوون لە پارتەکەی بیزیمونگو (PDR)، پارتی هاوپەیمانی دیموکراتی، یەکسانی و پێشکەوتن، پارتە تازەدامەزراوەکەی تواگاریمونگو، پارتی ناوەندی دیموکراتی (PDC) و پارتی ئاشتی، کە گشتیان لە کرۆکدا (نەک بە شێوەیەکی فەرمی) پارتی هووتوەکان بوون. پارتە بەرهەڵستکارەکانی تر بریتی بوون لە پارتە شازەدەکانی توتسی بوون وەک یەکێتی نیشتیمانی ڕواندا- (UNAR) و ئیگیهانگۆ. گومانێکی زۆر مەترسیدار هەبوو سەبارەت بە پاکیی و ئازادی لە هەڵبژاردنەکان دا. زۆرێک پێیان وایە کەسیستەمە تاکڕەوانە پاشایەتییەکەی تووتسی لە ڕواندا بەر لە داگیرکاری و لە کاتی داگیرکارییدا، هەروەها لەژێر فەرمانڕەوایی کۆماریی هووتوەکاندا لە ساڵانی ١٩٦٢-١٩٩٤دا، بەردەوامە.

گومـان لەوەدا نییە، گرژییەکـانی نێـوان هووتـو و توتسـی لە ڕوانـدای نوێشدا هەر لەهەڵکشاندایە. توتسیەکان باوەڕیان وایە تەنها ڕژێمێکی توتسی (تەنـانەت ئەگەر بەو دەسـتەواژەیەش پێناسـە نەکرابێـت و بەفەرمـی بـۆ رای گشـتی ڕانەگەیەنرابێـت) دەتوانێـت زامنــی ئاسـایش و مانەوەیـان بکـات. لەئەنجامدا، هەموو پێگە هەستیارەکانی پەیوەندیدار بە بەرگری، سیاسـەت و میـدیا لەلایەن توتسـیەکانەوە وەرگیـرا، کە پێیـانوایە ئەوان بەرپرسـن لە سـەلامەتی بـرا توتسیەکانیشـیان لەدەرەوەی ڕوانـدا، سـەرەتاش ئەوانەی بورووندی و کۆنگۆ. ئەگەرێکی هەڵگەڕانەوەی دەسـەڵات لە بورونديدا لەئارادا بـوو. هێرشـی هووتـوە شۆڕشـگێڕەکان لە کۆمـاری کۆنگـۆی دیمـوکراتی و بورونـدییەوە هـۆیەکی تـری بەردەوامبـوونی گرژییەکـانی نێـوان هووتـو و توتسـییە. لەم پەلامـارانەی سـەر سنورەکاندا، توتسـییەکان بەهـۆی توتسـی بوونیـانەوە کـوژراون- هەروەک لەکـاتی جینۆسایدەکەشـدا. هەروەهـا، ئەو ڕاسـتییەش کە شـایەتحاڵە هووتـو وتوتسـیەکان بەنیـازی گەواهیـدان بـوون لەدژی ئەنجامـدەرانی جینۆسـایدەکە مانـای ئەوە نییە پەیوەنـدییەکی بـاش و گونجـان لە نێوانیانـدا هەبێت. هووتوەکـانیش گازەنـدەی خۆیـان هەیە: گلەیـی ئەوەدەکەن هەمـوو پۆسـتە سـەرەکی و هەسـتیارەکانی نـاو دامەزراوەکـانی وڵات بەدەسـت توتسـیەوەن و هەر ڕەخنەگـرتنێکیش لەبـارەی زاڵـی توتسـیەکانەوە هەر زوو سـەرکوت دەکرێـت چـونکە بە وروژانـدنی بیـری نەژادی لەقەڵەم دەدرێـت. هووتوەکـانیش نیگەرانـی داگیرکردنـی زەوی ئەوهووتـوان کە بەرەو کۆنگۆ (DRC) هەڵاتـن و لەبری ئەوەی بـدرێتەوە بە خاوەنەکانیـان دراون بەو توتسـیانەی لە ئۆگەنـداوە گەڕاونەتەوە. هەروەهـا، ڕەخنەی هووتوەکان ئاراستەی سیاسـەتی قەرەبووکردنەوەی حکومەتیشە، کە پشتیوانی لەو خێزانە توتسیانەی قوربانی دەستی جینۆسـایدەکەبوون دەکات، بەڵام بەهـیچ شـێوەیەک کـۆمەکی خێـزانە هووتوەکـان ناکـات، تەنـانەت ئەو خێزانـانەش کە ئەنـدامەکانیان بە پاسـاوی ڕاسـتڕەوی یـان "ناپـاک بـوون" بەرامبەر دۆزی هووتو، کوژراون. ڕەتکردنەوەی حکومەت بۆ دادگاییکردنی .

ئەندامەکانی RPF بۆ "تاوانی جەنگ"، دیسانەوە نیازخراپی و تورەیی بەرهەمهێناوە. گەورەبوونی بۆشایی ئابوری کۆمەڵایەتی نێوان توتسیە شارنشینەکان و هووتوە لادێ نشینەکان هۆیەکی تری تاڵیی هەستی هووتوەکانە.

حکومەت ڕووبەڕووی ڕەخنەیەکی توندی توتسیە توندڕەوکان دەبێتەوە بەتۆمەتی نەرمی نواندنیەوە بەرامبەر هووتوەکان. ڕەخنەکەش بە تایبەتی لەبەرامبەر سیاسەتی لێبوردنی گشتی بۆ تاوانباران و کۆمەک و پشتگیری ئەو هووتوە ئاوارانەیە کە لە وڵاتی کۆنگۆوە (DRC) دەگەڕێنەوە ڕواندا. دووبارە و دەبارە گازندەی ئەوە دەبیسترێت سەبارەت بەو ڕاستییەی کە پشتگیری ئەو هووتوە ئاوارانەی دەگەڕێنەوە وڵاتەکەیان لە پشتگیری پێشکەشکراو بە ڕزگاربووانی دەستی جینۆسایدەکە زیاترە.

پاش تێپەربوونی زیاتر لە ١٥ ساڵ بەسەر جینۆسایدەکەدا (کە هووتوەکان بەتوندی ڕەتی دەکەنەوە و ڕووداوەکان لەچوارچێوەی "جەنگی ناوخۆ"دا هەڵدەسەنگێنن)، تا ئێستاش بە تەواوی ئەستەمە کتێبێکی مێژوو لەلایەن هەردوو هووتو و توتسیەوە بەدروست دابنرێت. ئەمەش ئاماژەییەکی ترە بە کۆششە "پاڵەوانانەکەی" حکومەت، بۆ ڕزگاربوون لە لێکترازانی هووتو و توتسی بە ئامرازی نکۆڵیلێکردن، کە ئەستەمە پیادە بکرێت.

دامەزراوە تازەکانی توتسییش لە نێو خۆیاندا درزیان تێکەوتووە. گرژییەکی بەرچاو، لەنێوان ئەو توتسیانەی دەرەوەی ڕواندا کە بە زمانی ئینگلیزی دەدوێن و ئەو توتسیانەی ناو ڕواندا کە بە زمانی فەرەنسی دەدوێن و ڕزگاربووی دەستی جینۆسایدەکەن،هەیە. ئەمەش لە چوارچێوەی ڕووداوی گەشتە ئاسمانیەکەی کانونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٠ی جۆزێف سابارێنزی کابویێ ی گوتەبێژی ئەنجومەنی نیشتیمانی ڕواندا و کوشتنی ئەسیل کابێرای ڕاوێژکاری سەرۆکایەتی لە ئاداری ساڵی ٢٠٠٠دا، دەبێت

تێبگەین. گرژیی هەروەها لەنێوان توتسیە کۆمارییەکانی دەسەڵاتدار و توتسییە پاشاخوازەکاندا هەیە.

لەهەمان کاتدا، هووتوەکانی ئەندام لە سوپا "کۆن"ەکەدا (FAR)، گاردی سەرۆکایەتی و ئینتەراهامویَ کە لە خێوەتگای ئاوارەکانی وڵاتی زائیردا دەژیان(کە پاشان لە ساڵی ١٩٩٧دا بوو بە کۆماری کۆنگۆی دیموکراتی)، دەستیان کرد بە بڵاوەپێکردنی چەند هێزێک بەمەبەستی داگیرکردنی ڕواندا و شکستهێنان بە RPFو گێڕانەوەی هووتوەکان بۆسەر دەسەڵات. FAR سەرچاوەی دارایی بەهێزی بۆ ئەو چالاکیانە لەبەردەستدابوو، لەکاتێکدا ڕواندایان بەجێهێشت گەنجینەی وڵاتەکەیان لەگەڵ خۆیاندا بردبووە دەرەوە، بۆیە لەلایەن چەندین وڵاتەوە (بە وڵاتی چینیشەوە) لەڕێگەی زائیرەوە چەکیان بۆ دابین دەکرا. تا ١٩٩٧، چالاکوانەکانی FAR، لەنێو ئەوانی تردا، سودیان لە کۆمەکەکانی مۆبوتوی سەرۆکی زائیر بینی، کە بەر لە جینۆسایدەکە و لەکاتی جینۆسایدەکەدا پاڵپشتێک بوو بۆ حکومەتەکەی هووتو و میلیشیا هووتوەکانی: هێزەکانی بەرگری دیموکراسی یان FDD و هێزەکانی سەربەخۆیی نیشتیمانی (FNL). لەڕاستیدا سەرۆک هابیاریمانا لە کۆشکەکەی مۆبوتودا لە گبادۆلیتی دا نێژرا.

چالاکییە سەربازییەکانی ڕژێمە کۆنەکەی ڕواندا، دواجار بووە هۆی پەرەسەندنی ڕووداوی توندوتیژانە لە زائیر/کۆنگۆشدا. بەهاوکاری لەگەڵ هێزەکانی سەرۆک مۆبوتودا، میلیشیا هووتوەکانی ڕواندا و بوروندی دەستیان کرد بە هێرشکردنە سەر توتسیەکانی ڕۆژهەڵاتی زائیر/کۆنگۆ (بانیامولینگییەکان)، کە لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە لەوێدا نیشتەجێ ببوون و دەریان کردن. ئەم ڕوداوانەش بوونە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانی لە نێوان توتسیەکانی زائیر/کۆنگۆ و گەریلاکانی Alliance des Forces Démocratiques pour la Libération du Congo-Zaïre (AFDL)، کە لە کۆنگۆی ڕۆژهەڵاتەوە و بە سەرۆکایەتی لاورێنت دێسیرێ

کابیلاوە کاری دەکرد و لەباتی ئەوان دەستی وەردەدایە نێو هێزەکانی ڕواندی و ئۆگەندییەکان. لەئەنجامی ئەو جەنگەیشدا، لە مایسی ساڵی ١٩٩٧دا، هێزەکانی کابیلا (و ڕواندا) چوونە ناو کینشاسای پایتەختی زائیرەوە و ڕژێمەکەی مۆبوتویان ڕوخاند و ناچاری‌یان کرد بەرەو مەغریبی عەرەبی هەڵبێت و هەر لەوێش لە ١٩٩٨دا مرد.

پاش تێپەڕبوونی ساڵێک، دووبارە کۆنگۆ توشی شەڕێکی گەورەی تر بووەوە. لەئەنجامی ڕقێکی بەربڵاو بەرامبەر توتسی و سوپا بێگانەکانی ڕواندا و ئۆگەندا، سەرۆک کابیلا لە هاوپەیمانەکانی پێشووی هەڵگەڕایەوە. جارێکیتر، هاوپەیمانێتی‌یەکەک دروست کرا لەنێوان هێزەکانی حکومەتی کۆنگۆ و هێزەکانی ڕژێمەکۆنەکەی هوتو لە ڕواندا دژ بەو نەیارانەی دەیانویست ڕژێمەکەی بڕوخێنن و ئەوانەی لەلایەن سوپاکانی ڕواندا، بوروندی و ئۆگەنداوە پشتگیری دەکران. لەمیانی ئەو جەنگەی لە کۆنگۆ لە ١٩٩٨ و دواتر ڕوویدا، سوپاکانی ئەنگۆلا و زیمبابوێ لەبری سەرۆک کابیلا هاتنە ناوەوە. سەدان هەزار کەس لەو جەنگە خوێناویەدا گیانیان لەدەستدا، بەگوێرەی هەندێ لە خەملاندنەکان، ژمارەی مردووان (بەوانەوە کە بە هۆی برسێتی و نەخۆشییشەوە مردن) گەیشتە دوو ملیۆن کەس. لەڕاستیدا، بەهۆی بەشداربوونی هێزە چەکدارەکانی هووتو و توتسییەوە لە هەردوو وڵاتی ڕواندا و بوروندی لەجەنگەکەدا (سوپا فەرمییەکە و کۆمەڵە نهێنییەکانی تریش)، دەکرێ بگوترێت کە ئەو جەنگە درێژەپێدەری جەنگە ناوخۆییەکانی ڕواندا و بوروندی بوو.

شەڕێکی تری گەریلایی لە باکووری ڕواندا سەری هەڵدا، (بەتایبەتی لە پارێزگاکانی گیسێنی و ڕوهێنگێری دا). لە ئەنجامی داگیرکاری گەریلا هووتوەکانی نێو سوپای ئازادی ڕواندا (Armée pour la libération du

Rwanda یــاخود ALR) لەســـەر ســـنوری کۆنگـــۆو. ALR بـــریتیە لە کۆمەڵەیەکی یـاخی کە بەشـێوەیەکی گشـتی لە ئەنـدامەکانی ئینتەراهـاموێ و هێـزە چەکـدارەکانی ڕوانـدا کە جینۆسـایدەکەی ڕوانـدایان لە سـاڵی ١٩٩٤دا ئەنجامــدا، پێکهــاتووە.[3] پــاش تێپەڕبــوونی زیــاتر لە دەیەیەک بەســەر جینۆسـایدەکەدا، بە مەزەنـدە زیـاتر لە ٥٠٠٠٠ سـەربازی هووتـو و ئەنـدامانی میلیشـیاکان لە خێوەتگاکـانی DRCدا جێگیـر ببوون و مەترسـییەکی زۆریـان بۆسەر حکومەتی ڕواندای پاش جینۆسایدەکە دروست کردبوو.

چارەســەر بــۆ دوژمنــایەتی بەردەوام و تونـدوتیژی نێـوان هووتـو و توتســـی، جەنـــدین جـــار بـــاس و گفتوگـــۆی کـــراوە. یەکێـــک لە پێشـنیارەکان"چارەسـەری ئیسـرائیلییە"، کە پێشـنیاری دابەشـکردنی ڕوانـدا (و بوورونـدی) دەکـات بـۆ "Hutuland" (وڵاتـی هووتـو) و "Tutsiland" (وڵاتـی توتسـی). ئەم پێشــنیارەش بە کـرداری دانەنــرا چــونکە ئەو دوو کـۆمەڵەیە بەشێوەیەکی ڕوون خاکی نیشتەجێبوونیان دیاری نەکراوە. پێشنیاری دووەم، "چارەسەری زانزیباری"[4] ، پێشنیاری لکاندنی ڕواندا بە وڵاتێکی گەورەتـرەوە (وەک تانزانیــا و کۆنگــۆ)وە دەکــات، کە ڕەنــگە بتوانێــت ئەو کێشمەکێشــە نـاوخۆییە هەڵدەلووشـێ. پێـدەچێت ئەم چارەســەرەش، بەهـۆی ئەو ئـاژاوە و بشێوییەی لەکۆنگۆ هەیە و ئەو بارودۆخە سـەختە ئـابوورییە لە تەنزانیـادا لە ئارایە، پێشـنیارێکی کرداری نەبێت. دەرفەتـی سـێیەم، "چارەسـەری ئەفریقـای باشـور"، کە بـریتییە لە خولقانـدنی ناسـنامەیەکی ڕوانـدی نـانەژادی نـوێ بـۆ ڕوانـدا(هاوشـێوەی ناسـنامە "نـوێیەکەی" ئەفریقـای باشـور)، ئەمەیـان لەژێـر ڕۆشـــنایی جینۆســـایدەکە و ئەو کۆمەڵکـــوژییە هاوبەشـــانەی لە ڕوانـــدا و

---

[3] http://en.wikipedia.org/wiki/Army_for_the_Liberation_of_Rwanda

[4] لەماوەی نێوان ساڵی ١٨٣٠ تاکو ١٩٦٤، کەمینەیەکی عەرەبی فەرمانڕەوایی دانیشتوانێکی گەورەی ئەفریقای لە زانزیباردا کرد. لەساڵی ١٩٦٤دا، ئەو وڵاتە ڕووبەڕووی شۆڕشێکی خویناوی بووەوە، کە تیایدا ژمارەیەکی زۆر لە عەرەبەکان کوژران. لەوکاتەدا، زانزیبار لەگەڵ تانگانیکا یەکی گرت و لەئەنجامدا تانزانیای ئێستایان پێکهێنا. سەرهەڵدانی گرژییەکان لە نێوە زانزیبارو گرژییەکانی نێوان زانزیبار و بەشە کیشوەرییەکەی تەنزانیا، هۆکاری شکستهێنانی ئەم چارەسەرەبوون.

بوروندیدا ڕوویانداوە و لە ئەفریقای باشووردا ڕوویان نەداوە، بەخەیاڵی دادەنرێت.[٥]

وا پێدەچێت تەنانەت پاش "چارەسەری کۆتایش"، دانیشتوانی ناوچەکە ئاشتی و ئاسایش بەخۆیانەوە نەبینن. مەترسی جینۆسایدێکی تر بەسەر توتسی و ڕەنگە هووتوشەوە مابێت، نەک تەنها لە ڕواندادا بەڵکو لە بوروندی و کۆنگۆشدا.

[5] بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر لەو بارەیەوە بڕوانە، Mamdani ،When Victims Become Killers، ٢٦٤-٢٦٥ لاپەڕە.

پاشکۆی ١

ڕێکخستنی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕواندا بەپێی کات

سەدەی شانزەیەم	دامەزراندنی شانشینە مێژووییەکەی ڕواندا
١٨٩٨	داگیرکردنی ڕواندا لەلایەن ئەڵمانیاوە
١٨٩٨-١٩١٦	فەرمانڕەوای ئەڵمانەکان لە ڕواندا وەک بەشێک لە ئەفریقیای ڕۆژهەلاتی ئەڵمانی
١٩١٦	داگیرکاری بەلجیکیەکان بۆسەر ڕواندا
١٩١٦-١٩٦٢	فەرمانڕەوایی بەلجیکیەکان لە ڕواندا
١٩٢٤	فەرمانڕەوایی بەلجیکیەکان (کۆمەڵەی نەتەوەکان)
١٩٣٣	تۆمارکردنی نەژاد لەسەر ناسنامەی هاولاتیان لە ڕواندا
١٩٥٧	بلاوکردنەوەی "بەیاننامە فەرمییەکەی هووتو"
١٠ ی١١ی ١٩٥٩	سەرەتای شۆڕی هووتوەکان
١٩٦٠	سەرکەوتنی PARMEHUTU لە هەڵبژاردنە ناوخۆییەکاندا
١٩٦١	سەرکەوتنی PARMEHUTU لە هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەدا
١ی ٧ی ١٩٦٢	سەربەخۆیی
١٩٦٢	هەڵبژاردنی کاییباندا بە سەرۆکی یەکەم کۆمار
١٩٦٢-١٩٦٤	دەیان هەزارر توتسی کوژران، دەیان هەزار توتسی ئاوارەبوون، هێرشی هێزە گەریلاکانی توتسی
١ی ٧ی ١٩٧٣	کودەتای سەربازی لەلایەن هابیاریماناوە
١٩٧٣-١٩٩٤	دووەم کۆمار بەفەرمانڕەوایی هابیاریمانا
١٩٧٨	دامەزراندنی دیکتاتۆریەتی تاکە حزبی
١٩٨٧	RPF لە ئوگەندا دامەزرا
١ی ١٠ی١٩٩٠	RPF پەلاماری ڕواندای دا
٤ی ١٠ی ١٩٩٠	فەرەنسا و بەلجیکا هێزیان نارده ڕواندا

ئۆکتۆبەر ١٩٩٠	توندوتیژی بەکۆمەڵ دژ بە توتسیەکان
مانگی ١-٣ی ١٩٩١	توندوتیژی بەکۆمەڵ دژ بە توتسیەکان
تەمموزی ١٩٩١	دەسەڵاتی ڕواندا ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی پارتە ئۆپۆزسیۆنەکان دا
ئابی ١٩٩١	'بەرە'ی پارتە بەرهەڵستکارەکان دامەزرا
ئادار، ئاب ١٩٩١	توندوتیژی بەکۆمەڵ دژ بە توتسیەکان
نیسانی ١٩٩٢	پارتە بەرهەڵستکارەکان چوونە نێو هاوپەیمانێتی حکومەتەوە
١٢ ی٧ی ١٩٩٢	یەکەم ئاگربەست لەنێوان هێزەکانی حکومەت و RPF
مانگی١و٢ی١٩٩٢	توندوتیژی بەکۆمەڵ دژ بە توتسیەکان
شوباتی ١٩٩٢	هێرشی RPF بۆسەر باکوری ڕواندا، کوڕەوی هووتوەکان
٧ی ٣ی ١٩٩٢	دووەم ڕێککەوتنی ئاگربەست لە دار السلام واژۆ کرا
تەمموزی ١٩٩٣	دەستپێکردنی پەخشی ڕادیۆی RTLMC
٤ ی ئابی ١٩٩٣	ڕێککەوتننامەی ئەڕوشا
٥ی ١٠ی ١٩٩٣	دامەزراندنی UNAMIR بەبڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان
٢٣ی ١٠ی ١٩٩٣	هەڵمەتەکانی 'هێزی هووتو' دەستپێکرد
نۆڤەمبەری ١٩٩٣	گەیشتنی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕواندا
٢٨ی ١٢ی ١٩٩٣	گەیشتنی وەزیرانی RPF و بەتالیۆنی RPA بۆ ڕواندا
٥ی٤ی ١٩٩٤	درێژکردنەوەی ماوەی دەسەڵاتی هێزەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕواندا لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە
٦ی ٤ی ١٩٩٤	کوشتنی سەرۆک هابیاریمانا بە موشەکێکی دژەفڕۆکە
٦-١١ ی ٤ی ١٩٩٤	جینۆسایدی ڕواندا- قۆناغی ١: کوشتنی کەسانی دیاریکراو لە چینی ناوداری توتسی و هووتوە میانڕەوەکان
٩-١٤ ی ٤ی١٩٩٤	چۆلکردنی ڕواندا لەلایەن هێزەکانی فەرەنسا و بەلجیکاوە
٤/١١ تا٧/١٥	جینۆسایدی ڕواندا- قۆناغی٢: چارەسەری کۆتایی، ٨٠٠٠٠٠ توتسی کوژران
٢١ ی٤ی ١٩٩٤	بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش بۆ کشاندنەوەی بەشێکی زۆری هێزی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ڕواندا
١٧ی٥ی ١٩٩٤	ئەنجومەنی ئاسایش داوای کۆتاییهێنان بە توندوتیژی و کۆمەڵکوژی، بە قەدەغەکردنی هاوردەکردنی چەک بۆ ڕواندا و دامەزراندنی UNAMIR II

٢٦ی٥ی ١٩٩٤	ئابلۆقەی ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لەسەر هاوردەکردنی چەک بۆ رواندا
٢٢ی ٦ی١٩٩٤	نەتەوە یەکگرتووەکان رێگە بە ولاتانی ئەندام دەدات بۆئەوەی هەرەوەزێکی فرەتەنەوەیی مرۆیی پێکبهێنن، کە: "بەشداری لە پاراستن و دابینکردنی ئاسایش بۆ راگوێزراوەکان، ئاوارەکان و ئەو خەڵکە سڤیلەی لە رواندادا ژیانیان لە مەترسیدایە، بە دامەزراندنی ناوچەیەکی پارێزرا و و چاودێریکردنی، لەو شوێنەی کە دەگونجێت"
٢٨ی ٦ی ١٩٩٤	یەکەم ئاماژە کردن بە رووداوەکانی رواندا وەک "جینۆساید" لەلایەن لیژنەی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانەوە
٥ ی ٧ی ١٩٩٤	داگیرکردنی کیگالی لەلایەن RPFەوە
١٥ی ٧ی ١٩٩٤	RPF دەستی بەسەر تەواوی رواندادا گرت (بێجگە لەو ناوچە مرۆییە پارێزراوەی فەرەنسا دایانتابوو)
١٨ی ٧ی ١٩٩٤	RPF حکومەتی نوێی رواندا پێکدەهێنێت
٢١ ی ٨ی ١٩٩٤	دوایین قۆناغی کشانەوەی هێزە فەرەنسییەکان
١٩٩٦-١٩٩٥	جەنگ لە کۆنگۆ (سوپای رواندای نوێش تێیدا بەشدار بوو) بۆ هێنانەخوارەوەی سەرۆک مۆبوتو لە حوکم
١٩٩٨-٢٠٠٣	جەنگ لە کۆنگۆ (بەشداری سوپای تازە و کۆنی رواندا و میلیشیا هووتوەکان)

ماری زیسا، تەمەن ٦٢

من بەشێوەیەکی کرداری بەتەنها دەژیم. شەوانە سێ کاتژمێر دەنووم. هێشتا کەسانێک هەن ئازارم دەدەن. سەرەڕای ئەوەش، ئێستا باشترم لە پێشوو. هەندێک کەس هۆیەک بۆ بەردەوام بوون لە ژیان دەدۆزنەوە. من مامۆستام. وانە بە منداڵانی تەمەن هەشت ساڵان دەڵێم. زۆر باسی جینۆسایدەکەیان بۆ ناکەم. پێیان دەڵێم کە شتێکی خراپ بوو سەرسامی کرد. بەڵام فێریان دەکەم ئەگەر ئەو خراپەکارییە گەڕایەوە بڵێن نەخێر. هەندێک لەو قوتابییانە تۆقێنەرترین شتیان بەچاوی خۆیان بینیوە و کاتێک لەگەڵیاندا دەدوێیت پێویستە بەوپەڕی هەستیارییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەیت. پێویستە هەمیشە و چەندبارە و چەندبارە پێیان بگوترێ کە کوشتنی کەسانی تر کارێکی خراپە و دزین و تالانیش بەهەمان شێوە.

هەندێکیان تێگەیشتنیان بۆئەمە هەیە. هەندێکی تریش هەن، بێ دایک و باوکەکان، ئەوانەی بە نائومێدییەوە لەسەر کورسیەکانیان دادەنیشن و سەریان لەسەر دەستیانە. ڕەنگە ڕۆژێک هووتو و توتسیەکان بتوانن بەیەکەوە بژین.



"زوربەی کات فێریان دەکەم کە ئەگەر خراپەکاری سەرهەڵبداتەوە ئەوان دەتوانن بڵێن نەخێر"

پاشکۆی ٢
جینۆسایدەکەی ڕواندا
لە لایەن نوسەرانەوە وەسف کراوە

لە زانین مەترسە[١]

یۆلاندی موکاگاسانا

یۆلانـد موکاگاسـانا خانمەتوتسـیەکی ڕوانـدی ڕزگـاربووی دەسـتی جینۆسایدە و نوسەری سێ کتێبە: دوانیان باس لە ئەزمونی خۆی دەکات لە کاتی کوشـتنەکان و پاش کوشـتنەکان، سێیەمیشـیان چـاوپێکەوتن و وێنەی ڕزگـاربووان و تاوانبارەکـانی جینۆسـاید، دەگـرێتە خـۆ. لەسـەروبەندی جینۆسـایدەکەی سـاڵی ١٩٩٤دا، موکاگاسـانا جـۆزێفی مێـردی و هەرسـێ منـداڵەکەی، کریسـتیان، سـاندرین و نـادین و ژمـارەیەکی زۆر لە هـاوڕێ و ناسیاوەکانی، لەدەستدا. تاکە کەسێکی نزیکی کە ڕزگاری بووبێت کالیسای برایەتـی کە هاوسـەرگیری لەگەڵ ئـافرەتێکی هووتـودا کردبـوو کە زۆر بە قـووڵیی خۆشیدەویسـت، بەڵام ئەو ئـافرەتە جێیهێشـت و لەگەڵ خێزانەکەیـدا هەموو جۆرە پەیوەندییەکیان لەگەڵیدا بڕی. موکاگاسانا لەکتێبەکەیدا، Don't be Afraid to Know(لەزانـین مەترسـە)، یەکەم دیداری نێوان خـۆی و

(1) Yolande Mukagasana, N'aie pas de savoir(Paris: Editions Robert Laffont,1999), pp.189-191,247-248.

براکەی، پاش جینۆسایدەکە، دەگێڕێتەوە، هەروەها چیرۆکی بینینی خوشکەزاکەی، سپێرانزا، کە چۆن هەوڵی دابوو منداڵەکانی ڕزگار بکات، دەگێڕێتەوە. هەردوو چیرۆکەکە لەخوارەوە خراونەتە ڕوو.

لە مانگی کانونی دووەمدا، براکەم ، کە لێی دەژیا، سێ ڕۆژ پێش ئەوەی ئێمە لە کەندەلانێکدا، بە بێهۆشی و تەواو ئیفلیجی بیدۆزینەوە، لەلایەن ئینتراهاموێوە لە شاری بوتارێدا زۆر خراپ لێدرابوو. منیش لەم نەخۆشخانەوە بۆ ئەو نەخۆشخانەی بوتاریم برد، بەڵام هیچ پزیشکێک نەیتوانی چارەسەری بۆ بکات. لەبێئومێدیدا بردم بۆ نەخۆشخانە چینییەکە لە کیبونگۆی ڕۆژهەڵاتی ڕواندا و لەوێدا چارەسەری ئەکوپونکتوریان[٢]بۆ کرد. بۆ ماوەی سێ مانگ لەوێدا مایەوە. هەفتەیەک بەر لە کوشتنی [هابیاریمانا]، هەندێک پارەم پێیدا و کاتێک من ئەوێم جێهێشت کە هەستم کرد کوشتن زۆر نزیک بوەتەوە.

- دەزانی، کالیسا، کاتێک جینۆسایدەکە دەستیپێکرد، بڕوام وابوو کە تۆیان لە کیبونگۆدا کوشتبێت.

- لەنەخۆشخانەکەدا، خەڵکەکەیان بەسەر جێگەکانەوە کوشت. بەڵام من وەکو شێت بە گۆچانەکانمەوە لە ڕێی کێڵگەکانەوە ڕامکردە ناو دارستانێکی چڕەوە. هەندێک جار ئۆتۆمبیلەکان چەند کیلۆمەترێک لەگەڵ خۆیاندا منیان دەبردە دوورتر. منیش وەک توتسییەکانی ترم کرد. خۆم لە کارتی ناسنامەکەم ڕزگار کرد ویستم بگەمە بوتاری، چونکە بیستبووم کە لەوێدا کوشتن ڕوونادات. بەڵام کاتێک گەیشتمە گیتاراما، ئیتر نەمدەتوانی بەپێ بڕۆم. دەرئەنجام، خاچی سووری کاباگایی منیان بردە نەخۆشخانە و کاتێک چاوم هەڵهێنا خۆم لە ژوورێک بینییەوە لە تەنیشت نۆێل هیتیمانای دراوسێت، پەیامنێری RTLM کە مردنەکەی لە بەیانی ڕۆژی ٧ی نیساندا ڕاگەیەنرا. بەڕێکەوت، منی نەناسییەوە.

---

(٢) ئەکوپونکتور ڕێگایەکی چارەسەرکردنی چینییە بە دەرزیئاژنکردنی شوێنی دیاریکراو لە لەشدا بە دەرزی زۆر باریک، کە ماوەی بیست خولەک تا نیو کاتژمێر دەرزییەکان لە ناویدا دەمێننەوە و جاروبار پەرستارەکە دەرزییەکان دەسوڕێنێتەوە. بە ڕێگەیەکی زۆر کاریگەر دادەنرێت لە چارەسەری سروشتیدا بۆ دۆخی ئازارەکانی لەش و نەخۆش ماوەی چەند مانگێک ئەو چارەسەرییەی بۆ دەکرێت تا تەندروستی بۆ دەگەڕێتەوە. (و.کوردی)

دەزانی، ویستم پێی بڵێم کە من برای تۆم و لێی بپرسم کە ئایا ڕاستبوو تـۆ کوژرابویـت. بەڵام نەمتـوانی. نەخۆشـخانەکە پـڕی بـوو لە سـەربازانی FAR(سوپای ڕواندی) و توندڕەوەکان. هەروەک خۆشت دەزانیت، ژیانی من بەهـایەکی ئەوتـۆی نەبـوو. گشـت ڕۆژێـک دەهـاتنە لام، نەک بـۆئەوەی چارەسەرم پێ بدەن، بەڵکو گومانیان دەکرد من توتسیم. "ئەوە چییە؟" ئەوان گوتیان. " بێگومان ئەو پیاوە توتسییە. تەماشـای لووت و چاوە بچووکەکان بکەن." یەکێکی تر بە شانازییەوە گوتی:"جارێک بینیم خۆی دەشوشـت، وەک ئافرەتە توتسییەکان نیشانەیەکی کشاوی پێست و بە لەشیەوەیە."

گشت ساتێکی ژیانم لە چاوەڕوانی مەرگی خۆمدا بەڕێ کرد. ڕۆژێکیان، پەرستارێک هاتە ژوورەکەم و بە هێمنی پێی گوتم: " گوێبگرە، دەزانم کە دێن دەتکوژن. بەهێز بە و بەئازایەتی بمێنەرەوە. وەک گشت کەسێکی تـر مردن قبوڵ بکە. من نزات بۆ دەکەم." لە جێگەکەدا مامەوە و بیرم لە مردن دەکردەوە. پێدەچوو دەربازبوون ئەستەم بێت.

ئەی هەوڵی ڕاکردنت نەدا؟

ڕاکـردن؟ ئەسـتەم بـوو. سـەربازەکان لەبەردەم گشـت دەریچەکـانی نەخۆشخانەکەدا پاسەوانییان دەکرد. لەناکاو، هەندێک لە سـەربازەکان هـاتنە ژوورەکەوە. "با بڕۆین، هەمووتان هەستن. هەموان ئێرە جێدەهێڵن. RPF وا نزیک دەبێتەوە و پێویستە ڕابکەین."

براکەم کەوتە پێکەنین، بەڵام هەستم بە غەمگینی دەکرد لە پێکەنینەکەیدا.

- هەمویـان هەسـتانەوە، تەنهـا مـن نەبێت. خـۆم لەژێـر شـەرچەفەکەدا شاردەوە و ئینجا بە بێدەنگی لە نـاو جێگەکەدا نووسـتم. کاتێک بەیـانی هـات، برینـدارەکانیان خسـتە نـاو پاسـەوە. مـن بۆمـاوەی دوو کـاتژمێر لەژێـر جێگەکەمدا مامەوە و پاشان گوێم لە دەنگی پێ بوو لەناو هۆڵەکەدا. کوڕێکی هووتـوی ڕەنگـزەرد کە بەهـۆی نەخۆشـی مەلاریـاوە لەو نەخۆشـخانەیە خەوێنرابوو لە داڵانەکەدا دەرکەوت. ئەوەتا. بڵێ سڵاو.

کوڕەکە بەنیمچە ئاهەنگ گێڕانێکەوە سڵاوی لێکردم.

"ناوت چییە؟"

"کابێرا."

˚کوا خێزانەکەت؟˚

˚گشتیان بەرەو زائیر ڕایانکرد.˚

˚بۆچی تۆیان لەگەڵ خۆیاندا نەبرد؟˚

˚منیان جێهێشت.˚

˚بۆچی؟˚

˚چونکە کاتێک ئەوان ڕۆیشتن من ئاگادار نەبووم.˚ کالیسا لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکەی بەردەوام بوو.

- کابێرا پێیگوتم کە نەخۆشخانەکە بەتەواوی چۆڵ کراوە. چۆڵکراوە؟ ئەی ئەو تەقەکردنە چییە؟˚ ئەو تەقەیە ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای حکومەتە لەگەڵ RPFداو کەمێک لێرەوە دوورە.˚

پاشان بە دارشەقەکانمەوە هەستامەوە و لە داڵانەکەدا لەگەڵ کوڕەکەدا دانیشتم.

- بۆچی لەپەناگەکەت نەمایتەوە؟

- لە پەناگەدا بمێنمەوە؟ لەوە زیاتر بەرگەم نەگرت. تاقە شتێک کە دەمویست مردن بوو.

- بمریت؟ بۆچی تۆ پێتوابوو کە دەرفەتی ژیانت هەبوو بێت؟

- نازانم، یۆلاندێ. ئیتر بەم شێوەیە. دەزانی، نەدەبوو بەهیچ شێوەیەک هاوسەرگیری لەگەڵ زیفانی دا بکەم. خانەوادەکەی ئەو هەرگیز منیان قبوڵ نەبوو، چونکە من توتسیم. جینۆسایدەکە لە خۆشەویستییەکەمان بەهێزتربوو. دەمویست بمرم. چاوەڕێی سەربازانی FAR یاخود ئینتەراهامویم دەکرد کە بێن و سەرم ببڕن. بەڵام پاشان سەربازێک هات و دەستی کرد بە لێکۆڵینەوەی لەگەڵدام ˚تۆ پیرەپیاو! چۆنیت؟- باشم- ئەوانیتر کوان؟- نازانم- بۆکوێ چوون؟-نازانم- بۆچی تۆ بەجێماویت؟- نازانم. منیان نەبرد. تەنها سەربازی لێبوو. – ئەی تۆ؟ تۆ سەرباز نیت؟- نەخێر.- چیرۆکی تۆ چییە؟˚

هەموو شتێکم بۆ باس کرد. نازانم ئەگەر باوەڕی پێکردم یان نا، بەڵام منیان ناردە نەخۆشخانەیەک لە نیانزاو پاشان بۆ بوگیسێرا. ئەوێشدا خاچی سوور چارەسەریان کردم.

****

یۆلانـدێ موکاگاسـانا، بە پیشـە سـەرۆکی پەرسـتاران بـوو، بنکەیەکـی تەندروسـتی بەڕێـوەدەبرد کە تیایـدا خەڵکـانی هەژاری ئەو دەوروبەرەی بە خۆڕایی چارەسەر دەکرد. ئەو بە موگانگا (پزیشک) ناسرابوو. لەلایەن خەڵکی ناوچەکـانی دەوری ئەو شـوێنەدا ناوبـانگی هەبـوو و بکوژەکـانیش بەتـایبەتی بەشوێنیدا دەگەڕان. جۆزێفی مێردی ژیانی خۆی لەپێناو ڕزگارکردنی ئەو و منداڵەکانیدا سپارد. ئەو کەوتبووە یەکێک لە هەزاران خـاڵی پشکنینەکانی نـاو ڕوانـداوە کە ناسـنامەی گشـت کەسـێکیان تێـدا دەپشـکنرا. لەسـەر گشـت ناسـنامەکان "نەژاد" دیـاری کرابـوو، توتسـیەکانیش هەر لەوێـدا دەکوژران. تـا ئینتەراهاموێ لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ جۆزێفدا تەواو کرد، یۆلاندێ و منـداڵەکانی توانییان هەڵبێن. بەهۆی ئەوەی یۆلاندی ناوی لە لیسـتی داواکراواندا بـوو بۆ ئەوەی بکوژرێت، پێیوابـوو منـداڵەکانی لای یەکێک لە خوشـکەزاکانی دابنێت، کە ئـافرەتێکی هووتـو بـوو و لە پەرتووکەکەیدا بە سپێرانسـێ نـاوی دەبـات. بەلام، بکوژەکـان هـاتنە نـاو ئەپارتمـانتی خوشـکەزاکەیەوە، دەسـتیانکرد بە لێدانی هەموویـان و ناچاریـان کـردن گشـت جلەکانیـان دابکەنن تـا هەموویـان بەتەواوی ڕووتبوونەوە و بەرەو کەندێکیان بردن کە پێشتر هەڵکەندرابوو و توتسـیەکانی تریشـیان بـۆ ئەوێ بردبـوو. هەر لەوێـدا، بەسـاتور بەربـوونە گیانیان تا هەمویانیان کوشت و هەڵیاندانە کەندەکەوە. پاش ئەوەی یەکێک لە بکوژەکـان سـپێرازیێ دەناسـێتەوە کە هووتـوە، واز لەو دێنێـت، سـەرەڕای ئەوەی ڕای کـردە لای ئەم بکـوژ و ئەویتریـان و داوای لە یەکە یەکەیـان کـرد کە ئەویش بکـوژن، بەلام گـوێیـان پێـی نەدا. پـاش جینۆسـایدەکە، سپێرانسـێ چاوی بە یۆلاندێ کەوتەوە و چیرۆکـی کوشـتنی منداڵەکانی بـۆی گێڕایەوە. بەلام، پێی نەگوت پاش ئەوە چی بەسەر خۆیدا هاتبوو. ئەمە تەنها شت بوون کە مـاوەیەکی کەم بەر لەوەی یۆلانـدێ بچێـت بـۆ بەلجیکـا بـۆی گێڕابـووەوە. تەنـانەت ئەوکـاتەش هەمـوو شـتێکی پێـی نەگووتبـوو. ئەمەش ئاخـاوتنەکەی نێوانیانە.

- لەو ڕۆژەدا کە منـداڵەکانتیان تێـدا کوشـت، منیـان ڕووتکـردەوە و دووریان خستمەوە. بەڕووتی وەک ژنێکی شێت ڕێم دەکرد و جلەکانیشم لە

پریاسکەیەکدا بەسەر سەرمەوە بوون. چوومە ماڵەوە، بەڵام ماڵەکەم وێران و تالان کرابوو. پاشان جلەکانم کردە بەرم و چوومە ماڵی سیسیلیێ.

- سیسیلیێ؟ خێزانی کۆمیێ؟

- بەڵێ؟

- چۆن کارێکی لەو جۆرەت کردووە؟! کۆمیێ دڕندەترین بکوژە. لەگەرمەی ڕوودانی جینۆسایدەکەدا منی لەماڵەکەی خۆی کردە دەرەوە.

- گوێبگرە. پێش هەموو شتێک، ماڵەکەم وێران کرابوو. ئەوەی تۆش بە هەمان شێوە. گشت دراوسی توتسیەکانمان کوژرابوون و ماڵەکانیان وێران کرابوو. بۆکوێ بچوومایە؟ پاشان نەشمدەزانی کە ئەو کەسێکی کۆمەڵکوژە. لەکۆتایشدا، ئەو بەر لە جینۆسایدەکە هاوڕێی تۆبوو. لەبەردەمی وەستام و سیسیلیێ بە تاساوییەوە تەماشای کردم. تا ئەوکاتەش گومانم هەبوو. پێیم گوت کە تۆ لەگەڵ منداڵەکانتدا کوژراویت و ئەوکات دڵخۆش بوو. داوام لێکرد چەند ڕۆژێک لای بمێنمەوە و ئەویش ڕازی بوو. هەر لەو کاتەدا، ئینتراهامویێ هاتن. گسکێکم گرت بەدەستمەوە و دەستم کرد بە گسکدانی باخەکە، هەروەک ئەوەی یەکێک لە کارەکەرەکانی ئەو بم. بەڵام سیسیلیێ هەر زوو گسکەکەی لەدەستم سەند و بەدەنگێکی بەرز پێی گوتن کە نامناسێت.

ئینتراهامویان دەورەیان دام و داوای کارتی ناسنامەکەیان لێکردم. "پێم نییە!" گریام. "من هووتوم، سوێند دەخۆم!" یەکێک لە ئینتراهامویێکان بڕوای پێ کردم بەڵام گرژییەکە تا دەهات زیاتر دەبوو.

"کوا خوشکەکەت (پورە) موگانگا؟ پێمان بڵێ دەنا دەتکوژین." دەلەرزیم. سوێندم خوارد کە تۆ خوشکی من نیت و دووبارە دڵنیا بوونەوە. "گرینگ نییە بەلامەوە!" یەکێک لە ئینتێراهامویێکان نەڕاندی."پێمان بڵێ موگانگا لەکوێیە!" گوتم "نازانم، سوێند دەخۆم."

- لەدووری کەمتر لە سەد مەتر لێرەوە لەژێر سینگێکدا خۆم شاردبوەوە!

تۆزێک تورەبووم، نزیکەی پێکەنینێکی دڕندانە گرتمی!

- تۆ سەد مەتر دوور بووی؟

- بەڵێ، بەڵێ، سپێراسیێ لەژێر سینگێکی ئیمانوێلدا!

- ئەی خوایە گیان! ئەگەر تەنها بمزانیایە! دەهاتم لەگەڵ تۆدا خۆم دەشاردەوە. بەڵام من بەردەوام دەبم. بە ئاشکرا دیار بوو ئەوان لە وەڵامەکانم بێهیوا ببوون. "کوا موگانگا؟" قیڕاندیان، "کوا موگانگا؟" بەردەوام بووم و پێیو گوتنەوە کە نازانم لەکوێ خۆت شاردوەتەوە. پاشان، یەکێکیان بە هێمنی‌یەوە شەقازلەیەکی لێمدا. "دەمت بکەوە!" فەرمانی پێکردم. دەمم کردەوە. گووتی "زۆرتر بیکەوە!"، هەوڵمدا، "زیاتر بیکەرەوە!" و لەپڕێکدا نارنجۆکێکی لە پشتێنەکەی دەرهێنا و خستیە ناو دەممەوە. دەمم زۆر بچوک بوو بۆ ئەوە، ئەو بۆکسێکی لە نارنجۆکەکە دا و چووە ناو دەمم و ئەم ددانەمی شکاند. منیش هۆشم لەدەستدا، دەستم کرد بە ڕاکردن بەئاراستەی جیاوازدا و بەناو پیاوەکانی ئینتێرتهامویدا و ئەوانیش هەر وەستابوون و پێدەکەنین. ویستم نارنجۆکەکە دەربهێنم بەڵام نەمتوانی. وەک میوەیەکی زۆر گەورە لە دەممدا عاستی مابوو. وەک شێتێک ڕامدەکرد و گشت ژیانم وەک فلاشێک بەبەر چاومەوە تێپەڕی. دووبارە، منداڵەکانی تۆم بینیەوە دەکەوتنە ناو کەندەڵانەکەوە.

سپێرانزێ چاوی بڕییە پارچە کاغەزێک کە لەسەر زەویەکە کەوتبوو. ماوەیەکی زۆر بە بێدەنگی مایەوەو منیش ڕستەیەک و تەنانەت وشەیەکیشم بۆ نەدەهات پێی بڵێم. بێگومان هەردووکمان لەوکاتەدا بیرمان لە مردن دەکردەوە. پاشان سپێرانزێ بە دەنگێکی جددیترەوە دەستیکردەوە بە قسە.

- نازانم ماوەی چەندی خایاند. نزیکەی پانزدە خولەک پاش ئەوە زانیم کە نارنجۆکەکە نەتەقیوەتەوە و گشت پیاوەکانی ئینتێراهاموێ ئەوێیان جێهێشتبوو. دووبارە خۆم لەسەر ڕێگاکە بینییەوە. لەوکاتەدا پیاوێکی تر لێم نزیک بووەوە. لەوێدا وەستام و نەمدەتوانی قسە بکەم، نارنجۆکەکە لەدەممدا بوو و نەمدەتوانی لەدەممدا دەریبهێنم. پیاوەکە هاوکاری کردم و نارنجۆکەکەی لەدەممدا دەرهێنا و بینیمان کە دەرزییەکەیان لەنارنجۆکەکەدا دەرنەهێنابوو. پورێ، ئەوە شتێک بوو کە بۆ ماوەی چەندین مانگ بە نهێنی هێشتبوومەوە و نەمدەتوانی باسی لێوە بکەم. من ئەوەندە دڵنیابووم کە مردووم بۆیە نەمدەتوانی چیتر قسە بکەم. لەناخەوە هەستم بە مردوویتی دەکرد.

مورابی، کتێبی ئێسکبەندەکان
بوباکار بۆریس دیوپ

وەرگێرانی بۆ ئینگلیزی، فیونا مێ لافلین

بوباکار بۆریس دیوپ نوسەرێکی ناسراوی سەنیگالییە کە بە زمانی فەرەنسی و زمانی "ولوف" کە زمانی دایکی ئەوە، دەنوسێت و شارەزاییەکی زۆری ڕووداوەکانی کیشوەری ئەفریقیایە. هەرچەندە وەک زۆرێک لە نووسەرە ئەفریقیەکانی تر، زانیارییەکی کەمی لەبارەی ڕوانداوە هەبوو. کاتێک کۆمەڵکوژییەکان ڕوویاندا، لەسەرەتادا بەبێزارییەوە کاردانەوەی بۆی هەبوو، هەروەک ئەوەی کەیسێکی تری لەو جۆرە بێت " ڕەشپێستەکان ڕەشپێستەکانی تر دەکوژن"، هاوتا لەگەڵ نمونەگەلی نەژادپەرستی تردا. "من لەبارەی ڕوانداوە قسەم کردووە." پاشان ڕوونی کردەوە، "بەبێ ئەوەی هیچ شتێک لەبارەی ئەو وڵاتەوە بزانم، بێئاگا بووم لەوەی دەبوایە زانیاری زیاتری لەبارەوە بزانم. کەوتبوومە نێو تارماییەکەوە کە زۆرێک ئیمڕۆ تێیکەوتوون- تەنانەت ئەفریقیاییەکانیش- بەوپێیەی هەمان ئەو هێزانە دەسەڵاتیان هەیە و هەمان توندوتیژی لە لیبیریا، سێریا لیۆن و سۆماڵیا دا دەگوزەرێت. بەم شێوەیە توانیم ئەرکەکانم جێبەجێ بکەم. منیش تۆزێک فرمێسکم ڕشت و بەردەوام بووم." ئەو لە ساڵی ۱۹۹۸دا بە جینۆسایدەکەی ڕوانـدای زانی، ئەویش پاش ئەوەی لەگەڵ کۆمەڵێک لە نووسەر و ڕووناکبیری ئەفریقیایی و ڕۆژئاواییدا وەک بەشێک لە پرۆژەیی فێستیڤاڵێک ئەدەبی و هونەری ئەفریقیا "Africa-Fest"چەند مانگێکی کەمی لە ڕواندادا بەسەر برد. لەوەتەی یەکەم سەردانی بۆ ڕواندا کردووە، دەڵێت"ژیان و بیرکردنەوەی لەچوارچێوەی ئەو جینۆسایدەدا دەسوڕێنەوە."

لەئەنجامی سەردانەکەیدا، کتێبی ئێسکبەندەکانی نووسی. شانبەشانی چیرۆکە سەرەکییەکەی، پەرتووکەکە چەند بەشێکی تر لەخۆ دەگرێت کە ڕاستەوخۆ لەلایەن تاوانباران، ڕزگاربووان و گەواهیدەرانەوە نوسراونەتەوە و هەندێکیشیان یەکجار زۆر کورتن. لەخوارەوەدا سێ بەشی لەو جۆرە دانراون، کە هەریەکەیان گوزارە لە ڕووداوێکی سەربەخۆ دەکەن. چیرۆکەکەی ڕۆزا کاریمێرا بەتەواوی ڕاستەقینەیە. بەپێی قسەکانی دیۆپ، بۆماوەی چوار کاتژمێر گوێی لە ئافرەتێک ڕاگرت کە بە فەرەنسییەکی پاراو دەدوا.

ڕۆزا کاریمێرا[٣]

دوێنێ بەیانی هەستم کرد ئەجەلم هاتووە. لەبەر تەمەنەکەم نەمدەتوانی وەک ئەوانی تر ڕابکەم. لەهەمان کاتدا، بەربەستێکی ترسناک لە دووری چەند مەترێکەوە لەماڵەکەی منەوە دانرابوو. چەند ڕۆژێک بوو بکوژەکانی ئینتراهامویَ لەوێدا سەرقاڵی کارە قێزەوەنەکانیان بوون. زانیم کە ڤالێری ڕومیا، ئافرەتێکی هووتو بوو، لەو سەرەوەی تری شەقامەکەی ئێمەدا دەژیا، لەسەرەتای ڕووداوەکانی کۆمەڵکوژییەکەوە مێشکی لەدەستدابوو. هەمیشە ڕقی لێم بوو- چونکە، پێیوابوو، کە من هەمیشە سووک سەرنجی خەڵکانی تر دەدەم، هەرگیز سڵاو ناکەم و وەک خانمێکی پایەبڵند مامەڵە دەکەم و شتی لەم جۆرە. لەم بەربەست بۆ ئەو بەربەست دەچوو و لە ئینتراهامۆیەکانی دەپرسی: "ئەو ڕۆزا کاریمێرایەش، دڵنیان کە کوشتووتانە؟" سەرئەنجام هەموویانی بێزار کردبوو و بۆئەوەی لەکۆڵی خۆیانی بکەنەوە، وەڵامیان دابووەوە "بێگومان دایە، خەمی ئەویشمان خواردووە" پاشان هەوڵیدابوو لە قسەکانیان دڵنیابێتەوە: "پێم بڵێن ڕۆزا کارامێرا شێوەی چۆنە ئینجا دەزانم کە ڕاستییەکەم پێدەڵێن! دەی پێم بڵێن هەی درۆزنە بچوکەکان!" لەسەرەتادا نەیانزانیبوو چۆن وەڵامی بدەنەوە و پاشان کەوتبوونە قاقای پێکەنین.

---

(3) Boubacar Boris Diop ,Murambi: The Book of Bones (Bloomington: Indiana University Press ,2006).لاپەڕە ٩٧-٩٩.

هەوڵیانـدابوو دڵنیـای بـکەنەوە. "بەڵام دایە، هەرگیـز نـاتوانین ئەوە بـزانین، خەڵکێکی زۆرمان کوشتووە! هیچ کەسێکی ئینیانزییەک لەم دەوروبەرە کاتی ئەوەی نەبـووە لەم شـوێنە ڕا بکـات" سـەرەڕای ئەوەش، متمـانەی پێیـان نەکردبوو لە هەموو شوێنێکدا و لە پرسیارکردنەکەی بەردەوام بوو.

بیرکردنەوەی ئەو لەبارەی جینۆسایدەوە، ئەو سۆزانییە، تەنها ئەوەبوو: تەنهـا ڕۆزا کـارامیرام بـۆ بکـوژن. منـیش تەنـانەت نـاتوانم لـووتم دەربهێنم. دوێنێ نا پێرێ، لەڕێگەی کۆششێکی لە توانابەدەر، بەسەر دیوارەکەدا بازمدا و کەوتمە مـاڵی دراوسـێ هووتوەکەمـانەوە. باوکەکەیـان، کە لەسـەرەتادا زۆر تۆقیبوو، پێیگوتم کە نایەوێت لەگەڵ حکومەتدا توشـی کێشـە ببێت و پاشـان ڕێگەی دام بمێنمەوە. بە ڕاسـتی پیـاوێکی بـاش بـوو، کە گوێی لە دڵـی خۆی گرت. بەڵام ئەو تاعوونە، ڤالێری ڕۆمیا، دۆزیمییەوە و بە دەستەوەی دام.

پاشـان سـەربازێکی سـەر بە گـاردی سـەرۆکایەتی – وابـزانم ئەفسـەری پشکنین بوو- گەیشتە ئەوشـوێنە. زۆر تـوڕە ببـوو. گـوتی"تۆ کێشـەیەکی زۆر لە بوتارێدا دەنێیتەوە. پێتوایە تەنهـا لەبەر ئەوەی بڕوانـامەی زانکۆییت هەیە لەهەموان ژیرتری. تۆ کەسـێکی ئینیانزیت شـاردوەتەوە. ئەگەر ئەو ئـافرەتەی لەماڵەکەتدا پەناتداوە بەدەسـتەوە نەدەیت، خـوێنی هەموتـان دەڕێژم!" نیمچە بازنەیەکی بە تفەنگەکەی کێشـا. بەڵێ! لەم ڕۆژانەدا ئەم لاوانە کـاتێکی خـۆش بەسەر دەبەن. منـیش چـوومە دەرەوە و بەرەو پیـری چـووم و قـاچم بەدوای خۆمـدا ڕادەکێشـا- ئەم شـەلینەم زکمـاکە، ئیفلیجـی منـداڵان- و پێـیم گـوت، "ئەوەتام، من ئەو ئافرەتەم کە تۆ بەشوێنیدا دەگەڕێیت." چیتر هەستم بە ترس نەدەکرد، دەمویسـت کۆتـایی بێـت و ببـڕێتەوە. ڕووی تێکـردم و لەسـەرمەوە تاکو نوکی پێم تەماشـای کـردم و بینـیم چەنـد بێهیـوا ببـوو. پێدەچوو ڤالێری ڕومیـا پێـی ڕاگەیانـدبێت کە مـن یەکێـک بـووبێتم لە سـیخوڕەکانی RPF کە لەماوەی پێنج هەفتەی ڕابردوودا دزەیانکردبووە ناو شارە گەورەکانەوە. وای دانـابوو مـن کەسـێکی لـووتبەرزی بـاڵابەرزی جـوان و، بەکـورتییەکەی، زۆر هەست بزوێن بم. منیش ئەوەتام لەبەردەمیدا، ئـافرەتێکی پیری بێکەڵکی نیوە ئیفلیجم. ئەو خێزانە هووتوەی پەنای منیـان دابـوو لەوێ بوون و هەموویـان بەبـێ ئەوەی ورتەیەکیـان لێـوە بێـت تەماشـای ئەفسـەرەکەیان دەکـرد.

شەرمەزاری بە ڕوخسارییەوە دیاربوو. بەتوڕەییەوە فەرمانی کرد و ڕووی چەکەکەی کردە سەر زەوی، "باشە، دە هەزار فرانکم بدەنێ بۆ بیرەی منداڵەکان." پارەکەیان پێی دا و ڕویشتن. بێگومان ناچار بووم پەناگەم بگۆڕم بەو هیوایەی ڕزگارم بێت. تەنها ڕووی ڤالێری ڕومیات ببینیایە لەو دەوروبەرە بەرەوڕووم ڕای کرد.

مارینا نکوسی [٤]

بە تۆنتۆن ئانتۆنی ناومان دەبرد. ئەوەندەی بیرم بێت، هەمیشە لەماڵی خۆمان دەمبینی. باشترین هاوڕێی باوکم بوو. لەڕاستیدا، پێموابێت، تاکە هاوڕێی بوو. ئەوکاتەی منداڵبووم هەستم دەکرد کە ئەو وەکو هیچ کەسێکی تر نەبوو کە دەمانناسی. زۆر پێنەدەکەنی، بەڵام حازی لە فێڵی سیحربازیی بوو بە کارتی کۆنکان. نمایشی بە سێبەری پەنجەکانی لەسەر دیواردا بۆ دەکردین و دەیزانی کیسەڵ و ئەژدیهای باڵدار دروست بکات. هەرکە دەمبینی دەگەیشتە ماڵمان بەرەو پیری ڕامدەکرد بۆئەوەی ببینم. منی دەخستە سەر شانی و بەو شوێنەدا ڕایدەکرد و گۆرانی بۆ دەگوتم، "ماریانا فرۆکەی هەیە، تۆنتۆن ئانتۆنی فڕۆکەی ماریانای بچکۆڵەیە!" پێموابێت، من یەکێک بووم لەو چەند کەسە کەمەی دڵیان خۆش دەکرد.

چەند ڕۆژێک پاش ڕووداوەکان، کە بۆ یەکەم جار هاتەوە ماڵمان، لەگەڵ باوکمدا بە چرپە بۆ ماوەیەکی زۆر قسەیان کرد.

زانیمان کە بەرپرسی چەند بەربەستێکە لە کیبۆییدا. لەگەڵ ئەوەشدا، ڕوویەکی شیرینی هەبوو، هەرچەندە هەندێک خەمبار دیار بوو، هەروەک چۆن لەسەرەتای منداڵیمەوە ناسیبووم.

کاتێک کە ڕۆیشت، باوکم زۆر سەرقاڵ دەردەکەوت.

"ئایا ئەو زانی کە ئێمە ئەو منالانەمان لێرە شاردۆتەوە؟" دایکم لێی پرسی و نیگەران بوو.

"نەخێر، بەڵام دەڵێت کە دەبێت منیش وەک پیاوەکانی تر ئاتورەکەم بەدەستەوە بگرم."

---

(4) Diop ،Murambi لاپەڕە ٨٧-٨٩.

"ئاه؟"

"ڕەتم کردەوە، ناتوانم ئەوە بکەم"

دایکم هیچی نەگوت. پاش ماوەیەکی کەم دووبارە هاواری کردەوە:

"بەڵێ، ڕەتم کردەوە!"

دوو ڕۆژ بەسەر ئەوەدا پێپەڕی. تۆنتۆن ئانتۆنی گەڕایەوە.

لەگەڵ باوکمـدا لە ژووری دانیشـتنەکەدا دەرگایـان لەسـەر خۆیـان داخستەوە. یەکەم جار بوو لەژیانمدا گوێبیستی تۆنتۆن ئانتۆنی بم هاوار بکات.

پاش کۆبوونەوەی دووەم، باوکم وورده وورده گۆڕا. لەبەر خۆیەوە قسەی دەکردو لەم ژوور بۆ ئەو ژوور دەهاتو دەچوو: "ناتوانم بەمە ڕازی ببم، ئەو خەڵکە هیچیان لەمن نەکردووە! ئەمە دڕندەییە!"

پاشـان دەیگـوت کە دەبێـت بمانپارێزێـت. ئەگەر هـیچ نەکـات، ئەوا ئینتەرهـامویێ دێـن و گشـت ئەو کەسـانە دەکـوژن کە لەم مـاڵەدان. ڕۆژی سێیەم، چیتر ئۆقرەی نەگرت و ساتورەکەی گرت بە دەستیەوە. من و دایکم هەوڵمانـدا نەهێڵـین بچێـتە دەرەوە. ئەویـش هـاواری کـرد و گـوتی" ئێـوە تەماشـای تەلەفزیـۆن نـاکەن؟ وەک هەر جەنگێکی تـرە، خەڵک دەکوژرێت و پاشان تەواو دەبێت!"

چـووە لای بەربەسـتەکانەوە. دەیـانگوت وەک شـێت سـاتورەکەی بەکاردەهێنێت.

بەڵام، کاتێـک دەگەڕایەوە مـاڵەوە، ڕاسـتەوخۆ دەچـووە حەشـارگەی منداڵەکانەوە و شـتی پێیـان دەدا و یـاری لەگەڵـدا دەکـردن. پاشـان دەچـووە ژووری نوستنەکەی. من و دایکم نەماندەوێرا بێزاری بکەین.

کاتێک بەیـانیە زووەکەی ڕۆژی دواتـر دەچـووە دەرەوە، خۆمـان وەک نوستو پێشان دەدا.

فۆستین گاسانا(٥)

فۆستین گاسانا سەرۆکێکی لاوە لە ئینتەرهاموێ دا. ئێوارەی بەر لە کۆمەڵکوژییەکەیە لە کیبانگۆدا و لە ئامێزی خاێزانەکەیدایە و خۆشکە لە خۆبایی و هەستیارەکانی چای نەعنای بۆ تێدەکەن، چوون حەزی لێدەکات و دراوسێکانی دەوریان داوە و پشتگیری خۆیانی بۆ دەردەبڕن، لەو "کار"ەی بەنیازە ئەنجام بدرێت کە بریتییە لە کوشتن. باوکی فۆستین، "پیاوە پیرەکە"، هەروەک خۆی ناوی دەبات، کە لە جێگادا کەوتووە و زۆر نەخۆشە، کوڕەکەی بانگ دەکاتە ژوورەکەی. باوکی کەسایەتییەکی نیمچە مێژووییە، کە هەمیشە هەڵگری بیری نەژادپەرستی دژە-توتسی بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، بەپێچەوانەی گشت کەسێکی ترەوە، کەسێکی گرژ و توڕەیە. پێی وایە کە هیچ یەکێک لەو پیاوانەی بۆ ئەو کارە ئامادە کراوون لەبەردەم ئەرکێکی ئەستەمدا نین- کە ڕەنگە بەهۆی بیرە و دەستدرێژی سێکی و چاوچنۆکی و ماندوبوونێکی کەمەوە ئاگایان لە کارەکەیان نەمێنێ و لاواز ببن. پەروەردەکارێکی ئایدیۆلۆژییە و گشت ئەو شتانەی هەمیشە بە فۆستینی گوتووە دووبارە دەیڵێتەوە. ئەمەی خوارەوەش بەشێکە لە گفتوگۆکانیان.

"بێگومان بیستوتە پیاوە فەرەنسییەکە ویستی هەموو پیاوە ئینیانزییە سپی پێستەکان، لە کاتی جەنگە گەورەکەدا، بکوژێت. . . "

"ئەوە ئەڵمانی بوو."

"ناوی چی بوو؟"

هەستم بە بێزاری کرد. هیچ کاتێک ئەو خووەیم پێ خۆش نەبوو کە پرسیاری دەکرد و زۆربەی کاتەکانیش وەڵامەکەی دەزانی.

"هیتلەر."

"هیتلەر چی؟" بەو چاوە پڕ لە قینانەیەوە سوور بوو لەسەر فێرکردنم.

"ئادۆڵف. ئادۆڵف هیتلەر. پێیان دەگوت Führer"، وەڵامم دایەوە بۆئەوەی پێش پرسیاری داهاتووی بگرم"

"کەواتا پێم بڵێ، لەلەناوبردنی گشت ئینیانزییە سپیپێستەکاندا سەرکەوتو بوو؟"

---

(5) Diop ،Murambi،۱۷-۱۹ لاپەڕە.

ڕەتم کردەوە باسی ئەو بابەتە بکەم. لەو گاڵتەجاری و کات بەفیڕۆدانە بێزاربووم...

پێیمگوت، "کاتێکی تر باسی ئەو بابەتە دەکەین. دەبێت بڕۆم."

بەتوڕەییەوە هاواری کرد:

"ئەو پیاوە سپی پێستە لە ئێوە باشتر خۆی ئامادە کردبوو بەڵام شکستی هێنا. ئێوە لە کۆمەڵە کەسێکی لەخۆبایی و گەمژە زیاتر هیچ نین."

هەستامە سەر پێ.

"کارەکانم چاوەڕێمن." پێمگوت، هەوڵم دەدا بە هێمنی دەربکەوم.

"تۆ شێتی، ئەی وا نییە؟ چۆن دەوێریت لەباوکی خۆت توڕەبیت؟"

"تـوڕە مەبە. دەبێـت بـڕۆم چـونکە ئێمشـەو لێـرە لە کیبونگـۆ دەستپێدەکەین."

بەهێمنییەوە وەڵامی دایەوە.

"بڕۆ دورکەوە، ئێوە نەوەیەکی ناکارامەن."

دەنگـی خـۆی نزمکـردەوە بـۆئەوەی بتوانێـت گشـت هێزێکـی خـۆی کۆبکاتەوە، کە ئەمەش وا لە وشەکانی دەکات ناخۆشتر دەربکەون.

من شەیدای پیاوە پیرەکەم. ئەو باوکمە. بەڵام ئەویش وەکو گشت ئەو پیرانەیە کە لەسەر جێگەی مردنیدا چارەسەری موعجیزەئاسا بۆ کێشەکانی ئەم جیهـانە دەدۆزنەوە. شـتەکان وا ئاسـان نـین. هەمیشـە بە کەسـێکی ئێنتەرهـاموێ ناسراوم کە ڕەنگە ناچاربم بەدەستی خۆم خەڵکیش بکوژم یـان لەژێـر دەسـتیاندا بمـرم. هەرگیـز ئەمە کێشـەیەک نەبووە بـۆ مـن. مـن مێژووی وڵاتەکەمـم خوێندووەتەوە و دەزانـم کە ئێمە و توتسیەکان هەرگیـز نـاتوانین بەیەکەوە بـژین. هەرگیـز. زۆرێـک لەوانەی خۆیـان لەوەڵامەکـان دەدرزنەوە ڕایان پێچەوانەیە، بەڵام بڕوایان پێمەکە. من کارەکانم بە شێوەیەکی ئاسایی دەکەم. هەروەها لەگەڵ پیاوە پیرەکەدا هـاوڕام: هەرکاتێک سـوکایەتی بەکەسێک بکەیت کە لەسەرەمەرگدایە، کات بە کەسێکی تر دەدەیت هەڵبێت. مـن ئەوەنـدە گەمـژە نـیم لەمە تێـنەگەم. بەڵام کێشـەکە ئەوەیە کە چـۆن پیاوەکانم لەمە تێبگەیەنم؟

پاشکۆی ٣

یاسای دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بۆ ڕواندا

هەروەک لەلایەن ئەم بڕیـارانەی خـوارەوەی ئەنجـومەنی ئاسایشــەوە پشتی پێبەستراوە و هەموار کراوەتەوە، کە بۆ جێبەجێکردن دەشێ:

بڕیـــــــاری٩٩٥(١٩٩٤)٨ی تشرینی دووەمی ١٩٩٤	دامەزراندنی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا (ICTR) بە هاوپێچی یاسا بنچینەییەکەیەوە.
بڕیـــــــاری١١٦٥(١٩٩٨)٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٩٨	دامەزرانـــــدنی ژووری ســــێیەمی دادگـــــا و هەمــــوارکردنەوەی ماددەکـــانی ١٠و ١١و ١٢ ی یاسای ICTR
بڕیـــــــاری١٣٢٩(٢٠٠٠)٣٠ نیسانی ٢٠٠٠	بڕیاردان لەسـەر هەڵبژاردنـی دوو دادوەری تـری ICTR، بۆ خانەی تێهەڵچوونەوە
بڕیـــــاری١٤١١(٢٠٠٢)١٧ی مایس ٢٠٠٢	هەمـــوارکردنەوەی مـــاددەی ١١ی سیســــتەمی سـەرەکی ICTR دەربارەی پێکهێنانی ژوورەکانی دادگا.
بڕیاری١٤٣١(٢٠٠١)١٤ ئـاب ٢٠٠٢	دامەزرانــــــدنی دەســــــتەیەک لە ١٨ دادوەری تایبەتمەنـــــدی ICTR و هەمـــــوارکردنەوەی ماددەکانی ١١ و ١٢ و ١٣ ی سیستەمی ICTR
بڕیـــاری ١٥٠٣ (٢٠٠٣) ٢٨ ئاب ٢٠٠٣	ڕاســـپاردنی ICTR بـــۆ بەفەرمــی کردنـــی ســـتراتیژیەتی تەواوکـــردن، هەمـــوارکردنەوەی مـــاددەی ١٥ ی سیســـتەمی ســەرەکی لەبـــارەی "داواکاری گشتییەوە" و داواکردن لە دادگای تاوانی نێـــــودەوڵەتی بـــــۆ یۆگوســـــــلاڤیای

	پێشــــــوو(ICTY)وICTRبــــــوتەواوکردنی لێکۆڵینەوەکان تـاکو کۆتـایی سـاڵی ٢٠٠٤و گشت دادگاییکردنەکــان تــاکو کۆتــایی ٢٠٠٨و گشــت کارەکان تاکو کۆتایی ٢٠١٠.
بڕیـــــاری١٥١٢(٢٠٠٣)٢٧ تشرینی یەکەم ٢٠٠٣	زیـادکردنی ژمـارەی دادوەرە تایبەتمەنـدەکان کە بتوانرێت لەهەرکاتێکدا ڕابسپێردرێن بۆ ئەوەی لە ژوورێکی دادگاییکردندا کار بکەن و مـاددەی ١١ و ١٢ ی چارەکی یاسـاکە، بڕیاری ١٥٣٤ (٢٠٠٤) ٢٦ ئادار ٢٠٠٤ ڕاسپاردنی داواکارانی گشتی ICTY و ICTR بۆ دیاریکردنی ئەو کەیسانەی کە پێویسته بگوێزرێنەوە بۆ دەسـەڵاتی دادوەری نیشتیمانی و داواکردنــی دادگـایی بەمەبەسـتی هەڵسـەنگاندنی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتەکەیان بۆ هەر ٦ مانگ جارێک.
بڕیــــاری ١٦٨٤(٢٠٠٦)١٣ حوزەیران ٢٠٠٦	درێژکــردنەوەی مــاوەی ئەنـدامێتی ١١ دادوەری هەمیشــەیی ICTR تــاکو ٣١ ی کـانونی یەکەمــی ٢٠٠٨
بڕیــــاری ١٧١٧ (٢٠٠٦) ١٣ تشرینی یەکەم ٢٠٠٦	درێژکـــــــردنەوەی ئەندامێــــــــتی ئەو دادوەرە تایبەتمەنــدانەی ICTR کە لە ١٣ ی حــوزەیرانی ٢٠٠٣ دا هەڵبژێردران تـاکو ٣١ ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٨
بڕیــــاری ١٨٢٤ (٢٠٠٨) ١٨ تەمموز ٢٠٠٨	درێژکردنەوەی ئەندامێتی دادوەرە تایبەتمەندەکان و هەمیشــەییەکان ی ICTR تــاکو ٣١ ی کـانونی یەکەمی ٢٠٠٩ و درێژکردنەوەی ماوەی ئەندامێتی دوو لە دادوەرانی ICTRای تێهەڵچوونەوە تاکو ٣١ کـانونی یەکەم ٢٠١٠ و هەمـوارکردنەوەی مـادەی ١١ ی یاسای بنچینەیی ICTR
بڕیــــاری ١٨٥٥ (٢٠٠٨) ١٩ کانونی یەکەمی ٢٠٠٨	هەمـواکردنەوەی مـاددەی ١١ لە یاسـای بنەڕەتـی ICTR و بۆ ئەم مەبەستەش زیادکردنی ژمـارەی دادوەرە تایبەتمەنــــــدە ڕێپێــــــدراوەکان لە

	دادگاییکردنەکاندا.
بڕیــــــاری ١٨٧٨ (٢٠٠٩) ٧ تەمموز ٢٠٠٩	هەمـوارکردنەوەی مـاددەی ١٣ی یاسـای بنەڕەتـی ICTR بـۆ ئەم مەبەستەش، زیادکردنی پێکهێنانی ژووری تێهەڵچوونەوە.
بڕیـــاری ١٩٠١ (٢٠٠٩) ١٦ کـــــانونی یەکەم ٢٠٠٩ تـــــــاکو ١٢ی حوزەیرانی ٢٠١٠	جەختکــردنەوە لەســەر درێژکــردنەوەی مــاوەی دەســــەڵاتی هەمــــوو دادوەرانـــــی دادگـــایی و تێهەڵچــوونەوە، زیــادکردنی ژمــارەی دادوەرانــی تایبەتمەندی ڕێگەپێدراو لەهەرکاتێکدا و جارێک بۆ ماوەیەکی کاتی، بڕیاردان لەسـەر بەردەوامبوونی هەر دادوەرێکـی ICTR تـاکو کەیسـەکەی تەواو دەکـات، بەبــێ ڕەچـاوکردنی تەواوبــوونی کــاتی ئەندامێتییەکەی.

هەمـوارکراوەتەوە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشـەوە و لەژێر ڕۆشنایی بەشـی حەوتەمــی ڕێکەوتننــامەی نەتەوە یەکگرتووەکانــدا، دەبێــت دادگـای نێـودەوڵەتی تاوانەکـــان بـــۆ دادگـــاییکردنی ئەوکەســـانەی بەرپرســـیارن لە جینۆســـاید و پێشـێلکارییەکانی تـری یاسـای نێودەوڵەتی مـافی مـرۆڤ کە لەناوچەکـانی سـەر بە ڕوانــدا ئەنجـام دراون و ئەو ڕوانـدییانەی بەرپرسـن لە ئەنجامـدانی جینۆسـاید و پێشـێلکاری لەوجـۆرە لەنـاو سـنوری وڵاتەکـانی دراوسـێدا، لە مـاوەی نێـوان ١ ی کـانونی دووەمـی ١٩٩٤ و ٣١ی کـانونی یەکەمـی ١٩٩٤دا (کە پێـی دەگـوترێـت "دادگایی نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا") بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسا بنچینەییە کار بکات.

ماددەی ١: توانایی دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بۆ ڕواندا

دادگـای نێـودەوڵەتی بـۆ ڕوانـدا دەسـەڵاتی هەیە ئەو کەسـانەی لەنـاو سنوری وڵاتـی ڕواندادا بەرپرسـیارن لە پێشـێلکردنی یاسـا نێودەوڵەتییەکانی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها ئەو هـاوڵاتییە ڕواندییانەش کە بەرپرسیارن لەو توندوتیژییانەی لە ناو ڕواندا و وڵاتانی دراوسێدا ئەنجام دراون، لە مـاوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ١٩٩٤ و ٣١ ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤ داو بەپێی حوکمەکانی یاسا بنەڕەتییەکە، دادگایی بکات.

ماددەی ٢: جینۆساید

١. دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەسەڵاتی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی هەیە کە جینۆساید ئەنجام دەدەن هەروەک لە بڕگەی ٢ ی ئەم ماددەیەدا ڕوون کراوەتەوە یاخود هەر کردەوەیەک لەو کردەوانەی ئەنجام دەدەن کە لە بڕگەی ٣ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەیان پێکراوە.

٢. جینۆساید بریتییە لە ئەنجامدانی گشت ئەم کردەوانەی خوارەوە بەمەبەستی لەناوبردنی بەشێک یان گشتی، کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی، نەژادی، ڕەگەزی یاخود ئاینی، وەک:

ا) کوشتنی ئەندامانی کۆمەڵەکە،

ب) بوونەهۆی ئازاردانی جیدی جەستەیی و هزریی ئەندامانی کۆمەڵەکە،

ج) بە ئەنقەست پەستاندنی بارودۆخی ژیانی کۆمەڵەکە بۆ لەناوچوونی بەشێک یاخود هەموو کۆمەڵەکە،

د) سەپاندنی پێوەر و ڕێکاری وا مەبەست لێی نەهێشتنی منداڵبوون بێت لەناو کۆمەڵەکەدا،

ه) گواستنەوەی منداڵانی کۆمەڵەکە، بەشێوەیەکی زۆرەملێ، بۆ ناو کۆمەڵەیەکی تر.

٣. دەبێت ئەمانەی خوارەوە سزایان بۆ دیاری بکرێت .

ا) جینۆساید،

ب) پیلانگێڕی بۆ ئەنجامدانی جینۆساید،

ج) هاندانی ڕاستەوخۆ و گشتی دانیشتوان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید،

د) هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید:

ه) بەشداریکردن لە جینۆسایددا.

ماددەی ٣: تاوانە دژبەمرۆڤایەتییەکان

دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەسەڵاتی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دەبێت کە بەرپرسیارن لەم تاوانانەی خوارەوە وەک بەشێک لە هێرشێکی بەرفراوان یان سیستەماتیک دژی دانیشتوانی سڤیل لە چوارچێوەی پاساوی نەتەوەیی، ئاینی، سیاسی، نەژادی یاخود ڕەگەزیدا:

ا) کوشتن،

ب) لەناوبردن،

ج) بەکۆیلەکردن،
د) ڕاگواستن،
ە) زیندانیکردن،
و) ئەشکەنجەدان،
ز) لاقەکردن،
ح) چەوساندنەوە لەسەر بنەمای سیاسی، ڕەگەزی، ئاینی،
خ) کاری نامرۆڤانەی تر.

ماددەی٤: پێشێلکردنی ماددەی ٣ ی پەیوەست بە ڕێککەوتننامەکانی جنێف و پرۆتۆکۆڵە زیادەکەی ٢

دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕواندا دەسەلاتی دادگاییکردنی ئەو کەسانەی دەبێت کە ئەنجامدەر یان فەرماندەر بە ئەنجامدانی پێشێلکردنی ماددەی ٣ ی پەیوەست بە ڕێککەوتننامەکانی جنێڤ ی ١٢ی ئابی ١٩٤٩ن، کە بریتییە لە پاراستنی قوربانیانی جەنگ و پرۆتۆکۆڵی زیادەی ٢ ی ٨ ی حوزەیرانی ١٩٧٧دەدەن. ئەو پێشێلکاریانە ئەمانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەلام سنورداریش نین بۆ ئەمانە:

ا) توندوتیژی بۆسەر ژیان، تەندروستی و جەستە و دەروونی کەسەکان، بەتایبەتی کوشتن و مامەڵەی توندوتیژانەی وەک ئەشکەنجە، شێواندنی جەستە یاخود هەر سزایەکی تری جەستەیی،
ب) سزا بەکۆمەڵەکان،
ج) بەبارمتەگرتن،
د) کاری تیرۆریستی،
ە) دەستدرێژی بۆسەر شکۆی تاک، بەتایبەتی سوکایەتیکردن و بێڕێزی کردن، لاقەکردن، لەشفرۆشی بەزۆر و هەرجۆرە دەستدرێژییەک بۆسەر ناموس،
و) تالانی
ز) بڕیاردان و جێبەجێکردنی لەسێدارەدان بەبێ دادگایی پێشوەختەی ڕاگەیەنراو لەلایەن دادگایەکی یاسایی ئاساییەوە، کە هەموو ئەو مافە دادوەرییانە دابین دەکات کە لەلایەن خەڵکی شارستانەوە چاوپۆشییان لێ ناکرێت،
ح) هەڕەشەکردن بەمەبەستی ئەنجامدانی گشت ئەوانەی سەرەوە.

ماددەی ٥: دەسەڵاتی دادوەری کەسی

دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەسەڵاتی دادوەری بەسەر ئەو کەسە ئاساییانەوە هەیە کە بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسا بنچینەییەی ئێستا لەکاردان.

ماددەی ٦: بەرپرسیاریتی تاکی تاوانبار

١. هەرکەسێک پلانی دانابێت، هانیدانبێت، فەرمانی دابێت بۆ ئەنجامدانی تاوانێک کە لە ماددەکانی ٢تا٤ی یاسا بنەڕەتییەکەدا ئاماژەی پێکرابێت، بەشێوەیەکی تاکەکەسی بەرپرسیارە بەرامبەر بە تاوانەکە.

٢. پلەوپایەی هەرکەسێکی تۆمەتبارکراو، جا ئەو کەسە سەرۆکی وڵات یاخود حکومەت یاخود بەرپرسێکی حکومی بێت، نابێتە هۆی ئەوەی کەسەکە لە بەرپرسیاریتی تاوانەکە ببەخشرێت یاخود سزاکەی کەم بکرێتەوە.

٣. هەر کردەوەیەک کە لە ماددەکانی ٢ تا ٤ ی یاسا بنەڕەتییەکەدا ئاماژەی پێکرابێت و لەلایەن فەرمانپێکراوێکەوە ئەنجامدرابێت، فەرماندەرەکەی پێ دەکەوێتە ژێر بەرپرسیاریتی تاوانەکەوە لەکاتێکدا زانیبێتی یاخود هۆیەکی هەبووە وای لێبکات بزانێت کە فەرمانپێکراوەکەی خەریکە کارێکی لەو جۆرە ئەنجام بدات یاخود ئەنجامی داوە و فەرماندە ڕێوشوێنی پێویستی بۆ ڕێگرتن لەو کارانە یاخود سزادانی تاوانبارەکە بەهۆی کارەکانیەوە نەگرتووەتە بەر.

٤. ئەو ڕاستییەی کەسی تۆمەتبارکراو بەپێی فەرمانی حکومەت یاخود سەروو خۆیەوە هەڵسوکەوتی کردووە، نابێتە هۆی بەخشینی لە بەرپرسیاریتی تاوانەکە، بەڵام ئەگەر دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا بەدادپەروەرانەی زانی، کەمکردنەوەی سزاکەی بۆ دیاری بکات.

ماددەی ٧: دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی و کاتی

دەسەڵاتی دادوەری هەرێمی دادگای نێوەدەوڵەتی بۆ ڕواندا باڵدەکێشێ بەسەر خاکی ڕواندا بە زەوی و ئاسمان و خاکی وڵاتانی دراوسێشیەوە کە پەیوەستن بەو پێشێلکاریانەی یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤەوە کە

لەلایەن ڕوانـدییەکانەوە ئەنجامـدراون. دەسـەڵاتی دادوەری کـاتی دادگـای نێـودەوڵەتی بـۆ ڕوانـدا درێژدەکـرێتەوە و ئەمەش لە ١ی کـانونی دووەمـی ١٩٩٤ دەستپێدەکات و لە ٣١ ی کانونی یەکەمی ١٩٩٤دا کۆتایی دێت.

ماددەی ٨: دەسەڵاتی دادوەری هاوکات

١. دادگـای نێـودەوڵەتی بـۆ ڕوانـدا و دادگـا نیشـتیمانییەکان دەسـەڵاتی دادگاییکردنی پێشێلکارانی یاسا نێودەوڵەتییەکانی مـافی مرۆڤیان بۆئەو تاوانانەیـان ئەنجـام داوە لە نێـو سـنووری ڕوانـدا و ئەو هـاوڵاتییە ڕوانـدییانەی ئەو پێشـێلکارییانەیان لە نێـو سـنوری وڵاتـانی دراوسـێدا کـردووە، لە مـاوەی نێوان ١ ی کـانونی دووەمـی ١٩٩٤ و ٣١ی کـانونی دووەمی ١٩٩٤ دا، ئەنجامداوە.

٢. دادگـای نێـودەوڵەتی بـۆ ڕوانـدا دەسـەڵاتی پێشـینەی بەسـەر هەمـوو دادگاکانی هەرێمەکانەوە هەیە. دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا بۆی هەیە، لە هەر قۆنـاغێکی پرۆسـەکەدا، بە شـێوەیەکی فەرمـی داوا لە دادگـا نیشتیمانییەکان بکات کە بەپێی یاسـا هەنوکەییەکە و یاسـا و بەڵگەکـانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەستبەرداری دەسەڵاتە دادوەرێکانیان بن.

ماددەی ٩: Non Bis in Idem[1]

١. هەرکەسێک لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا وە بەهـۆی پێشـێلکاری یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لەژێر یاسـا هەنووکەییەکەدا دادگایی کرابێـت، نابێـت دووبـارە لەلایەن دادگـایەکی نیشـتیمانییەوە بـۆ هەمـان مەبەست دادگایی بکرێتەوە.

٢. هەرکەسـێک بەتـاوانی پێشـێلکردنی یاسـانێودەوڵەتییەکانی مـافی مـرۆڤەوە لەلایەن دادگایەکی نیشتیمانییەوە دادگایی کرابێت، دەکرێت پاشان لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕوانداوە دادگایی بکرێتەوە، ئەویش تەنها ئەگەر:

ا) ئەو کـردەیەی لەسـەری دادگـایی کـراوە سـیفەتی تـاوانێکی ئاسـایی هەڵگرتبوو بێت، یان،

[1] دەستەواژەیەکی لاتینییە ئاماژەبەمەبەست لێی ئەوەیە نابێت کەسێک لەسەر هەمان تاوان دووجار دادگایی بکرێت.

ب) کارەکانی بەڕێوەچوونی دادگا نیشتیمانییەکە دادپەروەرانە و سەربەخۆ نەبووبێت، بەشێوەیەک کە وەک قەڵغانێکی لێهاتبێت بۆ تاوانبارەکە بۆ ڕزگاربوون لە سزای تاوانی نێودەوڵەتی، یاخود کەیسەکە بە جدی دادگایی نەکرابێت.

٣. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو سزایەی بەسەر کەسێکدا دەسەپێنرێت کە بە پێی یاسا هەنووکەییەکە تاوانبار کراوە، دەبێت دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە سزایی براوە لەلایەن دادگایەکی نیشتیمانییەوە بۆ هەمان کەس و بۆ هەمان تاوان جێبەجێ کراوە.

ماددەی ١٠: پێکهاتەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا

دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕواندا لەم ئەندامانەی خوارەوە پێکدێت:

ا) ژوورەکان، پێکدێت لە سێ ژووری دادگایی کردن و ژوورێکی تێهەڵچوونەوە،

ب) داواکاری گشتی،

ج) تۆمار.

ماددەی ١١: پێکهاتەی ژوورەکان

١. دەبێت ژوورەکان لە ژمارەیەک دادوەری سەربەخۆ پێکبێن کە ژمارەیان لای زۆر لە شازدە دادوەر پێکهاتبێت، نابێت دووان لەوانە هاولاتی یەک ولات بن و لەیەک کاتدا، بەپێی ماددەی ١٢، بڕگەی ٢ لە یاسا هەنوکەییەکەدا، تەنها نۆ دادوەری سەربەخۆی تایبەتمەندکراو دادەنرێن کە نابێت هیچ دووانیک لەوانە هاولاتی یەک ولات بن.

٢. دەکرێت گشت ژوورێکی دادگاییکردن دابەش بووبێت بەسەر چەند بەشێکدا و هەریەک لەو بەشانەش سێ دادوەری تێدابێت، دوو دادوەری هەمیشەیی و یەکێکی تایبەتمەندکراو(ڕاسپێردراو). گشت بەشێکی ژوورەکانیش هەمان دەسەلات و بەرپرسیاریتی ژوورەکەی دەبێت ئەمەش بەپێی یاسا هەنوکەییەکە دەبێت و فەرمانەکانی بەگوێرەی هەمان یاسا دەبێت.

٣. حەوت لەو دادوەرە هەمیشەییانە ئەندامی ژووری دادگای تێهەڵچوونەوە دەبن. بۆ هەر تێهەڵچوونەوەیەک، دەبێت دادگاکە لە پێنج لە ئەندامەکانی پێکهاتبێت.

٤. ئەوکەسەی ئەندامێتی هەیە لە ژوورەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا و خاوەنی ڕەگەزنامەی دوو وڵاتە بە هاوڵاتی ئەو وڵاتە هەژمار دەکرێت کە تیایدا وەک کەسێکی ئاسایی مومارەسەی مافە مەدەنی و سیاسیەکانی خۆی دەکات.

ماددەی ١٢: شایستەیی و هەڵبژاردنی دادوەرەکان

دەبێت دادوەرە هەمیشەیی و ڕاسپێردراوەکان خاوەنی ڕەوشتی بەرز، بێلایەنی، دەستپاکی بن و خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانە بن کە لەلایەن وڵاتەکانی خۆیانەوە بۆ وەرگرتنی بەرزترین دەسەڵاتی دادوەری داواکراوە. دەبێت لە پێکهاتەی گشت ژوورەکانی دادگایی و بەشەکانی ژوورەکانی دادگاییدا، بوونی ئەزموونی تەواوی دادوەرەکان لە یاسای تاوان، یاسای نێودەوڵەتی و یاسای نێودەوڵەتی مرۆڤایەتی و یاساکانی مافی مرۆڤ لەبەرچاو بگیرێت.

ماددەی ١٢ دووەم: هەڵبژاردنی دادوەرە هەمیشەییەکان

١. دەبێت یانزدە لە دادوەرە هەمیشەییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا وە لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە لە لیستێکدا کە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە پێشکەش کراوە، هەڵبژێردرێت و ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا) سکرتێری گشتی بانگهێشتنی کاندیدەکانی پۆستی دادوەری هەمیشەیی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەکات، لە ڕێگەی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو وڵاتانەی ئەندام نین و کاریان چاودێری هەمیشەییە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا،

ب) لەماوەی شەست ڕۆژدا لە ڕێکەوتی بانگهێشتکردنەکەی سکرتێری گشتییەوە، هەر وڵاتێک دەتوانێت تا دوو کاندید، کە هەڵگری کارامەیی داواکراوبن بە پێی ماددەی ١٢ی یاسا هەنووکەییەکە، پێشنیار بکات، نابێت هیچ لەو دووانە هاوڵاتی یەک وڵات بن و نابێت

لەگەڵ هیچ دادوەرێکی ئەندام لە دادگای تێهەڵچوونەوەدا خاوەن هەمان ڕەگەزنامە بێت، کە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی بۆ دادگاییکردنی کەسانی تاوانبار بە ئەنجامدانی پێشێلکاری یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لە ناو خاکی یۆگوسلاڤیا لەوەتەی ١٩٩١ەوە (کە بە "دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی یۆگوسلاڤیای پێشوو" ناودەبرێت) بە پێی ماددەی ١٢دووەم ی یاسای دادگاییکردنەکە، هەڵبژێردراوە یاخود دیاریکراوە،

ج) دەبێت سکرتێری گشتی ناوی ئەو کاندیدانەی کە بەدەستی گەیشتوون بۆ ئەنجومەنی ئاسایشیان ڕەوانە بکات. لەو کاندیدانەدا کە بەدەستی گەیشتووە، دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش لیستێک ئامادە بکات کە لە بیست و دوو کەس کەمتر نەبێت و لە سی و سێ کەس زیاتر نەبێت، بەلەبەرچاوگرتنی نوێنەرایەتی گونجاوی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا لە سیستەمە بنچینەییە یاساییەکەی جیهاندا،

د) دەبێت سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لیستی ناوی کاندیدەکان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی بنێرێت. لەنێو ئەو لیستەشدا، ئەنجومەنی گشتی پانزدە دادوەرە هەمیشەییەکەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا هەڵدەبژێرێت. ئەو کاندیدانەی زۆرینەی دەنگی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا و ئەو وڵاتانەی ئەندام نین و سیفەتی چاودێری گشتییان پێدراوە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەدەست دەهێنن، ناوەکانیان وەک هەڵبژێردراو ڕادەگەیەنرێت. لەئەگەری بەدەستهێنانی زۆرینەی پێویستی دەنگەکان لەلایەن دوو دادوەری سەر بە یەک دەوڵەتەوە، ئەوا ئەو دادوەرەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە بە هەڵبژێردراو دادەنرێت.

٢. لەکاتی بوونی شوێنێکی بەتاڵ لە نێو دادوەرە هەمیشەیی هەڵبژێردراوەکانی ژوورەکانی دادگاییکردندا یاخود ئەوانەی بەپێی ئەم ماددەیە دامەزرێندراون و پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ هەردوو سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی گشتیدا، سکرتێری گشتی کەسێک دەستنیشان دەکات کە تایبەتمەندییەکانی ماددەی ١٢ی ئەم یاسا بنەڕەتییەی تێدابێت، بۆئەوەی تاکو کۆتایی ماوەی ئەو کارە ئەو پۆستە بەتاڵە پڕبکاتەوە.

٣. ئەو دادوەرانەی بەپێی ئەم ماددەیە هەڵبژێردراون، ماوەی دەسەڵاتیان چوار ساڵە. هەلومەرجەکانی خزمەتی دادوەرەکان وەک ئەوانەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یوگوسلاڤیا دەبێت. شایستەییان هەیە دووبارە هەڵبژێردرێنەوە.

ماددەی ١٢ سێیەم: هەڵبژاردن و دیاریکردنی دادوەرە ڕاسپێردراوەکان

١. دەبێت دادوەرە تایبەتمەندکراوەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا لەلایەن ئەنجومەنی گشتییەوە لە لیستێکدا کە لە لایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە پێشکەش کراوە، هەڵدەبژێردرێت و ئەمەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

ا) سکرتێری گشتی بانگهێشتی کاندیدەکانی پۆستی دادوەری ڕاسپێردراوی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەکات، لە ڕێگەی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەو وڵاتانەی ئەندام نین و کاریان چاودێری هەمیشەییە لە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکاندا،

ب) لەماوەی شەست ڕۆژدا لە ڕێکەوتی بانگهێشتکردنەکەی سکرتێری گشتییەوە، هەر وڵاتێک دەتوانێت تاکو چوار کاندید، کە کە هەڵگری تایبەتمەندی داواکراوبن بە پێی ماددەی ١٢ی یاسا هەنووکەییەکە، پێشنیار بکات، بەڕەچاوکردنی گرینگی هاوسەنگی نێوان نوێنەرایەتی نێر و مێدا،

ج) سکرتێری گشتی ناوی ئەو کاندیدانەی بەدەستی گەیشتوون بۆ ئەنجومەنی ئاسایش، دەنێرێت. لەو کاندیدانەدا کە بەدەستی گەیشتووە، دەبێت ئەنجومەنی ئاسایش لیستێک ئامادە دروست بکات کە لە سی و شەش کەس کەمتر نەبن و ، نوێنەرایەتی گونجاوی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا لە سیستەمە بنچینەییە یاساییەکەی جیهاندا و دابەشبوونی جوگرافی، ڕەچاو بکات،

د) سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایش لیستی ناوی کاندیدەکان بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی گشتی بنێرێت. لەنێو ئەو لیستەشدا، ئەنجومەنی گشتی هەژدە دادوەرە ڕاسپێردراوەکەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا هەڵدەبژێرێت. ئەو کاندیدانەی زۆرینەی دەنگی وڵاتانی ئەندام لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا و ئەو وڵاتانەی ئەندام نین و سیفەتی

چاودێری گشتییان پێدراوە لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا، بەدەست دەهێنن، ناوەکانیان وەک هەڵبژێردراو رادەگەیەنرێت. لەئەگەری بەدەستهێنانی زۆرینەی پێویستی دەنگەکان لەلایەن دوو دادوەری سەر بە یەک دەوڵەتەوە، ئەوا ئەو دادوەرەی زۆرترین دەنگی بەدەستهێناوە بە هەڵبژێردراو دادەنرێت.

ه) ماوەی دەسەلاتی ئەو دادوەرانەی بەپێی ئەم ماددەیە هەڵبژێردراوون چوار ساڵە. حوکم و مەرجەکانی خزمەتی دادوەرەکان وەک ئەوانەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یوگوسلاڤیا دەبێت. ناکرێت دووبارە هەڵببژێردرێنەوە.

٢. لەماوەی کارکردنیاندا، دادوەرە ڕاسپێردراوەکان لەلایەن سکرتێری گشتییەوە دادەنرێن، لەسەر داوای سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا، بۆئەوەی لە دادگاییەک یان زیاتردا لە ژوورەکانی دادگاییکردندا خزمەت بکەن و ماوەی کارکردنەکەی تا سێ ساڵ بێت بەلام لەوە تێنەپەڕێت. لەکاتی داواکردن بۆ دانانی دادوەرێکی ڕاسپێردراو، دەبێت سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا ئەو تایبەتمەندییانەی لە ماددەی ١٢ی ئەم یاسایەدا لەبارەی پێکهاتنی دادگا و بەشەکانی ژووری دادگاییکردن هاتووەو هەروەها ڕێنماییەکانی بڕگەی ١ (ب) و (ج) ی سەرەوە و ژمارەی دەنگی بەدەستهاتوو بۆ دادوەرە ڕاسپێردراوەکان لە ئەنجومەنی گشتییەوە، ڕەچاو بکات.

ماددەی ١٢چوارەم: دۆخی دادوەرە ڕاسپێردراوەکان

١. لەوماوەیەدا کە بۆ خزمەتکردن لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندادا دامەزراون، دادوەرانی ڕاسپێردراو، دەبێت:

ا) سوودمەندی گشت یاسا و ڕێسایەکی خزمەتگوزارییە پێویستەکان بن، هەروەک دادوەرانی هەمیشەیی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا،

ب) هەمان دەسەلاتی دادوەری هەمیشەیی دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕواندایان دەبێت، هەروەک لە بڕگەی ٢ دا لە خوارەوە هاتووە،

ج) هەمان ئیمتیاز و پارێزبەندی و ئازادی و پێداویستییەکانی دادوەری هەمیشەیی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندایان دەبێت،

د) هەمان دەسەڵاتی حوکمدانی هەیە لە پرۆسەکانی بەر لە دادگاییکردندا بۆ ئەو کەیسی تری جیا لەوانەی کە لە پێناویدا دامەزراوە.

٢. لەو ماوەیەدا کە بۆ خزمەتکردن لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا بۆیان دیاریکراوە، دادوەری ڕاسپێردراو، نابێت:

ا) کاندیدێک بۆ سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕواندا، یاخود سەرۆکی ژوورێکی دادگاییکردن بچێتە هەڵبژاردنەکانەوە، یاخود لە هەڵبژاردنی سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕواندا، یانسەرۆکی ژوورێکی دادگاییکردن دا دەنگ بدات، ئەمەش بەگوێرەی ماددەی ١٣ی ئەم یاسایە.

ب) دەسەڵاتی هەبێت:

i) لە هەمواركردنەوەی یاساكانی بەڕێوەچوون و بەڵگەكان بە پێی ماددەی ١٤ ی ئەم یاسا بنەڕەتییە. بەڵام دەكرێت بەر لە هەمواركردنەوەی ئەو یاسایانە ڕاوێژیان پێبكرێت،

ii) پێداچوونەوەی تاوانباركردن بەپێی ماددەی ١٨ی ئەم یاسا بنەڕەتییە،

iii) ڕاوێژكردن لەگەڵ سەرۆكی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا لەبارەی كاری دادوەرەكانەوە بەپێی ماددەی ١٣ی ئەم یاسا بنەڕەتییە، یاخود لەبارەی بەخشینێك یاخود گۆڕینی سزایەك بەپێی ماددەی ٢٧ ی ئەم یاسا بنەڕەتییە.

ماددەی ١٣: کارمەندان و ئەندامانی ژوورەکان

١. دادوەرە هەمیشەییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەبێت سەرۆکێک لەنێو خۆیاندا هەڵبژێرن.

٢. سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەبێت ئەندامی یەکێک لە ژوورەکانی دادگاییکردنەکان بێت.

٣. پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ دادوەرە هەمیشەییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا، سەرۆک دەستنیشانی دوو لەو دادوەرە هەمیشەییانە دەکات کە بەپێی ماددەی ١٢ دوو ی ئەم یاسا بنەڕەتییە هەڵبژێردراوون یاخود دانراوون تاکو ببن بە ئەندام لە ژوورەکانی تێهەڵچوونەوەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ یوگوسلاڤیای پێشوو و هەشت کەسیش بۆ ژوورەکانی دادگاییکردن لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا. سەرەڕای ڕاسپاردەکانی

مادده‌ی ١١، برگه‌ی ١و مادده‌ی ١١، برگه‌ی ٢، ده‌كرێت سه‌رۆك تا چوار دادوه‌ری هه‌میشه‌یی تر بۆ ژووره‌كانی تێهه‌ڵچوونه‌وه ڕابسپێرێت بۆئه‌وه‌ی له‌ژووره‌كانی دادگاییكردندا كار بكه‌ن، بۆ كۆتاییهێنان به‌و كه‌یسانه‌ی كه هه‌ر دادوه‌رێك بۆی ته‌رخان كراوه. ماوه‌ی ده‌سه‌ڵاتی هه‌ر دادوه‌رێك له‌وانه‌ی دووباره دابه‌شی سه‌ر ژووره‌كانی تێهه‌ڵچوونه‌وه كراون وه‌ك هه‌مان ماوه‌ی ئه‌و دادوه‌رانه ده‌بێت كه له ژووره‌كانی تێهه‌ڵچوونه‌وه‌دا خزمه‌ت ده‌كه‌ن.

٤. ده‌بێت ئه‌ندامانی ژووری تێهه‌ڵچوونه‌وه‌ی دادگای نێوده‌وڵه‌تی بۆ یۆگوسلاڤیای پێشوو وه‌ك ئه‌ندامی ژووری تێهه‌ڵچوونه‌وه‌ی دادگای نێوده‌وڵه‌تی بۆ ڕوانداش خزمه‌ت بكه‌ن.
٥. پاش ڕاوێژكردن له‌گه‌ڵ دادوه‌ره هه‌میشه‌ییه‌كانی دادگای نێوده‌وڵه‌تی بۆ ڕواندا، ده‌بێت سه‌رۆك ئه‌و دادوه‌ره ڕاسپێردراوانه دیاری بكات كه ڕه‌نگبێت هه‌ندێك جار بۆ خزمه‌تكردن له دادگای نێوده‌وڵه‌تی بۆ ڕواندا دا خزمه‌ت بكه‌ن.
٦. ده‌بێت دادوه‌ر ته‌نها له‌و ژووره‌دا خزمه‌ت بكات كه بۆی دیاریكراوه.
٧. دادوه‌رانی هه‌میشه‌یی له هه‌ر ژوورێكی دادگاییكردندا ده‌بێت سه‌رۆكێك له‌نێو خۆیاندا هه‌ڵبژێرن، كه سه‌رپه‌رشتی كاری ژووری دادگاییكردنه‌كه به شێوه‌یه‌كی گشتی، بكات.

مادده‌ی ١٤: ڕێساكانی به‌ڕێوه‌چوون و به‌ڵگه‌كان

دادوه‌رانی دادگای نێوده‌وڵه‌تی بۆ ڕواندا، به‌مه‌به‌ستی به‌رده‌وام بوونی كاری دادگاییكردن له‌به‌رده‌م دادگای نێوده‌وڵه‌تی ڕواندا، ده‌بێت بتوانێت ڕێساكانی به‌ڕێوه‌چوون و به‌ڵگه بۆ قۆناغی به‌رله دادگاییكردن، دادگاییكردن و تێهه‌ڵچوونه‌وه‌كان، وه‌رگرتنی به‌ڵگه‌كان، پاراستنی قوربانیان و گه‌واهیداران و ئه‌و كێشانه‌ی دادگای نێوده‌وڵه‌تی بۆ یۆگوسلاڤیای پێشوو هه‌موار بكاته‌وه به‌و شێوه‌یه‌ی كه پێویسته.

ماددەی ١٥: داواکاری گشتی

١. داواکاری گشتی دەبێت بەرپرسیاربێت لە لێکۆڵینەوە و سکاڵاکردن لەو کەسانەی بەرپرسیارن لە پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ لە نێو خاکی ڕواندا و ئەو هاوڵاتییە ڕواندییانەی ئەو پێشێلکارییەیان لەنێو وڵاتانی دراوسێدا ئەنجامداوە، لە ماوەی نێوان ١ی کانونی دووەمی ١٩٩٤ و ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٤دا.

٢. داواکاری گشتی دەبێت وەک ئۆرگانێکی سەربەخۆ و جیاواز لە دادگا نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا کار بکات. نابێت داواکاری گشتی زانیاری لە لایەن هیچ حکومەتێکەوە یان هەر سەرچاوەیەکی ترەوە، پێبگات.

٣. نوسینگەی داواکاری گشتی پێکدێت لە داواکاری گشتی و چەندکەسێکی لێهاتووی تر بەپێی پێویست.

٤. داواکاری گشتی دەبێت لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشەوە دابنرێت ئەویش پاش کاندیدکردنیەوە لەلایەن سکرتێری گشتییەوە. ئەو دەبێ خاوەنی ڕەوشتی بەرز بێت و هەروەها خاوەنی ئاستێکی بەرزی ئەزم و لێهاتوویی بێت سەبارەت بە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و دادگاییکردنی کەیسەکانی تاوان. دەبێت ماوەی دەسەڵاتی داواکاری گشتی چوار ساڵ بێت و بۆی هەبێت دووبارە هەڵبژێردرێتەوە. ڕێنماییەکانی کاری داواکاری گشتی هەمان ئەوانەی جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت.

٥. ٥.ستافی نوسینگەی داواکاری گشتی، لەلایەن سکرتێری گشتییەوە، لەسەر ڕاسپاردەی داواکاری گشتی، دادەنرێن.

ماددەی ١٦: تۆمار

١. تۆمار بەرپرسیارە لە بەڕێوەبردن و خزمەتگوزارییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا.

٢. تۆمار پێکدێت لە تۆمارکار و هەندێک فەرمانبەری تر بەپێی پێویست.

٣. سکرتێری گشتی تۆمارکار دەستنیشان دەکات پاش ڕاوێژکردن لەگەڵ سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتییەوە بۆ ڕواندا. ماوەی کاری دەسەڵاتی ئەو

کەسە چوار ساڵ دەبێت، بۆی هەیە دووبارە لەو پۆستە دابنرێتەوە. ماف و بەرپرسیارێتییەکانی هەمان ئەوانەی یاریدەدەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبن.

٤. دەبێت کارمەندی تۆمار، لەسەر پێشنیاری تۆمارکار، لەلایەن سکرتێری گشتییەوە دیاری بکرێن.

ماددەی ١٧: لێکۆڵینەوە و ئامادەکارییەکانی تۆمەتبارکردن

١. داواکاری گشتی بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێی دراوە یاخود لەسەر بنچینەی ئەو زانیاریانەی لە هەر سەرچاوەیەکەوە دەستی دەکەوێت، بەتایبەتی لەلایەن حکومەتەکانەوە، ئۆرگانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، ڕێکخراوە حکومییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکانەوە، دەست بە لێکۆڵینەوە بکات. هەروەها دەبێت داواکاری گشتی ئەو زانیاریانەی بەدەستی دەگات هەڵبسەنگێنێت و بڕیار بدات ئایا بە پێی پێویستن بۆ بەدواداچوونیان.

٢. دەبێت داواکاری گشتی دەسەڵاتی پرسیارکردنی لە گومانلێکراوان، قوربانیان و گەواهیداران هەبێت. بەمەبەستی کۆکردنەوەی بەڵگە و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی لەشوێنی ڕووداوەکە، بەمەبەستی بەجێگەیاندنی ئەم ئەرکانەش، داواکاری گشتی دەتوانێت داوای یارمەتی لە دەسەڵاتەکانی دەوڵەتی پەیوەندیدار بکات.

٣. کاتێک پرسیاری لێدەکرێت، گومانلێکراو بۆی هەیە لەلایەن پارێزەرێکەوە هاریکاری بکرێت کە خۆی هەڵیبژاردبێت و مافی هەبوونی یاریدەدەرێکی یاسایی هەیە بەبێ بەرامبەر، ئەمەش لەکاتێکدا کە کەسی گومانلێکراو توانای دابینکردنی ئەوەی نەبێت و هەروەها مافی بۆدابینکردنی وەرگێڕانی هەیە بۆ ئەو زمانەی پێی دەدوێ لێی تێدەگات و بە پێچەوانەشەوە.

٤. لەکاتی بوونی بەڵگە سەرەتاییەکاندا، داواکاری گشتی لیستی تاوانەکان و گشت ووردەکاری و ڕاستی ئەو تاوانانەی کە کەسی گومانلێکراوی پێ تاوانبار کراوە، ئامادە بکات و بەپێی یاسا بیخاتە ڕوو. دەکرێت ئەوەش بۆ دادوەری ژووری دادگایی ڕەوانە بکرێت.

ماددەی ١٨: پێداچوونەوەی لیستی تاوانەکان

١. دادوەری ژووری دادگـــــاییکردن دەبێـــــت دەبێـــــت بە پەڕاوی تاوانبارکردنەکەدا بچێتەوە کە بۆی نێردراوە. ئەگەر قایل بوو بەو کەیسی بەرایـیەی لەلایەن داواکـاری گشـتییەوە ئامـادە کـراوە، دەبێـت دادوەر تاوانبـارکردنەوەکە بچەسـپێت. بەپـێچەوانەوە ئەگەر ڕازی نەبـوو، دەبێت ئەو تاوانبارکردنە ڕەت بکرێتەوە.

٢. بەقایلبوون بە تاوانبـارکردنەکە، لەسـەر داوای داواکـاری گشـتی، دەکرێت دادوەر فەرمـانی دەسـتگیرکردن، دەستبەسـەرکردن، خۆبەدەسـتەوەدان یاخود گواستنەوەی کەسـەکان یـاخود هەرفەرمـانێکی تر دەربکـات کە بۆ بەڕێوەچوونی دادگاییکردنەکە پێویست بێت.

ماددەی ١٩: دەستپێکردن و بەڕێوەچوونی پرۆسەکانی دادگاییکردن

١. ژوورەکـــانی دادگـــاییکردن دەبێـــت لە بەڕێوەچـــوونی پرۆســـەکانی دادگـاییکردن بەشـێوەیەکی دادپەروەرانە و خێـرا و بە پێـی ڕێسـاکانی بەڕێوەچـون و بەڵگەکـان، ڕێزگرتنـی گومـانلێکراو، پاراسـتنی قوربانیـان و گەواهیداران، دڵنیابنەوە.

٢. دەبێت ئەوکەسەی تۆمەتبارکراو، ملکەچـی فەرمـانی دەستگیرکردنەکەبێت کە لەلایەن دادگای نێودەڵەتی بۆ ڕواندا دەرچووە، دەستبەسـەر بکرێت و لەو تاوانـانەی خـراونەتە پـاڵی ئاگـادار بکـرێتەوە و بگـوێزرێتەوە بـۆ دادگای نێودەوڵەتی تاوانەکان بۆ ڕواندا.

٣. ژووری دادگـایی کـردن دەبێـت پەڕاوی تاوانبـارکردنەکە بخـوێنێتەوە و دڵنیـابیتەوە لەوەی ڕێـز لە مافەکـانی کەسـی گومـانلێکراو گیـراوە و لەو تاوانـانەی خـراونەتە پـاڵی تێدەگات و ڕێنـوێنی بکـات بـۆئەوەی وەڵام بداتەوە. پاشان ژووری دادگاییکردن دەتوانێت ڕێکەوتـی دادگاییکردنەکە دیاری بکات.

٤. دەبێت گوێگرتنەکان لەدادگادا بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام بدرێت تەنها لەو ئەگەرەدا نەبێت کە دادگا بەپێی ڕێساکانی بەڕێوەچوونی دادگایی و بەڵگەکان فەرمان بەنهێنیکردنی بدات.

ماددەی ٢٠: مافەکانی کەسی گومانلێکراو

١. هەموو کەسێک دەبێت لەبەردەم دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا یەکسان بێت.
٢. تۆمەتبارکراو، دەبێت پرۆسەی دادگاییکردنەکەی بەشێوەیەکی دادپەروەرانە و ئاشکرا بەڕێوە بچێت.
٣. بەپێی ماددەی ٢١ ی ئەم یاسایە،
٤. بەگوێرەی ڕاسپاردەکانی ئەم یاسایە، کەسی گومانلێکراو بێتاوانە تاکو ئەوکاتەی تاوانەکەی بەسەردا ساغ دەبێتەوە.
٥. لەکاتی بڕیاردان لەسەر بڕینەوەی هەر سزایەک بۆ کەسی گومانلێکراو بە تاوانێک بەپێی ئەم یاسایە، کەسی تۆمەتبارکراو بەلایەنی کەمەوە و بەوپەڕی یەکسانییەوە ئەم مافانەی خوارەوەی دەبێت:

ا) دەبێت لەڕێگەی زمانێکەوە کە لێی تێدەگات، بەشێوەیەکی تەواو گشت وردەکاری و دەرئەنجامی ئەو سزایەی بەسەریدا سەپێنراوە بۆ کەسی تاوانبار ڕوونبکرێتەوە،

ب) دەبێت کات و پێداویستی تەواوی لەبەردەستدابێت بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ بەرگریکردن لەخۆی و گفتوگۆکردن لەگەڵ پارێزەرێک کە خۆی هەڵیبژاردووە،

ج)دەبێت بەبێ هیچ دواخستنێکی ناپێویست، دادگایی بکرێت،

د) دەبێت دادگاییکردنەکە بە ئامادەبوونی کەسی گومانلێکراو یان بەئامادەبوونی یاریدەدەرێکی یاسایی کە خودی کەسی دادگاییکراو دەستنیشانی کردووە بەڕێوە بچێت، دەبێت لەو مافە ئاگادار بکرێتەوە، ئەگەر یاریدەدەرێکی یاسایی نەبوو و لەئەگەری نەبوونی توانای پێدانی شایستە داراییەکان بە یاریدەدەرێکی یاسایی، ئەوا لەهەر کاتێکدا کە دادگا داوای دەکات، دانەیەکی بۆ دەستنیشان دەکرێت بەبێ ئەوەی ئەوکەسەی دادگایی دەکرێت هیچ پارەیەکی لێ وەربگیرێت،

هـ) بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵ گەواهیدارانی دژ بە تۆمەتبارکراوەکە و وەرگرتنی ئامادەبوون و لێکۆڵینەوە لەو گەواهیدارانەی لەبری ئەون هەمان یاسای گەواهیدارانی دژ بەو کەسە دەیانگرنەوە،

و) لەکاتی تێنەگەیشتن یاخود نەبوونی توانای ئاخاوتن بەو زمانەی لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندادا بەکاردێت، دەبێت بەبێ بەرامبەر وەرگێڕێکی بۆ دابین بکرێت،
ز) نابێت ناچار بکرێت کە گەواهی دژ بەخۆی بدات یاخود دان بە تاواندا بنێت.

ماددەی ٢١: پاراستنی قوربانی و گەواهیدەرەکان

دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەبێت بە پێی ڕێسای بەڕێوەچوون و بەڵگەکان، پاراستنی قوربانییەکان و گەواهیدەرەکان دابین بکات. پێوەرەکانی ئەم جۆرە پاراستنە بیگرێتەوە بەڵام سنورداریش نەبێت بە دانانی بەڕێوەچوونی دادگاییەکان بە کامیرا و پاراستنی ناسنامەی قوربانی.

ماددەی ٢٢: حوکم

١. دەبێت دادگا ئەو حوکمە و ئەو سزایە بخوێنێتەوە کە بەهۆی پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤەوە بەسەر کەسی تاوانباردا سەپێنراوە.
٢. دەبێت ئەو حوکمە بەزۆرینەی دەنگی دادوەرانی ژووری دادگاییەکە دەربچێت و بەئاشکرا لەلایەن دادگاوە بۆ گشتی بخوێندرێتەوە. دەبێت حوکمەکە و هۆی حوکمەکە و ئەو ڕایانەی تریش کە وەرنەگیران بە نوسراو لەگەڵدابێت.

ماددەی ٢٣: سزاکان

١. ئەو حوکمانەی لەلایەن ئەم دادگایەوە دەسەپێنرێت دەبێت لە زیندانیکردن تێنەپەڕێت. لەدیاریکردنی ماوەی زیندانیکردنەکەشدا، دەبێت دادگا بگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزمونە گشتییەی سزای بەندکردن کە لە دادگاکانی ڕواندادا پەیرەو کراوە.
٢. لەکاتی سەپاندنی سزاکاندا، ژوورەکانی دەبێت ڕەچاوی ئەوە فاکتەرانەی وەک مەترسی تاوانەکە و بارودۆخی تاکی حوکمدراو.

٣. سەرەڕای زیندانییکردن، ژوورەکانی دادگا دەتوانێت فەرمان بدات بۆ گێڕانەوەی هەر شتێکی زەوت کراو بکاتەوە کە لەلایەن تاوانبارەوە، بەهەر جۆرێک بێت، بۆ خاوەنە ڕەواکەی.

ماددەی ٢٣: ڕێکارەکانی تێهەڵچوونەوە

١. دادگای تێهەڵچوونەوە دەبێت گوێ لە داواکارییەکانی تێهەڵچوونەوە بگرێت کە لەلایەن کەسانی حوکمدراوی دەستی دادگاکان یان لەلایەن داواکاری گشتییەوە تاوانبار کراون لەم دۆخانەی خوارەوەدا:

ا) هەڵەیەک لە پرسیارێکی یاساییدا کە بڕیارەکە هەڵدەوەشێنێتەوە، یاخود

ب) هەڵەیەک لە ڕاستییەکدا کە دادپەروەری لەبار دەبات.

٢. دادگای تێهەڵچوونەوە دەتوانێت فەرمانی دادگا پشتڕاست یاخود پێچەوانە بکاتەوە کە لەلایەن دادگاکانەوە دراون.

ماددەی ٢٥: پێداچوونەوە بە بەڕێوەچوونی دادگاییدا

هەرکاتێک ڕاستییەکی نوێ دەدۆزرێتەوە کە لە کاتی بەڕێوەچوونەکانی بەر لە دادگاییکردندا یاخود تێهەڵچوونەوەکاندا نەزانرابووبێت، دەکرێت بە فاکتەرێکی یەکلاییکەرەوە دابنرێت بۆ گەیشتنە بڕیاردان، کەسی دادگاییکراو یاخود داواکاری گشتی دەتوانێت داواکارییەک پێشکەش بە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا بکات بەمەبەستی پێداچوونەوە بە بڕیاری دادگا.

ماددەی ٢٦: جێبەجێکردنی حوکمەکان

زیندانیکردن لە ڕواندا دەبێت یاخود لەهەر وڵاتێکی تر کە ناوی لە لیستی ئەو وڵاتانەی ئەنجومەنی ئاسایشدا هاتووە، کە لەلایەن دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕوانداوە دیاری کراوە، کە ڕەزامەندییان لەسەر وەرگرتنی کەسانی حوکمدراو، دەربڕیوە. ئەو بەندکردنەش بەگوێرەی گونجان لەگەڵ یاسای وڵاتی پەیوەندیدار، بەشدار لە سەرپەرشتیکردنی دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕواندا، دەبێت.

ماددەی ٢٧: لێبوردن یان سوککردنی سزاکان

بەپێی یاساکانی ئەو وڵاتەی کەسی حوکمدراوی تێدا بەند کراوە، ئەگەر ئەو کەسە لێوەشاوەبێت (ئەو مافە بیگرێتەوە) بۆ لێبوردن یاخود گۆڕینی سزاکەی، ئەوا ئەو وڵاتە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا لەو بارەیەوە ئاگادار دەکاتەوە. لێبوردن و سوککردنی سزا تەنها لەلایەن سەرۆکی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕوانداوە دەبێت، بەڕاوێژکردن لەگەڵ دادوەرەکاندا، ئەویش لەسەر بنەمای بەجێگەیاندنی دادپەروەری گوێڕایەڵی بنەما گشتییەکانی یاسا دەبێت.

ماددەی ٢٨: هاوئاهەنگی و هاوکاری دادوەری

١. دەبێت وڵاتان هاوئاهەنگی و هاوکاری بکەن لە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی کەسی تۆمەتبارکراو بە ئەنجامدانی پێشێلکاری دژ بە یاسا نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ هاریکاری دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا.

٢. دەبێت وڵاتان بەبێ دواخستنی ناپێویست بەدەم داواکاری یارمەتی یان فەرمیکی لە لایەن دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕوانداوە دەرکراو بچن و ئەمانەی خوارەوەش ئەنجام بدەن:

ا) دیاریکردنی ناسنامە و شوێنی کەسەکان،

ب) وەرگرتنی ووتە و دابینکردنی بەڵگە،

ج) کاری دۆکیومێنتەکان،

د) دەستگیرکردن یاخود دەستبەسەرکردنی کەسەکان،

ه) خۆبەدەستەوەدان یاخود گواستنەوەی کەسی تاوانبار بۆ دادگاه نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا.

ماددەی ٢٩: پێگە، ماف و پارێزبەندییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا

١. ڕێککەوتننامەکەی١٣ی شوباتی ١٩٤٦ ی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەبارەی ماف و پارێزبەندییەکانی بەسەر دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا، دادوەرەکان، داواکارانی گشتی و ستافەکەیان و تۆمارکار و ستافەکەی جێبەجێ دەبێت.

٢. دادوەران، داواکاری گشتی و تۆمارکار سوود لە ماف و پاریزبەندییەکان، ئاسانکاری پەسەندکراو بۆ نێردراوە دیپلۆماتیکەکان بە پێی یاسا نێودەوڵەتییەکان.

٣. ستافی داواکاری گشتی و تۆمارکار، دەبێت ماف و پاریزبەندییان وەک بەرپرسانی نەتەوەیەکگرتووەکان بێت لە ماددەی ٥ و ٧ ی ئەو ڕێککەوتنەی لە بڕگەی ١ی ئەم ماددەیەدا ئاماژەی پێکراوە وەردەگرن.

٤. ئەو کەسانەی تر، بە تاوانبارانەوە، کە لە بارەگا یاخود شوێنی کۆبوونەوەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا داواکراون، بەجۆرێک مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت کە پێویست بێت بۆ بە باشی بەڕێوەچوونی کارەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا.

ماددەی ٣٠: تێچووی دادگای نێودەوڵەتی بۆ کەیسی ڕواندا

دەبێت گشت خەرجییەکانی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا خەرجی ڕێکخراوەکەبێت بە پێی ماددەی ١٧ ی ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دەبێت.

ماددەی ٣١: زمانەکانی کارپێکراو

زمانی کارپێکراو لە دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا دەبێت ئینگلیزی و فەرەنسی بێت.

ماددەی ٣٢: یاداشتی ساڵانە

دەبێت سەرۆکی دادگا نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا یاداشتی ساڵانەی دادگای نێودەوڵەتی بۆ ڕواندا بۆ هەردوو ئەنجومەنی ئاسایش و ئەنجومەنی گشتی، ڕەوانە بکات.

لیستی سەرچاوەکان

Bibliography

- Adelman Howard, “Rwanda Revisited: In Search for Lessons,” Journal of Genocide Research 2, 431-444.
- Adelman Howard, and Astri Shurke, “Feilchen Während Ruanda brennt,” Der Uberblick 32(1996),7-11.
- ---, eds, The path of Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire(New Brunswick, NJ: Transaction,2000).
- Africa confidential(1992-2001)
- Africa report (1992-1994).
- African Rights, Rwanda: Death, Despair and Defiance, 2nd rev. ed(London: African Rights, 1995).
- “The Americans Preferred Not to Say ‘Genocide’,”Haaretz, August 22,2000[Hebrow].
- Andreopoulos, George J, “introduction”: the Calculus of Genocide,” in Genocide: Conceptual and Historical Dimentions, ed. George J. Andreopoulos (Philadelphia: University of Pennsylvania, 1994), 1-30.
- Austin, Kathi, L., “Rearming with Impunity: International Support for the Perpetrators of The Rwandan Genocide” (New York: Human Rights Watch Arms Project, 1995).
- http://www.hrw.org/reports/1995/rwanda.htm.

- Aviram, Aviva, “The Bigwig, the intellectual, and The two nuns,” Haaretz, June 18,2001[Hebrow]
- Bahala, Jean- Bosco, “HumanitarianCrisis in the Congo” (Washington, DC: Hearing before the Subcommittee on International Operations and Human Rights of Committee on International Relations, United States House of Representatives, May 17,2001). 27-53.
- Braeckman, Colette, Rwanda: Historire d’un genocide(Paris: Fayard, 1994).
- ----, “Kein Chance Fur die GemäBigten, Der Uberblick 32)1996, 44-46
- Brecht, Bertolt, Poems:1913-1956, trans. John Willett (New York: Eyre Methuen, 1976).
- Brown, Cynthia G., and Farhad Karim, eds., Playing The"Communal Card": Communal Violence and Human Rights (New Yourk: Human Rights Watch, 1995).
- Burkhalter,Holly J., “A Preventable Horror?,” Africa Report 39(1994), 17-21.
- -------, “The Question of Genocide: The Clinton Administration and Rwanda,” World Policy Journal 11 (Winter, 1994/1995),44-54.
- Callamard, gnes, “French Policy in Rwanda,” in The Path of Genocide: The Rwanda,” Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke(New Brunswick, NJ: Translation, 2000), 157-183.
- Carlson , Ingvar, Han Sung-Joo, and Rufus M Kupolati, Report of Independent Inquiry into Action of the UN During the 1994 Genocide in Rwanda(New York: United Nation, 1999).
- Castonguay, Jacques, “In Search of a New Cease Fire (April-July) 1994,” In The Path of a genocide: The Rwanda Crisis from

Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke (New Brunswick, NJ: Transaction, 2000), 271-280.
- Chalk, Frank, "Redefining Genocide," InGenocide: Conceptual and Historical Dimentions, ed. George J. Andreopoulos (Philadelphia: University of Pennsylvania, 1994), 47-63.
- ----, "Ein Verbrechen des Gehorsams: Rwanda-ein besonderes Kapitel in der Geschichte des Völkermords," Der Uberblick 32(1996), 14-17.
- ----, Hate Radio in Rwanda," in The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke (New Brunswick, NJ: Transaction, 2000), 93-107.
- ---, "Rwanda in History of Genocide" (unpublished paper, 1996).
- Chipenda, Jose' B, "Die Kirchen Taten zu weig zu spät, Der Urbeblick 32 (1996), 12-13.
- Chretian, Jean Pieerre, Jean- Francois, Dupaquier, Marcel Kambada, and Josef Ngrambe, Rwanda: les medias du Genocide (Paris: Karthala, 1995).
- Clapham, Chirstopher, "Rwanda" The Perlis of Peacemaking," Journa of Peace Research 35 (1998),193-210.
- Clinton, William J., "Excutive order 12918- Prohibiting Certain Transactions with Resoect to Rwanda and Delegating Authority with Respect to Other United Nations Arms Embargoes, May 26, 1994, "Weekly Compilation of Presidential Documents30(21), 1171-1172.
- ------, "Interview With the French Media in Paris, Joun 7, 1994, "Weekly Compilation of Presidential Documents 30(23), 1251-1255.
- ------, "Letter to Congressional Leaders on Rwanda and Zaire, December 2, 1996," "Weekly Compilation of Presidential Documents. 32(49), 2452-2453.

- Clinton, William J., Antony Lake, Joun Deutch, John Shalikashvili, Brain Atwood, and George E. Moose, "The Situation in Rwanda," U.S. Department of State Dispatch 5 (August 8, 1994),537-542.
- Cook, Susan E.,"Documenting Genocide: Cambodia's Lesson for Rwanda," Africa Today 44(1997), 223-227.
- Crampton, Ben, " Bringing Justice to Rwanda," Times Literary Supplement, August 10, 2001.
- Cuamo, A. H., " The Rwandan Genocide and the Collapse of Moboto's Cleprocracy," In The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Haward Adelman and Astri Suhrke (New Brunswick, NJ: Transaction, 2000), 321-349.
- Dallaire, Roméo "The End of Innocence: Rwanda 1994،" in Jonathan Moore (ed.) ،Hard Choices: Moral Dilemmas in Humanitarian Intervention (Lanham ،MD: Rowman and Littlefield, 1999), 71-86.
- De Lispinay, Charles, "The Churches and the Genocide in the east African Great Lakes Region," in In God's Name: Genocide and Religion in the Twentieth Century, ed. Omer Bartov and Phyllis Mack (New York: Barghahn, 2001), 161-179.
- De Waal, Alex, "The Genocidal State: Hutu Extremism and the origns of the Final Slution in Rwanda, "Times Literary Supplement, July 1, 1994, 3-4.
- Deng, Francis, "Blood Brothers (Reflections on Ethnicity in Africa), "Brookings Review 13(1995), 12-18.
- des Forges، Alison, The Idiology of Genocide, Issue: A Journal of Opinion 23(1995), 44-47.
- --------, Leave None To Tell The Story: Genocide In Rwanda (New York: Human Rights Watch ،1999).
- Destexhe, Alain, Rwanda and Genocide in the Twentieth Century (New York: New York UniversityPress, 2006.

- Diop Boubacar Boris ‹Murambi: The Book of Bones (Bloomington: Indiana University Press ‹2006.
- Dragadze, Tamara, "Comprehending Genocide in Rwanda," Ethnic and Rasial Studies 24(2001), 1065-1070.
- Duarte, Mary T., "Education In Ruanda- Urundi:1946-61," The Historian 57(1995),275-284.
- Fage, John Donnelly A History of Africa (London: Hutchinson, 1978)
- Fein, Helen, Genocide: A Sociological Perspective (London:Sage1993)
- -----, "Genocide, Terror, Life Integrity, and War Crimes: The Case for Discrimination," In Genocide: Conceptual and Historical Dimentions, ed. George J. Andreopulos (Philadelphia: University of Pensylvania,1994), 95-107.
- Fenton, James, "On Rwanda," New York Review of Books, January 18, 1996.
- -------, "A short History of Anti- Hamitizm, New York Review of Books, February 15, 1996.
- Fisiy, Cyprian F., "Of Journeys and Border Crossings: Return of Refugees, Identity, and Reconstraction in Rwanda," African Studies Review 41(1998), 17-28.
- Froom, Erich, "Obedience as a Psychological and Moral Problem," in on Disobedience and other Essays (London: Routledge, 1984), 1-8.
- Gachuruzi, Shally B., "The Role of Zaire in The Rwandese Conflict," In The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke (New Brunswick, NJ: Transaction,2000, 51-59.
- Golan, Avirama,"Only Dozens Turned out for Events Organized by Amnesty for The Rwandan Refugees," Haaretz, September 22, 1994, [hebrow].

- Gourevitch, Philip, We Wish to Inform you That Tomorrow We Will Be Killed with Our Families: Stories from Rwanda (New York: Farrar, Straus and Giraux,1998).
- Guichaoua, Andre, Les crisis politiques au Brundi et au Rwanda (1993-1994)(Lille: Universite des Science etTechnologies, 1995).
- Guichaoua, Andre, "Kein Staat Wird allein zum Frieden finden," Der Uberblick 32(1996), 31-36.
- Gutekunst, Marc Daniel, "The Mille Collines and Kigali at War, "Issue: A Journal of Opinion 23(1995), 22-27.
- Haag, Jan, "Rwanda (1997). http//janhaag.com/ POrwanda.html.
- Herbst, Jeffry, "Review: The Unanswered Question: Attempting to Explain the Rwandan Genocide, "Foreign Affairs 80(2001), 123-126.
- Herman, Judith Lewis ،Trauma and Recovery: The Aftermath of Violence – From Domestic Abuse to Political Terror (New York: Basic Book, 1997).
- Hilsum, Lindsey, "Women Killers in Rwanda" (Sep.1995).
- http//www.odihpn.org/report.asp?id=1158.
- ----, "Unter den frauen sind Opfer und Täterinnen", Der Uberlick 32(1996), 22-24.
- Hintjens, Helen M., "Explaining the 1994 Rwanda" Genocide in Rwanda Journal of Modern African Studies, 37(1999), 241-286.
- Horowitz, Irving Louis, Taking Lives: Genocide and State Power, 5th rev. ed. (New Brunswick, NJ: Transaction, 2002).
- Hoyweghen, Saskia Van, "The Disintegration of the Catholic Church of Rwanda: A study of the Fragmentation of Political and Religious Authority," African Affairs 95(1996), 379-401.
- Human Rights' Watch, "Acknowledging Genocide"
- http//www.hrw.org/reports/1999/Rwanda/Geno15-8-02.htm
- International Criminal Tribunal for Rwanda, Reports of Orders, Decisions and Judgments (Brussels: Bruylant, various years).

- -----, "Rwanda Tribunal Hands Down Life Sentence for Crimes of Genocide Commited by Former Rwandan Prime Minister" (Press Release AFR/95L/2898, 1998)/
- http//www.un.org/news/press/docs/1998/19980904.12898.html
- ----, "Status of Cases." http//www.unictr.org/cases/tabid/204/Default.aspx
- Jaspers, Karl, The Question of German Guilt (trans. E.B. Ashton, New York: Doubleday,1948).
- Jefremovas, Villia, "Acts of Human Kindness: Tutsi, Hutu and Genocide," Issue: A Journal of Opinion 23(1995), 28-31.
- Jenish D'Arcy, "Preventable genocide: InternationalCommunity Failed to Prevent Rwandan Genocide," Meclean's 113(2000), 24.
- Jones, Bruce D., "Civil War: The Peace Process and Genocide in Rwanda," In Civil Wars in Africa, ed. Taisier M. Ali and Robert. O. Mathews (Montreal: Mc Gill-Queen's University Press, 1999), 53-86.
- -----, "The Arisha Peace Process, "In The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke) new Brunswick, NJ: Transaction, 2000), 131-156.
- Kakwenzire, Joan, and Dixon Kamukama, "The Development and Consolidation of Extremist Forces in Rwanda," in The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Shurke) New Brunswick, NJ: Transaction, 2000), 61-91.
- Kelly, Michael, " From The Editor," Atlantic Monthly 288(2001),8.
- Khadiagala, Gilbert M., "Implementing the Arusha Peace Agreement on Rwanda," in Ending Civil Wars: The Implementation of Peace Agreements, ed. Stephen John Stedman, Donald Rothchild and Elizabeth M. Cousens (Boulder, CO: Lynne Rienner, 2002), 463-498.

- Klinghoffer, Arthur Jay, The International Dimension of Genocide in Rwanda(New York: New York University Press, 1998).
- Knesset Debate on Tragedy in Rwanda and Israel Aid to the refugees (Jerusalem, July 27, 1994).
- Kotek, Joel, "The Lesson of Rwanda: A Genocide that Could Have been Prevented" Unpublished paper, 2004.
- Kuper, Leo, Genocide: Its Political Use in the Twentieth Century (New Haven, CT:Yale University Press,1983).
- -----, "Theoretical Issues Relating to Genocide: Uses and Abuses," In Genocide: Conceptual and Historical Dimentions, ed. George J. Andreopoulos (Pheladelphia: University of Pennsylvania, 1994), 31-46.
- Kuperman ,Alan J., "Rwanda in Retrospect،" Foreign Affairs 79(2000) 94-118.
- Laegreid, Turid, "U.N. Peacekeeping in Rwanda," In a Path of Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke) New Brunswick, NJ: Transaction, 2000) 231-251.
- Lemarchand, Rene, "Rwanda: The Rationality of Genocide," Issue: A journal of Opinion 23(1995), 8-11.
- ------, Burundi: "Ethnic Conflict and Genocide," (New York: Woodrow Wilson Center and Cambridge University Press, 1996).
- -----, Genocide in the Great Lakes: Which Genocide? Whose Genocide?" African Studies Review 41 (1998), 3-16.
- Levi, Primo, The Drowned and the Saved (New York: Vintage International, 1989).
- Leymarie, Philippe, " Une avancee de la democratie parlemantaire. La politique francaise au Rwanda en Question," Le Monde Deplomatique 534 (1998), 16-17.
- Longman, Timothy, "Christianity and Democratization in Rwanda: Assessing Church Responses to Political Crisis in the

1990s," in The Christian Church and Africa's Democratization, ed. Paul Gifford (Leiden: Brill, 1994), 188-204.
- -----, "Genocide and Socio-Political Change: Massacres in Two Rwandan Villages," Issue: A Journal of Opinion 23 (1995), 18-21.
- -----, " Verhängnisvolle Nähe zur Macht, Ruandans Kirchen und der Völkermord," Der Ubrerblick 32 (1996), 18-21.
- Longman, Timothy, "Christin Churches and Genocide in Rwanda," in The God's Name: Genocide and Religion in the Twentieth Century, ed. Omer Bartov and Phyllis Mack (New York: Berghahn, 2001) 139-160.
- Magnarella, Poul J., Justice in Africa: Rwanda's Genocide, Its Courts and UN Criminal Tribunal (Aldershot: Ashgate, 2001), 139-160.
- Makinda, Samuel M., " Die Tragödie in RuandaÖ Ursachen und Lehren Fur die Zuknuft," Europa Archiv 49 (Oktober 1994), 579-586.
- Mamdani, Mahmood, "Reconciliation without Justice," Southren African Review of Books 46 (1996), 3-5.
- -------, " When Victims Become Killers: Colonialism ،Nativism and the Genocide in Rwanda (Princeton ،NJ: Princeton University Press ،2001)
- Manstin, Peter, " Der Völkermord in Ruanda," Das Parlament, November 26,1999.
- Martin, Ian, "Hard Choices after Genocide: Human Rights and Political Failures in Rwanda," in Hard Choices: Moral Dilemma in Humanitarian Intervention, ed. Jonatan Moore (Lanham, MD: Rowman& Littlefield, 1999), 157-175.
- Melson, Robert, "Paradigms of Genocide: The Holocaust, the Armenian Genocide, and Contemporary Mass Destructions," Annals of American Academy of Political and Social Science 548, The Holocaust: Remembering for the Future (1996), 156-168.

- Melvern, Linda, " Genocide Behind the Thin Blue Line," Security Dialogu 28 (1997), 333-346.
- Misago, Alois, "Verbrecher im Diest der burundischen Armee," Le Monde Diplomatique 485(1996) 47-49.
- Misser, Francois, "Rwanda medias et genocide," Le Monde Diplomatique 485(1994) 13.
- Molt, Peter, "Zerfall von Staat and Gesellschaft in Ruanda," Kas-Auslandsinformationen 5 (1994) 3-38
- Moore, Jonathan, Hard Choices: Moral Dilemma in Humanitarian Intervention, ed. Jonatan Moore (Lanham, MD: Rowman& Littlefield, 1999).
- Mukagasana, Yolande, N'aie pas peur de savior- Rwanda: Une rescapee' tutsi raconte (Paris: Robert Laffont, 1999).
- Mukamuhirwa, Immaculate, and Francois- xavier Nsanzuwera, "Open Letter to Rwanda: Justice for Rwandans," Issue: A Journal of Openion 26 (1998), 2-4.
- Naimark, Norman M., Fires of Haterd: Ethnic Cleansing in Twentieth- Century Europe (Cambridge, MA: Harvard University Press, 2002).
- Ndarishikayne, Barnabe', "The Question of the protection of Minorites in Burundi," Issue: A Journal of Openion 26(1998), 5-9.
- Ndikumana, Le'onice, " Institutional Failure and Ethnic Conflicts in Burundi," African Studies Review 41(1998), 29-47.
- Neuberger Benyamin, "Rwanda 1994: Nothing Short of Genocide," Historia- The Journal of Israel Historical Association 1292003), 33-56 [Hebrow].
- Newbury, Catharine, The Cohesion of Oppression: Clientship and Ethnicity in Rwanda, 1860-1960(New York: Colombia University Press, 1998).
- -----, "Background of Genocide: Rwanda," Issue: A Journal of Openion 23(1995), 12-17.

- ------, "Ethnicity and The Politics of History in Rwanda," African Today 45 (1998), 7-24,
- Newbury, David, Irredentist Rwanda: Ethnic and Territorial Frontiers in Central Africa," Africa Today 44, 211-221.
- ------, "The Invention of Rwanda: The Alchemy of Ethnicity" Paper Presented at the 38th Annuel Meeting of the African Studies Association, Orlando, F1, 3-6 November 1995.
- -------, "Understanding Genocide," African Studies Review 4191998),73-97.
- Ngendakumana, Leonce, "Burundi braucht einen runden Tisch," Der Uberblick 32(1996), 50-51.
- Nkurikiyimfura, Jean- Nepomucene, Le gros betail et la societe rwandaise: evolution historique des XIIe-XIVe siecles a 1958 (Paris: I'Harmattan, 1994).
- Nsanzuwera, Francis-Xavier, "Die Justiz MuB die Kultur der Straflosigkeit bekämpfen," Der Uberblick 32(1996), 50-51.
- Organisation of Africa Unity, "Rwanda:The Preventable Genocide," (July 7, 2000).
- Otunnu, Ogenga, "An historical Analysis of The Invention by the Rwanda Patriotic Front," In a Path of Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke) New Brunswick, NJ: Transaction, 2000) 31-50.
- -------, "Rwandese Refugee and Immigrants in Uganda," In a Path of Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Howard Adelman and Astri Suhrke) New Brunswick, NJ: Transaction, 2000) 3-30.
- Palmer, Alison, "Colonial and Modern genocide: Explanations and Catagories," Ethnic and Rasial Studies 21(1998), 89-115.
- -----, " A problem from Hell". America and Age of Genocide(New York: Basic Books, 2002).

- Prunier, Gerard, "A Well Planned genocide" Times Literary Supplement, October 22, 1999.
- -----," The Rwanda Crisis: History of a Genocide" (London: Hurst ،1995)
- -----, Der Westren könne den sumpf der Gewalt trockenlegan," Der Uberblick 32(1996) 4-6.
- -----,"Operation Turquoise: A Humaniterian Escape from Political Dead End," in the Path of Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire, ed. Haward Adelman and Astri Shurke (New Brunswick, NJ: Transaction, 2000) 281-305.
- Reed, Wm. Cyrus, "The Rwandan Patriotic Front and Development in Rwanda," Issue: A Journal of Opinion 23 (1995), 48-53.
- "Report: The Present Regime in Rwanda Started the War in '94,'"Haaretz, March 12, 2000 [Hebrow].
- Reyntjens, Filip, L'Afrique des Grand Lacs en Crise: Rwanda-Burundi, 1988-1994 (Paris: Karthala, 1994).
- ----, Befreier oder nur Eroberrer?" Der Uberblick 32 (1996), 37-41.
- Rotberg, Robert I., and Thomas George Weiss, eds., From Massacres to Genocide: The Media, public Policy, and Humanitarian Crisis (Cambridge, MA: World Peace Foundation, 1996).
- Romiya, Jean, Le Rwanda sous le regime du mandat belge: 1916-1931 (Paris: I'Harmattan, 1992).
- Rummel, Rudolph Joseph, Death by Government (New Brunswick, NJ: Transaction, 1994).
- -----, "The New Concept of Democide،" in Israel W. Charny (ed.) ، Encyclopedia of Genocide (Santa Barbara: ABC-CLIO ،1999) ، Vol. 1 pp..٢٣-١٨

- Simpson, George Eaton, and John Milton Yinger, Racial and Cultural Minorities: An Analysis of Prejudice and Discrimination. 5th ed. (New York: Plenum Press, 1985).
- Smith David, " The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire," International Journal of Comperative Sociology 62 (2001), 348-351.[Book Review].
- Stein, Tilo, "Rwandas Wegzur Demokratie," KAS-Auslandsinformationen(Feb.1992), 727-738.
- Suhrke, Astri, "Dlemmas of Protection: The Log of The Kigali Battalion," The Path of a Genocide: The Rwanda Crisis from Uganda to Zaire," ed. Howard Adelman and Astri Suhrke (New Brunswick, NJ: Transaction, 2000) 111-130.
- Times (April-May-1994)
- UN High Commissioner for Refugee," UNHCR CDR Background Paper on Refugee and Asylum Seekers From Rwanda" (December 1998)
- Uvin Peter ،"Tragedy in Rwanda: The Political Ecology of Conflict،" Environment 38 (1996)6-15.
- -----, "Prejudice, Crisis, and Genocide in Rwanda," African Studies Review 40(1997), 91-115.
- ------, Aiding Violence; The Development Enterprise in Rwanda (West Harford, CT: Kumarian Press, 1998).
- Verwimp, Philip, "development Ideology, the peasantry and genocide: Rwanda Represented in Habyarmana's Speeches," Journal of Genocide Research 2(2000), 325-361.
- Yacoubian, George S., "Sanctioning Alternatives in International Criminal Law: Recommendations for the International Criminal Tribunal for Rwanda and the Former Yugoslavia," World Affaires 161(1998), 48-54.

نووسەری ئەم کتێبە

بێنیامین نیوبێرگەر

- ل ٢٦ی دیسەمبەری ١٩٤٣ لە حەیفا، ئیسرائیل، لە دایك بووە.
- ساڵی ١٩٦٧بەکالۆریۆسێکی لە ئابووری و یەکێکی تری لە زانستی سیاسەت لە زانکۆی عیبری لە ئیسرائیل وەرگرتووە.
- ماستەری لە هەمان زانکۆ لە بواری زانستی سیاسەتدا بەدەست هێناوە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ دکتۆرای لە زانستی سیاسەت لەزانکۆی کۆلۆمبیا لە نیویۆرك بەدەست هێناوە.
- پرۆفیسۆری زانستی سیاسەتە لە زانکۆی کراوەی ئیسرائیل. لەبارەی ئەفریقیا بە گشتی و رواندا بە تایبەتی وانەی وتووەتەوە و گەلێ بابەتیشی نووسیووە. کتێب و وتارەکانی بە چەندین زمان بڵاو بوونەتەوە.
- جگە لە زمانی زکماکی عیبری، زمانەکانی ئینگلیزی، ئەڵمانی و فەرەنسی دەزانێ و پێیان دەنووسێت.

This Book is taught in the framework of the course "Genocide" at The Open University of Israel.

Author: Benyamin Neuberger

Development team:
Prof. Yair Auron (Head)
Yehonatan Alsheh, Dana Shani (Assistants)

English Edition:
Title: Genocide Rwanda 1994: Genocide in The "Land of A Thousand Hills"
Translated from the Hebrew by Geremy Forman
Scientific Editor: Issac Lubelsky
Editors of English version: Belina Neuberger, Gilia Sabar.

Kurdish Edition:
Title: GENOCIDE, In the "Land of Thousand Hills: Rwanda 1994.
Translated from the English: Mahabad Qaradaghi
Scientific Editor: Dr. Mohammad Ihsan
Press of The International University of Erbil (2017)
Printed by: Shahab printing
ISBN: 978-91-981378-6-6
SAN Förlag